CFS
Center for Future Studies
سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
دوو مانگ جارێک دەریدەکات

# ئایندەناسی

گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ئایندەیی و ستراتیژی دەدات
ژمارە (١٢) ئازاری ٢٠٢٢، ساڵی دووەم


- تێگەیشتنەوە لە کۆڕەو، ئایندەسازیی لە کۆژاندا
- وڵاتانی کەنداو و هەرێمی کوردستان؛ چ جۆرە پەیوەندییەك؟
- لاکردنەوەی عێراق بەلای چیندا
- جەنگی ڕووسیا و ئۆکرانیا، هۆکار و لێکەوتەکانی
- ڕەوشی مافەکانی کرێکاران لەنێوان یاسا و جێبەجێکردندا لە هەرێمی کوردستان
- پەیوەندییە وزەییەکانی تورکیا و هەرێمی کوردستانی عێراق
- ڕێبازی پوتن (هێرشکردنە سەر ئۆکرانیا هەمیشە بەشێك بووە لە پلانەکە)
- هێزی جیۆئیکۆنۆمیی ڕێگای ئاوریشمی نوێ: وەبەرهێنان لە پشتێنە و ڕێگا سوڕانەوەی لە هاوکێشەی هێزە جیهانییەکان




# ئایندەناسی

CFS
Center for Future Studies

گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ئایندەیی و ستراتیژی دەدات
سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات


ژمارە (١٢) ئازاری ٢٠٢٢، ساڵی دووەم

خاوەنی ئیمتیاز: سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی

سەرنووسەر: د. هەردی مەهدی میکە



بەڕێوەبەری نووسین
ئەژی ئازاد ئەبوبەکر

بەڕێوەبەری کاروباری هونەری
عەدنان ئەحمەد

بۆردی ڕاوێژ
د. یوسف گۆران
د. ئومێد رفیق فتاح
د. عابد خالد رسول

دیـــزایـــن: شـێـرکـۆ خـانـزادی

هەڵـەبـــڕ: بـــاخـــان ئـەحـمـــەد



شوێن:
عێراق: هەرێمی کوردستان. سلێمانی
Address: Iraq, Kurdistan, Slemani
Tel: (+964) 0773 836 3758 - (+964) 0751 833 9135

ناونیشانی ئەلیکترۆنی:
www.centerfs.org
Facebook: Center.of.Future.Studies
Instagram: centerfs
Email: info@centerfs.org

# ئایندەناسی

ئایندەناسی؛ گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ئایندەیی و ستراتیژیی دەدات و سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات. دوومانگ جارێک دەردەچێت، ئامانجی گرنگی دانە بە لێکۆڵینەوەکانی ستراتیژی و ئاییندەیی بە تەوەرێتی و گرنگیدانی بە کوردستان و هەرێمایەتی و دۆخی نێودەوڵەتی پەیوەست بە ناوچەکەوە بە ئامانجی تێگەیشتن لە ئێستا و ئایندەی وەرچەرخانە جیهانیی و هەرێمییەکان و کاریگەرییان لەسەر کوردستان، بواری توێژینەوەی بریتی دەبێت لە سیاسەتڕێژی کورتمەودا و دورمەودای کوردستانی، شرۆڤەی سیاسەتی وڵاتانی هەرێمایەتی، توانای ئێستا و ئاییندەیی سەربازیی و سیاسیی وڵاتان، هەل و هەڕەشەکان، توانا و نەرمەهێز و سەختەهێزی هەرێم و هەرێمایەتی، ئاستەنگ و هۆکار و ڕێکارەکانی بە دامەزراوەییکردنی دەزگاکانی سیاسەت، یاسادانان، میریی و توانا بەرگرییەکان...تاد. مەرجیشە هەر بابەتێکی بڵاوکراوە لە خۆگرییگریمانە و سیناریۆی ئاییندەیی و گریمانەیی بێت ئەمەش لەپێناو هاوکارییکردنی سیاسەتڕێژیی و شرۆڤەی دۆخی ئێستا و هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لەوەی ڕوویداوە و ڕوودەدات.

میتۆدی کارپێکراوی توێژینەوەکان بریتی دەبێت لە بەکارهێنانی میتۆدەکانی چەند پسپۆڕێتی (Multidisciplinary) و نێوپسپۆڕیی (Interdisciplinary)، بە سوودوەرگرتن لە زانست و لێکۆڵینەوە هاوچەرخەکان، لە ڕێگەی بە پشتبەستن بە زانیاریی و ئاماری نوێی ناوچەیی و جیهانی و دەوڵەمەند بە گرافیک و چارت ئامارییی.


هەوڵدەدرێت هەر ژمارەیەکی ئایندەناسی لە خۆگری توێژینەوە، وەرگێڕان، شرۆڤە و ڕاپۆرتی ئاماریی و گریمانەسازیی بۆ وەرچەرخان و گەشەکردنەکانی کەرتەجیاوازەکانی حکومەتداری و کۆمەڵگە، چاوپێکەوتنی پسپۆڕ و خاوەن بۆچوونەکان، بێت.


د. هەردی مەهدی

تێگەیشتنەوە لە کۆڕەو، ئایندەسازیی لە کۆژاندا 7-6...


د. زوبیر ڕەسووڵ ئەحمەد

وڵاتانی کەنداو و هەرێمی کوردستان، چ جۆرە پەیوەندییەک؟ 27-12...


یاسین تەها

لاکردنەوەی عێراق بەلای چیندا 35-28...


عەبدولسەمیع محەمەد
سەنگەر یوسف

جەنگی ڕووسیا و ئۆکرانیا هۆکار و لێکەوتەکانی 61-46...


د. زولفو داغدەڤیرەن

پەیوەندییە وزەییەکانی تورکیا و هەرێمی کوردستانی عێراق 95-64...


ئەنگێلا ستێنت

ڕێبازی پوتن (هێرشکردنە سەر ئۆکرانیا هەمیشە بەشێک بووە لە پلانەکە) 103-96...


د. ئارەش ڕەئیسی نەژاد

هێزی جیۆئیکۆنۆمیی ڕێگای ئاوریشمی نوێ: وەبەرهێنان لە پشتێنە و ڕێگا سورانەوەی لە هاوکێشەی هێزە جیهانییەکان 125-104...


ئامادەکردن: عەدنان ئەحمەد

نەوتی هەرێم لە بەرداشی دادگاکاندا 143-128...




کتێبی: 21 وانە بۆ سەدەی 21 149-146...




چەمکی حوکمڕانیی باش 155-152...

هەندێک لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی 159-156...

سەروتار

# تێگەیشتنەوە لە کۆڕەو، ئایندەسازیی لە کۆژاندا



د. هەردی مەهدی میکە

**کورد، "چی" کۆی دەکاتەوە نەک "کێ"**

کۆڕەو تەجەللابوونی نەرمەهێزی ئیرادەی کۆمەڵگەی کوردستان بوو، کۆتایی ئەو خاڵە بوو تفەنگ لە پاراستنی دەستکەوتدا کورتی هێنا، بەڵام "ئیرادە و هۆشیاری"ی هاوبەشی کۆمەڵگە؛ هەم پاراستی و هەم دەستکەوتی سیاسی و مرۆییشی لێ وەبەر هێنا. ئەمە نموونەی ئەو نەرمەهێزە شاراوەی کوردە لە دنیای نوێدا کە هێشتا سیاسەتوانانی کورد نەک وەک پێویست وەبەریان نەهێناوە، بگرە لە کەشفکردنیشیدا کلۆڵ بوون.

لە مێژووی هاوچەرخی کورددا، هیچ سیاسییەک، حزبێک، ئایدۆلۆژیایەک و دینێکیش نەیتوانیوە کۆمەڵگەی کوردستان یەک بخات، بەڵام کۆڕەو یەکی خست و دەرئەنجامی کاریگەر و واتاداری لێ کەوتەوە کە تێگەشتنەوەی سەرلەنوێی پێویستە.

کۆڕەو لە ڕوخساریدا شکست و بێنەوایی و دۆڕانی کورد بوو لەبەردەم هێزگەلێکدا کە سەد ساڵ دەنگیان نەبیست و بە زیادەیان دەزانی و بۆ قڕکردنی درێغییان نەکرد، بەڵام گەر لە ناواخن و دەرئەنجامەکانی کۆڕەووەوە لە ڕووداوەکە بڕوانرێت، وەرگەڕاندنی هەڵهاتن و شکستە بۆ بردنەوە، "هۆشیارییەکی ڕاستەقینەی کۆمەڵی" بوو بۆ پاراستنی دۆخی نوێ (ڕاپەڕین) و ڕەتکردنەوەی ستەم و ناڕازیبوونە دژی دۆخی پێشتری سەپێنراو (جینۆساید و سڕینەوەی کولتووری). کۆڕەو دەریخست: دەستکەوت (ڕاپەڕین)، کۆژان و ستەمە هاوبەشەکان، دەکرێت لەبری "کاریزمای نەبوو"ی کوردستان سوودیان لێ ببینرێت و لە پرۆسەی نەرمەهێز و یەکخستنی ئیرادە و ئیدارەی سیاسیدا ڕۆڵ ببینن و کورد کۆ بکەنەوە و وەک شیرازەیەکی بەهێز جێی هێز و کەسایەتیی سیاسی بگرنەوە.

**چی ڕووی دا؟**

پاش سەرکەوتنی ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان بەسەر دامودەزگای ڕژێمی عێراقیدا و ئازادکردنی کەرکووک، هەشت ڕۆژی نەبرد (٢٨ی ئازار/١٩٩١) حکومەتی بەغدا خۆی کۆ کردەوە و بە لەشکرێکەوە ڕووی کردەوە ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان، بەڵام ئەم جارەیان بۆ ڕێگریکردن لە دووبارەبوونەوەی

جینۆساید و ڕەتکردنەوەی ستەم، کورد جێهێشتنی ماڵ و جوگرفیاکەی هەڵبژارد و کۆڕەوە ملیۆنییەکەی دەست پێ کرد. لە کۆچێکی گشتیدا، ڕوویان لە سنوورەکانی تورکیا و ئێران کرد. لە ٣ و٤ی نیسانی١٩٩١دا، کۆڕەوی کوردان گەیشتە لوتکە و نزیکەی دوو ملیۆن کورد ماڵوحاڵی خۆیان جێ هێشت و ئامادە نەبوون بگەڕێنەوە سایەی ڕژێمی عێراق، بەم کردەوەیە ئیرادەی هاوبەشی خەڵک، زلهێزان و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانیانی هێنایە دەنگ و دوو بڕیاری مرۆیی و سیاسی-سەربازیی بەدووی خۆیدا هێنا (دەستتێوەردان لە عێراق و دروستکردنی ناوچەی ئارام).

یەکەم جار لە ڕووی مرۆییەوە فەڕەنسا پڕۆژەی دانانی سنوورێک بۆ پێشێلکاریی مافەکانی مرۆڤ لە عێراق و بەهاناوەچوونی "خەڵکی مەدەنی"ی بۆ ئەنجوومەنی ئاسایشی ١٩٩١/٤/٥دا پێشنیار کرد و بە زۆرینەی دەنگ (جگە لە کوبا، یەمەن و زیمبابۆی) بڕیاری ٦٨٨ی ئەنجوومەنی ئاسایشی لێ کەوتەوە.

پاشتریش جۆن مێجەری سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا بۆ فراوانکردنی کاریگەریی بڕیاری ٦٨٨ (ئەڵبەتە بە هاندانی چالاکوانانی کورد لە بەریتانیا)، داوای ناوچەیەکی ئارام و دژەفڕینی پێشنیار کرد و بەکردەیی بووە تەواوکاری بڕیاری ٦٨٨ و لە ئۆپەراسیۆنێکی هاوبەشدا (ناسراو بە ئۆپەراسیۆنی هەشت) کە بەریتانیا سەرپەرشتیی دەکرد، ناوچەی ئارام لە کوردستان (باکووری عێراق) چەسپێنرا.

**هەڵهاتن و ئاکامی مەزن**

- لە ڕووی کردەییەوە: کوردانی کۆچکردوو گەڕانەوە ناوچەکانی خۆیان و لە چوارچێوەی هێڵی ٣٦دا، ئاسمانی هەرێمی کوردستان لە حکومەتی بەغدا سەنرایەوە و قەدەغەی فڕینی فڕۆکەکانی کرا، بەمەش بەرەی کوردستانی توانیی دەستکراوەتر بەڕێوەبردنی ناوچە کوردستانییە ئازادکراوەکان وەئەستۆ بگرێتەوە، دەرئەنجام قەوارە، پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی دەستووریی کوردستان و "ڕۆیشتنی بێگەڕانەوە"ی سەددام و بەعسی لە کوردستان (جگە لە ناوچە دابڕێنراوەکان)ی لێ کەوتەوە، چونکە بڕیاری دژەفڕینی پێشنیارکراوی بەریتانیا، کەرکووکی لەخۆ نەدەگرت.

- لە ڕووی نێودەوڵەتییەوە: پرسی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستانی بردە پێشەوە، بۆ یەکەم جار بوو پاش زیاتر لە سەد ساڵ لە تێکۆشانی کورد لە کوردستانی گەورەدا، ڕێکخراوێکی وەک نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەنجوومەنی ئاسایش (لانی کەمی مرۆیی) لەسەر کورد و دژی سەردەستەیەکی وەک بەغدا بێنە دەنگ و ئاکامی کردەیی لێ بکەوێتەوە.

- لە ڕووی واتاییەوە: ڕاستە بڕیاری ٦٨٨ تەنها مرۆیی بوو، وەک خەڵکی سیڤیل بەرگریی لە کورد کرد، نەک وەک شوناس و نەتەوەیەک و مافخوراو لە چوارچێوەی یەکێک لە دەوڵەتە دروستکراو و سەپێنراوەکاندا، بەڵام گوڕێک و قۆناغێکی نوێ بوو لە پۆلێنی وێستگەکانی

جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستاندا، کە دانی بەوەدا ناوە دەوڵەتێکی سەرکوتکار مافی هاوڵاتییانی پێشێل دەکات و مافە کولتووری و مرۆییەکانیان پایماڵ دەکات.

مانیفێستکەری ئەو ڕاستییەش بوو پرسی کورد یەک پاکێجە و لەت ناکرێت، چونکە دەرکەوت لە بەهاناوەچوونەوە کوردانی ڕۆژهەڵات و باکوور هەر چییان لەدەست هات لە هاوکاریی مرۆیی و لۆبیکردن و پشتیوانی وەگەڕیان خست.

- لە ڕووی نەیارناسییەوە: هەریەک لە ئەنکەرە، ئەستەنبوڵ پاشان بەغدا و شام، تێگەیشتن چەکی سڕینەوە و بەزیادەزانینی کورد چارەسەری گرێیان بەرامبەر کورد ناکات و ناچارن هەم دان بنێن بە کوردستانی عێراقدا و لەوەش تێگەیشتن چیتر پرسی کورد و بزووتنەوەکەی بە "سەعدئاباد و جەزائیر و هەماهەنگیی چوارقۆڵی"یەکەی جاران لەناو نابرێت و کەس دەنگی نەبیستێت. کۆڕەوی کورد تێیگەیاندن ماڵسوتان و ماڵتێکچوونی کورد، ماڵی ئەوانیش بەئارامی ناهێڵێتەوە و پایتەختەکەیان دەهێنێتە لەرزە و دەست وەردەدرێت لەو دەوڵەتە مەرکەزییە سەپێنراوانەیان کە دەنگی گەلێک نابیستن.

لەوەش زیاتر، نەیارانی چوارقۆڵیی کوردستان لە پرسی کۆڕەودا لەت بوون و ناچار بوون دان بە پرسەکە و ئاکامەکانیشیدا بنێن و بگرە ڕاپۆرت و نامە و نوێنەرەکانیان لەسەر دۆخی خەڵکی کۆچکردوو، بوونە پاڵپشت و بەڵگەی پشت دەرچوونی بڕیاری ٦٨٨.

**کۆڕەو وەک هێزی کولتوور**

لە کۆڕەوەوە دەرکەوت لە ئەگەری بەکارهێنانی نەرمەهێز و هۆشیاریی ڕاستەقینەی جەماوەری و متمانەی خەڵکدا بە کیانی خۆماڵی نەک هەر دەتوانێت خۆی بپارێزێت، بەڵکوو دەتوانێت پشتوان و پارێزەری تفەنگ و توندەهێزی پێشمەرگە و قەوارەکەشی بێت، بەپێچەوانەشەوە هەمان هێندە دەتوانێت لەناوبەریشی بێت گەر متمانە بدۆڕێنێت.

لە دنیای نوێی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و کاریگەریی وڵاتان، دیدگای سیاسەتی واقیعگەرایی و واقیعگەرایی نوێ زۆرترین ڕۆڵی هەیە لە دیاریکردن و سنوورداکردنی ڕەفتاری دەوڵەتان و ئەندامەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، لەم دیدگایەدا گرنگ نییە دەوڵەت چ ڕەفتار و ئایدۆلۆژیایەکی هەیە و نیازی چییە، بەڵکوو ئەوەی ڕۆڵی بۆ دیاری دەکات جەمسەربەندییە نێودەوڵەتییەکان و پەیوەندیی زلهێزەکانە کاریگەریی یەکەم و ڕاستەقینە جێ دەهێڵێت.

ڕاستە کورد خۆی یەکێک نەبووە و نییە لە کارەکتەرە دەوڵەتییەکان، بەڵام لە ڕێی نیمچەلۆبیی کولتووری و سیاسی و پارادبلۆماسییەوە لە کۆڕەوەوە دەرکەوت دەتوانێت جێی خۆی بکاتەوە، نەک تەنها ئەوەی لە چوارچێوەی دەوڵەت و دەستوور و یاساکانی عێراقدا بمێنێتەوە و مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، بەڵکوو دەکرێت دیاردەیەکی وەک کۆڕەو

بیکاتە ئەکتەرێکی نادەوڵەتی و نێودەوڵەتیی کاریگەر، هەروەک ئەوەی قەوارەی هەرێم ڕۆڵی باشتری بینی و کاریگەرییشی لە دوا وێستگەی جەنگی دژەتیرۆر و داعشدا بەڕوونی بۆ دەوڵەتان دەرکەوت.

بۆیە دەکرێت لانی کەم سوود لەو نیمچەلۆبی و نەرمەهێزە کولتوورییانە وەربگیرێت، کە تێیدا تفەنگ و دەستوورەکان لە پاراستنی ماف و شوناسی کورددا کورت دەهێنن. بۆ نموونە لە پرسی کەرکووک و ناوچە دابڕێنراوەکان، مافەکانی کورد لە تورکیا، ئێران و سووریا و پشتیوانی لە جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی کورد لەو وڵاتانە و... تاد.

**مێژوو بۆ ئایندەسازی**

لە وردبوونەوە لە دیاردە و لێکەوتەکانی کۆڕەوەوە دەردەکەوێت پرسی کورد پرسێکی ماف-تەوەرە، بۆیە لەت ناکرێت، یەک پاکێجە و لە هەر پارچەیەک بێت یەک ستەمی هاوبەشی هەیە، گەرچی چوار نەیار و چەند هێز و چەند ئیدارەی هەبێت، بەڵام یەک ئیرادەی ناوەکیی هەیە، گەر بخرێتە کار سەرلەبەر دەخرۆشێت و سنووری سیاسی ناناسێت. لێرەدایە گرنگە پرسی کورد لە چوار پارچە لەت نەکرێت و نەرمەهێزی کوردان بۆ هەرچوار لا وەک پاکێجێک ڕێک بخرێتەوە و بجووڵێنرێت، گەرچی لە ڕووی بەڕێوەبردنی دۆسێکەوە چوار لایە، بەڵام لە ڕووی جۆری مامەڵە و پێشێلی مافەوە وەک یەکن. گەر کۆتکردنی ڕژێمی بەعس لە ٦٨٨ و دژەفڕیندا، بە هۆی چەوساندنەوەی گەلی خۆی و پێشێلی مافی مرۆڤەوە هاتبێتە ئاراوە، ئەوا تاران، ئەنکەرە و شام هیچیان لەو تاقیکردنەوەیە دەرنەچوون و هەمان پێوەر بۆ ئەوانیش ڕاستە و هەقیەتی هاوشێوەی کۆڕەو، فشار و کارتی نەرمی کوردان بەکار بهێنرێت. تا ئەو کاتەی ئێران و تورکیا دان بە مافی کولتووری و سیاسیی کوردانی ڕۆژهەڵات و باشووردا نەنێن، داننان و مامەڵە لەگەڵ هەرێمدا نەک ناچارییە، بەڵکوو چەواشەکاری و بەکارتکردنی پرسی مرۆیی کوردە، چونکە پرسی کورد لە هەرچوار پارچە پرسی مافی مرۆڤە و مافی مرۆڤیش پرسێکە بەشبەش ناکرێت. ناکرێت لێرە بڵێیت پارێزگاری هەولێر و کوردی عێراقم لەدەست گورگی عەرەبی، بەڵام خۆت گورگێکی تورکی و فارسی بیت بەرامبەر زمان و شوناس و مرۆڤی کورد لە ئێران و تورکیا. کچێک تەنها لەبەر ئەوەی خوشکە بچووکەکەی فێری ئەلفبێی کوردی بکات، (٥) ساڵ توندی زیندانەکانی عەجەم بێت (زارا محەمەدی) و کچێکی دیکەش لەبەر ئەوەی بەرگریی لە مافی مرۆڤی عەفرینییەکان کرد (چیچەک کوبانێ)، بۆ هەتاهەتایە زیندانی تورکان بکەیت. سەڵاحەدینێکی سەرکردە لە زینداندا بێت تەنها لەبەر ئەوەی ماف و دیموکراسیی دەوێت (دەمیرتاش) و سەرکردەیەکیش لەبەر ئەوەی ئاشتیی دەوێت، لەسەر مێزی دانوستاندن تیرۆر بکرێت (قاسملو).

# ئایندەناسی

# توێژینەوەکان

# وڵاتانی کەنداو و هەرێمی کوردستان؛ چ جۆرە پەیوەندییەک؟



د. زوبێر ڕەسووڵ ئەحمەد
کۆلیژی زانستە سیاسییەکان/ بەشی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان



**بەرایی**

مەبەست لە وڵاتانی کەنداو، گشت ئەو وڵاتانەیە کە ئەندامن لە ئەنجوومەنی هاریکاریی کەنداو (GCC)، واتە میرنشینی عەرەبستانی سعودیە، ئیماراتی عەرەبی، قەتەر، عومان، کوێت و بەحرێن، بەڵام مەرج نییە ئەمانە هەموویان هێزی سیاسیی ئەکتیڤ بن لە هاوکێشە هەرێمییەکانی ناوچەکەدا، بەتایبەت دوای قەیرانی سووریا، جۆرێک لە ئاڵۆزی کەوتووەتە ناو ئەندامەکان لەسەر پرسە سیاسییەکانی ناوچەکەدا، وەک ئەو هەڵوێستەی لەبەرامبەر قەتەر وەرگیرا لەلایەن وڵاتە سەرەکییەکانی ناو ئەنجوومەن، بەتایبەتییش لەلایەن سعودیە و ئیمارات. بۆیە ئەوەی ئێمە لەم توێژینەوەیەدا مەباستمانە، گشت ئەندامانی ئەنجوومەنی هاریکاریی کەنداو نییە، بەڵکوو مەبەستمان ئەو وڵاتانەیە کە سیاسەتی سەرەکیی ئەنجوومەن ئاڕاستە دەکەن و گوزارشت لە هەڵوێستی بەشێکی زۆری ئەندامان دەکەن، بەتایبەتییش میرنشینی عەرەبیی سعودیە، دواتریش ئیمارات و قەتەر بە ڕێژەیەکی کەمتریش کوێت. بۆیە بەکارهێنانی زاراوە و چەمکی "وڵاتانی کەنداو" لەم توێژینەوەیەدا زیاتر مەبەستمان میرنشینی سعودیە و ئیماراتە، کە لەدوای ٢٠٠٣ هەمیشە لەگەڵ هەرێمی کوردستان لە پەیوەندیدا بوون، لە لایەکی تریش لەدوای قەیرانی سووریا و دواتریش هاوپەیمانیی جەنگ دژی حوسییەکانی یەمەن، ئەو دوو لایەنە ڕووگەی سیاسەتی وڵاتانی کەنداو دیاری دەکەن.

پەیوەندیی کورد و وڵاتانی کەنداو پەیوەندییەکی زۆر تازەیە و بەوردی بۆ دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس (٢٠٠٣) لە عێراقدا دەگەڕێتەوە، بەتایبەتییش دوای پەسەندکردنی دەستووری هەمیشەیی عێراق لە ٢٠٠٥ کە کورد وەک کیانێکی سیاسی و دەستووری لە چوارچێوەی هەرێمێکی فیدراڵی لە عێراقدا دانی پێدا نرا. هەر چەندە لە حەفتاکانی سەدەی بیستەم چەند نامەگۆڕینەوەیەک لەنێوان "مەلا مستەفای بارزانی" و "مەلیک فەیسەڵ"ی میری سعودیە سەبارەت بە مەترسیی یەکێتیی سۆڤیەت لە ناوچەکەدا هەبووە، بەتایبەت دوای پەیماننامەی دۆستایەتیی نێوان یەکێتیی سۆڤیەت و ڕژێمی ئەوسای عێراق لە ساڵی ١٩٧٢[١]، بەڵام هیچ بەڵگەیەکی مێژووییمان لەبەردەست نییە کە وڵاتانی کەنداو هاوکاریی ماددی و لۆجستییان پێشکەش بە بزاڤە کوردییەکان کردبێت.

هەڵبەتە مەبەستی سەرەکیی ئێمە لەم توێژینەوەیەدا زیاتر تیشکخستنە سەر دیاریکردنی فۆرمی پەیوەندییەکانی وڵاتانی کەنداوە لەگەڵ هەرێمی کوردستان لەدوای ٢٠٠٣، واتە ناساندنی پەیوەندییە سیاسییەکانە بۆ ئەوەی بزانین کە چ بنەمایەک ئاڕاستەیان دەکات، چونکە لە ڕاستیدا پەیوەندیی هەرێمی کوردستان و وڵاتانی کەنداو

پەیوەندییەکی نەناسراوە لە بواری دیراساتی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا. تا ئێستاش جگە لەو دیراسە کورتەی ماریانا کارۆنتاکی (Marianna Charountaki) بە ناونیشانی کورد لە سیاسەتەکانی ئەنجوومەنی وڵاتانی کەنداو (The GCC in Kurdish Politics )، کە زیاتر بریتییە لە کۆمەڵێک چاوپێکەوتن لەگەڵ کاربەدەستانی هەرێم و دوو کونسوڵی وڵاتانی کەنداو، لەوە بەدەر شتێکی ترمان نییە کە لە چوارچێوەیەکی زانستیی پەیوەندییە نێودەوڵەتەییەکاندا پەیوەندیی هەردوو لا شرۆڤە بکات. ئەمە سەرەڕای چەند نووسینێکی ڕۆژنامەوانیی لێرە و لەوێ کە ناچنە قاڵبی توێژینەوەی زانستییەوە، بۆیە بە پێویستمان زانی بواری پەیوەندییەکانی هەردوو لا بە بوون یا نەبوون لە توێژینەوەیەکی زانستیدا بناسێنین. واتە ئەگەر پەیوەندی هەیە، چ شێوازێکە و دواتریش چ بنەمایەک ئاڕاستەی دەکات. بۆیە پرسیاری سەرەکی لەم توێژینەوەیەدا بریتییە لەوەی ئایا هیچ جۆرێک لە پەیوەندیی سیاسی لەنێوان هەرێمی کوردستان و وڵاتانی کەنداو لەئارادایە؟ ئەگەر هەیە، لەسەر چ بنەمایەکە و کام پاڵنەر ئاڕاستەی دەکات؟

**چوارچێوەی تیۆری**

**(Theoretical Framework)**

پێناچێت ڤێرژنە کلاسیکییەکەی تیۆری هاوسەنگیی هێز (Balance of Power) تیۆرێکی گونجاو بێت بۆ لێکدانەوە و شرۆڤەکردنی ڕەفتارەکانی سیاسەتی دەرەوەی سعودیە و وڵاتانی کەنداو، وەک مەترسییەک لەسەر شەرعیەت و سەقامگیریی ڕژێمی سیاسی لە سعودیە[٢]. بەڵام ئەوەی ستیڤن وۆڵت (Stephen Walt) بە هاوسەنگیی مەترسی یان هەڕەشە (balance of threat) تیۆریزەی دەکات، لەوانەیە بۆ تێگەیشتن لە ڕەفتار و مەبەستەکانی سیاسەتی دەرەوەی سعودیە چوارچێوەیەکی گونجاوتر بێت. بە پێی تیۆری پارسەنگی هەڕەشە، "هەڵسوکەوتی پەنابردنە بەر هاوپەیمانێتیی دەوڵەتان لەگەڵ لایەنی تر لە دەرەنجامی ئەو مەترسییانەوە دێت کە دەوڵەتێک لە دەوڵەتانی ترەوە پێشبینی دەکات[٣]". پەیوەندیی وڵاتانی کەنداویش لە هەرێم[٤]، ئینجا چ تاکتیکێکی کورتخایەن بێت یان درێژخایەن، هەر دەچێتە چوارچێوەی ئەو مەترسییانەی کە وڵاتانی کەنداو لە ئێران و هاوپەیمانەکانی لە ناوچەکەدا هەیانە، بەتایبەتییش دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە ٢٠٠٣ کە دەستی ئێرانی گەیاندە ناو عێراقیش. دەسەڵاتدارانی سعودیە ئەوەندەی ترسی ڕووبەڕووبوونەوەی ئایدۆلۆژییان هەیە وەک مەترسییەک بۆ سەر شەرعیەتی ڕژێمی سیاسی لەگەڵ هێزەکانی تردا، ئەوەندە ترسی ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازییان لەگەڵ هێزەکانی تری ناوچەکەدا نییە[٥]. ئەو مەترسییانەی ڕژێم پێشبینییان دەکات، لەسەر هەردوو ئاستی ناوەخۆ

و دەرەوەن. هەروەک "ستیڤن دەیڤد" دەڵێت: "سەرکردەکانی جیهانی سێیەم زیاتر پەرۆشی پاراستنی ئاسایشی ڕژێمەکانیانن تا ئاسایشی دەوڵەت[٦]"، هەر بۆیەش دەچنە ناو ئۆمنی بەلانسینگ (Omni-balancing) یان کۆمەڵێک مەترسی. ئەوەی تایبەت بێت بە عەرەبستانی سعودیە و میرنشینی ئیماراتی عەرەبییش، زیاتر سەرچاوەکەی ئەو مەترسییانەن کە دەرهاویشتەی سیاسەتە هەرێمییەکانی ناوچەکەن. لەدوای ٢٠٠٣، دواتریش ٢٠١١، سەرچاوەی ئەو مەترسییانە بۆ سەر ئاسایشی وڵاتانی کەنداو زۆر زیادی کردووە، هەر لە ئێرانەوە بگرە تا سووریا و عێراق و لوبنان و یەمەن و فەڵەستینیش.

**بەشی یەکەم: پاڵنەرەکانی سیاسەتی دەرەوەی میرنشینی سعودیە**

بۆ ئەوەی لە ڕەفتارەکانی عەرەبستانی سعودیە و وڵاتانی هاریکاریی کەنداو تێبگەین، پێویستە سەرەتا لە سیاسەتی دەرەوەی ڕیاز تێبگەین، ڕوونتر بڵێین: بۆ ئەوەی بزانین ئایا چ فاکتەرێک سیاسەتی دەرەوەی سعودیە ئاڕاستە دەکات. بەشێک لە توێژەرانی ئەو بوارە وای دەبینن کە سەرچاوەکانی سیاسەتی دەرەوەی سعودیە، هەردوو دینامیکی ناوخۆ و دەرەوە ئاڕاستەی دەکەن. واتە سەقامگیری لە ناوخۆدا و ئاسایش لە دەرەوەدا، کە لە ڕاستیدا بواری دووەمیش هەر وابەستەی بواری یەکەمە کە بریتییە لە ئاسایش لە دەرەوەدا[٧].

ڕیاز بۆ بەدەستهێنانی ڕەوایەتیی ناوخۆی سیستمی سیاسی، تا ئاستێکی زۆر پشت دەبەستێت بە سەرچاوە داراییەکانی کە لە داهاتی نەوت وەدەست دێن. ڕەهەندی دووەمی ئەم شەرعیەتە کە سعودیە زۆر پشتی پێ دەبەستێت، سەرچاوەکەی ئایین و ئایدۆلۆژییە کە زیاتر لە ئایینی ئیسلام و مەزهەبی سوننە بەرجەستە دەبێت. بەو پێیەی هەردوو شاری پیرۆزی مەککە و مەدینە دەکەونە سعودیە، بۆیە ڕیاز وەک ڕابەری ئایینی و سیاسیی جیهانی ئیسلامی و عەرەبی ڕەفتار دەکات. لە ڕێگای ئەم دوو فاکتەرەوە، سعودیە دەیەوێت قەرەبووی هێز و توانای سەربازیی خۆی بکاتەوە وەک هێزێکی هەرێمی لە ناوچەکەدا[٨]. بۆ نموونە؛ هەر یەکە لە داعش و ئێران ئاڵینگاری و مەترسیی سەرەکین بۆ سعودیە لەسەر ئاستی ئایدۆلۆژییەوە. داعش مەترسییەکی ڕاستەوخۆ بوو لەسەر سعودیە بە ڤێرژنی سوننیی سەلەفی و ئیخوانی، کە تا ڕادەیەک جیاوازیی فکری و ئایدۆلۆژییان هەیە لەگەڵ مەزهەبی سەرەکیی دەوڵەت کە بنەما سەرەکییەکانی لەسەر وەهابیزم دامەزراون.

لەدوای بەهاری عەرەبی، ڕۆڵی سعودیە لە ناوچەکەدا هەڵکشانی بەخۆیەوە بینیوە، بەتایبەت لەدوای نەمانی هێزە هەرێمییە عەرەبەکانی تری وەک عێراق و سووریا و میسر، بە جۆرێک کە سعودیە وەک هێزێکی هەرێمی سەرکردایەتیی سیاسیی وڵاتانی

عەرەبی دەکات. ئەم ڕۆڵە سەرکردایەتییە دەتوانرێت تێبینی بکرێت لەسەر ئاستی کۆمەڵێک دامەزراوەی نێودەوڵەتیی وەکوو کۆمەڵەی هاریکاریی وڵاتانی کەنداو، کۆمکاری وڵاتانی عەرەبی، ڕێکخراوی هاریکاریی ئیسلامی و هەروەها ڕێکخراوی ئۆپێک[٩]. خاڵێکی تر کە تێبینی دەکرێت لە سیاسەتی دەرەوەی میرنشینی عەرەبستانی سعودیە، بریتییە لە گۆڕانی سیاسەتی دەرەوەی ئەو وڵاتە لە ڕۆڵێکی پاسیڤ و بێلایەن بۆ سیاسەتێکی دەرەوەی بەرەنگاری و پشتقایم بە کۆمەڵێک سیاسەتی هێرشبەرانە. ئەم ڕۆڵەی سعودیە زیاتر لە سەرکردایەتیکردنی ئەنجوومەنی هاریکاریی وڵاتانی کەنداو دەردەکەوێت، بەتایبەتییش لە کاتی دروستکردنی قەڵغانی کەنداو (Peninsula Shield) لە دژی خۆپیشاندانەکانی بەحرێن، هەروەها لە سەرکردایەتیکردنی شەڕی یەمەنیش ئەم ڕۆڵەی ڕیاز بەسەر بڕیاری سیاسیی وڵاتانی عەرەبی بەڕوونی دیار بوو. لە لایەکی ترەوە کەنداوی عەرەبی/فارس یەکەیەکی سەربەخۆیە لە کۆمەڵەی ئاسایشی هەرێمی، وڵاتانی کەنداو بەگشتی و سعودیە بەتایبەتی، هەمیشە کێشەیان لە پاراستنی ئەو ئاسایشە هەبووە و بەزۆرییش پشتیان بە وڵاتانی دەرەکی بەستووە، بەتایبەتییش وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا. بەڵام مەرج نییە هەموو کات بەرژەوەندیی وڵاتانی کەنداو لەگەڵ هیی ئەمەریکا لە دابینکردنی ئەو ئاسایشە یەک بگرێتەوە[١٠]، بۆیە دوای بەهاری عەرەبی بەتایبەتییش لە سەردەمی "باراک ئۆباما"ی سەرۆکی پێشووی ئەمەریکا، وڵاتانی کەنداو هەوڵیان دا بۆ دابینکردنی بواری ئاسایشیان، گەر هیچ نەبێت هەموو هێلکەکانیان نەخەنە سەبەتەی ئەمەریکا. بۆیە ئەو ڕۆڵەی ئێستا سعودیە و بەشێک لە وڵاتانی کەنداو دەیبینن، بە نزیکبوونەوە لە هەرێمی کوردستانیشەوە دەچێتە ئەو چوارچێوەیەوە. لەم سۆنگەیەوە دەتوانین بڵێین کە ڕووداوەکانی بەهاری عەرەبی ئەگەر بۆ ماوەیەکی کورتخایەنیش بێت، گۆڕانێکیان بەسەر سیاسەتە هەرێمییەکانی عەرەبستانی سعودیەدا هێنا لە سیاسەتێکی کلاسیکیی کۆنسێرڤاتیڤانە بۆ کۆکردنەوەی هێزی ئەنجوومەنی هاریکاریی کەنداو لە دەستی ڕیاز، بە جۆرێک کە ڕۆڵێکی سەرکردایەتیی هەرێمی ببینێت، بێگومان ئەمەش بەبێ ڕیسک و ئالنگاری نابێت[١١].

## بەشی دووەم: مێژووی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و وڵاتانی کەنداو

سەرەڕای هەندێک پەیوەندیی کورتی نێوان بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لەگەڵ میرنشینی عەرەبستانی سعودیە کە لە چەند نامەگۆڕینەوەیەک تێپەڕ ناکات، پەیوەندیی نێوان کورد و وڵاتانی کەنداو تەنیا بۆ دوای ٢٠٠٣ دەگەڕێتەوە. وڵاتانی کەنداو هەر لە

ساتەوەختی ڕووخانی ڕژێمی سەددام، ترسیان لە ئایندەی حوکمڕانیی عێراقی دوای سەددام هەبوو. سەرەتا وڵاتانی کەنداو بەتایبەتییش سعودیە، چاودێریی دۆخی سیاسیی عێراقیان دەکرد و خۆیان بەدوور دەگرت لە دەستتێوەردان لە کاروباری ناوخۆی عێراق، تاوەکوو هاتنەسەرکاری "نووری مالیکی" لە ٢٠٠٦، کە ئیتر لەوە بەدواوە ململانێی سوننە و شیعە گەیشتە ئەوپەری، ئێران کۆنترۆڵی بڕیاری سیاسیی لە عێراقدا کرد. لە ترسی هەژموونی ئێران، وڵاتانی کەنداو پشتگیریی سوننەکان و "ئەیاد عەلاوی"یان کرد، بۆ ئەوەی گەر هیچ نەبێت ڕێگە لە دووبارە دەرچوونەوەی "نووری مالیکی" بگرن، لە ساڵی ٢٠١٠.

**لەدوای ٢٠٠٦، وڵاتانی کەنداو بیریان لەوە کردەوە کە ئەستەمە تەنیا بە پشتبەستن بە سوننەکان کە ٢٠٪ی دانیشتووانی عێراق زیاتر نین، بتوانن ململانێی حکومەتی مالیکی و دەسەڵاتی شیعەکان بکەن. بۆ ئەم مەبەستە، نزیکبوونەوە لە کورد دەتوانێت هێزێکی زۆرتر بداتە سیاسەتەکانی سعودیە و وڵاتانی تری کەنداو لە عێراقدا**

لەدوای ٢٠٠٦، وڵاتانی کەنداو بیریان لەوە کردەوە کە ئەستەمە تەنیا بە پشتبەستن بە سوننەکان کە ٢٠٪ی دانیشتووانی عێراق زیاتر نین، بتوانن ململانێی حکومەتی مالیکی و دەسەڵاتی شیعەکان بکەن. بۆ ئەم مەبەستە، نزیکبوونەوە لە کورد دەتوانێت هێزێکی زۆرتر بداتە سیاسەتەکانی سعودیە و وڵاتانی تری کەنداو لە عێراقدا. نزیکبوونەوە لە کورد بەتایبەتییش لە بارزانی کە ئەوکات سەرۆکی هەرێمی کوردستان بوو، بژاردەیەکی باش بوو بۆ کەنداوییەکان کە زۆر نیگەران بوون لە دۆخی سیاسیی عێراقی دوای ٢٠٠٣. بە پێی ئەو دۆکیۆمێنتانەی کە "ویکیلیکس" ئاشکرای کردن لە ٢٠١٥، بەنهێنی لە وەزارەتی دەرەوەی سعودیە وەک پێشنیار و زانیاری بۆ پاشای سعودیە نێردراون. یەکێک لەو دۆکیۆمێنتانە پێشنیاری ئەوە دەکات کە سعودیە دەبێت لە سوننە و کورد نزیک بێتەوە بۆ بەرگرتن لە دەسەڵاتە تائیفییەکەی مالیکی، بۆ ئەم مەبەستەش وەزیری دەرەوەی سعودیە پێشنیاری ئەوەی کردووە کە پاشای سعودیە بانگهێشتی بارزانی بکات، چونکە کەسایەتییەکی بەهێزە لە عێراقدا[١٢]. ئیتر وەک بینیمان لە ٢٠٠٧دا سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەسەر بانگهێشتی فەرمیی میری سعودیە "عەبدوڵا بن عەبدولعەزیز" سەردانی ڕیازی کرد و لە ئاستێکی زۆر بەرزدا پێشوازیی لێ کرا. دواتریش لە ٢٠١٠دا دیسان بارزانی

سەردانی سعودیەی کرد. لە (٢٠١٥)شدا بارزانی جارێکی تر سەردانی ئیمارات و سعودیەی کرد و لەلایەن مەلیک "سەلمان بن عەبدولعەزیز" پێشوازیی لێ کرا[١٣]. دواتریش بە هۆی هەڵکشانی ڕۆڵی دبلۆماسیی هەرێمی کوردستان و ئەو ڕۆڵە گەورەیەی هەرێمی کوردستان لە شەڕی دژەتیرۆر و داعش بینیی، لە ٢٠١٦دا سعودیە بەفەرمی کونسوڵخانەی خۆی لە هەولێر کردەوە. لەدوای ئەوەش، هەر یەکە لە سەرۆکی هەرێمی کوردستان نێچیروان بارزانی و سەرۆکی حکومەتیش مەسروور بارزانی لە ساڵی٢٠٢٠ و ٢٠٢١ سەردانی هەریەکە لە ئیمارات و سعودیە و قەتەریان کردووە. ئەم سەردان و پەیوەندییانەی هەرێم و کورد لەلایەن کاربەدەستانی عێراق و ئێرانیش چەندین ڕەخنە و هێرشیان کرایە سەر بە پاساوی ئەوەی سعودیە دەیەوێت بەرەیەکی سوننە دروست بکات بۆ لێدان لە بەرژەوەندییەکانی عێراق و ئێران.

**بەشی سێیەم: وڵاتانی کەنداو چییان لە هەرێمی کوردستان دەوێت؟**

کارتی کورد لە سیاسەتی وڵاتانی کەنداو پەیوەندیی بە دوو بواری سیاسەتی دەرەوەی ئەو وڵاتانەوە هەیە: یەکەم: بە هەڵکشانی ڕۆڵی سعودیە کە دەیەوێت ڕۆڵێکی هەرێمی بگێڕێت لە ناوچەکەدا، بەتایبەت دوای نەمانی ڕژێمی سەددام و تێکچوونی باڵانسی هێز لە بەرژەوەندیی نەیارەکانی وڵاتانی کەنداو بەتایبەتییش ئێران و تورکیا. خاڵی دووەمیش ئەوەیە کە سعودیە دەیەوێت ڕۆڵی هەبێت لە عێراقدا، بە جۆرێک بتوانێت هاوسەنگییەک لەبەردەم دەسەڵات و هەژموونی شیعەکان و ئێران بەسەر دەوڵەتی عێراقدا دروست بکات. کورد لەدوای ٢٠٠٣، فاکتەرێکی کاریگەر و ئەکتیڤ بوو لە ڕەنگڕێژکردنی پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا. بە پێچەوانەی سوننەکان کە زۆر پەرتەوازە و لاواز بوون، بەتەنیا نەیاندەتوانی هیچ گوشارێک بخەنە لەسەر دەسەڵاتی مالیکی.

بەکارهێنانی پرسی کورد وەک کارتێکی گوشار بۆ گۆڕینی ڕەفتاری سیاسی یان تەنیا وەک فاکتەرێکی گوشاریش بێت، مێژوویەکی درێژی لە ئەجێندای وڵاتانی ناوچەکەدا هەیە. کارتی کورد وەک گوشاری سیاسی چەندین جار لەلایەن عێراق و ئێران و سووریا و هەتا ئەمەریکاش بەکار هاتوون بۆ پێکانی تاکتیکێکی سیاسی[١٤]. لەم سۆنگەیەوە، ئەگەر سعودیە بیەوێت ڕۆڵی هەرێمیی خۆی بەهێز بکات، بێگومان پێویستی بە فاکتەری کورد دەبێت لە ناوچەکەدا، بەتایبەتییش کە پەیوەندییەکانی وڵاتانی کەنداو و هەرێم بوارێکی یاسایی و دەستووریی هەیە، بەو پێیەی هەرێمی کوردستان پێگەیەکی فەرمیی هەیە لە دەوڵەتی عێراقدا، بۆیە ناچێتە خانەی مامەڵەکردن لەگەڵ میلیشا یان گرووپگەلی دژەدەوڵەت. بەکارهێنانی فاکتەری کوردی

بە هۆی ئەو پێگە سیاسییەی کە کورد لە هەر چوار وڵاتی ناوچەکەدا هەیەتی (تورکیا، سووریا، ئێران و عێراق)، پێویستییەکی حەتمییە بۆ هەر هێزیک کە بیەوێت گوشار لەسەر هێزە هەرێمییەکانی تر دروست بکات، بەتایبەتییش لەسەر تورکیا و ئێران کە دوو هێزی هەرێمیی سەرەڕۆن لە ناوچەکەدا و هەمیشە دەست لە وڵاتانی تر وەردەدەن و وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی کە بواری چالاکیی میرنشینی عەرەبیی سعودیەن. سعودیە خۆی بە نزیکتر دەزانی لە وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی بە بەراورد بە دوو هێزە هەرێمییەکەی تر.

هەر چی تایبەتە بە پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئیماراتی عەرەبی، بە هەمان شێوە پەیوەندییەکانی هەردوو لا دەگەڕێتەوە بۆ دوای ٢٠٠٣. ئەمەش بە پلەی یەک دەگەڕێتەوە بۆ ئەو نیگەرانییەی کە ئیماراتییەکان بەگشتی لە دۆخی حوکمداریی عێراقی نوێ و باڵابوونی دەسەڵات و هەژموونی ئێران لە عێراقدا هەیانە. بۆیە هەر یەکە لە سوننەکان و کوردیش وەک بواری کاریگەری (sphere of influence) خۆیان سەیر دەکەن لە عێراقدا، بەتایبەت لەبەردەم دەوڵەتی شیعەکان لە عێراق و هەڵکشانی هەژموونی ئێران لە ناوچەکەدا. هەڵبەتە پێشتریش هەر یەکە لە سەرۆکی پێشووی هەرێم، "مەسعود بارزانی" لە ساڵی ٢٠١٢، هەروەها "نێچیرڤان بارزانی" لە ٢٠١٩، سەردانی شانشینە یەکگرتووەکانی عەرەبییان کردووە. لە ڕاستیدا ئیماراتییەکان باش ئاگایان لە دۆخی ئێستای عێراقە، ئەوان دەزانن کە سەرکردە سوننەکان و شیعەکانیش، ئەوانەی کە جێگای ئومێدی وڵاتانی کەنداو بوون، ئێستا لە پێگەیەکی سیاسیی لاوازدان. ئەگەر "مستەفا کازمی" بە نموونە بهێنینەوە کە هەریەکە لە وڵاتانی کەنداو و ئەمەریکییەکان و هەتا بەشێک لە کوردیش ئومێدی زۆریان لەسەر هەڵچنیبوو کە بتوانێت عێراق هەڵبسێنێتەوە، هەروەها سنوورێک بۆ هەژموونی میلیشیاکان و لاوازیی دامەزراوەکانی دەوڵەت دابنێت، بەڵام لە ڕاستیدا ئێستا "مستەفا کازمی" لەوپەڕی لاوازیدایە، بە جۆرێک ئەگەر ئەمەریکییەکان نەیپارێزن، دەمێک بوو میلیشیا شیعەکان بە دەردی "عادل عەبدولمەهدی"یان بردبوو. دیسان لە ٢٥ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٢، مەسروور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەلایەن ئیماراتەوە میوانداری کرا و لەگەڵ شێخ محەمەد بن زاید ئال نهیان جێنشینی ئەبوزەبی کۆ بووەوە. هەڵبەتە بەشێک لە گرنگیدانی ئیماراتییەکان بە هەرێمی کوردستان، سەرچاوەی لە دۆخی ئێستای عێراقیشەوە گرتووە، ئیمارات و وڵاتانی کەنداویش نیگەرانن لەو دۆخەی ئێستای عێراق و هەژموونی ئێران لە ناوچەکەدا، دەیانەوێت هەر هیچ نەبێت کەسانێکی نزیک لە خۆیان هەبێت لە کاتی پێکهێنانی حکومەتی

نوێی عێراق بتوانن وەک دۆستێک سەبارەت بە دارِشتنەوەی نەخشەی سیاسیی عێراق لەدوای هەڵبژاردنەکانی ئۆکتۆبەر، لەگەڵیدا لە پەیوەندیدا بن.

کۆمەڵێک فاکتەری تریش رِۆڵیان لە نزیکبوونەوەی وڵاتانی کەنداو لە هەرێمی کوردستان هەبوو.

- باڵادەستیی ئێران بەسەر عێراقدا، بڵاوکردنەوە و پەرەپێدانی شیعیزم لە ناوچەکەدا، بەتایبەتی لە سووریا و عێراق. دوای نەمانی بەربەستی دەسەڵاتی بەعس لەبەردەم ئێران کە رِێگر بوو لە تەشەنەکردنی هەر جووڵانەوەیەکی ئایدۆلۆژی کە بۆنی شیعەگەریی لێ بێت، ئیتر ئەو رِێگایە خۆش بوو بۆ ئێران بۆ ئەوەی جومگەکانی حوکمرِانی لەلایەن هێزەکانی نزیک لە خۆی کۆنترۆڵ بکات، بەتایبەت دوای دروستکردنی میلیشاکانی حەشدی شەعبی کە خەریکە دەست دەگرن بەسەر هەردوو سێکتەری سیاسی و سەربازیی دەوڵەتی عێراقدا. وڵاتانی کەنداو چانسی کارکردن و دوورخستنەوەی عێراقیان لە بەردەمدا نەما، بۆیە بەناچاری دەبێت بیر لە فاکتەری لاوازکردنی دەسەڵاتی شیعەکانی عێراق بکەنەوە، بۆ ئەم مەبەستەش سوننە و کورد دوو بژاردەی باشن، چونکە بەردەوام لە ناکۆکیدان لەگەڵ دەسەڵاتی بەغدا.
- هەڵگەرِانەوەی قەتەر لە سیاسەتەکانی وڵاتانی هاریکاریی کەنداو (GCC)) و نزیکبوونەوەی لە تورکیا، بەتایبەت دوای ئەوەی تورکیا برِیاری دا هاوکاریی قەتەر بکات لەو گەمارۆ ئابوورییەی کە وڵاتانی هاریکاریی کەنداو بەسەر قەتەریاندا سەپاندووە، بەتایبەتیش دوای رِاگەیاندنی دامەزراندنی بنکەیەکی سەربازی لە قەتەر و ناردنی شارەزای سەربازی بۆ دەوحە، کە بووە هۆی توورِەبوونی وڵاتانی تری کەنداو. ئەم ململانێیە گەیشتە بواری سۆشیالمیدیاش، بە جۆرێک چالاکوانە سعودییەکان هاشتاگی "سعودیە لەگەڵ کوردستانە" یان "SaudiWithKurdistan" پۆست دەکرد لەبەرامبەر ئەو هاشتاگەی تورکەکان لەژێر درووشمی "تورکیا لەگەڵ قەتەرە" (TurkeyWithQatar)، تا کار گەیشتە ئەوەی بەشێک لە سعودییەکان باسی قەسابخانەی تورکەکانیان دەکرد دژی ئەرمەنەکان[١٥].

> **ئەگەر وڵاتانی کەنداو سەرپشک بکەی لەنێوان عێراقێکی کۆنترۆڵکراو لەلایەن ئێران و جیابوونەوەی هەرێمی کوردستان لە عێراق، ئەوا ئەوان سەربەخۆیی هەرێم هەڵدەبژێرن**

• ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی وێستگەیەکی تر بوو کە وای کرد هەڵوێستی زۆر لە وڵاتان ڕوونتر دەربکەوێت، نەک هەر بەرامبەر هەرێمی کوردستان، بەڵکوو بەرامبەر کێشەی کورد بەگشتی لە ناوچەکەدا. هەر چەندە ناکرێت بشاردرێتەوە کە ئەگەر وڵاتانی کەنداو سەرپشک بکەی لەنێوان عێراقێکی کۆنترۆڵکراو لەلایەن ئێران و جیابوونەوەی هەرێمی کوردستان لە عێراق، ئەوا ئەوان سەربەخۆیی هەرێم هەڵدەبژێرن. هەر چەندە دەنگۆی ئەوە هەبوو کە پرۆژەی ڕیفراندۆم بە پاڵپشتیی ئیماراتی عەرەبی بووە، بە جۆرێک کە کونسوڵی ئیمارات لە هەولێر "ڕەشید ئەلمەنصوری" لەپشت ئەو پرۆسەیەوە بووبێت(١٦)، بەڵام هیچ بەڵگەیەکمان لەبەر دەستدا نییە کە ئەو دەنگۆیە پشتڕاست بکاتەوە. لە لایەکی ترەوە پێدەچێت بەشێک لەو هەوڵانەش پەیوەندییان هەبێت بە ململانێی نێوان قەتەر لە دژی ئیمارات و سعودیە، کە قەتەر زۆر بەوردی کاری لەسەر دەکرد.

لە میانەی ئەو لێکدانەوە و شیکارانەی کە ئاماژەمان پێ دان، دەتوانین بڵێین کە پاڵنەری وڵاتانی کەنداو بۆ پەیوەندی دروستکردن لەگەڵ هەرێمدا بەزۆری پاڵنەری سیاسین دواتریش ئابووری، چونکە هەردوو بوارەکە لە بەغدا بۆ لاتانی کەنداو (سعودیە و ئیمارات) فەراهەم نین. وڵاتانی کەنداو بە نزیکبوونەوە لە هەرێم، دەتوانن هەردوو فاکتەرەکە تا ئاستێکی باش بپێکن، بەڵام پەیوەندییەکان تا ئێستا زیاتر پەیوەندیی تاکتیکی و بەرسڤن (reaction) بۆ سیاسەتەکانی عێراق بەرامبەر ئەو وڵاتانە، نەوەک پەیوەندیی ستراتیژی، بۆیە ناکرێت هەرێمی کوردستان ئامانجی زۆریان لەسەر هەڵبچنێت. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پەیوەندییەکان سەرەتایەکی باشن، هەرێم دەتوانێت لە ڕووی سیاسی و ئابوورییەوە سوودیان لێ ببینێت، چونکە بوونی پەیوەندیی زیاتر واتە کرانەوەی دەرگای زیاتر بە ڕووی هەرێمەوە و دەرچوون لە قاڵبی هەرێمێکی سنوورداخراودا (land locked area). لە لایەکی ترەوە دەتوانین ئەوە بڵێین کە لەگەڵ ڕوودانی هەر گۆڕانکارییەک لە دۆخی عێراقی دوای ٢٠٠٣ کە تا ئێستا چەندان وێستگەی گۆڕانکاریی سیاسیی بەخۆیەوە بینیوە، وڵاتانی کەنداو ویستوویانە پشکیان هەبێت لەو گۆڕانکارییانە، ئەمەمان بەئاشکرا لە ٢٠٠٦دا بینی لە کاتی هاتنی "مالیکی" بۆ سەر دەسەڵات، دواتریش لە ٢٠١١دا لە کاتی گوشارخستنە سەر "مالیکی" تا هاتنی داعش لە ٢٠١٤. هەروەها لە کاتی ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستانیش لە ٢٠١٧، دواجاریش لە ئانوساتی ئەو ناڕەزاییانەی کە عێراقی گرتەوە لە نۆڤەمبەری ٢٠١٩، وڵاتانی کەنداو بەتایبەت سعودیە و ئیمارات لە گشت وێستگە سیاسییە دیارەکانی عێراقی دوای ٢٠٠٣ ویستوویانە پشکیان هەبێت، بۆ هەر جووڵەیەکیش لە

عێراقدا پێویستیان بە کورد دەبێت هاوکارییان بکات. لە ڕاستیدا لە زۆربەی ئەو وێستگانەی ئاماژەمان پێ دان، پەیوەندییان لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا هەبووە.

قەتەرییەکان بە پێچەوانەی ئیماراتی و سعودییەکان، لەدوای ٢٠٠٣ پەیوەندی و تێکەڵیی سیاسییان لەگەڵ هەرێمی کوردستان نەبوو. دەتوانین بڵێین کە پەیوەندییەکانی قەتەر و هەرێمی کوردستان لە (٢٠١٩) ەوە دەستی پێ کرد، کاتێک لە ٢٤ی ئادار وەزیری دەرەوەی قەتەر شێخ محەمەد بن عەبدولڕەحمان سەردانی مەسعوود بارزانیی کرد و جەختیان لەسەر بوونی پەیوەندیی زیاتر و کردنەوەی کونسڵخانەی قەتەر لە هەرێم کردەوە. لە ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢١، نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێم سەردانی قەتەری کرد و لە لایەن میری قەتەر شێخ تەمیم بن حەمەد ئال ثانی پێشوازیی لێ کرا. لە سەردانەکەدا چەند پرسێک جەختی لەسەر کراوەیەوە، وەکوو بواری بازرگانیی گەشتوگوزار و بوونی گەشتی ڕاستەوخۆ لەلایەن هێڵی گواستنەوەی قەتەر بۆ هەرێمی کوردستان، بەڵام لە هەمووی گرنگتر، سەردانەکە ڕاستەوخۆ دوای هەڵبژاردنەکانی عێراق بوو (ئۆکتۆبەری ٢٠٢١)، کە بێگومان پەیوەست بوو بە دۆخی سیاسیی عێراق و گرنگیدانی قەتەر بە پرسەکانی عێراق، ئەمەش دوای ئەوە دێت کە هەریەکە لە وڵاتانی دراوسێی عێراق، وەک ئێران و تورکیا و سعودیەش گرنگیی تایبەت بە هەرێمی کوردستان دەدەن، بەتایبەت لەو هەڵبژاردنەدا کە پارتی ژمارەیەک کورسیی بەرچاوی هێناوە لە پەرلەمانی عێراقدا، پێدەچیت کارەکتەرێکی سەرەکییش بێت لە پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراقدا. پەیوەندیی بازرگانیی قەتەر و عێراق کە بەشی هەرە زۆری لەگەڵ هەرێمی کوردستانە، ساڵانە ١٣٠ ملیۆن دۆلاری ئەمەریکییە[١٧].

ئەوەی زیاتر وای کردووە وڵاتانی کەنداو هەوڵی دروستکردنی پەیوەندی بدەن لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا، پەیوەندیی بە چەند فاکتەرێکەوە هەیە، لە هەموویان گرنگتر پەیوەندیی بە دۆخی عێراق و ململانێ هەرێمییەکانی ناوچەکەوە هەیە، هەروەها ئەو پەیوەندییە هاوسەنگییەی کە هەرێمی کوردستان لەگەڵ وڵاتانی دراوسێدا هەیەتی. ئەمە سەرەڕای ئەو سەقامگیرییەی کە لە هەرێمی کوردستاندا هەیە، کە دەرفەتێکی باشتر لە عێراق دەڕەخسێنێت بۆ کاری بازرگانی و وەبەرهێنان. ئەوەی تایبەت بێت بە مەبەستی هەرێمی کوردستان لە نزیکبوونەوە لە وڵاتانی کەنداو، پەیوەندیی بە چەند فاکتەرێکەوە هەیە. هەرێمی کوردستان بە حوکمی ئەو پێگەی نادەوڵەتییەی (non-state) کە هەیەتی، خوازیاری زیادکردنی پەیوەندیی بازرگانی و سیاسییە لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا، بەتایبەتییش لەگەڵ

**ئەوەی بووەتە لەمپەر لەبەردەم هەرێم بۆ ئەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی تر فراوانتر بکات، بێجگە لەو وڵاتانەی کە هەرێمی کوردستان لەگەڵیاندا هاوسنوورە، ئەو دۆخە داخراوەی سنوورەکانی هەرێمە بە وشکانی، ئەمە وای کردووە هەرێم زۆر دەستکراوە نەبێت لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانیدا**

وڵاتانی دراوسێی عێراق، ئەمە دواجار خزمەت دەکات بە پێگەی سیاسیی هەرێمی کوردستان لە ناوچەکەدا. هەرێمی کوردستان دەیەوێت لە ڕێگای پەیوەندیی ئابوورییەوە، پەیوەندیی سیاسییش پەرە پێ بدات لەگەڵ وڵاتانی کەنداو. پرسی کەمیی وابەستەیی هەرێمی کوردستانیش بە ئێران، هۆکارێکی ترە کە وڵاتانی کەنداو کێش دەکات بۆ ئەوەی پەیوەندییەکانیان پەرە پێ بدەن لەگەڵ هەرێمی کوردستان، چونکە لە عێراق گرووپەکانی نزیک لە ئێران بەربەست دروست دەکەن بۆ پەیوەندیی عێراق لەگەڵ وڵاتانی کەنداودا و دەرفەتی ئابووری و سیاسیشییان کەمترە[١٨]. لە ڕاستیدا وڵاتانی کەنداو لە نائامادەیی و ناسەقامگیریی عێراق، وەک جێگرەوەیەک سەیری هەرێمی کوردستان دەکەن.

### بەشی چوارەم: هەرێمی کوردستان چیی لە وڵاتانی کەنداو دەوێت؟

ئەگەر بۆ وڵاتێکی خاوەن سەروەری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان گرنگ بن، ئەوا بێگومان بۆ کیانێکی نادەوڵەتی وەک هەرێمی کوردستان کە جیۆپۆلەتیکێکی سەختی هەیە، پەیوەندیبەستن لەگەڵ وڵاتان دوو ئەوەندە گرنگە. هەرێمی کوردستان بە پێی ئەو ڕۆڵە سیاسییەی لە عێراق و ناوچەکەدا هەیەتی، پێویستی بە پەیوەندیی سیاسی و ئابووری لەگەڵ گشت وڵاتاندا هەیە، بەڵام لەگەڵ وڵاتە دراوسێ و هێزە هەرێمییەکان زۆر زیاتر. هەروەک چۆن بۆ وڵاتانی کەنداو؛ هەرێم دەتوانێت کارتێکی گوشار بێت بۆ کاریگەری لەسەر ڕەفتاری وڵاتانی تر، بۆ هەرێمیش نزیکبوونەوە لە وڵاتانی کەنداو، بەتایبەتییش عەرەبستانی سعودیە، دەتوانێت وەک پەیام ناردن بێت بۆ وڵاتانی تر بۆ ئاڕاستەکردنی دۆخێکی دیاریکراو، بەتایبەتییش بۆ ئێران، عێراق و تورکیا، هەروەها سووریاش لە ئایندەدا. ئەوەی بووەتە لەمپەر لەبەردەم هەرێم بۆ ئەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی تر فراوانتر بکات، بێجگە لەو وڵاتانەی کە هەرێمی کوردستان لەگەڵیاندا هاوسنوورە، ئەو دۆخە داخراوەی سنوورەکانی هەرێمە بە وشکانی،

ئەمە وای کردووە هەرێم زۆر دەستکراوە نەبێت لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانیدا.

لە ڕووی ئابوورییشەوە وەبەرهێنانی وڵاتانی کەنداو بۆ هەرێمی کوردستان زۆر گرنگە، لەم ڕووەوە ئیمارات ڕۆڵێکی باشی بینیوە، بەتایبەت لە کەرتی وزە. خودی سەرۆکی حکومەتی پێشووش "نێچیرڤان بارزانی"، چەند جارێک جەختی لەسەر ئەو ڕەهەندە کردووەتەوە، گوتوویەتی کە "ئیمارات زۆر گرنگە بۆ هەرێمی کوردستان، ئەوان خۆیان (ئیمارات) پێشنیاری یارمەتیدانی ئێمەیان کردووە، ئێمە پەیوەندیی باشمان لەگەڵ گشت وڵاتانی ئەنجوومەنی هاریکاریی کەنداو (GCC)دا هەیە، بەڵام پەیوەندیمان لەگەڵ ئیمارات نزیکترە[١٩]". ئیمارات لە بواری وەبەرهێناندا بە دوو بلیۆن و نیو دۆلار لە هەرێم بەشدار بووە. "حەمەد بوامیم" سەرۆکی ژووری بازرگانیی دوبەی، لە ٢٠١٤دا وتی: کە ١٣٤ کۆمپانیای ئیماراتی لە هەرێمی کوردستاندا کار دەکەن. وەک پێشتریش ئاماژەمان پێ دا، دۆخەکە بۆ هەرێمی کوردستان جیاوازترە، بە هۆی ئەو پەیوەندییەی هەرێم بە عێراقەوە لە بواری ئابووری و سیاسییەوە هەیەتی، هەندێک جار عێراق گوشار دەخاتە سەر کۆمپانیاکان بۆ ئەوەی لە هەرێمی کوردستاندا وەبەرهێنان نەکەن، هەروەک ئەوەی لەبەرامبەر کۆمپانیای ئێکسن مۆبیل (Exxon Mobil) و ئای ئۆ سی (IOC) کرا[٢٠].

بێجگە لەوە ئیمارات کە ئەزموونێکی ناوازەی لە بواری بووژانەوەی بازرگانی و فرۆشتنی نەوت و گازدا هەیە، هەرێم لە زۆر ڕووەوە دەتوانێت سوود لە ئەزموونی ئیماراتییەکان وەربگرێت. هەڵبەتە ئەمە جگە لەو بوارەی کە ئیماراتییەکان دەتوانن لە هەرێمی کوردستاندا وەبەرهێنان بکەن و بۆ نموونە لە ساڵی ٢٠٢١ نزیکەی ١٢٨ کۆمپانیای ئیماراتی لە هەرێمی کوردستاندا کاریان دەکرد. ئەمە خۆی جۆرێکە لە دڵنیایی ئیمارات لە وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان کە قەبارەکەی زیاتر لە سێ ملیار دۆلارە.

**"ئیمارات و وڵاتانی کەنداو دەیانەوێت جێدەستیان لە عێراقدا هەبێت، بەڵام دەسەڵاتی سیاسیی شیعەکان تا ئێستا ئەو دەرفەتەیان پێ نەداون، بۆیە هەرێمی کوردستان دەکرێت ئەو دەروازەیە بێت کە هەریەکە لە ئیمارات و وڵاتانی عەرەبییش بتوانن لێیەوە بگەڕێنەوە ناو عێراقەوە، ئەمە هەم بۆ عێراق، هەم بۆ هەرێمی کوردستانیش سوودمەندە**

ئەم پەیوەندییە ئابوورییانە هەڵبەتە دواجار دەرگای پەیوەندیی سیاسی و کولتوورییش بەسەر هەرێمی کوردستاندا دەکەنەوە. دیسان هەرێمی کوردستان هەموو ئەو توانا ئابووری و سیاسییانەشی هەیە کە بتوانێت هاوشێوەی ئیمارات ببێتە ناوەندێکی بازرگانیی جیهانی، ئەگەر هێزە سیاسییە کوردییەکان پێکەوە کاری جددیی بۆ بکەن.

بوارێکی تر کە ئیماراتییەکان دەتوانن هاوکاریی هەرێمی کوردستان بکەن، بریتییە لە دژایەتیکردنی ڕێکخراوە تیرۆرستییەکان، بەتایبەتییش داعش کە مەترسییەکی گەورەیە لەسەر هەرێمی کوردستان. هەرێمی کوردستان دەکرێت داوا لە ئیمارات بکات کە هاوکاریی سەربازی پێشکەش بە هێزەکانی پێشمەرگە بکەن، بەتایبەت لە بواری چەک و تەقەمەنی. ئیماراتییەکان لە زۆربەی وڵاتانی ناوچەکە جددیترن لە شەڕ دژی ڕێکخراوە ئیسلامییە توندڕەوەکان، لەم بوارەشەوە ئیمارات ساڵانە ملیۆنان دۆلار خەرج دەکات. نابێت بیرمان بچێت کە ناکۆکیی سەرەکیی ئیمارات لەگەڵ هەریەکە لە قەتەر و تورکیاش هەر لەسەر یارمەتیدانی ئیخوانەکانە، بۆیە هەرێمی کوردستان دەتوانێت لەگەڵ ئیمارات کاری جددی لەسەر ئەم بوارە بکات[٢١]. ئیمارات و وڵاتانی کەنداو دەیانەوێت جێدەستیان لە عێراقدا هەبێت، بەڵام دەسەڵاتی سیاسیی شیعەکان تا ئێستا ئەو دەرفەتەیان پێ نەداون، بۆیە هەرێمی کوردستان دەکرێت ئەو دەروازەیە بێت کە هەریەکە لە ئیمارات و وڵاتانی عەرەبییش بتوانن لێیەوە بگەڕێنەوە ناو عێراقەوە، ئەمە هەم بۆ عێراق، هەم بۆ هەرێمی کوردستانیش سوودمەندە. هەڵبەتە ئەمە جگە لەوەی کە هەرێمی کوردستانیش پێویستی بە کرانەوەی زیاترە بەسەر دونیای عەرەبی و وڵاتانی کەنداو، هەرێم لە هەموو کات زیاتر پێویستی بە پەیوەندییە لەگەڵ جیهانی عەرەبی، چونکە هەرێم لەنێوان هەژموونی پەیوەندی و گوشاری ئێران و تورکیادا خەفە بووە و پێویستی بە دەروازەی ترە بۆ ئەوەی ئەم ئەڵقە تەسکە جیۆپۆلەتیکییە تێپەڕێنێت.

بێگومان بەستنی پەیوەندی بۆ هەرێمی کوردستان بەتایبەتییش لەگەڵ ئەنجوومەنی هاریکاریی کەنداو، بۆ هەرێم بێ سەرئێشە نییە. بۆ نموونە: کاتێک عەرەبستانی سعودیە لە ٢٠١٦ کونسوڵگەریی خۆی لە هەولێر کردەوە، ڕاوێژکاری باڵای هێزە سەربازییەکانی ئێران "یەحیا سەفەوی" لە لێدوانێکدا وتی: "بارزانی ڕێگەی بە دوژمنانی شۆڕش داوە کە کونسوڵگەری لە هەرێم بکەنەوە، لایەنگرانی بارزانی دەبێت ئەوە باش بزانن کە ئەوان قەرزداری ئێرانن... کوردەکان پەیوەندیی مێژوویی دەیانبەستێتەوە بە ئێرانەوە، چوونە ناو ئەو یارییە سیاسییانە دەبێتە هۆی ئەوەی ئێران یارمەتییەکانیان ببڕن[٢٢]".

سەرەڕای ئاڵنگاریی پەیوەندییەکانی هەرێم و ئەنجوومەنی هاریکاریی کەنداو، پەیوەندییە سیاسی و ئابوورییەکانی هەردوو لا گرنگیی تایبەتیی خۆی هەیە و دەتوانرێت لە بواری سیاییش وەبەرهێنان لەو پەیوەندییانەدا زیاتر بکرێت، بەتایبەت کە ئێستا هەریەکە لە وڵاتانی سعودیە و ئیمارات و کوێت کونسوڵگەرییان لە هەرێمی کوردستاندا هەیە.

**ئەنجام**

پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و وڵاتانی هاریکاریی کەنداو پەیوەندیی زۆر تازە و سەرەتایین و تەنیا بۆ دوای ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس لە عێراقدا دەگەڕێنەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بواری ئەوەی تێدایە کە پێشڤەچوونیان تێدا ڕوو بدات و فراوانتر بکرێن. پاڵنەری پەیوەندییەکانی سعودیە بۆ نزیکبوونەوە لە هەرێمی کوردستان، دەچێتە قاڵبی گەڕان بەدوای ڕۆڵگێرانێکی هەرێمی لە ناوچەکەدا بەتایبەتییش لە عێراقدا، ئەمە هاوکاتە لەگەڵ هەڵکشانی ڕۆڵی هەرێمیی عەرەبستانی سعودیە لەدوای "بەهاری عەرەبی"، هەروەها هاوکاتیش بووە لەگەڵ هەڵکشانی پێگەی کورد لە عێراق و ناوچەکەدا. دەتوانین بڵێین کە نزیکبوونەوەی وڵاتانی کەنداو لە هەرێمی کوردستان بەزۆری لەو کاتانەدا بووە کە عێراق لەبەردەم گۆڕانکارییەک یان دۆخێکی قەیراناویدا بووە، وڵاتانی کەنداو بۆ کاریگەری و گوشارخستنە سەر عێراق و بەشێک لە ئەکتەرە هەرێمییەکان (بۆ نموونە ئێران و تورکیا) لە هەرێمی کوردستان نزیک بوونەتەوە، زیاتریش وەک فاکتەری هاوسەنگی بەرامبەر دەسەڵاتی شیعەکان بەسەر دەوڵەتدا سەیری هەرێمی کوردستانیان کردووە.

فاکتەرێکی تری پەیوەندیی هەرێم و وڵاتانی کەنداو پەیوەستە بە باڵابوونی ڕۆڵی ئێران لە عێراقدا، بە جۆرێک کە هیچ دەرفەتێک نەماوە بۆ وڵاتانی کەنداو کە بتوانن لە عێراقدا پێگەی سیاسی و ئابوورییان هەبێت. نزیکبوونەوە لە کورد بەتایبەتییش لە هەرێمی کوردستان و پارتی بە جۆرێک لە جۆرەکان بۆ گوشارخستنە سەر دەسەڵاتی شیعەکان بووە لە لایەک و هەژموونی ئێرانیش لە لایەکی تر، چونکە ئاسایشی هەرێمی کەنداوی عەرەبی (یان فارس) پێشووتریش تا ئاستێکی زۆر پەیوەست بوو بە پێگەی عێراق وەک بەربەستێک لەبەردەم هەڕەشەکانی ئێران لە ناوچەکەدا، بۆیە باڵادەستیی ئێران لە عێراق ڕاستەوخۆ کاریگەریی بەسەر ئاسایشی وڵاتانی ئەنجوومەنی هاریکاریی کەنداوەوە هەیە. فاکتەری ئایینی و مەزهەبی دەکرێت پشکێکی کەمی هەبێت لە نزیکبوونەوەی عەرەبستانی سعودیە و وڵاتانی تری کەنداو لە هەرێمی کوردستان، بۆیە پاڵنەری سەرەکیی پەیوەندییەکانیان فاکتەرێکی تەواو سیاسییە بۆ سعودیە و کوێت، بۆ ئیمارات و قەتەریش فاکتەرەکە هەم سیاسی و هەمیش ئابوورییە.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان

1- Charountaki, M., (2016) The GCC in Kurdish Politics, Journal of Arabian Studies, 6:2, 201-215, DOI: 10.1080/21534764.2016.1242232, p.204.

2- Hartman, L., 2016. Saudi Arabia as a regional actor: threat perception at home and abroad. Available online: <<https://www.sciencespo.fr/kuwait-program/wp content/uploads/2018/05/KSP_Paper_Award_Spring_2016_HARTMANN_Laura.pdf>>. [Accessed 25/8/2019].

3- Stephen, W., 1987. The origins of alliances. Ithaca New York, 1, p.87.

٤- مەبەست لە "هەرێم" لەم توێژینەوەیەدا، هەرێمی کوردستانی عێراقە.

5- Gause, F.G., 2003. The Approaching Turning Point: The Future of US Relations with the Gulf States. Saban Center for Middle East Policy at the Brookings Institution. P.303

6- McSweeney, B., 2007. Identity and Security: Buzan and the Copenhagen School: in INTERNATIONAL SECURITY VOLUME I Widening Security, Barry Buzan and Lene Hansen, 2007. P.204.

7- Nonneman, G., (2005). Determinants and Patterns of Saudi Foreign Policy: 'Omnibalancing'and 'Relative Autonomy'in Multiple Environments. Saudi Arabia in the balance: Political economy, society, foreign affairs, pp.315-51. P.318.

8- Hartmann, (2016). P.1.

9- Al Tamamy, S., (2012) Saudi Arabia and the Arab Spring: Opportunities and Challenges of Security, Journal of Arabian Studies. P.147.

10- Kostiner, J., 2009. Conflict and cooperation in the Gulf region. VS Verlag für Sozialwissenschaften., 2009. P.240.

11- Elashmawy, S., 2014. The Foreign Policies of Saudi Arabia and Qatar towards the Arab Uprisings: The Cases of Egypt, Libya and Bahrain. European Consortium for Political Research. <https://ecpr. eu/filestore/paperproposal/2c667447-0f7e-4dd3-a0a2-def571a67394. pdf,> Accessed December, 17, p.2017.

12- WikiLeaks (19 June 2015a) The Saudi Cables, available at https://wikileaks.org/saudicables/doc939.html> [accessed 20/10/2015].

WikiLeaks (19 June 2015b) The Saudi Cables, available at https://wikileaks.org/saudicables/doc68445.html>. [accessed 20/10/2015].

13- Kurdistan Regional Government, TUE, 13 MAR 2007. <<http://previous.cabinet.gov.krd/a/d.aspx?s=010000&l=12&a=16710.>> and KRG, 16 APR 2010. <<http://previous.cabinet.gov.krd/a/d.aspx?s=010000&l=12&r=223&a=34632.>>. [accessed 20/08/2019].

١٤- عنان، عمان، (٢٠١٧)، الدعم الخليجي للأكراد: تغير في التوجهات أم ضغط على أنقرة؟ موجود على الرابط: <<https://www.noonpost.com/content/18529>> (ڕۆژی سەردانیکردن: ٢٠١٩/٨/٢٢)

١٥- عنان، ٢٠٠٧، سەرچاوەی پێشوو.

١٦- قناه العالم، الأربعاء، ٢١ يونيو ٢٠١٧. دور مشبوه للإمارات في دعم الاستفتاء على انفصال اقليم كردستان؟ الرابط: <<https://www.alalamtv.net/news/1986533/ دور-مشبوه-للإمارات-في-دعم-الاستفتاء-على-انفصال-اقليم-كردستان؟ >> (تاريخ الزيارة: ٢٠١٩/٣/٢٠)

١٧- لماذا تطتلع قطر و كردستان العراق لتطوير علاقاتهما؟ ٢٠٢١/١٠/١٩

١٨- ما الذى يدفع علاقات دول الخليج و اقليم كردستان العراق للنمو؟ ٢٠٢١/٩/٢٤

19- Charountaki, M., 2016, 205.

20- Wahab, B.,2014. Iraq and KRG Energy Policies: Actors, Challenges and Opportunities. The Institute of Regional and International Studies, p.14.

٢١- ڕەنج نەوزاد، (٢٠٢١)، تێگەیشتن لە سیاسەتی ئیمارات، ماڵپەڕی چاوی کورد. لەسەر ئەم لینکە بەردەستە: <<http://www.chawykurd.com/details.aspx?=hewal&jmare=24245&Jor=7&Jor2=4145>>. (ڕۆژی سەردانیکردن: ٢٠٢١/٧/١٠)

٢٢- إيران تحذر كردستان من "مغبة التعاون مع السعودية" ضدها.. والحكومة الكردية: لم نهدد طهران ولا نقبل تصريحاتها، سی ان ان بالعربيه، الأربعاء، 09 نوفمبر/2016. https://arabic.cnn.com/middleeast/2016/11/09/iran-kurdistan-saudi-cooperation-warning. (ڕۆژی سەردانیکردن: ٢٠٢٠/٧/١٠).

# لاکردنەوەی عێراق بەلای چیندا



یاسین تەها

توێژەر




**بەرایی**

مێژووی پەیوەندییە بازرگانییەکان و ئاشنایەتیی عێراق و وڵاتی چین زۆر دێرینە و دەگەڕێتەوە بۆ سەدەکانی ناوەڕاست کە عێراق پایتەختی خەلافەتی عەباسییەکان و بەغدا سەنتەری جیهانی ئیسلامی بوو، لەو کاتەدا عێراق دەکەوتە سەر هێڵی باشووری ڕێگای ئاوریشم کە لە تورکستان و خۆراسانەوە تا سەر دەریای سپیی ناوەڕاست درێژ دەبوویەوە، لە مێژووی نوێ و هاوچەرخیشدا پەیوەندییەکانی هەردوو دەوڵەت ناوبەناو گرێ دراونەتەوە، بەتایبەت پاش ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی لە عێراق و دواتریش کەوتنی ڕژێمی سەددام.

ئەم بابەتە هەوڵ دەدات هەڵوێستە لەسەر بەرژەوەندییەکانی چین و عێراق لە ئێستادا و داهاتوودا بکات، لە سایەی پێداگرییەکی زۆری گرووپە شیعەکان بۆ ڕووکردنە چین وەك یەکێك لە بەهێزترین جێگرەوەکانی ئەمەریکا.

## گرێدانەوەی پەیوەندییەکان لەپاش ٢٠٠٣

لەپاش کەوتنی سەددام و لە سایەی ئەو دۆخە ئەمنییە ئاڵۆزەی بەدوایدا هات لە ٢٠٠٣، عێراق لە زۆربەی وڵاتانی دنیا دابڕا لەوانەش چین، بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٧ سەرۆکی کۆچکردوو جەلال تاڵەبانی لە سەردانێکدا بۆ چین لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتە میکانیزمی کاری هاوبەشی دانا و پەیوەندییەکانی بردە قۆناغێکی نوێ، ئەم سەردانە حەوت ڕۆژییە کە بە شاندێکی ٤٠ کەسی بوو، یەکەم سەردانی باڵای عێراقی بوو لە ئاستی سەرۆککۆمار لەپاش ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتیی عێراق و لە ناوەندە میدیاییەکاندا بە "سەردانی مێژوویی" لەقەڵەم درا. سەردانەکە زیاتر مۆرکێکی ئابوورییانەی هەبوو لە چەشنی وەبەرهێنانی چین لە کەرتی نەوتی باشوور و هاوردەکردنی کاڵای چینی بۆ بازاڕی نوێی عێراق[١]. لەپاش ئەوەش نووری مالیکی سەرۆکوەزیرانی عێراق لە ساڵی ٢٠١٢دا کۆمەڵێك ڕێککەوتننامەی ئیمزا کرد بۆ هێنانی کۆمپانیا چینییەکان بۆ عێراق و هاوردەکردنی کاڵای چینی کە بەناوبانگ بوون بەوەی نرخەکەیان هەرزانە، بەتایبەت کەرەستەکانی بیناسازی و بنیاتنانەوەی وێستگەکانی وزەی کارەبا[٢].

سەردانەکەی مالیکی کە ساڵێك پاش کشانەوەی سوپای ئەمەریکا بوو لە عێراق (٢٠١١)، بوو بە هۆی ئەوەی باڵوێزخانەی چین لە عێراق بکرێتەوە، لەو قۆناغەشدا بڕیار بوو ڕێککەوتننامەی درێژخایەنی ستراتیژی و ئەمنی لەنێوان عێراق و ئەمەریکادا بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە کە پەیوەندیی ئابوورییشی لەخۆ دەگرت، بەڵام لەبەر زۆر هۆکار ئەوە ڕووی نەدا و زیاتر ئەو بڕگە و مادانەی جێبەجێ کران کە تایبەت بوون بە کشانەوەی لەشکری ئەمەریکا بەبێ زیان و مەسەلەی خاوەندارێتیی شمەك و کەلوپەلە سەربازییەکان لەپاش کشانەوە، لەگەڵ چۆنیەتیی مامەڵەکردن لەگەڵ بنکە و مۆڵگە سەربازییەکان[٢]. ئەم بۆشاییەشی کە دروست بوو، دەرفەتی ڕەخساند بۆ ئەوەی چینییەکان ئامادەیی خۆیان زیاتر بکەن لە گۆڕەپانی عێراق کە ڕاڕەوێکە بۆ گەیشتن بە وڵاتانی کەناری دەریای سوور و دەریای سپیی ناوەڕاست (سووریا، لوبنان، ئوردن).

## پێگە و گرنگیی عێراق بۆ چین

گەڕانەوەی چین بۆ عێراق لە ساڵانی ٢٠٠٧ و ٢٠١٢، هاوکات بوو لەگەڵ هەڵکشانی

ڕۆڵی ئەم زلهێزە جیهانییە لە بواری ئابووری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەر لەم ساڵانەشدا پرۆژەی "پشتێن و ڕێگا" کە زیندووکردنەوەی ڕێگای حەریر (ئاوریشم)ی مێژووییە، بەگەرمی کەوتە بەر باس و سیماکانی وردەوردە ئاشکرا کران. لەم پڕۆژە گرنگەشدا عێراق یەکێکە لەو کۆمەڵە وڵاتەی جگە لەوەی ڕاڕەوی گەیشتنە بە کەناری دەریای ناوەڕاست، کەنداوی عەرەبیش دەبەستێتەوە بە وڵاتی تورکیا و لەوێشەوە بۆ ئەورووپا، ئەمەش وا دەکات لەگەڵ سەرجەم وڵاتانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا گرنگی و بایەخی تایبەتی هەبێت بۆ دەسەڵاتدارانی پەکین بۆ پڕۆژە زەبەلاحەکەیان.

بە گوێرەی ئەو زانیارییانەشی بەردەستن، عێراق یەکێك لەو وڵاتانەیە کە ئامانجە لە ڕاڕەوی "پشتێن و ڕێگا"ی چین، هەر لەبەر ئەوەش لە ساڵی ۲۰۲۱دا بڕی ۱۰,٥ ملیار دۆلاری وەرگرتووە بۆ هەندێ پڕۆژەی ژێرخان کە وێستگەی کارەبا و پاڵێوگە و پاڵفتەکردنی نەوتی قورس دەگرێتەوە. هەر ئەو زانیارییانە باس لەوە دەکەن عێراق لەپاش پاکستان و ڕووسیا، سێیەم وڵاتی هاوبەشی چینە لە پڕۆژەکانی پەیوەست بە وزە، ئەمە لە کاتێکدا وردەوردە ئامادەیی و کاریگەریی ئەمەریکا پاشەکشە دەکات و هەر لەم میانەیەشدا هێندە بەسە ئاماژەی پێ بکرێت کە کۆتایی ساڵی ڕابردوو (۲۰۲۱) بەفەرمی ئەرکی ئەو هێزە شەڕکەرانەی ئەمەریکا کۆتایی پێ هێنرا کە لەپاش ۲۰۱٤ بۆ شەڕی داعش گەڕابوونەوە بۆ هاوکاریی عێراق[٤].

لە کابینەی عادل عەبدولمەهدی (۲۰۱۹)، بەئاشکرا ئەوە ڕاگەیەنرا کە عێراق دەبێتە بەشێك لە پڕۆژەی "پشتێن و ڕێگا"ی چینی. لە سەردانێکی بەناوبانگیشدا بۆ چین کە شاندێکی گەورەی لەگەڵدا بوو، لە بارەی زۆر پرسی هەستیارەوە گەیشتنە کۆمەڵێك لێکگەیشتن[٥].

بە گوێرەی دیدگای چین، دروستکردنی فرەجەمسەری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پەیوەستە بە دروستکردنی هەماهەنگی لەگەڵ وڵاتان، هەروەها پڕکردنەوەی بۆشایی ئەمەریکاش لە عێراق و وڵاتانی تری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ڕێگای "پەرەپێدانی ئاشتییانە"وە دەبێت وەك لە "دیموکراسیەتی ئاشتی" کە چەمکێکی ڕۆژئاواییە. لەبەر ئەوەشی زۆر جار چین خوازیاری دەستوەردانی سەربازی نییە، هەست دەکات چاری تری نییە جگە لە چڕکردنەوەی پەیوەندیی ئابووری[٦]، هەر ئەمەش لەگەڵ عێراقدا پەیڕەو دەکات.

### داعش وەك دەرفەت بۆ چین

لە ساڵی ۲۰۱۷دا دەرفەتێکی نوێ بۆ چین ڕەخسا لە عێراق، کە ئەویش شکستی سەربازییانەی ڕێکخراوی داعش و ڕاگەیاندنی سەرکەوتن بوو لەسەر داروپەردووی شارە ڕووخاوەکان، ئەو وێرانکارییەشی لەپاش داعش بەجێ ما،

هاندەرە بۆ ئەوەی چین زیاتر چاوی لەسەر عێراق بێت بۆ پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوە. هەر لەم کاتەشدا کە ئەرکی سەربازیی هاوپەیمانان کۆتایی هات، ڕکابەرییەکی توند لەنێوان دۆستانی وڵاتانی ڕۆژئاوا و لایەنگرانی بەرەی ئێرانیدا سەری هەڵدا لەسەر پەیوەندییە ستراتیژییە ئایندەییەکانی عێراق، لەم میانەیەشدا بۆ تەنگپێهەڵچنینی کاریگەری و پێگەی ئەمەریکا، دۆستانی ئێران لە گرووپە چەکدارەکانی شیعە کەوتنە گوشارکردن بۆ ئەوەی عێراق لەبریی وڵاتانی کەنداو و وڵاتانی ڕۆژئاوا ڕوو بکاتە پەکین و زیاتر بەرەو ڕۆژهەڵات بڕوات، سەردانەکەی عادل عەبدولمەهدییش (ئەیلوولی ٢٠١٩) بە شاندێکی ٥٥ کەسییەوە هەر لەم چوارچێوەیەدا بوو. ماوەی ٥ ڕۆژیش شاندە عێراقییەکە کە سەرجەم پارێزگارەکانی عێراق و وەزیرانی پەیوەندیداری تێدا بوو، هەشت یاداشتی لێکگەیشتنیان واژوو کرد و لەوێ بەفەرمی عێراقیان خستە ڕیزی ئەو وڵاتانەی بەشێکن لە پرۆژەی "پشتێن و ڕێگا" و بوارەکانی هاوکارییش جگە لە سێکتەرە ئابوورییەکان، پەلی هاویشت بۆ دروستکردنی کتێبخانەیەکی چینی لە زانکۆی بەغدا و پەرەپێدانی پەیوەندیی ڕۆشنبیری لەنێوان هەردوو وڵات، لەگەڵ تەرخانکردنی زەوی بۆ نێردەی دیپلۆماسیی هەردوولا لەسەر خاکی وڵاتی یەکتر[٧].

لە میانەی ئەو سەردانەدا، بەئاشکرا ئەوە ڕاگەیەنرا کە عێراق دەبێتە بەشێك لە پرۆژەی "پشتێن و ڕێگا". لە سەردانێکی بەناوبانگیشدا بۆ چین کە شاندێکی گەورەی لەگەڵدا بوو، لە بارەی زۆر پرسی هەستیارەوە گەیشتنە لێکگەیشتن[٨]. هەروەها سەردانەکە لە کاتێکدا بوو کە عێراق ڕۆژانە ٨٠٠ هەزار بەرمیل نەوتی هەناردەی چین دەکرد و قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانیی نێوان هەردوو وڵاتیش ٣٠ ملیار دیناری ساڵانە بوو، لەم کاتەشدا ڕێککەوتنێك کە بە ٥٠٠ ملیار دۆلار خەمڵێنرا، لەنێوان هەردوو لادا گەڵاڵە کرا کە ناوەرۆکەکەی بریتی بوو لە بنیاتنانەوەی ژێرخانی ئابووریی عێراق لەلایەن چینەوە لەبەرامبەر دابینکردنی نەوت بۆ ئەم وڵاتە پیشەسازییەلە کێڵگەگانی عێراق، ئەمەش مشتومڕ و هەرایەکی گەورەی سیاسی و پەرلەمانیی دروست کرد، چونکە قەبارەی ڕێککەوتنە زۆر گەورە و درێژخایەن و ئایندەیی و ستراتیژییە و دوور لە چاودێری و بڕیاری پەرلەمان گەڵاڵە کرا[٩].

## توانای کۆمپانیا چینییەکان بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ عێراق

ئەوەی یارمەتیی چین دەدات زیاتر لە عێراق پەل بهاوێت، ترس و دڵەڕاوکێی کۆمپانیا ڕۆژئاواییەکانە لە وەبەرهێنان لە ژینگەی عێراقدا بە هۆی دیاردەی چەکداری و پەلهاویشتنی میلیشیاکان، جگە لەوەش تۆڕێکی

بەربڵاوی گەندەڵی هەیە لە عێراق کە ڕێگرە لە خێرایی ڕاپەڕاندنی کاروبارەکان، بەتایبەت خراپیی ژێرخانی بانك و ئاڵوویێری دارایی، بەڵام چینییەکان بە حوکمی ئاشنایەتییان بە ژینگەی ڕۆژهەڵات و لەبەر ئەو پەسەندییەی هەیانە، زۆر لەسەر ئەمە نەوەستان و چەندین کۆمپانیای گەورەیان ئێستا دەستبەکارە، لەوانەش: کۆمپانیای (Shanghai Electric، China Building Materials، China Hydroelectric Power Plant)، لەگەڵ چەند کۆمپانیایەکی تری گەورەی وەك "EPC"، هەندێکیش پێیان وایە سەرکەوتنی چین لە عێراقدا بەو ئاستە تێکەڵەیەکە لە سەرکێشی و بەرگری و بەختی باش و گرتنەبەری سیاسەتی دیپلۆماسییانەی لێزان و شارەزایانە[١٠].

هەندێك لە شارەزایانی عێراق پێیان وایە تایبەتمەندیی کۆمپانیا چینییەکان توانای کارکردنە لە هەلومەرجی سەخت و توندا، ئەوان دەتوانن لەگەڵ پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی عێراقیشدا خۆیان بگونجێنن، جگە لەوەش کۆمەڵێك خزمەتگوزاری پێشکەش بە عێراق دەکەن کە گرنگە و چەند بوارێکی زۆر بەکەڵك بۆ عێراق دەگرێتەوە، لەوانەش: پیشەسازیی ئۆتۆمبێل، کەرتی کشتوکاڵ، وزەی کارەبا، لەگەڵ کەرتی نیشتەجێبوون. ئەو پڕۆژانەشی چین لە عێراق جێبەجێی دەکات، هەزاران هەلی کار دەڕەخسێنێت، لە کاتێکدا عێراق پێویستی زۆری هەیە بە دەستی کار و کێشەی زیادبوونی بەردەوامی دانیشتووانی هەیە[١١].

چین توانایەکی تەکنەلۆژیی قەبە و زەبەلاحی هەیە، جگە لەوەش بە هۆی نزمیی پارەکەی بەراورد بە دۆلار بۆ عێراق زیاتر گونجاوە. ئەو سندووقە هاوبەشەشی بۆ ئاوەدانکردنەوەی عێراق دانراوە، کۆمپانیایەکی ڕاوێژکاری هەیە وەك نێوانگر لەنێوان هەردوو لا و ئەرکی زۆر سپێردراوە بە بانکی ناوەندیی عێراقی، هەموو ئەمانە دەرفەتی گونجاون بۆ عێراق و ئۆفەری چینی زیاتر پەسەند دەکەن[١٢].

**ڕێککەوتنی ئێران و چین وەك هاندەر**

دوو ساڵ پاش لێکگەیشتنەکانی عێراق و چین، ئێران و چینیش ڕێککەوتننامەیەکی درێژخایەنی ستراتیژییان لە مارسی ٢٠٢١ ڕاگەیاند، ئەم ڕێککەوتنە بایی ٤٠٠ ملیار دۆلار وەبەرهێنانی چینی لە ئێران لەخۆ دەگرێت بۆ ماوەی ٢٥ ساڵ لەبەرامبەر نەوت. ئەم ڕێککەوتنە ژێربەژێرە کە زۆر لایەنی بە نهێنی ماوەتەوە، لێکەوتەی ڕاستەوخۆی لەسەر وڵاتانی ناوچەکە دەبێت بەتایبەت عێراق، لە لایەك لە چوارچێوەی پڕۆژەی ڕێگاکەی چین کە دێتەوە سەر عێراق، لە لاکەی تر ئەو هاریکارییە ئەمنی و تێکەڵییەی ئێران لەگەڵ چین دروستی دەکات توانای سەربازیی وڵاتانی ناوچەکە لاسەنگ، دەکات بەتایبەت ئەگەر بگاتە بواری ئەتۆمی و چەکی پێشکەوتوو[١٣].

لە عێراق جگە لەوەی مامەڵەکردن لەگەڵ چین بۆ هاوتابوونەوە لەگەڵ ئێران بوو بە کارێکی ناچاری، ئەم ڕێککەوتنە چینی و ئێرانییە بوو بە هاندەرێکی گەورە بۆ گرووپە چەکدارە عێراقییە وەلائییەکان کە پێداگری لەسەر ڕێککەوتن لەگەڵ چین بکەن و پەیوەندیی ئابووری لەگەڵ چین بە جێگرەوە و بەدیلی پەیوەندی لەگەڵ ئەمەریکا بدەنە قەڵەم، بەتایبەت لەپاش تۆخبوونەوەی ڕقی میلیشیا وەلائییەکان لە ئەمەریکا بە هۆی کوژرانی قاسم سلێمانی و ئەبو مەهدی موهەندیسەوە لە کانوونی دووەمی ٢٠٢٠.

داکۆکی لە چین و پڕۆژەکانی گەیشتە ئاستێك مشتومڕێکی سیاسیی گەورە لە عێراق لەسەر جێبەجێکردنی بەندەری فاو سەر هەڵبدات لەنێوان کە ئاخۆ بە کۆمپانیای چینی بسپێردرێت (CMCS)، یان دایێوی کۆری، لە کاتێکدا زۆربەی هەڵسەنگاندنەکان لەسەر ئەوە بوون کۆمپانیا چینییەکە شایستە و بەتوانا نییە، کاتێکیش ئەم پڕۆژە گرنگ و ستراتیژییە سپێردرا بە کۆمپانیا کۆرییەکە، مشتومڕێکی سیاسیی گەورە سەری هەڵدا و هەندێك لە لایەنە شیعەکان بەتوندی نارەزاییان دەربڕی[١٤].

## ئەمەریکا وەك لەمپەر

ئەمەریکییەکان دەوروبەری ٤٥٠٠ کوژراویان هەبووە لە میانەی پڕۆسەی دەرهێنانی عێراق لە چنگ ڕژێمی سەددام، هەروەها لە بارەی تێچووی شەڕی عێراقیشەوە خەمڵاندنەکان لە دوو ترلیۆن دۆلارەوە تا سێ ترلیۆن دەڕۆن[١٥]، بۆچوونێك پێی وایە ئەمەریکا دەستبەرداری ئەم قوربانییە دارایی و گیانییانە نابێت لە عێراق بۆ چینییەکان، بەتایبەت ئەو ڕێککەوتنانەی کراون تا ڕادەی هاریکاری لە بواری دروستکردنی مانگی دەستکرد دەڕۆن، لەم چوارچێوەیەشدا هەندێك لایەنی شیعە ئەمەریکایان تۆمەتبار کرد بەوەی کار بۆ پەکخستنی پڕۆژە هاوبەشەکانی عێراق و چین دەکات، بەتایبەت ڕێککەوتنەکە بە جۆرێکە پارەی فرۆشراوی نەوتی عێراق بچێتە سندووقێکی هاوبەشی چینی عێراقییەوە لە بەری بانکە فیدراڵییەکانی ئەمەریکا، هەر ئەو لایەنە شیعانە بێ پێچوپەنا ئەوەیان بە هۆکاری ڕووخاندنی حکومەتی عەبدولمەهدی لەقەڵەم دا[١٦]. هەندێ لێدوانی چینیش هەن باس لەوە دەکەن ڕێککەوتنی عێراق و چین نەیاری هەیە[١٧]، بەڵام پێچەوانەی ئەم باوەڕە، هەندێکی تر پێیان وایە ئەمەریکییەکان بەر لەوەی لە عێراقیش بکشێنەوە (٢٠١١)، هیچ کات نەچوونەتە ڕکابەری لەگەڵ چینییەکان و پەیوەندیی ئەوان لەگەڵ عێراق زیاتر لە بواری چەك و تەقەمەنی و فڕۆکەی ئێف ١٦ و کەرتی نەوت بووە، چینییەکانیش هەندێ سێکتەریان وەرگرتووە کە بەریەککەوتنی نییە لەگەڵ پڕۆژەکانی ئەمەریکا[١٨].

**دیدی حکومەت بۆ پرۆژەکانی چین**

لەپاش کەوتنی کابینەی عەبدولمەهدی، پرۆژەکانی چین لە عێراق هەر درێژەیان کێشا، لەم میانەیەشدا مستەفا کازمی سەرۆکوەزیرانی عێراق لە کانوونی یەکەمی ٢٠٢١دا، ١٥ ڕێککەوتنی لەگەڵ لایەنی چینی واژوو کرد بۆ دروستکردنی هەزار قوتابخانە لە سەرانسەری عێراق بە گوێرەی ڕێککەوتنەکانی سەرۆکوەزیرانی پێش خۆی. ئەم هەزار قوتابخانەیە بە دوو گوژمە جێبەجێ دەکرێن، کە یەکەمیان ٦٧٩ قوتابخانە و دووەم ٣٢١ قوتابخانەیە و جێبەجێکردنیان دراوە بە کۆمپانیای سینۆتیك کو جۆن[١٩]. ڕاوێژکارە ئابوورییەکانی عێراق پێیان وایە لە ساڵانی ڕابردوودا نەتوانراوە وەك پێویست کەڵك لە نەوت وەربگیرێت، بە هۆی ئەوەی داهاتەکەی بەشی زۆری بۆ بەکاربردن دەڕوات، بەڵام ڕێککەوتنی عێراق-چین دەرگای کردووەتەوە بۆ ئەوەی نەوتەکە بەرەو وەبەرهێنان ئاڕاستە بکرێت بە ڕێژەی ٣٪ کە لە سندووقی هاوبەشی نێوان هەردوو وڵات دادەنرێت، لەبەرامبەر ئەمەشدا قۆناغی یەکەم، چین بایی ١٠ ملیار دۆلار کۆمەکی پرۆژەکانی عێراق دەکات وەك قۆناغی یەکەم و کۆمپانیای "ساینوشور" گرەنتیی جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکە دەکات و ڕێککەوتنەکە قابیلی فراوانکردنیشە بە پێی خواستی عێراق و هەر کات لیستی پرۆژەکانی زیادی کرد، ئەوە دەتوانێت نەوتی زیاتر هەناردەی چین بکات، ئەمەش دەرفەتێکی باشە بۆ عێراق کە کێشەی ژێرخان و کاولکاریی هەیە[٢٠]، جگە لەوەش پشتیوانییەکی سیاسی و خواستێکیش هەیە بۆ ڕووکردنە چین وەك جێگرەوەی ئەمەریکا، ئەمەش باری سەرشانی حکومەتی عێراق سووك دەکات.

**ئایندەی پەیوەندییەکانی عێراق و چین**

لەبەر ڕۆشنایی ئەو پێدراوانەی بەردەستن، چەند ڕاستییەك دەردەکەون:

- چین ئامادەییەکی بەهێزی دەبێت لە قۆناغی داهاتووی ئابووریی عێراقدا، لەبەر چەند هۆکارێکی سەرەکی کە دیارترینیان کشانەوەی ڕۆڵ و گرنگیدانی ئەمەریکی و پێویستیی عێراقە بە خزمەتگوزاریی کۆمپانیاکانی چین کە نزیکترن لە دۆخ و پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی عێراقەوە تا کۆمپانیا ڕۆژئاواییەکان.
- پشتیوانیی سیاسی لە ڕۆڵی چین بەردەوام لە هەڵکشاندا دەبێت بە هۆی ئەو دابەشبوونە سیاسییە قووڵەی لە پەیکەری حوکمڕانیی عێراقدا هەیە لەنێوان لایەنگرانی بەرەی ڕۆژهەڵات (ئێران و چین) و بەرەی ڕۆژئاوا کە هێزە مەدەنییەکانی عێراقن و لە چەپۆکی ئێران و چین دەترسن.
- ڕێککەوتننامەی درێژخایەنی ئێرانی-چینی و هەڵکەوتەی جوگرافیی عێراق لەسەر ڕێگای پرۆژەی "پشتێن و ڕێگا"، مامەڵەی چڕی بەغدا لەگەڵ چین دەکاتە پێویستییەکی هەنووکەیی

و پاش ئەوەی بەکردەیی پرۆژە چینییەکان بە دروستکردنی هەزار قوتابخانە دەستی پێ کرد، ئەگەری فراوانکردنی قەبارەی ڕێککەوتنەکە زیاتر دەبێت بەتایبەت کە خۆی لە بنەڕەتدا وەها گەڵاڵە کراوە کە شیاوی پەرەپێدان بێت.

ـ هەرزانیی کاڵای چینی و نزمیی دراوەکەی و خۆپارێزیی ئەم وڵاتە لە دەستوەردان لە کاروباری سیاسی، وا دەکات زیاتر قبووڵکراوتر بێت لە وڵاتانی ڕۆژئاوا، بەتایبەت ئەمەریکا کە لەپاش ٢٠٠٣ مێژوویەکی خوێناویی هەیە لەگەڵ گرووپە چەکدارە توندڕەوە شیعە و سوننەکان، بە هۆی پشتیوانیی ڕەهاشیەوە بۆ ئیسرائیل و پێگەی لە هاوکێشەکانی دنیا، زۆر جار دەبێتە جێگەی ڕق و تووڕەیی هێزە ڕاستڕەوە عێراقییەکان.

## سەرچاوەو پەراوێزەکان

(١) الجزيرة (٢٠٠٧/٦/٢١)، الزيارة التاريخية للرئيس العراقي طالباني إلى الصين، ٣hGumWo/https://bit.ly، متاح: (٢٠٢٢/٢/٢٧).

(٢) (السومرية (٢٠١١/٧/٢٠)، زيارة المالكي الى الصين، ٣sDWwHW/https://bit.ly (متاح: ٢٠٢٢/٢/٢٨).

(٣) الجزيرة (٢٠١١/٥/٩)، الاتفاقية الأمنية العراقية الأمريكية، ٣sFTjb٩/https://bit.ly، (متاح: ٢٠٢٢/٣/٤).

(٤) موقع "SWI" السويسرية (٢٠٢٢/٢/٢)، دراسة: العراق كان الهدف الرئيسي لمبادرة الحزام والطريق الصينية في ٢٠٢١، ٣vByrmZ/https://bit.ly.

(٥) فرانس ٢٤ (٢٠١٩/٠٩/٢٣)، العراق يقرر الانضمام لمبادرة "حزام وطريق" الصينية، ٣HzkٜC١/https://bit.ly (متاح: ٢٠٢٢/٣/٤).

(٦) زهراء شريف زادة (٢٠٢١/١/٤): قفزة واسعة في العلاقات العراقيَّة-الصينيَّة، https://www.bayancenter.org/٢٠٢١/٠١/٦٥٦٣/ (متاح: ٢٠٢٢/٢/٢٨).

(٧) العربي الجديد (٢٠١٩/٩/٢٩)، "سفرة الصين": الرحلة الأطول لعبد المهدي وتداعياتها السياسية في العراق، https://bit.ly/٣CcCBmz (متاح: ٢٠٢٢/٣/٥).

(٨) فرانس ٢٤ (٢٠١٩/٠٩/٢٣)، العراق يقرر الانضمام لمبادرة "حزام وطريق" الصينية، ٣Hzk٨C١/https://bit.ly (متاح: ٢٠٢٢/٣/٤).

(٩) اندبندنت عربي (٢٠٢١٩/٩/٢٥)، زيارة عبد المهدي إلى الصين تثير جدلا بين الكتل في البرلمان العراقي، https://bit.ly/٣hzAP٥A (متاح: ٢٠٢٢/٣/٤).

(١٠) زهراء شريف زادة، سەرچاوەی پێشوو.

(١١) الجزيرة (٢٠١٩/١٢/٣١)، الإعمار مقابل النفط.. كيف وسعت الشركات الصينية حضورها بالعراق؟، https://bit.ly/٣hDEQG٥ (متاح: ٢٠٢٢/٣/٤).

(١٢) الزمان (٢٠٢٢/١/١٧)، الإتفاق العراقي الصيني مرة أخرى، ٣Kgm٦Je/https://bit.ly (متاح: ٢٠٢٢/٣/٣).

(١٣) مركز دراسات الرصانة (٢٠٢١/٦/٤)، اتفاقية الشراكة الصينية-الإيرانية.. التحدِّيات والآفاق، ٣HDCBx١/https://bit.ly (متاح: ٢٠٢١/٣/٥).

(١٤) الشرق الأوسط (٢٠٢٠/١٢/١٧)، "تنابذ سياسي" في العراق حول مشروع بناء "ميناء الفاو"، ٣Ki٢ULg/https://bit.ly (متاح: ٢٠٢١/٣/٥).

(١٥) arabic.euronews (٢٠٢٠/٢/٥)، كم تكلفة الحرب الأمريكية على العراق؟ ٣Cjp٦Bz/https://bit.ly.

(١٦) الموازين (٢٠١٩/١٢/٢٧)، الصيادي: الاتفاقية الصينية هي من اسقطت عادل عبد المهدي، ٣٦Ov٢qD/https://bit.ly (متاح: ٢٠٢١/٣/٥).

(١٧) الخنادق (٢٠٢١/٩/٧)، تقارب عراقي-صيني يُزعج واشنطن، https://alkhanadeq.com/post.php?id=١٢٨٥ (متاح، ٢٠٢٢/٣/٥).

(١٨) صوت العراق (٢٠٢٠/١/٩)، هل اتفاقية عادل عبد المهدي مع الصين تنفع العراق ؟، ٣pz٤Tm٨/https://bit.ly. الاتفاقية العراقيَّة-الصينيَّة وجدواها الاقتصاديَّة، https://bit.ly/٣MlJYNu (متاح: ٢٠٢٢/٣/٢).

(١٩) ناس نيوز (٢٠٢١/١٢/١٦)، صور: مراسم توقيع الكاظمي ١٥ عقداً مع الصين لبناء ١٠٠٠ مدرسة، https://www.nasnews.com/view.php?cat=٧٦٢٧٠ (متاح: ٢٠٢١/٣/٥).

(٢٠) الصباح (٢٠٢٠/١/٢٤)، الاتفاقية العراقيَّة-الصينيَّة وجدواها الاقتصاديَّة، ٣KgeSow/https://bit.ly (متاح: ٢٠٢٢/٣/٥).

# جەنگی ڕووسیا و ئۆکرانیا هۆکار و لێکەوتەکانی



ڕەنج نەوزاد تۆفیق
خوێندکاری دکتۆرا لە زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی وارسۆ - پۆڵەندا



**به‌رایی**

پێش ڕێکه‌وتی ٢٠٢٢/٢/٢٤، پرسیار و لێکدانه‌وه‌کان له‌ باره‌ی ئه‌وه‌وه‌ بوون ئایا ڕووسیا هێرشی سه‌ربازی ده‌کاته‌ سه‌ر ئۆکرانیا یاخود نا؟ ئه‌گه‌ر هێرش بکات، شێواز و سنووری هێرشه‌که‌ چۆن ده‌بێت؟ ئایا هێرشه‌که‌ ته‌نیا به‌شێک له‌ خاکی ئۆکرانیا (به‌تایبه‌ت ڕۆژهه‌ڵاتی ئۆکرانیا) ده‌گرێته‌وه‌، یاخود هێرشێکی سه‌رتاسه‌ری ده‌بێت؟ هێرشه‌که‌ زیاتر پشت به‌ هێزی وشکانی ده‌به‌ستێت، یان ئاسمانی و ده‌ریایی؟ دوای بڕیاردانی پوتین به‌ ده‌ستپێکردنی هێرشی سه‌ربازی له‌ ٢/٢٤، زۆربه‌ی ئه‌و پرسیارانه‌ کۆتاییان هات و پرسیار و لێکدانه‌وه‌ی نوێ درووست بوون. ڕووسیا هێرشێکی سه‌رتاسه‌ریی سه‌ربازی (وشکانی، ئاسمانی، ده‌ریایی) بۆ کۆی خاکی ئۆکرانیا ده‌ست پێ کردووه‌. به‌ هۆی ڕووبه‌ری جوگرافی، ئه‌م جه‌نگه‌ که‌ له‌ سنووری نێوان ناتۆ و ڕووسیایه‌، هه‌روه‌ها له‌به‌ر هه‌ردوو به‌ره‌ی جه‌نگه‌که‌؛ ڕووسیا وه‌ک نه‌یاری سه‌ره‌کیی ناتۆ و ئۆکرانیا، سه‌ره‌ڕای ئه‌وه‌ی ئه‌ندام نییه‌ له‌ ناتۆ، به‌ڵام وه‌ک نوێنه‌رێکی ناتۆ دژ به‌ ڕووسیا ده‌جه‌نگێت، لێره‌وه‌ ئه‌م ڕووداوه‌ په‌یوه‌ندیی به‌ کۆی سیستمی جیهانییه‌وه‌ هه‌یه‌ و ده‌کرێت گۆڕانکاری به‌سه‌ر کۆی سیستمی جیهانیدا بێنێت. له‌به‌ر ئه‌وه‌، ده‌کرێت کاریگه‌ی و لێکه‌وته‌کانی ئه‌م جه‌نگه‌ جیهانی بن نه‌ک ته‌نیا ناوچه‌یی. بۆیه‌ لێکۆڵینه‌وه‌ له‌و جه‌نگه‌ و چاودێریکردنی پێویسته‌ و گرنگییه‌کی گه‌وره‌ی هه‌یه‌. له‌م وتاره‌دا هه‌وڵ ده‌درێت، به‌کوردتی، وه‌ڵامی سێ پرسیار بدرێته‌وه‌: هۆکاره‌کانی هێرشی سه‌ربازیی ڕووسیا چین؟ سیناریۆکان و ئامانجه‌کانی ئه‌م جه‌نگه‌ چین؟ ئایا لێکه‌وته‌کانی ئه‌م جه‌نگه‌ چۆن ده‌بن؟

**١. هۆکاره‌کانی جه‌نگه‌که‌**

هۆکاری جیۆپۆله‌تیکی و مێژوویی: ده‌سته‌واژه‌ی ده‌ره‌وه‌ی نزیک (Near Abroad) ئه‌و ده‌سته‌واژه‌یه‌یه‌ که‌ به‌کار ده‌هێنرێت بۆ وه‌سفی تێڕوانینی ڕووسیا بۆ ئۆکرانیا و بۆ ئه‌و ده‌وڵه‌تانه‌ی تر که‌ له‌ یه‌کێتیی سۆڤیه‌ت جیا بوونه‌وه‌ و دراوسێی ڕووسیان له‌ ئێستادا[١]. واته‌ ئه‌و ده‌وڵه‌تانه‌ له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ی سه‌ربه‌خۆن و له‌ ده‌ره‌وه‌ی نه‌خشه‌ی ڕووسیان، به‌ڵام له‌ ڕووی ئه‌منی و سیاسی و به‌رژه‌وه‌ندی و مێژوویی... هه‌ر نزیکن له‌ ڕووسیا و هه‌ر گۆڕانکارییه‌ک له‌ "ده‌ره‌وه‌" ڕوو بدات؛ کاریگه‌رییه‌کانی نزیک و ڕاسته‌وخۆ ده‌بن بۆ سه‌ر ڕووسیا. بۆیه‌ ڕووسیا ده‌بێت ڕاسته‌خۆ ده‌ستتێوه‌ردان بکات له‌و "ده‌ره‌وه‌یه‌" و نابێت وه‌ک ده‌ره‌وه‌ ته‌ماشای بکات، به‌ڵکوو له‌ ڕووی ئه‌منی و به‌رژه‌وه‌ندییه‌وه‌ ده‌بێت وه‌ک ناوه‌وه‌ مامه‌ڵه‌ی له‌گه‌ڵدا بکات.

ئه‌م تێڕوانینه‌ی ڕووسیا سه‌باره‌ت به‌ ئۆکرانیا، به‌ به‌راورد به‌ ده‌وڵه‌ته‌ دراوسێکانی تر، فراوانتر و قووڵتره‌، چونکه‌ ڕووسه‌کان وه‌ک نیشتمانی له‌ده‌ستچوو (The Lost Homeland)[٢]

تەماشای ئۆكرانیا دەكەن، ئەو نیشتمانەی كە دەبێت بگەڕێتەوە بۆ خاوەنەكەی. ڕووسەكان لە خەیاڵ و تێڕوانینیاندا وەک بەشێک لە نیشتمانی خۆیان سەیری ئۆكرانیا دەكەن كە لەدەستیان داوە. لە جیۆپۆلەتیكی هاوچەرخدا، دەستەواژەی (Geopolitical Imagination) بۆ ئەم دۆخە بەكار دەهێنرێت[٣]. ئەو نەتەوە و دەوڵەتەی كە بەشێک لە نیشتمانی خۆی لەدەست دەدات، چاوەڕێی هەوڵێک دەكات كە بەهێز بێتەوە و ئەو نیشتمانە لەدەستچووە بگەڕێنێتەوە. زۆرێک لە ڕووسەكان پێیان وایە كە شاری كێیەڤی پایتەختی ئێستای ئۆكرانیا، یەكەم نیشتمانی نەتەوەكەیانە[٤]. دەوڵەتی كێیەڤ ڕووس (Kievan Rus) كە لە كێیەڤی پایتەختی ئۆكرانیا لە (٨٦٢-١٢٤٢) دامەزرا، سەرچاوەی هەر یەک لە ڕووسیا و ئۆكرانیای ئێستایە[٥]. جگە لەوەی لە مێژووی نوێدا لە سەردەمی سۆڤیەتدا هەریەک لە ڕووسیا و ئۆكرانیا بەشێک بوون لە یەكێتیی سۆڤیەت. كەواتە هەر یەک لە ڕووسەكان و ئۆكرانییەكان زۆر كات یەک وڵات و یەک نیشتمانیان هەبووە. ئەم یەكبوونە بەردەوام دەبێت تا ڕووخاندنی سۆڤیەت و لە ساڵی ١٩٩١ ئۆكرانیا دەبێتە دەوڵەتێكی سەربەخۆ. هەر بۆیە پوتین دەڵێت: ڕووسیا و ئۆكرانیا بران، لە بەرامبەردا سەرۆكی ئۆكرانیا وەڵامی دایەوە و وتی: برایەتیمان وەک برایەتیی قابیل و هابیلە[٦].

بەدەستهێنانەوەی ئۆكرانیا لەلایەن ڕووسیاوە، بە دوو ڕێگا ئەنجام دەدرێت؛ یا حكومەتێكی پرۆڕووسیا لە ئۆكرانیا حوكم بكات، ئەگەرنا ڕووسیا ئامادەیە بە هێزی سەربازی ئۆكرانیا بهێنێتەوە ژێر هەژموونی خۆی، بەتایبەت ئەگەر مەترسیی ئەوە هەبێت ئەو نیشتمانە لەدەستچووە ئەمەریكا كۆنترۆڵی بكات و لە دژی ڕووسیا بەكاری بهێنێت. ئەم تێڕوانینەی ڕووسیا بۆ بیلاڕووسیاش هەر گونجاوە. ئەمەی ئاماژەی پێ درا، دەتوانرێت بە هۆكارێكی جیۆپۆلەتیكی و مێژوویی دابنرێت، كە هۆكارێكی گشتییە و هەمیشە لە فكری سیاسیی دەسەڵاتدارانی ڕووسیا ئامادەیە.

هۆكارێكی تری ئەم جەنگە، ڕاستەوخۆ دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٢٠١٤. كاتێک لە ڕێگەی خۆپیشاندان و پەرلەمانی ئەوكاتی ئۆكرانیاوە سەرۆكی ئەوكات (فیكتور یانوكوفیتچ)ی نزیک لە ڕووسیا لە پۆستەكەی دوور دەخرێتەوە و هەڵدێت بۆ ڕووسیا، ئەو خۆپێشاندانە بووە هۆكاری ئەوەی كە ئۆكرانیا لە هاوپەیمانیی ڕووسیاوە بگۆڕدرێت بۆ ئەنتیڕووسیا و نزیک لە ڕۆژئاوا[٧]. ڕووسیا ئەو ڕووداوەی وەک كودەتایەک وەسف كرد كە لەلایەن ئەمەریكا و ئەورووپاوە ڕێک خراوە، هەر بۆیە هێرشی سەربازیی كرد و نیمچەدوورگەی كریمیای داگیر كرد و هاوكاریی جوداخوازەكانی ناوچەی دۆنباسی (دۆنیتسك و لوگانسك) كرد دژ بە سوپای ئۆكرانیا، ئەوەش بووە هۆكاری شەڕی ناوخۆ لە وڵاتەكە و نەمانی دەسەڵاتی

حکومەتی ئۆکرانیا لەو دوو هەرێمە. ئەم دۆخە تا ئەمڕۆش بەردەوامە[٨]. ئەم ڕووداوە ڕێگەی خۆش کرد بۆ زیادکردنی چالاکی و نزیکبوونەوەی زیاتری ناتۆ لە ڕووسیا لە بەرەی ئۆکرانیاوە. هەر لەدوای ئەو ڕووداوەوە، ئۆکرانیا بەفەرمی داوای کرد ببێتە ئەندام لە ناتۆ، ئەمەش هۆکارێکی ڕاستەوخۆی هەڵگیرساندنی جەنگەکە بوو. کەواتە ئەم جەنگەی ئێستا، هەر درێژکراوە و دەرئەنجامی ڕووداوەکانی (٢٠١٤)یە.

هۆکارێکی تری ئەم جەنگە دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی سیستمی جیهانی لەم سەردەمەدا. ساڵانێکە وا دەبینرێت کە سیستمی سیاسی لە قۆناغێکی ڕاگوزەردایە. دەکرێت لە تاک جەمسەری ئەمەریکییەوە بەرەو دووجەمسەری یاخود فرەجەمسەری بڕوات. دەوڵەتان بەگشتی هەوڵ دەدەن لە سیستمی نوێی جیهانیدا پێگەی بەهێزتر و گەورەتریان هەبێت. دوو سەرەکیترین کاندید بۆ بوون بە جەمسەر لە سیستمی جیهانی داهاتوودا، بریتین لە چین و ڕووسیا. هەر بۆیە ڕووسیا دەیەوێت پێگەی خۆی بەهێزتر و کاریگەرتر بکات لە سیستمە نوێیەکەدا. هەنگاوی سەرەتا بۆ ئەوە بریتییە لەوەی ڕووسیا هەژموونی خۆی بگەڕێنێتەوە بۆ سەر دەوڵەتانی دراوسێ و ناوچەکەی خۆی، چونکە ئەستەمە ڕووسیا بتوانێت ببێتە جەمسەر، ئەگەر ئۆکرانیا لە بەرەی ناتۆ بێت و لە دەرەوەی هەژموونی ڕووسیا بێت.

ڕۆڵی ئەمەریکا هۆکارێکی سەرەکیی ترە بۆ ئەو جەنگە. هەروەک چۆن ڕووسیا دەیەوێت لە ڕێگەی داگیرکردن و هێنانەوەی ئۆکرانیا بۆ ژێر هەژموونی خۆی؛ پێگەی خۆی بەهێزتر بکات لە سیستمی جیهانیدا، وا دەردەکەوێت کە ئەمەریکاش بە هەمان شێوە دەیەوێت لە ڕێگەی ئۆکرانیاوە ئەو ئامانج و خەونانەی ڕووسیا لەناو بەرێت بۆ بەهێزکردنی پێگەی خۆی لە سیستمی جیهانیدا. ئاشکرایە ئەمەریکا دەیەوێت بەرگری لە سیستمی جیهانیی تاک جەمسەری بکات، ڕووسیا دەیەوێت گۆڕانکاری لەو سیستمەدا بکات، چونکە ئەمەریکا ڕازییە لە پێگەی خۆی لە جیهاندا، بەڵام ڕووسیا بەپێچەوانەوە. بۆیە دەکرێت لە ڕێگەی هاندانی ئەمەریکا بۆ نزیکبوونەوەی ئۆکرانیا لە ناتۆ و دژایەتیکردنی ڕووسیا، پاڵ بە ڕووسیاوە بنێت بۆ بەرپاکردنی شەڕ دژ بە ئۆکرانیا و تێوەگلانی بە جەنگێکی ئاڵۆز و ماوەدرێژ کە لە ڕووی سەربازی و ئابوورییەوە ماندووی بکات، وەک چۆن ئەمەریکا هەمان سیناریۆی بەکار هێنا دژ بە سۆڤیەت لە ئەفغانستان.

وا دیارە ڕووسیا دوای ماوەیەکی زۆر لە بیرکردنەوە، گەیشتە ئەو بڕیارەی کە جەنگ باشترین و تاکە بژاردەیە. ڕووسیا دڵنیایە لەوەی ئەگەر بە هەموو توانا و هێزی خۆیەوە ڕێگری دروست نەکات بۆ ئۆکرانیا، ئەوا هەروەک چۆن دەسەڵاتی سیاسی لە ئۆکرانیا لە دۆستی ڕووسیاوە گۆڕا بۆ دژی ڕووسیا، ئاواش

ئەمەریکا؛ ئۆکرانیا دەکاتە ئەندام لە ناتۆ و بنکەی سەبازی و مووشەکەکانی خۆی دەباتە ئۆکرانیا، ئەوکات ڕووسیا زیاتر گەمارۆ دەدرێت بە بنکە سەربازییەکانی ناتۆ. لە ئێستادا ڕووسیا لە ڕۆژئاوای سنوورەکانی تا ڕادەیەکی زۆر گەمارۆ دراوە بە ناتۆ. هەروەها ئەگەر ئۆکرانیا ببێتە ئەندام لە ناتۆ، ئەوا دووبارە پرسی ئەندامبوونی جۆرجیا جددی دەبێتەوە، ئەوکات دەبێت ڕووسیا چاوەڕوانی ئەوەش بکات کە دەسەڵاتی سیاسیی بیلاڕووسیا، هاوشێوەی ئۆکرانیا، لە ڕێگەی خۆپێشاندانەوە بگۆڕدرێت بۆ دەسەڵاتێکی نزیک لە ئەمەریکا، بەوەش ڕووسیا بەتەواوی سنوورەکانی بە ئەورووپاوە گەمارۆ دەدرێت بە ناتۆ و هاوپەیمانانی ئەمەریکا.

**٢. سیناریۆکانی جەنگەکە**

لێرەدا بە چەند خاڵێک هەندێ لە سیناریۆکانی ئەم جەنگە دەخرێتە ڕوو:

١. ڕووسیا مەبەستی نییە کۆی ئۆکرانیا داگیر بکات، تەنیا هێز و ژێرخانی سەربازیی ئۆکرانیا بەتەواوی لاواز دەکات و ئۆکرانیا گەمارۆ دەدات تا ناچاری سازشکردن دەبێت. هەردوو کۆمارەکەی ڕۆژهەڵاتی ئۆکرانیا بە سەربەخۆیی دەمێننەوە، یاخود ڕووبەری کۆمارەکان فراوانتر دەکات، یاخود هەندێ ناوچەی تر لە ئۆکرانیا جیا دەکاتەوە هاوشێوەی ئەو دوو کۆمارە، بۆ دابەشکردن و لاوازکردنی ئۆکرانیا، پاشان دەکشێتەوە. تا ئێستا حکومەتی ئۆکرانیا سازش ناکات، ئەگەر وا بەردەوام بێت، ئەوا ئەم سیناریۆیە نایەتە دی. ئەم سیناریۆیە وەک بردنەوە بۆ ڕووسیا هەژمار دەکرێت، چونکە زیانە سەربازی و ئابوورییەکانی کەم دەبن، دەگات بە هەندێ ئامانجی سەرەکیی خۆی و دەکرێت دوای ماوەیەک سزاکانی ڕۆژئاوا لەسەری لا ببرێن. لەساڵی ٢٠٠٨دا ڕووسیا تا ڕادەیەک هەمان پلانی بەکار هێنا دژ بە جۆرجیا کاتێک دەیویست ببێتە ئەندام لە ناتۆ.

٢. ڕووسیا ئامانجی ئەوەیە ئۆکرانیا داگیر بکات و بچێتە ناو کێیەڤ و حکومەتی ئێستای ئۆکراینا لا ببات و حکومەتێکی نوێ نزیک لە خۆی دابنێت، ئەمەیان لێکەوتەکانی ئاڵۆز و ناڕوون دەبێت، ئەوکات چاوەڕوان دەکرێت جەنگەکە لە جەنگێکی کلاسیکییەوە بگۆڕدرێت بۆ شەڕی ناو شار و کۆڵان بە کۆڵان. بە پێی ئەو بەرخودانەی ئۆکرانیا دەیکات لە ئێستادا، وا دەردەکەوێت شەڕی ناو شارەکان توندتر و فراوانتر بێت بەتایبەت ئەگەر هاوکارییەکانی ناتۆ و ئەورووپا بەردەوام بێت بۆ گرووپە چەکدارەکانی ئۆکرانیا، ئەمەش ڕووسیا دەخاتە ناو دۆخێکی نادیار، ماوەی جەنگەکە نادیار دەبێت، هاوکات سزاکانی ڕۆژئاوا بۆ سەر ڕووسیا زیاتر دەبن، دەشێت لە ئەنجامدا ببێتە هۆکاری زیانی زۆر گەورە بە سەرباز و ئابووری و پێگەی ڕووسیا. هەڵوێستی ئەمەریکا لەپێش جەنگەکە و لە کاتی جەنگەکەش وا

دەردەکەوێت کە خوازیاری ئەم سیناریۆیە بێت.

٣. داگیرکردنی کییەڤ و دانانی حکومەتێکی نزیک لە ڕووسیا، پاشان کشانەوەی ڕووسیا لە ماوەیەکی کورت. ئەگەر ئەمە ڕوو بدات، ئەوە ئەگەری دروستبوونی شەڕی ناوخۆ لە ئۆکرانیا زۆر دەبێت. ئەوکات ئۆکرانیا وەک وڵاتێکی نائارام و کراوە بۆ دەستتێوەردانی ناتۆ هەر مەترسی دەبێت بۆ ڕووسیا. بۆیە ڕووسیا دەبێت بەردەوام هاوکاریی ئەو حکومەتە نوێیە بکات کە خۆی دایناوە و ڕێ نەدات ئۆکرانییەکان بیرووخێنن هاوشێوەی ٢٠١٤. ئەمەش بەبێ دەستتێوەردانی سەربازی و هەواڵگری و هاوکاریی ئابووری ئەستەمە بکرێت. ئەمەش دیسانەوە زیانەکانی بۆ ڕووسیا زیاتر دەبێت.

٤. ڕووسیا ئۆکرانیا داگیر و کۆنترۆڵ بکات و حکومەتێکی نوێ بسەپێنێت، پاشان کۆتاییهاتن بە جەنگەکە. ئەمەیان لە ئێستادا ئەستەمە، چونکە داگیرکردنی ئۆکرانیا جیاوازە لە کۆنترۆڵکردنی. ڕووسیا دەتوانێت ئۆکرانیا داگیر بکات، بەڵام ئەوەی کە کۆنترۆڵی بکات و ئاڕاستەی بکات بە ویستی خۆی، سیناریۆیەکی قورسە، لانی کەم بە پێی پێدراوەکانی ئێستا. ئەگەر ئەمە ڕوو بدات، ئەوە سەرکەوتنێکی مێژوویی دەبێت بۆ ڕووسیا.

٥. گەیشتنی هەردوو لا (ئۆکرانیا و ڕووسیا) بە ڕێککەوتنێک بەوەی حکومەتی ئۆکرانیا بمێنێتەوە، ڕووسیا بکشێتەوە، ئۆکرانیا بەڵێن بدات کە بێلایەن دەبێت و نابێت بە ئەندام لە ناتۆ. ئەم سیناریۆیە هەر چەند لۆژیکییە، بەڵام بە هۆی دەستتێوەردانی ئەمەریکا و ئەورووپا لە دۆخەکە، لەبەر کەسایەتیی پوتین، کە ئەگەر ئەم سیناریۆیە ڕوو بدات، تا ڕادەیەک سەرکەوتنە بۆ ئۆکرانیا و شکستە بۆ پوتین، هەروەها لەبەر ئەوەی ئەم جەنگە زیاتر ڕووسیای بێزراو کردووە لای بەشێکی زۆری ئۆکرانییەکان...؛ هەموو ئەمانە دەبنە بەربەست لەبەردەم ئەم سیناریۆیە.

٦. سەرکەوتنی ئۆکرانیا و شکستهێنانی ڕووسیا و کشانەوەی لە ئۆکرانیا. ئەم سیناریۆیە ئەگەر ڕووش بدات، ئەوا دوای ماوەیەکی زۆر دەبێت، لەوانەیە بگاتە دوای ساڵێک یا زیاتر، چونکە کشانەوەی ڕووسیا بەبێ بەدەستهێنانی هیچ ئامانجێک، شکستێکی گەورە و مێژوویی دەبێت بۆ ڕووسیا و دەکرێت کۆتایی ژیانی سیاسیی پوتین بێت. بۆیە ڕووسیا هەموو هێزێکی خۆی بەکار دەهێنێت بۆ ئەوەی ئەم سیناریۆیە ڕوو نەدات.

٧. بەگشتی لە ئەگەری ڕوودانی هەر یەک لەو سیناریۆیانە -جگە لە شەشەم-، نیمچەدوورگەی کرێمیا و هەردوو کۆمارە نوێیەکە وەک بەشێک لە خاک و ناوچەی هەژموونی ڕووسیا دەمێننەوە.

لەو سیناریۆیانە ئاماژە بە ترسناکترین سیناریۆ نەکراوە کە ئەگەری پەلاماردانی ڕووسیایە بۆ سەر هەندێ لە دەوڵەتە

دراوسێکانی خۆی کە ئەندامن لە ناتۆ، بە هۆی هاوکاریکردنی بەردەوامیان بۆ ئۆکرانیا، ئەمە دەبێتە سەرەتای جەنگی سێهەمی جیهانی و بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی کە تا ئێستا نیمچەمەحاڵە ئەوە ڕوو بدات.

پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت هەموو ئەو سیناریۆیانە تەنیا گریمانە و ئەگەری کاتین و پشت بە پێدراوەکانی ئێستا دەبەستن، دەکرێت ڕاست یا هەڵە دەربچن، یاخود بەڕێژەیی ڕاست و هەڵە بن. بۆ گەڕانەوە بۆ مێژووی جەنگەکان، پێشبینیکردنی ڕووداوەکانی ناو جەنگ و ئەنجامەکانی زۆر ئەستەمە، چونکە کۆمەڵێک فاکتەری زۆر کارلێک دەکەن، فاکتەری نوێ دروست دەبێت، یەک لایەن بڕیار نادات، کۆمەڵێک بڕیار و پلان و تێگەیشتنی جیاواز و دژ بە یەکترە کە ڕووداوەکانی ناو جەنگ و ئەنجامەکەی دروست دەکەن. دەکرێت ئەنجامی ئەم جەنگە بە شێوەیەک بێت نە پوتین و زیلینسکی، نە سەرکردەکانی ئەورووپا و ئەمەریکا؛ وێنەیان نەکردبێت پێش جەنگەکە.

**٣. لێکەوتەکانی ئەم جەنگە**

بە هۆی پێگەی لایەنە بەشەڕهاتووەکان و جوگرافیای جەنگەکە، لێکەوتەکانی ئەم جەنگە فرەلایەن و فراوانە، وەک ئەوەی لە خوارەوە دەخرێتە ڕوو:

- لێکەوتەکانی بۆ سەر سیستمی سیاسیی جیهانی

گۆڕانکاری لە پێگەی ڕووسیا، کار دەکاتە سەر هاوسەنگی و پێکهاتەکانی سیستمی جیهانی. بردنەوەی ڕووسیا لەم جەنگە و گەیشتن بە ئامانجەکانی، گەورەترین پاڵنەر دەبێت بۆ ڕوودانی گۆڕانکاریی ڕیشەیی لە سیستمی جیهانی، چونکە ئیتر ڕووسیا دەستکراوەتر دەبێت بۆ سەپاندنی هەژموونی خۆی لە جیهاندا، بەتایبەت لە ساڵی (٢٠٠٨) ەوە ڕووسیا چەندین ئۆپەراسیۆنی گرنگی ئەنجام داوە لە جۆرجیا و سووریا و تەنانەت لە ئۆکرانیا لە ساڵی ٢٠١٤ و تیایاندا سەرکەوتوو بووە. سەرکەوتنی لەم جەنگەدا، واتە لاوازبوونی سیستمی جیهانی بە سەرکردایەتیی ئەمەریکا و هاتنی سیستمێکی نوی کە تیایدا ڕووسیا جەمسەرە هاوشێوەی ئەمەریکا. بە هەمان شێوە شکستی ڕووسیا لەم جەنگە، واتە سەرلەنوێ بەهێزبوونەوەی سیستمی جیهانیی ئەمەریکی. کەواتە لێکەوتەکانی ئەم جەنگە ڕاستەوخۆ کار لە سروشتی سیستمی جیهانی دەکات.

**- لێکەوتەکانی بۆ سەر ئۆکرانیا**

ئۆکرانیا لە هەردوو دۆخەکەدا -چ سەرکەوتوو بێت، چ شکست بێنێت-، ئەوا زیانی گەورەی بەر دەکەوێت لە ڕووی مرۆیی و وێرانبوونی ژێرخان و شارەکانی. بەڵام سەرکەوتنی ئۆکرانیا بۆ دوورمەودا، سوودی گەورەی دەبێت، بەتایبەت لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە کەسایەتییەکی نوێ و بەهێز

و باوەڕبەخۆ بۆ مرۆڤی ئۆکرانی دروست دەکات. ڕێگەخۆشکەر دەبێت بۆ بوون بە ئەندام لە یەکێتیی ئەورووپا و لەوانەیە لە ناتۆش. ئەمانەش لە ڕووی سەربازی و ئابووری و سیاسییەوە کاریگەریی پۆزەتیفیان دەبێت بۆ ئەو وڵاتە. شکستی ئۆکرانیا یان دەیکاتە وڵاتێکی ناسەقامگیر و بۆ ماوەیەکی نادیار لە جەنگدا دەبێت، یاخود دەیکاتە پاشکۆیەکی ڕووسیا هاوشێوەی بیلاڕووسیا.

**- لێکەوتەکانی بۆ سەر ڕووسیا**

وەک ئاماژەی پێ کرا، بردنەوە و شکستی ڕووسیا ڕاستەخۆ کار لە پێگەکەی دەکات لە سیستمی جیهانی. لە لایەنی ئابووری و بازرگانی، لە هەردوو دۆخەکەدا زیانی گەورەی بەر دەکەوێت. ئەگەر براوەش بێت، ئەوا دەکرێت تا ماوەیەکی درێژ لێکەوتەکانی ئەو سزا ئابوورییانە بەردەوام بن لەسەر ئابوورییەکەی. لە هەردوو دۆخەکەدا، زیانە مرۆییەکانی گەورە دەبن.

**- لێکەوتەکانی بۆ سەر یەکێتیی ئەورووپا**

لەدوای ڕووسیا و ئۆکرانیا، لێکەوتەکانی ئەم جەنگە بۆ سەر یەکێتیی ئەورووپایە. هەر لە ئێستاوە ئەورووپا جارێکی تر ڕووبەڕووی شەپۆلی پەنابەر بووەتەوە، کە دەکرێت لێکەوتەی ئابووری و کۆمەڵایەتیی خراپی هەبێت. بردنەوەی ڕووسیا، ئەورووپا تا ڕادەیەکی زۆر ملکەچی ڕووسیا دەکات و دەشێت ناچارانە دوور بکەوێتەوە لە ئەمەریکا و هەوڵی بێلایەنی بدات. لە ئەگەری وەستاندنی ناردنی وزەی ڕووسی بۆ ئەورووپا، ئەوا دەکرێت زیانی زۆر گەورەی هەبێت. بۆ نموونە؛ یەکێتیی ئەورووپا کە زۆر پشت بە گازی سروشتی دەبەستێت، ئەوا ٤١٪ی لە ڕووسیاوە دابین دەکرێت[٩]. هەر چەند ڕاگرتنی ناردنی وزەی ڕووسی بۆ ئەورووپا، زیانێکی گەورەی دەبێت بۆ ئابووریی ڕووسیاش، چونکە ڕاگرتنی وزەی ڕووسیا بۆ ئەورووپا، واتە ڕاگرتنی ناردنی پارە لە ئەورووپاوە بۆ ڕووسیا.

دەکرێت جیاوازییەکی بنەڕەتی هەبێت لە هەڵوێست و تێڕوانینی نێوان ئەمەریکا و یەکێتیی ئەورووپا، ڕاستە هەردوو لا بەفەرمی دژی ڕووسیان و لەگەڵ ئۆکرانیان، بەڵام ئەورووپا خوازیار نەبوو ئەو جەنگە ڕوو بدات و لەگەڵ ئەوەیە بە زووترین کات کۆتایی پێ بێت، بەڵام دەشێت ئەمەریکا تەنیا لەسەر ئاستی گوتار هاوشێوەی ئەورووپا بێت، بەڵام ویستی ئەمەریکا لەگەڵ هەڵگیرساندنی ئەم جەنگە بوو بەو ئامانجەی ڕووسیا تێوە بگلێنێت بە دۆخێکی ئاڵۆز و قورس کە لە ئەنجامدا ڕووسیا ماندوو و لاواز بکات.

**- لێکەوتەکانی بۆ سەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست**

تورکیا بە هۆی ئەندامبوونی لە ناتۆ و هەبوونی چەندین کێشە لەگەڵ ڕووسیا لە سووریا و لیبیا، دەکرێت بە جۆریک لە جۆرەکان تێوە بگلێت لەم جەنگە، ئەوەش دووبارە تورکیا

دەگەڕێنێتەوە بۆ بەرەی ڕۆژئاوا. بەتایبەت ئەگەر ڕووسیا ناردنی نەوت و غاز بۆ تورکیا بوەستێنێت، ئەوکات تورکیا ناچار دەبێت بگەڕێتەوە بۆ ژێر هەژموونی ئەمەریکا. ئێران وەک هاوپەیمانێکی ڕووسیا، دەکرێت چەند ئامانجێکی هەبێت، خۆی بکات بە یەکێک لە بەدیلە سەرەکییەکانی گازی ڕووسی بۆ ئەورووپا، بەو مەرجەی هەموو سزا ئابوورییەکانی لەسەر لا بدرێت، یاخود بچێتە بەرەی ڕووسیا و لەگەڵ ڕووسیا فشار لە تورکیا بکەن بەوەی هەردووکیان ناردنی وزە بوەستێنن بۆ تورکیا، بەمەش تورکیا وەک ئەندامێکی ناتۆ ڕووبەڕووی قەیرانی گەورە دەبێت.

**- دۆزینەوەی جێگرەوە بۆ وزەی ڕووسیا**

بەدەر لە دەرئەنجامی جەنگەکە، ئەورووپا و ئەمەریکا جددیتر کار دەکەن بۆ دۆزینەوەی شوێنگرەوە بۆ وزەی ڕووسیا، چونکە دەرکەوت وزەی ڕووسیا کارتێکی بەهێزە و دەتوانێت وڵاتان داگیر بکات و بەو کارتەش خۆی بپارێزێت لە سزای زۆر توند. لە لایەکی ترەوە تورکیاش هەمان پلانی دەبێت بۆ خۆڕزگارکردن لە فشاری کارتی وزەی ڕووسی و ئێرانی. لێرەوەیە "هەرێمی کوردستان" وەک خاوەنی بڕێکی زۆر لە گازی سروشتی دەکرێت پەیوەندییەکی گرنگی هەبێت بە لێکەوتەکانی ئەو جەنگە و جیهانی دوای ئەو جەنگە. بە هاوکاریی ئابووری و سیاسیی یەکێتیی ئەورووپا و ئەمەریکا، دەکرێت کەرتی گازی کوردستان ببێت بە یەکێک لە شوێنگرەوەکانی گازی ڕووسی بۆ ئەورووپا، هەروەها کەمکردنەوەی پشتبەستنی تورکیا بە گازی ئێران و ڕووسی. بۆ ئەوەش، جگە لە ڕێگریی ژێرخان و ئابووری، ڕێگریی سیاسی و یاسایی بۆ دروست دەکرێت لەلایەن ئێران و عێراق و ڕووسیاوە، وەک بڕیارەکەی دادگای باڵای عێراق. دەکرێت گازی قەتەر یەکێک بێت لە شوێنگرەوە دیارەکان، کە ئەمەش پێگەی قەتەر بەهێزتر دەکات بەرامبەر بە سعودیە و ئیمارات. هەروەها وزەی ئەمەریکا دەکرێت لە ئایندەدا ببێت بە یەکێک لە شوێنگرەوەکانی وزەی ڕووسی.

**- پەیوەندیی چین بە جەنگی ڕووسیا-ئۆکرانیا**

چین وەک بەهێزترین کاندید بۆ بوون بە جەمسەر بەرامبەر بە ئەمەریکا لە سیستمی جیهانی لە ماوەی داهاتوودا، بە ناڕاستەوخۆ پەیوەندییەکی گرنگی هەیە بەم جەنگەوە. ئەوەی لەم چەند ڕۆژە ڕووی دا، دەرکەوت داگیرکردنی ئۆکرانیا کارێکی ئاسان نەبوو، جگە لە بەرخودانی ئۆکرانییەکان، ئەمەریکا دووبارە سەرکەوتوو بوو لە دروستکردنی بەرەیەکی نێودەوڵەتیی بەهێز دژ بە ڕووسیا. هاوکات سەپاندنی سزای ئابووری و بازرگانیی قورس بەسەر ڕووسیادا. ئەمە وای کرد ئەگەر چین بیری لەوە کردبێتەوە هێرش بکاتە سەر تایوان، یاخود ئامرازی سەربازی بەکار بهێنێت لەپاڵ ئامرازی ئابووری بۆ فراوانکردنی هەژموونی خۆی لە

جیهاندا، ئەوا پێداچوونەوەیەکی ورد دەکاتەوە لەو بارەیەوە، چونکە دەرکەوت ئەمەریکا جارێ ئەو زلهێزەیە کە دەتوانێت بەرەی گەورە دروست بکات و سزای گەورە بسەپێنێت و زۆربەی دەوڵەتە بەهێز و پێشکەوتووەکانی وەک ئەوروپییەکان و ژاپۆن و کەنەدا... تا ئەمڕۆش لە کاتی هەستیاردا لەگەڵ ئەمەریکا دەبن بە یەک دەنگ دژ بە نەیارانی ئەم سیستمە جیهانییە کە لەلایەن ئەمەریکاوە سەرکردایەتی دەکرێت. بۆیە دەکرێت چین بۆ ماوەیەکی نادیار ئامرازی سەربازی و هێرشبەری دوا بخات، چونکە سەپاندنی ئەم سزا ئابووری و دارایی و بازرگانییانەی بەسەر ڕووسیادا سەپێنراوە لەم چەند ڕۆژەدا، ئەگەر بەسەر چیندا بسەپێنرێت، ئەوا کاریگەرییەکانی زیاتر دەبن، چونکە زلهێزبوونی ڕووسیا زیاتر پشت بە هێزی سەربازی دەبەستێت، بەڵام هیی چین بە ئابووری، بۆیە لێدان لە هێزی ئابووریی چین؛ کارەساتە بۆ ئەو وڵاتە و تەنانەت بۆ ئابووریی جیهانیش.

## پوختە

ئەم جەنگە و دەرئەنجامەکانی دەکرێت بە گرنگترین ڕووداوی سەدەی ٢١ دابنرێت لە ڕووی جیۆپۆلەتیکی و سیاسییەوە، چونکە ڕاستەوخۆ کار دەکاتە سەر سیستمی سیاسیی جیهانی. لە ڕووی سیاسی و هەواڵگری و هاوکاریی سەربازی...، زۆربەی دەوڵەتە بەهێزەکانی جیهان تیایدا بەشدارن، ڕووسیا وەک بەرەی شەڕ، ئەمەریکا و ئەوروپا جگە لە سوپا، لە هەموو ڕوویەکەوە بەشدارن لەم جەنگەدا. گەورەترین ڕێگری کە وا دەکات ئەم جەنگە نەبێتە جەنگی سێهەمی جیهانی، بریتییە لەوەی هەردوو بەرە (ڕووسیا و هاوکارەکانی ئۆکرانیا) خاوەن هێزێکی ئەتۆمی وێرانکەر و بەهێزن.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان

1- Agnieszka Legucka, “New geopolitics: what is actually new?”, The Copernicus Journal of Political Studies 4, No. 2, 2013. P 16.

2- Ibid.

3- Güney, Aylin and Gökcan Fulya, “The Greater Middle East as a Modern Geopolitical Imagination in the American Foreign Policy”, Geopolitics, 15, no 1. 2010. P 23-28.

4- Matthew Mpoke Bigg, “A timeline of the tensions between Russia and Ukraine”, The New York times. Feb. 18, 2022. https://www.nytimes.com/2022/02/18/world/europe/russia-ukraine-timeline.html (last accessed 27/2/2022).

5- Joshua J. Mark, “Kievan Rus”, World history Encyclopedia, 2018. https://www.worldhistory.org/Kievan_Rus/ (last accessed 27/2/2022).

٦- اوكرانيا برس، زيلينسكي يرد على بوتين: أخوتنا اشبه بقصة قابيل وهابيل، ٢٠٢١. https://ukrpress.net/node/16537

7- Becky Sullivan, “Russia's at war with Ukraine. Here's how we got here”, NPR, 2022. https://www.npr.org/2022/02/12/1080205477/history-ukraine-russia?t=1645961309142 (last accessed 27/2/2022).

8- Ibid.

9- Catherine Clifford, ‘’Why Europe is so dependent on Russia for natural gas”, CNBC, 2022. https://www.cnbc.com/2022/02/24/why-europe-depends-on-russia-for-natural-gas.html

(last accessed 27/2/2022).

# ڕەوشی مافەکانی کرێکاران لەنێوان یاسا و جێبەجێکردندا لە هەرێمی کوردستان



**عەبدولسەمیع محەمەد**

ماموستا لە زانکۆی سەلاحەدین و توێژەر لە ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادی



**سەنگەر یوسف**

ماموستا لە زانکۆی سەلاحەدین و توێژەر لە ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادی



**بەرایی**

چینی کرێکاران ئەمڕۆ زۆر ئاڵۆزتر و هەمەجۆرترن لەو پێناسەیەی کە لە سەدەی ١٩دا بۆیان دەکرا و وەکوو ئێخەشینەکان وێنا دەکران. سەرهەڵدانی ئەم چینە تا ڕادەیەکی زۆر پەیوەست بوو بە بەرپابوونی شۆڕشی پیشەسازی لە کۆتایی سەدەی ١٨، کرێکاران ئەو کەسانە بوون لە کەرتی پیشەسازی و ناو کارگەکان کاریان دەکرد، ناوهێنانی ئەم چینە لە خۆیدا ئاماژەی نێگەتیڤی وەکوو چەوساندنەوە و خراپ مامەڵەکردن و کاری زۆر و دەستکەوتی کەمی لە خۆیدا هەڵگرتبوو، بەگشتی لەو سەردەمە کرێکاران لەژێر جەور و ستەمێکی زۆری خاوەنکارەکان دەژیان و بارودۆخی ژیانیان زۆر دژوار بوو. لە ئێستاماندا توێژەرانی بواری زانستە کۆمەڵایەتییەکان بە سێ پێوەر چینەکانی کۆمەڵگا دیاری دەکەن کە بریتین لە پیشە و داهات و خوێندن، کۆدەنگییەک نییە بەوەی کە ئەمە ڕێگای دروست بێت بۆ ئەم جۆرە لە دەستنیشانکردنی چینەکان لە کۆمەڵگادا. میشیل زیوگ چینی کرێکاران بەوە دەستنیشان دەکات کە ئەو کەسانەن کاتێک کار دەکەن یان کاتێک وەکوو هاوڵاتی کردار دەنوێنن، هێز و دەسەڵاتێکی کەمیان هەیە و لەژێر چاودێرییەکی توند کارەکانیان جێبەجێ دەکەن، هەروەها کۆنترۆڵی کەمیان بەسەر هەنگاو و ناوەڕۆکی کارەکانیان هەیە و بەڕێوەبەری کەس نین. بە پێی خەملاندنی زیوگ، ئەگەر لەسەر بنەمای پیشە چینی کرێکاران جیا بکەینەوە، زیاتر لە ٦٠٪ی هێزی کار دەکەونە ناو ئەم چینەوە. لە سەردەمی ئێستادا بە هۆی گۆڕان لە سیستمی بازاڕ و کارکردن و بەرهەمێنان، کرێکاران کەمتر لە ناو سێکتەری پیشەسازیدان، بەڵکوو زیاتر لە کەرتی خزمەتگوزاری و چاودێری کار دەکەن[1].

لە کۆمەڵگای کوردیدا هەر چەندە چینی کرێکاران وەکوو پێکهاتەی کۆمەڵایەتی لەناو هەرەمی چینایەتیدا بوونیان هەبووە و هەیە، بەڵام نەبوون بە دەستە و گرووپی ڕێکخراو یان لە فۆرمی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی خۆیان ڕێک نەخستووە، بۆیە لە ڕووی گرنگیدانەوە لەسەر ئاستی کۆمەڵگا و دامەزراوە فەرمییەکان لە پەراوێزدا ماونەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا واقعێکی یاسایی هەیە کە پاڵپشتیی ئەم چینە دەکات لە هەرێمی کوردستان. لە ڕووی ڕێکخراوەییەوە، پاش ڕاپەرینی ١٩٩١، یەکێتیی گشتیی سەنیکاکانی کرێکارانی کوردستان دامەزرا لەسەر بنەمای یاسای ژمارە (٥٢)ی ساڵی ١٩٨٧ کە تایبەتە بە ڕێکخستنی کاری سەندیکاکانی کرێکاران. ئەم یەکێتییە لە (٨) سەندیکا پێک دێت. پێکهاتەی ئەم یەکێتییە بە شێوەیەکی بەرەیی لەنێوان لایەنە سیاسییەکانی ئەوکات دابەش کراوە و تا ئێستاش بەردەوامە. ئەم سەندیکایە نوێنەرایەتیی چینی کرێکاران دەکات لە هەموو ئاستەکان و بە شێوەیەکی یاسایی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت. لە

دەرەوەی ئەم یەکێتییە، کرێکاران بۆیان نییە هیچ یەکێتی یان سەندیکایەکی تر دابمەزرێنن، چونکە یاساکە ڕێگە نادات. هەر چی پەیوەستە بە وردەکاریی مافەکانی کرێکارانەوە وەکوو گرێبەستی کار و کرێ و کاتی کارکردن و پەیوەندیی نیوان کرێکار و خاوەنکار و سەلامەتی و شوێنی کار و مافی خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی، لە چوارچێوەی هەردوو یاسای کاری ژمارە (٧١)ی ساڵی ١٩٨٧ و یاسای خانەنشین و دەستەبەری کۆمەڵایەتیی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٢ دیاری کراوە. لە ڕووی یاساییەوە هەموو ئەو کەسانەی کە لە کەرتی تایبەت کار دەکەن، ئەم یاسایانە دەیانگرێتەوە. واتە لێرەدا کرێکار کەسێک نییە کە تایبەتمەندیی کۆمەڵایەتی و پیشەیی دیاریکراوی هەبێت، تەنها پێوەر ئەوەیە کە لە کەرتی تایبەت کار دەکات. بەڵام لە تێگەیشتنی گشتیدا زیاتر کرێکار بەو کەسانە دەوترێت کە کاری زەحمەت و جەستەیی قورس دەکەن.

ئەگەر دۆخی کار و ژیانی کرێکارانی کوردستان بەراورد بکەین بە زۆرێک لە وڵاتانی تر، دەبینین کرێکاران سەرەڕای ئەوەی بەدەست بێکاریی فراوان و کەمیی کرێ و لێبڕین لە کرێکانیان و نەبوونی ئازادیی ڕێکخراوبوون و دەیان موسیبەتی ترەوە دەناڵێنن، هاوکات لە کوردستان میکانیزمەکانی جێبەجێکردنی یاسای کار و یاسای خانەنشین و دەستەبەری کۆمەڵایەتی لەئارادا نییە کە پەیوەندییەکانی نێوان خاوەنکار و کرێکاران لە چوارچێوەیەکی یاساییدا بەفەرمی بناسێنێت، بەتایبەتییش کە لەم ساڵانەی دواییدا کەرتی تایبەت باڵادەستیی پەیدا کردووە، مەسەلەی دۆخی ژیان و کاری کرێکارانی کوردستان سپێردراوە بە ڕکابەرایەتیی بازاڕی کۆمپانیاکان و بڕیاری یەکلایەنەی خاوەنکارەکانەوە[٢].

لێرەدا گرنگە لە ڕوانگەی ئەوەی ئەم چینە بەشێکی گرنگی کۆمەڵگا پێک دەهێنێت، هەر هەوڵێک بە ئاڕاستەی تێگەیشتن لە کێشەکانیان و باشترکردنی ڕەوشی ژیانیان بە سوودی کۆی کۆمەڵگا دەکەوێتەوە، بکرێنە بابەتی توێژینەوە و بایەخپێدان لەلایەن ناوەندەکانی توێژینەوەوە. بە هۆی ئەوەی ئەو پرسانەی کە پەیوەستن بە کرێکارانەوە کەمتر بوونەتە جێگای مشتومڕی ئەکادیمی، بۆیە دەکرێت لە ڕەهەندی جیاوازەوە و لە ڕێگای توێژینەوەوە هەوڵی ورووژاندنی ئەم پرسە بدرێت. تەرکیزی ئەم توێژینەوەی ئێستا لەسەر ڕەوشی ژیانی کرێکارانە، لە ڕوانگەی ئەو مافە بنچینەییانەی کە لە یاساکاندا دەستنیشان کراوە. ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە تیشکخستنە سەر ئەو پێشێلکارییانەی کە ڕووبەڕووی کرێکاران دەبێتەوە لە هەرێمی کوردستان.

### بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیی کرێکاران

بزووتنەوەی کرێکاری بە "کەمپەینێک بۆ باشترکردنی ماف و هەلومەرجی خەڵکی کرێکار" پێناسە دەکرێت، بە درێژایی مێژوو

ڕۆڵێکی سەرەکییان بینیوە لە پەرەپێدانی مافە سەرەتاییەکانی کرێکاراندا. لە سەرەتادا ئەم بزووتنەوانە دەبەسترانەوە بە ئایدۆلۆژیای چەپ و مارکسی، تا کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم لە زۆربەی وڵاتان نزیکییەکی تەواو هەبوو لەنێوان پارتە سیاسییە چەپەکان و سەندیکا کرێکارییەکان، بە جۆرێک زۆربەی سەندیکا کرێکارییەکان لەژێر باڵی حیزبە سۆسیالیستەکان دروست دەبوون و زۆربەی ئەندامەکانیان هاوبەش بوون. لە هەندێک حاڵەتدا کە سەندیکا کرێکارییەکان دەبوونە خاوەن ژمارەیەکی زۆر ئەندام و هەژموونیان پەیدا دەکرد، تا ڕادەیەک وەکوو ڕێکخستنێکی سەربەخۆ بەڕێوە دەبران، بەڵام پەیوەندیی دۆستانەیان لەگەڵ حیزبە سۆسیالیستەکان دەپاراست[٣]. لەگەڵ بەرەوپێشچوونی سەدەی بیستەم، بزووتنەوە کرێکارییەکان لەگەڵ ئایدۆلۆژیا و دامەزراوەکانی سیستمی پەرلەمانی دیموکراسی ئاوێتە بوون، ئەویش لە ڕێگەی ڕێککەوتنێکی کۆمەڵایەتییەوە کە دەستکەوتی ماددی و دامەزراوەیی گرەنتی کرد بۆ کرێکاران لەبەرامبەر قبووڵکردنی شەرعیەتی پەیوەندیی موڵکداری و سەرمایەداری لە ئاستەکانی شوێنی کار و کۆمەڵگا و دەوڵەتدا[٤].

زۆرێک لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێکان و ڕێکخراوە ناحکومییەکان کاریگەرییان هەیە لەسەر پرسەکانی کار و کێشەکانی پەیوەست بە مافەکانی کرێکاران. لە کاتێکدا هەندێک لەم بزووتنەوە کۆمەڵایەتییانە وا دەردەکەون کە وەک نیمچەیەکێتییە کرێکارییەکان هەڵسوکەوت دەکەن، بەڵام لە حاڵەتەکانی تردا کار دەکەن بۆ پێشخستنی چوارچێوەیەکی نارەزایەتیی کۆمەڵایەتی و ناسنامەیی جیاواز بۆ کرێکاران. لەم ڕووەوە فۆرمێکی نوێ لە ڕێکخستنی کاری سەندیکایی و تۆڕەکانی کرێکاران سەری هەڵداوە کە دووانەی پێکەوە گرێدراوی چالاکی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانە لەسەر ئاستی ناوخۆ لەگەڵ گرووپ و تۆڕەکانی کرێکاران، کە لە بواری جێبەجێکردندا سنووری نێوان بواری دامەزراندن و کار لە لایەک و کۆمەڵگا لە لایەکی ترەوە دەسڕدرێتەوە. لە ڕاستیدا ئەمەش هاوپەیمانی و هاوبەشی لەنێوان سەندیکاکانی کرێکاران و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان زیاد دەکات کە سەرچاوەکان و کولتووری سیاسی تێکەڵ دەکەن بۆ بەرزکردنەوەی جووڵانەوەی مافەکانی کرێکاران، دەرهاویشتی ئەم شێوە نوێیانەش دروستکردنی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتییە کە کەمتر دەوڵەتمەداره. لەم دۆخەدا دەستپێشخەرییە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکانیش لەسەر مافەکانی کرێکاران و هەلومەرجی کارکردن و مۆدێلی ئابووری خۆیان دەردەخەن. ئەمەش لە فۆرمە نەریتییەکانی بزووتنەوە سیاسییەکان و دەرگیربوونی سەندیکاکانی کرێکارانەوە دەست پێ دەکات، تا دەگات بەو میکانیزمانەی کە دەکرێت بە نوێخواز

و ناناوەندی دابنرێن لەچاو فۆرمی کۆنی سەندیکاکانی کرێکاران. ئەم پێشکەوتنە داهێنەرانە لە شێوەی ستراتیژی ململانێی گشتی و میدیایی زیاد بوون. نموونەی ئەمەش دەکرێت بەدی بکرێت لە زیادبوونی بزووتنەوە و تێکوشانە سەربەخۆکان و ڕێکخراوە کرێکارییەکان کە لە ڕێگای پلاتفۆرمی دیجیتاڵی و ڕێکخستنی کرێکاران لە سێکتەری نوێی ئابووری کە پێویستی بە ڕێکخستنی یاسایی کەمتر هەیە، بە واتایەکی تر ئەم ڕێکخستنە کرێکاریانە پێویستیان بە پاڵپشتی یاسایی نییە وەکو سەندیکاکان. لەم ڕێکخراوە کرێکارییانە دەکرێت ئاماژە بە نموونەی ڕێکخراوە نەرمەکان (Soft organization) بدەین کە بۆ دۆخی کارکردنی کرێکاران لەو کەرتانەی کە زۆر فێمینیستین، دامەزران وەک پیشەسازیی میوانداری یان کاری ناوخۆیی ماڵان دەگونجێن. ئەم شێوازانە لە بزاوت لە شوێنی کاردا بە "بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیی سەندیکایی" (Social movement unionism) ناو دەبرێت. ئەم دەستپێشخەرییە نوێیانەش وەکوو وەڵامدانەوەیە بۆ واقعی نوێی کارکردن و دەرکەوتنی فۆرمی نوێی کارکردن لە گەشەکردنی چالاکیی کارکردن و هەروەها گۆڕانی پەیوەندیی ناڕاستەوخۆی نێوان کۆمپانیاکان و کرێکارەکانیان[٥].

لە دوو سێ دەیەی ڕابردوودا ئاستی بەشداریی کرێکاران لە سەندیکاکانی کرێکاران بە ڕادەیەکی بەرچاو ڕووی لە کەمی کردووە، تەنانەت لەسەر ئاستی ئەورووپا و ئەمەریکاش ئەمە بەدی دەکرێت. یەکێک لەو ئاماژانەی کە سەندیکا کرێکارییەکان وەکوو ئاماژەی دەسەڵات و هێزی خۆیان بەکاری دەهێنن، بریتییە لە چڕیی ئەندامێتی لە چوارچێوەی سەندیکاکاندا، بە جۆرێک تا ئەندامێتیی کرێکاران لە سەندیکاکان زیاتر بێت، هێز و کاریگەری زیاتر بەدەست دێت و بەپێچەوانەشەوە تا ئەندامێتی کەم بێت، هێز و کاریگەری دێتە خوارەوە. ئەو باوەڕەی کە چڕیی ئەندامێتیی سەندیکاکانی کرێکاران سەرچاوەی هێزی بزووتنەوەی کرێکارییە، بووەتە بەردی بناغەی دانایی زۆر نەریتی تر لە بواری مافەکانی کرێکاران و زۆر بەفراوانی قبووڵ کراوە. تەنیا سەندیکای کرێکارانە لەنێوان جووڵانەوەکاندا کە پشت دەبەسترێت بە چڕی ئەندامێتی بۆ هەڵسەنگاندنی هێزەکەی. بۆ ئەوەی ئەمە هاوتا بکەینەوە لەگەڵ بزووتنەوەکانی تر، دەبێت هەڵسەنگاندنمان بۆ هێزی بزووتنەوەی ژنان بە نموونە لەسەر بنەمای ڕێژەی ئامادەبوونی ژنان بێت لەناو بزووتنەوەکانی ژنان. بێگومان کەس لەناو ئەم بزووتنەوانە گرنگی نادات بە چڕیی ئەندامێتی، بەڵکوو ئەوان زۆر زیاتر ئەگەری ئەوەیان هەیە کە هێزی بزووتنەوەکانیان پێوانە بکەن بە شتگەلێک وەک ئاستی پابەندبوونی ئەندامەکانیان، پشتگیریی

جەماوەری بۆ هۆکارەکەیان، توانای تێکدەری ڕێکخراوەکەیان، یان توانایان بۆ کۆکردنەوەی هاوسۆزەکان. ئەگەر کرێکار خۆی وەک بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی سەیر بکەین، دەبێت کەمتر نیگەران بین لە کەمبوونەوەی چڕیی ئەندامێتی و زیاتر پەرۆش بین لە چۆنێتیی جووڵاندنی ئەو ئەندامانەی کە هەیەتی. کێشەیەکی تر لە پشتبەستن بە چڕیی ئەندامێتی لە سەندیکاکان، ئەوەیە کە مەرج نییە ڕێگایەکی باش بێت بۆ پێوانەکردنی کاریگەریی جووڵەی کرێکاران، بۆ نموونە: لە فەرەنسا چڕی ئەندامێتی تەنها دەگاتە ٨٪، لەگەڵ ئەوەشدا بزووتنەوە کرێکارییەکەی توانای ئەوەی هەیە کە هێزی بەرچاو بەکار بێنێت و بە شێوەی دراماتیکی کاریگەری دروست بکات[٦]. توێژەران پێیان وایە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان خاوەنی دەسەڵاتێکی زیاتر لەوەن کە لە چڕیی ئەندامێتییەوە سەرچاوە دەگرێت، وەکوو ڕێگەچارە و جێگرەوە بۆ ستراتیژی زیادبوونی ئەندامێتی، پێیان وایە هێزی بزووتنەوە کرێکارییەکان لە کوالێتیی ئەندامەکانیانەوە دێت نەک چڕیی ئەندامێتی.

**ڕێکخراوە ناحکومییەکان و پرسی کرێکاران**

ڕێکخراوە ناحکومییەکان لە زۆر باردا بەشێکن لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بۆ داکۆکیکردن لە چینوتوێژێکی دیاریکراوی کۆمەڵگا، بەڵام هەرگیز ئەم جۆرە ڕێکخراوانە نابنە جێگرەوەی سەندیکاکانی کرێکاران، بەڵکوو زیاتر ڕۆڵی پاڵپشتیکردن دەبینن لە پرسی کرێکاران. دامەزراندن و دەرکەوتنی ڕێکخراوی تایبەت بە بواری کرێکاران هێشتاش تا ڕادەیەك پەیوەستە بە هەبوونی سەندیکاکانی کرێکاران و ڕادەی کاراییان بۆ داکۆکیکردن لە مافەکانی کرێکاران. بە مانایەکی تر: لە غیابی سەندیکاکانی کرێکاران، چالاکوانان بیر لە دامەزراندنی ڕێکخراوی ناحکومی دەکەنەوە بۆ داکۆکیکردن و پاراستنی مافی چینی کرێکار. لەو شوێنانەی کە حکومەتەکان هەبوونی سەندیکاکان وەك سەرچاوەی هەڕەشە دەبینن بۆ سەر دەسەڵاتی سیاسیی وڵاتەکە، ڕێگری لە دامەزراندنیان دەکەن، یاخود کێشە و بەربەست بۆ کارەکانیان دروست دەکەن[٧].

جیاوازیی نێوان سەندیکاکانی کرێکاران و ڕێکخراوی ناحکومیی بواری کرێکاران پەیوەستە بە بابەتی نوێنەرایەتیکردن و ڕادەی کاریگەریی سەندیکاکانەوە. ئەمەش پەیوەندیی بەو پێگە فەرمییەوە هەیە کە سەندیکاکان هەیانە بۆ داکۆکیکردن لە چینی کرێکاران و ڕێکخراوە ناحکومییەکان نییانە، نموونەی ئەمەش ڕەنگە ئەو پاڵپشتییە یاساییانە بێت کە لە زۆر شوێن ڕێگا بە سەندیکاکان دەدرێت وەك نوێنەری فەرمیی کرێکاران لە نزیکەوە سەردان و چاودێریی شوێنی کار بکەن بۆ ئاگاداربوون لە بارودۆخی کرێکاران، بەڵام ڕێکخراوە ناحکومییەکان ڕێگاپێنەدراون بۆ وەها کارێك. ڕێکخراوە ناحکومییەکان

لە هەندێك شوێن ڕێگەپێنەدراون كە ببنە ئەندام لەو لیژنە فەرمییانەی كە حكومەتەكان دروستی دەكەن بۆ كاركردن لەسەر كەیسی كرێكاران، بەڵام سەندیكاكان دەتوانن ئەو ئەندامێتییەیان هەبێت. مۆدێلی كاری ڕێكخراوە ناحكومییەكان و كاریگەرییان لەسەر پرسی كرێكاران، پەیوەستە بە دوو فاكتەرەوە كە ئەوانیش بریتین لە: ١. تا چەند پرسی كرێكاران و مافەكانیان لە كۆمەڵگادا بووەتە پرسێكی سەرەكی (Priority)، لێرەشدا ناكرێت ڕۆڵی ڕێكخراوەكان نادیدە بگیرێت، ٢. تا چەند خاوەن كار و كۆمپانیاكان ملكەچی هێز و فشارە كۆمەڵایەتییەكانن بۆ مسۆگەركردنی مافەكانی كرێكاران، هەر چەندە ناكرێت دونیابینیی بەشێك لە خاوەنكارەكان فەرامۆش بكرێت لەو ڕووەوەی كە پێیان وایە دابینكردنی مافەكانی كرێكاران و ڕەخساندنی ژینگەیەكی كاری گونجاو ڕادەی بەرهەمهێنان زیاد دەكات و بە قازانجی كرێكار و خاوەنكار كۆتایی دێت[٨].

لە هەرێمی كوردستان زیاتر لە پێنج هەزار ڕێكخراوی مەدەنی لە فەرمانگەی ڕێكخراوە ناحكومییەكان تۆمار كراوە[٩]، بەڵام دیار نییە كە چەند لەم ڕێكخراوانە لە بواری كرێكاران كار دەكەن. ڕێكخراوی ئاشتی و ئازادی یەكێكە لەو ڕێكخراوانەی كە لەسەر ئاستی عێراق و هەرێمی كوردستان كار دەكات لە بواری كرێكاران و پاڵپشتیكردنی سەندیكاكانی كرێكان. ڕاپۆرتەكانی ڕێكخراوی ناوبراو ئەوە نیشان دەدات كە ژینگەی كار و بارودۆخی ژیانی كرێكاران لە هەرێمی كوردستان بە جۆرێكە كە نەك تەنها پێویستی بە كاراكردنی سەندیكاكانی كرێكاران هەیە، بەڵكوو پێویست دەكات چەندین ڕێكخراوی بواری كرێكاران هەبن بۆ داكۆكیكردن لە مافەكانی كرێكاران[١٠]، ئەمەش لەو ڕاستییەوە سەرچاوە دەگرێت كە ڕێكخراوەكانی بواری كرێكاران دەتوانن چەندین ڕۆڵی جیاواز بگێڕن.

ڕێكخراوە ناحكومییەكانی بواری كرێكاران دەتوانن ڕۆڵی گرنگ بگێڕن لە باشكردنی چوارچێوەی یاسایی بۆ كاری سەندیكاكان و مسۆگەركردنی مافەكانی كرێكاران لە ڕێگای بەشداریكردن لە داڕشتنی پرۆژەیاسای گونجاو و هەڵمەتەكانی پاڵپشتیكردن بۆ جێگیركردنی مافی كرێكاران و ئازادیی كاری سەندیكاكانیان. ڕێكخراوەكان دەتوانن چاودێرێكی گرنگ بن بۆ بەدواداچوونی ڕەوشی پێشێلكارییە یاساییەكان دژ بە كرێكاران و ئازادیی كاری سەندیكاكانی كرێكاران. هەروەها ڕێكخراوەكان ڕۆڵی گرنگ دەگێڕن لە بڵاوكردنەوەی هۆشیاری دەربارەی مافەكانی كرێكاران و كاری سەندیكاكانی كرێكاران لە ڕێگای كۆڕ و كۆنفرانس و ووركشۆپ و بەكارهێنانی دەزگاكانی ڕاگەیاندن. ئەمە جگە لەوەی كە ڕێكخراوە ناحكومییەكانی بواری كرێكاران دەتوانن لە ڕێگای ئامادەكردنی ڕاپۆرت و

وەرەقەی سیاسی (Policy paper)یەوە دەست بخەنە سەر کێشە و گرفتەکانی بواری کرێکاران و پێشنیار و ڕاسپاردەکانیان بخەنە ڕوو. دیارترین نموونەی ئەمەش لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، ڕەنگە میکانیزمی چاودێریکردن و ئامادەکردنی ڕاپۆرتی ڕەوشی مافەکانی مرۆڤ بێت لە هەر وڵاتێك کە ئەنجوومەنی باڵای مافەکانی مرۆڤ لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دایناوە و بە ڕاپۆرتی خولی گشتگیر (Universal Periodical Report)[١١] ناو دەبرێت. ئەم میکانیزمە بە جۆرێکە کە ڕێگا بە حکومەتەکان و ڕێکخراوە ناحکومییەکان دەدات کە بەجیا ڕاپۆرتی خۆیان پێشکەش بە ئەنجوومەنەکە بکەن و دواتر ئەنجوومەنەکە لەسەر بنەمای ئەو ڕاپۆرتانە چەندین ڕاسپاردە دەخاتە بەردەم وڵاتان بۆ باشکردنی ڕەوشی مافەکانی مرۆڤ، لە ناویشیاندا ڕەوشی مافی کرێکاران و ئازادیی کاری سەندیکایی و کارە دەستەجەمعییەکان. سەرباری هەموو ئەوانە، ڕێکخراوە ناحکومییەکان دەتوانن ڕۆڵی ئەرێنییان هەبێت لە بونیادنانی توانای سەندیکاکانی کرێکاران و ئەندامەکانیان، تا چالاکانە داکۆکی لە مافی کرێکاران بکەن. ئەمە جگە لەوەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان دەتوانن لە ڕێگای تۆڕبەندی و هاوپەیمانێتییەوە پردی پەیوەندی بن لەنێوان ئەو کەس و لایەنانەی کە گرنگی بە بواری کرێکاران و ئازادیی کاری سەندیکاکانی کرێکاران دەدەن.

## میتۆدۆلۆجی

ئەو زانیارییانەی لەم توێژینەوەیەدا بەکار هاتوون، بریتین لەو داتایانەی کە تیمەکانی ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادی لە ساڵی ٢٠٢١ کۆیان کردووەتەوە. ئەم تیمە چاودێریی هەموو ئەو پێشێلکارییانەیان کردووە کە ڕوویان داوە و تۆماریان کردووە، بۆ ئەم مەبەستەش پشتیان بە سەرچاوەی جیاواز بەستووە. بەشێک لە زانیارییەکان لە ڕێگای چاوپێکەوتنەوە لەگەڵ خودی کرێکاران کۆ کراونەتەوە، بەشێکی تریشیان لە ڕێگای دەزگاکانی ڕاگەیاندن، بەتایبەتی لەو کەیسانەی کە پێشێلکاری دیار و بەرچاون، هەروەها لەناو زانیارییەکانیشدا بەشێکیان لە ڕێگای دامەزراوە فەرمییەکانی حکومەت و سەندیکاکانی کرێکاران وەرگیراون. کۆی گشتیی ئەم زانیارییانە بەکار هاتوون بۆ وەسفکردنی ڕەوشی ژیانی کرێکاران. ئەم زانیارییانە بەگشتی ئەو چوارچێوەمان بۆ دیاری دەکات کە پشێلکارییەکانی بەرامبەر بە کرێکاران تێدا ڕوو دەدات.

## بێکاری و دەرکردنی کرێکار لە کار

بێکاری گرفتی گەورەی لەبەردەم بەرەوپێشچوونی مافەکانی کرێکاران لە هەرێمی کوردستان دروست کردووە. ناهاوسەنگی لەنێوان هێزی کاری ئامادە بۆ کارکردن و دەرفەتی کاری ڕەخسێنراو، وای کردووە لەم چەند ساڵەی دواییدا، بەتایبەتی دوای سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی، پاشەکشێ

گەورە لە مافەکانی کرێکاران ڕوو بدات. ساڵانە تەنها لە زانکۆ حکومییەکان نزیکەی ٢٥ بۆ ٢٨ هەزار قوتابی خوێندن تەواو دەکەن و دێنە ناو بازاڕی کارەوە، لە بەرامبەردا دەرفەتی کار زۆر کەمترە لەم ژمارەیە، ئەمەش واقعێکی دروست کردووە کە ئەوانەی کار دەکەن دەست بە کارەکانیانەوە بگرن و لە ترسی بێکاری بێدەنگی لە پێشێلکارییەکان بکەن و چاوپۆشی لەو پێشێلکارییانە بکات کە بەرامبەری ئەنجام دەدرێت. داخستنی شوێنی کار و کۆتاییپێهێنانی گرێبەستی کرێکار یان دەرکردنی کرێکار لە کار، پێویستی بە ڕێوشوێنی یاسایی هەیە کە لە مادەی ٣٧-ی یاسای کاری ژمارە ٧١-ی ساڵی ١٩٨٧ دیاریی کردووە لە دەسەڵاتی وەزیری کارە ئەم بڕیارە بدات.

لە ساڵی ٢٠٢١ بە هۆکاری جیاواز ژمارەیەک کرێکار کارەکانیان لەدەست داوە. تەنها لە سێ کەیسدا کە تۆمار کراوە، نزیکەی ٥٠٠ کرێکار کاریان لەدەست داوە کە ئەمە تەنها چەند نموونەیەکن، بەدڵنیاییەوە ژمارەیەکی زۆر زیاتر کرێکار کارەکانیان لەدەست داوە بەبێ ئەوەی تۆمار بکرێن یان سەرنجی ڕاگەیاندن کەوتبێتە سەریان. هەروەها لە ماوەی چاودێریکردنی تیمی چاودێرانی ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادی، چەندین کەیسیان تێبینی کردووە کە دەچنە ناو چوارچێوەی دەرکردنی کرێکاران بەبێ ئاگادارکردنەوەی پێشوەخت یان بەبێ بوونی هۆکارێکی یاسایی. بەتایبەتی ئەوەی لە کوردستان زیاتر لە هەر حاڵەتێکی تر زیانی بە مافەکانی کرێکاران گەیاندووە، بریتییە لە هێنانی ژمارەیەکی زۆری کرێکاری بیانی بە شێوەیەکی نایاسایی و کارکردنیان بە کرێیەکی کەمتر، یاخود ئەو کەسانەی کە لە خواروو و ناوەڕاستی عێراقەوە ڕوو لە هەرێمی کوردستان دەکەن دیسانەوە بە کرێیەکی کەمتر کار دەکەن. بۆیە هەندێک جار خاوەنکارەکان لەبەر بەرژەوەندیی خۆیان کرێکارەکانی خۆیان دەردەکەن لەبریی ئەوان کرێکاری بیانی یان کرێکاری ناوەڕاست و باشووری عێراق کار پێ دەکەن.

**پێنەدانی کرێی کار و دواکەوتنی مووچە**

یەکێکی تر لە پێشێلکارییە دیارەکان کە لە ماوەی ئەمساڵدا زۆرترین جار ڕووی داوە، بریتییە لە پێنەدانی مووچە لە کاتی خۆیدا، بەتایبەتییش مووچەی ئەو کەسانەی کە بە ژینگەپارێز ناو دەبرێن، کاریان پاککردنەوەی شەقام و کۆڵانەکانی شار و شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستانە. لە هەشت کەیس کە بەدواداچوونی بۆ کراوە، کۆی گشتیی ئەو کرێکارانەی کە ئەم پێشێلکارییەیان ڕووبەڕوو بووەتەوە؛ ٨٥٥ کرێکارە. جگە لە نەدانی مووچە لە کاتی خۆیدا، هەندێکیان باسی مامەڵەی خراپی کۆمپانیاکانیش دەکەن لەگەڵیاندا. بێگومان ئاستی پێشێلکاری لەم بوارەدا تەنها لەم کەیس و ژمارانەدا سنووردار نییە، بەڵکوو زۆر زیاتر لەم کەیسانە

پێشێلکاری بەرامبەر کرێکاران ڕوو دەدات. لە بەدواداچوونی تیمی چاودێریی مافەکانی کرێکاران لە ناوچە جیاجیاکانی هەرێمی کوردستان، ئەوە دەردەکەوێت کە ئەم جۆرە پێشێلکارییە بە شێوەیەکی بەردەوام دووبارە دەبێتەوە، بێگومان ئەمەش بە هۆی پابەندنەبوونی لایەنە پەیوەندیدارەکان بە مافە یاساییەکانی کرێکاران و نەبوونی چاودێری و بەدواداچوونی حکومەت بۆ شوێنەکانی کار. هۆکارێکی تری ئەم پێشێلکارییە و جۆرەکانی تریش، بریتییە لەوەی بەشێکی خاوەنکارەکان یان کەسی حیزبی و سیاسین، یان لەلایەن ئەوانەوە پشتگیری دەکرێن، بۆیە بە پاڵپشتیی پێگەی حیزبی و سیاسییان دەرباز دەبن لە جێبەجێکردن و سەپاندنی یاساکان بەسەریاندا، لایەنە پەیوەندیدارەکانیش ناتوانن ڕێکارەکانیان بەسەردا جیبەجێ بکەن. یەکێک لە ئەندامانی لیژنەکانی پشکنینی شوێنی کار لە سەندیکاکانی کرێکاران، ئاماژەی پێ داوە لە میانەی چاوپێکەوتنەکانمان هەندێک کات هەر ڕێگەمان پێ نادەن بچینە شوێنی کارەکان بە هۆی ئەوەی کەسی دەسترۆیشتوون و باکیان بە یاسا و ڕێنماییەکان نییە.

## زۆریی کاتژمێرەکانی کارکردن و کەمکردنەوەی مووچە

یەکێکی تر لەو پێشێلکارییانەی کە لە هەرێمی کوردستان ڕووی داوە، بریتییە لە زۆریی کاتژمێرەکانی کارکردن و کەمیی مووچە، یان لە هەندێک حاڵەتدا کەمکردنەوەی مووچە بەبێ هیچ بنەمایەکی یاسایی. کاتژمێرەکانی کار بە پێی مادەی ٥٥ لە یاسای کار، ٨ کاتژمێرە بۆ کاری ڕۆژ، لە کارکردنی شەوانە ٧ کاتژمیرە بە پێی مادەی ٥٩، لە کاتی کاری زیاتر، بە کاتژمێری زیادە هەژمار دەکرێت. لەو نموونانەی کە ئێمە وەرمانگرتووە، لە چوار شوێنی کار، کرێکاران زیاتر لەو کاتژمێرانە کار دەکەن کە لە یاسای کاردا دیاری کراوە، بەبێ ئەوەی وەکوو کاتژمێری زیادە بۆیان هەژمار بکرێت. سەرەڕای زیادەکارکردن، کرێکاران ناتوانن وەکوو پێویست سوود لە پشووەکانیش وەربگرن. بە پێی مادەی ٦٠، پێویستە کرێکار لە هەفتەیەکدا ڕۆژێک پشووی بۆ دیاری بکرێت، هەروەها لە پشووە فەرمییەکانیش کاری پێ نەکرێت بە مووچەی تەواو، بەڵام ئەمە لە واقیعدا جێبەجێ ناکرێت، خاوەنکار بە پێی پێویستیی خۆی نەك بەرژەوەندیی کرێکاران، کاتی کارکردن و پشوو دیاری دەکات. ئەمەش پێشێلکارییەکی ڕوونە دژ بە کرێکاران ڕوو دەدات. کرێکار لە کاتی ئەنجامدانی کاری زیاتر لەوەی لە یاسای کار بۆی دیاری کراوە، پێویستە بە کاتژمێری زیادە بۆی هەژمار بکرێت و لە ڕووی ماددییەوە پاداشتی بکات. بەڵام ئەوەی بەدی دەکرێت، ژمارەیەکی زۆری کرێکار بەبێ هیچ قەرەبووکردنەوەیەک کاری زیادەیان پێ دەکرێت، وەکوو لە هەندێک لە چاوپێکەوتنەکانماندا کرێکاران ئاماژەیان پێ

داوە، دەڵێن ناچارین کە بەو جۆرە کار بکەین، ئەگەرنا خاوەنکارەکانمان دەرماندەکات. ئەمە جگە لەوەی هەتا لە کاتی کارکردنیش وەکوو پێویست سوود لە کاتەکانی پشوو وەرناگرن، وەکوو پشووی نانخواردن و پشووی هەفتانە، تێبینی ئەوە دەکرێت ئەم کێشەیە هەتا لە کۆمپانیا و شوێنە بازرگانییەکانیش بەدی دەکرێت کە وەکوو پێویست کارمەندان و کرێکاران سوود لە پشووەکان وەرناگرن. ئەمە کێشەیەکی گەورەی کرێکارانە لە هەرێمی کوردستان کە بێدەنگی دەکەن لە هەر پێشێلکارییەک کە بەرامبەریان ئەنجام دەدرێت، لە ترسی دەرکردن و لەدەستدانی کارەکانیان، چونکە میکانیزمە یاساییەکان بەو شێوەیە کارا نین کە کرێکار بەبێ ترس بتوانێت ڕوو لە دادگاکانی کار بکەن بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان.

## نەبوونی گرێبەست و دەستەبەری کۆمەڵایەتی

بە پێی هەردوو یاسای کار و یاسای دەستەبەری کۆمەڵایەتی، نابێت هیچ کەسێک کە لە کەرتی تایبەت کار دەکات، نابێت گرێبەستیان نەبێت یان سوودمەند نەبن لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی، بەڵام لە واقیعدا ژمارەیەکی زۆر کەمی کرێکاران ئەم مافەیان پێ دراوە. بە پێی بەدواداچوون و چاودێریی تیمەکانمان بۆ ئەم بابەتە، لە باشترین حاڵەتدا ڕێژەی ئەو کرێکارانەی کە گرێبەستی کار و دەستەبەری کۆمەڵایەتییان هەیە، ناگاتە ٢٠٪.

کرێکاران یان کارمەندانی کەرتی تایبەت لە کوردستان دابەش بوون بەسەر چەند جۆرێکی جیاوازی کارکردن یان چەند شوێنکارێک، کە بارودۆخی جیاوازیان هەیە. بەشێک لەوانەی لە کۆمپانیاکان کار دەکەن بارودۆخیان باشترە، بە هۆی پابەندی یاسایی و دارایی بەرامبەر حکومەت و ناوبانگی خۆیان بە بەراورد بە شێونەکانی تر زیاتر بایەخ بە بوونی گرێبەست و دەستبەری کۆمەڵایەتی دەدەن. بەڵام ئەمانەش لە بابەتی دەستەبەری کۆمەڵایەتی کرێی کاری حەقیقی بە بەڕێوبەرایەتییەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی نادەن، واتە ئەو لیستی مووچەیەی دەدرێت بە بەڕێوەبەرایەتییەکانی خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی تا بڕی پارەی دەستەبەری پێ دیاری بکرێت، زۆر جیاوازە لەو لیستەی کە مانگانە کرێکارەکان مووچەی پێ وەردەگرن. لە چاوپێکەوتنمان لەگەڵ کرێکارێکی یەکێک لە کارگەکانی ناوچەی بازیان، باسی ئەوەی کرد کە لە زۆربەی کارگەکان بەم جۆرەیە و ئاماژەی بەوەش دا کە پێش ئەوەی نرخی دۆلار بەرز بێتەوە بەرامبەر دیناری عێراقی، بە دۆلار مووچەمان وەردەگرت، بەڵام کە دۆلار بەرز بوویەوە، مووچەکەیان کرا بە دینار و بە هەمان نرخی پێشوو. ئەم بابەتە بووە بە شتێکی زۆر دیار کە زۆربەی کارگە و کۆمپانیاکان دوو لیستی مووچەیان هەیە، یەکێکیان بۆ حکومەت و

یەکێکیان بۆ خۆیان کە مووچەی پێ دەدەن، ئەمەش پێشێلکارییەکی گەورەیە بەرامبەر بە مافەکانی کرێکاران، چونکە تەنها کار لە ئێستایان ناکات، بەڵکوو کار لە داهاتووشیان دەکات.

بارودۆخەکە بۆ کرێکاران خراپترە لەو شوێنانەی کە شوێنی فەرمی نین، وەکوو کۆمپانیا و کارگەکان، لەو شوێنانە زۆر بەدەگمەن گرێبەست و دەستەبەری کۆمەڵایەتی بوونی هەیە. بەتایبەتی ئەوانەی کە کرێکاری ڕۆژانەن، یان خاوەنکاریان نییە، بەتەواوی لەم مافە بێبەشن، چونکە هیچ پاڵپشتییەکی یاساییان نییە. بڕیار بوو لەدوای هەموارکردنەوەی یاسای خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی لە کەرتی تایبەت لە ٢٠١٢، بە ڕێنمایی ئەم بابەتە چارەسەر بکرێت، بەڵام تا ئێستا وەکوو خۆی ماوەتەوە، ئەو کەسانەی کە کاری ڕۆژانە دەکەن یان خاوەنکار نین، ناتوانن لە سندووقی خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی بەشدار بن، لە کاتێکدا ئەم کەسانە ژمارەیەکی زۆری چینی کرێکاران لە هەرێمی کوردستان پێک دەهێنن.

خاڵێکی ئەرێنی کە دەشێت لێرەدا ئاماژەی پێ بدرێت، بریتییە لەوەی ساڵی ٢٠٢١ لە ڕووی دەستەبەری کۆمەڵایەتییەوە بەرەوپێشچوونێک ڕووی داوە. لە ساڵانی ڕابردوودا بە پێی ئاماری بەڕێوبەرایەتیی گشتیی کار و دەستەبەری کۆمەڵایەتی، لەنێوان ٨٠ بۆ ٨٥ هەزار کرێکار دەستەبەریان بۆ کراوە و سوودمەند بوون لە مافەکانی بەشداریی ئەم سندووقە، لەسەرووی هەموویانەوە مووچەی خانەنشینیی دوای تەمەنی کارکردن و بوونی ساڵەکانی پێویست بۆ دەستەبەری، بەڵام ئەم ئامارە لە ساڵی ٢٠٢١-دا بەرز بووەتەوە بۆ نزیکەی ١٢٦ هەزار کرێکار.

### نەبوونی مەرجەکانی سەلامەتیی پیشەیی

نەبوونی تەندروستی و سەلامەتیی پیشەیی بۆ کرێکاران لە هەرێمی کوردستان، یەکێکە لە پێشێلکارییە هەرە بەرچاو و مەترسیدارەکان بۆ سەر گیانی کرێکاران لە هەرێمی کوردستان. کێشەکە لەوێوە سەر هەڵدەدات کە چاودێریکردنی شوێنەکانی کار لە ڕووی تەندروستی و سەلامەتییەوە وەکوو پێویست نییە، بە هۆی کەمیی پێداویستیی مرۆیی و لۆجیستییەوە لیژنە پەیوەندیدارەکان توانای ڕووماڵکردنی هەموو شوێنەکانی کارکردنیان نییە بە شێوەیەکی دەوری کە بەدواداچوون بۆ ئاستی دابینکردنی مەرجەکانی تەندروستی و سەلامەتیی پیشەیی بکەن لە شوێنی کارەکان.

ئەگەر لیژنەکان چالاک بکرێن و پێداویستییەکانیان بۆ دابین بکرێت، بەدڵنیاییەوە کاریگەریی دەبێت لەسەر باشکردنی هەلومەرجی تەندروستی و سەلامەتیی پیشەیی لە هەرێمی کوردستان. بۆ نموونە: یەکێک لە لیژنەکانی پەیوەست

بەم بابەتە، لیژنەکانی پشکنینی سەر بە قائیمقامیەتی سلێمانییە. ئەم لیژنەیە لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٨/١٠، کارگەیەکی دروستکردنی کەوەنتەریان داخست بە هۆی پابەندنەبوونی بە مەرجەکانی سەلامەتیی پیشەیی. تەلار عەلی، سەرۆکی لیژنەی سەلامەتیی کرێکار لە لیژنە هاوبەشەکانی قائیمقامیەتی سلێمانی، ڕایگەیاند لە میانی سەردانەکانیان بۆ بەدواداچوونی ڕەوشی کرێکاران لە کاتی کاردا، سەردانی کارگەیەکی باڵۆنپرێسیان کرد، بەڵام سەرپەرشتیاری کارگەکە ڕێگری کردووە لەوەی سەردانی ناو کارگەکە و شوێنی مانەوەی کرێکارەکان بکەین، دواتر بە فەرمانی قائیمقامی سلێمانی لەگەڵ لیژنەی باڵا و بەڕێوەبەری چاودێریی بازرگانیی سلێمانی سەردانی کارگەکەیان کردەوە و بۆیان دەرکەوت شوێنی مانەوەی کرێکارەکان لە ڕووی سەلامەتی و تەندروستییەوە زۆر خراپە و هیچ مەرجێکی تەندروستیی تێدا نییە و بەشی زۆری ئەو خواردنانەی دەدرێت بە کرێکارەکان؛ ناتەندروست و خراپ بوون.

بە هۆی نەبوونی مەرجەکانی تەندروستی و سەلامەتیی پیشەیی لە هەرێمی کوردستان، لە ماوەی ساڵی ٢٠٢١-دا، ٣٤ کرێکار گیانی لەدەست داوە و ٢٧-ی تریش بریندار بوون. هۆکاری زۆربەی ڕووداوەکان یان نەبوونی ئامرازەکانی پارێزگاریکردنە لە گیانی کرێکار لە کاتی کارکردندا، یان کەمیی هۆشیاریی کرێکارە لە گرتنەبەری ڕێگا و ئامرازەکانی خۆپارێزی کە دەبنە هۆی ڕوودانی گیانلەدەستدان و برینداربوون لە کاتی کارکردندا. کێشەیەکی تری ئەم ڕووداوانە ئەوەیە لەبەر ئەوەی ژمارەیەکی زۆری کرێکاران سوودمەند نین لەو مافانەی کە لە یاسای خانەنشین و دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆیان دیاری کراوە، بۆیە کاتێک تووشی ڕووداوەکانی کارکردن دەبنەوە، ناتوانرێت قەرەبووی خۆیان و خێزانەکانیان بکرێتەوە. لە خوارەوە وردەکارییەکانی کەیسەکانی گیانلەدەستدان و برینداربوون کە لە ساڵی ٢٠٢١ بە پێی مانگەکان تۆمار کراون، دەخرێنە روو:

**ئاماری گیانلەدەستدان:**

| شوێن | ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ | ٦ | ٧ | ٨ | ٩ | ١٠ | ١١ | ١٢ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| هەولێر | | ٢ | | ١ | | ١ | ٣ | ١ | | ١ | | ١ |
| سلێمانی | | ٢ | ١ | ٢ | ٢ | ٢ | ٦ | ١ | | ١ | | ٣ |
| هەڵەبجە | | | | ١ | | | | | | ١ | | |
| دهۆک | | | | | | ١ | ١ | | | | | |
| کۆی گشتی | | ٤ | ١ | ٤ | ٢ | ٤ | ١٠ | ٢ | | ٣ | | ٤ |

**بریندار بوون:**

| شوێن | ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ | ٦ | ٧ | ٨ | ٩ | ١٠ | ١١ | ١٢ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| هەولێر | | ٢ | | | ١ | | | ١ | | | | ٢ |
| سلێمانی | | | | ٤ | | ٣ | ٢ | ١ | ١٠ | | | ١ |

**ڕێکخراوەبوونی کرێکاران**

بە پێی ڕاپۆرتی هەڵسەنگاندنەکانی ڕەوشی مافەکانی کرێکاران (٢٠١٦) و ئازادیی کاری سەندیکایی (٢٠١٧)، ئەوە دەردەکەوێت کە ژمارەیەکی کەمی کرێکاران پەیوەندییان کردووە بە سەندیکاکانی کرێکاران، بە واتایەکی تر: ئەندامێتییان لەم سەندیکایانە لە ئاستێکی زۆر نزمدایە. تەنانەت لە دەرەوەی سەندیکاکان، کرێکاران خاوەنی کەمترین ڕێکخراوی کۆمەڵگای مەدەنین. بە پێی ئەو ڕاپۆرتانە، ئەندامێتی ناگاتە ١٠٪ لە کۆی گشتیی کرێکاران، لە کاتێکدا بە شێوەیەکی یاسایی ئەم سەندیکایە نوێنەرایەتیی بەرژەوەندییەکانی کرێکاران دەکات لە ئاستە جیاوازەکاندا. سەبارەت بەوەی کە بۆچی کرێکاران ناچنە ناو سەندیکاکانەوە و تەوژمێکی زیاتر نادەن بە کاری ڕێکخراوەیی سەندیکاکانی کرێکاران، وەڵامی کرێکاران ئەوە بووە کە سەندیکاکانی کرێکاران حیزبین و داکۆکی لە مافەکانی کرێکاران ناکەن، هەروەها سەندیکاکان ناچالاکن و بەدواداچوون بۆ کێشە و گرفتەکانی کرێکاران ناکەن. هەندێکیان ئاماژەیان بەوە داوە کە تا ئێستا نوێنەری سەندیکای کرێکاران سەردانی شوێنی کارەکەیانی نەکردووە. لە ڕووی پراکتیکییەوە دەبێت سەندیکاکانی کرێکاران لە هێڵی پێشەوەی بەرگریکردن لە مافەکانی کرێکاران بن و زۆرترین دەنگی کرێکارانی تێدا ڕەنگ بداتەوە و هێزێکی فشاری ڕاستەقینە بن بۆ ملکەچکردنی لایەنە بەرپرسەکانی بۆ دابینکردنی مافەکانی کرێکاران. خاڵێکی تر کە وەکوو پێشێلکاری هەژمار دەکرێت، بریتییە لەوەی لە کوردستان بە پێی یاسای کار تەنها ڕێگا بە بوونی یەک سەندیکای کرێکاران دەدرێت، بەڵام عێراق لە ساڵی ٢٠١٧-ەوە ڕێککەوتنامەی ژمارە ٨٧-ی ساڵی ١٩٤٨-ی ڕێکخراوی کاری جیهانیی "ILO"ی مۆر کرد کە بە پێی ئەم ڕێککەوتننامەیە دەبێت بنەمای فرە سەندیکایی لە یاساکانی پەیوەست بە ئازادیی کاری سەندیکایی ڕەنگ بداتەوە.

**ڕاسپاردە و پێشنیار**

- لە پێناو پاڵپشتیکردنی زیاتری سەندیکاکانی کرێکاران، یاسایەکی هاوچەرخ دەربکرێت بۆ ئازادیی کاری سەندیکاکان بە پێی ئەو پابەندییە نێودەوڵەتییانەی کە عێراق و هەرێمی کوردستان هەیانە لە چوارچێوەی ڕێککەوتننامەکانی ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی، بەمەش دەکرێت ئازادیی کاری سەندیکایی لە هەموو کەرتەکان (گشتی، تایبەت و تێکەڵاو) بە پێی یاسا مسۆگەر بکرێت.
- دەرکردنی یاسایەکی هاوچەرخی کار

کە مافەکانی کرێکاران لە هەرێمی کوردستان مسۆگەر بکات، ئەمەش بە پێی ئەو پابەندییە نێودەوڵەتییانەی کە هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی عێراقدا هەیەتی، جگە لە مسۆگەرکردنی مافی یاسایی کرێکاران لە ڕووی کاتژمێرەکانی کارکردن، مووچە، گرێبەست... هتد، پێویستە چاودێریی جێبەجێکردنی ئەو بەندە یاساییانە بکرێت.

• مسۆگەرکردنی مافی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ سەرجەم کرێکاران لە ڕووی یاساییەوە لە ڕێگای هەموارکردنەوەی یاسای خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتییەوە. پێویستە چارەسەری کێشەی کرێکارانی کەرتی نارێکخراو بکرێت  لە کوردستان لە پرسی دەستەبەری کۆمەڵایەتی، چونکە زۆرترین ژمارەی کرێکار پێك دەهێنن.

• لە پێناو دابینکردنی ژینگەیەکی کاری سەلامەت بۆ کرێکاران، پەلە بکرێت لە نووسینەوە و ڕاگەیاندنی سیاسەتی سەلامەتی و تەندروستیی پیشەیی لە هەرێمی کوردستان.

• ڕێکخراوەکانی کرێکاران و خاوەنکار بەشدارییان پێ بکرێت لە لیژنەکانی سەلامەتی و تەندروستیی پیشەیی لە هەرێمی کوردستان.

• لیژنەکانی پشکنین بە بەشداریی نوێنەرانی سەندیکاکان زیاتر بکرێن لە ڕووی ژمارە و قەبارەوە، هەروەها کاراتر بکرێن لە ڕێگەی پێدانی دەسەڵاتی زیاترەوە.

• حکومەتی هەرێمی کوردستان سیاسەتی دامەزراندن لە کەرتی گشتی دابڕێژێت، بە شێوازێك بتوانێت لە ئاستی توانای مرۆیی ئێستای کۆمەڵگای کوردستانی بێت.

• پرۆسەی دامەزراندن لە کەرتی تایبەت چاودێری بکرێت و بە پێی یاسا و ڕێکاری یاسایی ڕێك بخرێت.

• ژمارەی چاودێرانی سەلامەتی و تەندروستیی پیشەیی لە هەرێمی کوردستان زیاد بکرێت.

• ڕێز لەو دەستکەوتانە بگیرێت کە بەفەرمی دانی پێدا نراوە بۆ کرێکاران و کارمەندان، بە نموونە: یەکی ئایار وەك ڕۆژێکی پشووی فەرمیی کرێکاران و سزای ئەو کۆمپانیا و خاوەنکارانە بدرێت کە پێشێلی ئەو مافە دەکەن.

**ئەنجام**

بەگشتی لە کوردستان مافەکانی کرێکاران لەبەردەم کۆمەڵێک ئاستەنگی جۆراوجۆری یاسایی و کۆمەڵایەتی و ڕێکخستن و جێبەجێکردندایە. بەر لە هەموو شتێک، مافە بنچینەییەکان وەکوو پێویست دەستەبەر نەکراون کە ئەمانە لانی کەمی ئەو مافانەیە کە بۆ ژیانێکی شایستە پێویستن. هەر چەندە ئەم مافانە  لە یاسا بەرکارەکان سەلمێنراون، بەڵام لە ڕووی جێبەجێکردنەوە لە خراپترین بارودۆخدایە، میکانیزمەکانی چاودێریکردن و جێبەجێکردنی ئەم یاسایانە زۆر لاواز و بێکاریگەرن، بە جۆرێک ژمارەیەکی زۆری کرێکاران لەوە بێئاگان کە چ مافێکی یاساییان هەیە و چۆن بتوانن بە میکانیزمی یاسایی

وەربیگرنەوە. پێشێلکارییەکانی وەکوو نەبوونی گرێبەست و دەستبەری کۆمەڵایەتی و زۆریی کاتژمێر و کەمیی کرێی کارکردن و دەرکردنی کرێکار بەبێ پاساو و لەسەرووی هەمووشیانەوە نەبوونی ژینگەیەکی سەلامەت بۆ کارکردن، دیارترین ئەو پێشێلکارییانەن کە کرێکاران ڕۆژانە لە ناوچە جیاجیاکانی هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی دەبنەوە. لە وێنە گشتییەکەدا چینی کرێکاران و کارمەندانی کەرتی تایبەت نادادگەرییەکی زۆریان بەرامبەر دەکرێت. لە ڕووی ڕێکخراوەییەوە کرێکاران نە خاوەن سەندیکایەکی بەهێز و کاریگەرن کە بتوانن فشاری جددی دروست بکەن بۆ دابینکردنی مافە بنچینەییەکانی کرێکاران، نە خۆشیان لە دەرەوەی سەندیکاکان ئەوەندە ڕێک خراون کە بتوانن ببنە ڕێکخراوی بەدیل بۆ گەیاندنی دەنگی پەراوێزخراویان بە بڕیاربەدەستەکان.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان

1- Tamara Draut (2018) Understanding the Working Class. Demos. https://www.demos.org/research/understanding-working-class#Defining-the-Working-Class

٢- کاوە کەریم، (٢٠٢١)، پرۆژەیەک لە بارەی سەلامەتیی شوێنی کارەوە، ڕۆژنامەی ئاوێنە: https://www.awene.com/article?no=17597&auther=2626

3- Anton Pannekoek (2010) The Labor Movement and Socialism, International Socialist Review. https://www.marxists.org/archive/pannekoe/1908/labor-movement.htm

4- Mathers, A., Upchurch, M. and Taylor, G.(2018) 'Social movement theory and trade union organising' , in Grote, Jürgen R., and Claudius Wagemann. (ed) Social movements and organized labour: Passions and interests. Routledge, PP 22-42.

5- Francisco Fernández-Trujillo, Gomer Betancor & Miguel Martínez Lucio (2022) Social Movements and Trade Unionism: Changing boundaries, new forms of interaction, and transformational identities across work and society. Emerald Publishing. https://www.emeraldgrouppublishing.com/calls-for-papers/social-movements-and-trade-unionism-changing-boundaries-new-forms-interaction-and

6- Richard Sullivan (2010) Why the Labor Movement Is Not a Movement. New Labor Forum 19(2): 53-58. file:///E:/labor%20rights/nlf.192.0000008.pdf

7- Chan, C. K. C. (2013). Community-based organizations for migrant workers' rights: the emergence of labour NGOs in C hina. Community Development Journal, 48(1), 6-22.

8- McCrudden, C., & Davies, A. (2000). A perspective on trade and labor rights. Journal of International Economic Law, 3(1), 43-62.

9- FHI360 . (2021) . "2020 Civil Society Organization Sustainability Index for the Middle East And North Africa". 9th Edition. Available at https://www.fhi360.org/sites/default/files/media/documents/csosi-mena-2020-report.pdf

10- Peace and Freedom Organization. 2016. "The Condition of Workers' Rights and Freedom of Trade In Kurdistan Region and Iraq" ؛

ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادی، ٢٠٢٠، گەڕان بەدوای ڕاستەکاندا: ڕەوشی کار و مافەکانی کرێکارانی پێکهاتەکان لە کوردستان و عێراق. https://pfo-ku.org/index.php/raport/2017-05-19-16-00-33/412-2019-12-31-13-14-58 ؛

ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادی، ٢٠٢٠، نان لە گەرووی کۆرۆنادا: هەڵسەنگاندنی ڕهوشی کار و ژیانی کرێکاران لە سەردەمی کۆرۆنا لە عێراق و هەرێمی کوردستان. https://pfo-ku.org/index.php/raport/٢٠١٧-٠٥-١٩-١٦-٠٠-٣٣/٥٩٣-٢٠٢٠-٠٦-٢٩-١٢-٠٦-٣٤

11- United Nations Human Right Council. 2022. Universal Periodic Report. https://www.ohchr.org/EN/HRBodies/UPR/Pages/UPRMain.aspx

ئایندەناسی

# توێژینەوەی وەرگێڕدراو

# پەیوەندییە وزەییەکانی تورکیا و هەرێمی کوردستانی عێراق

**د. زولفو داغدەڤیرەن**

**وەرگێڕانی لە تورکییەوە: ڕەنجە عەبدوڵا**

سەرچاوە: جۆرناڵی ئابووری و توێژینەوە

Dağdeviren, Zülfü. (2021). Türkiye ile Irak Kürt Bölgesel Yönetimi Arasında Enerji İlişkileri, Journal of Economics and Research, Vol 2 (Issue 2).



**پوختە**

لەم توێژینەوەیەدا پەیوەندییە مێژووییەکانی وزەی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق و تورکیا لە ساڵی (٢٠٠٥)ەوە تاوەکوو ئەمڕۆ لە چوارچێوەی تیۆرییەکانی هاووابەستەیی (Interdependence) و هەماهەنگیی ناوچەیی شی کراوەتەوە. جیاواز لە توێژینەوەکانی دیکە، لێرەدا تەنها

جەخت لە پەیوەندییەکانی وزە لەنێوان حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق[1] و تورکیادا کراوەتەوە. ئەنجامە بەدەستهاتووەکان ئەمانەن: حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٥دا و بە گوێرەی دەستووری عێراقی بووە خاوەنی ستاتۆیەکی فیدراڵی. دەوڵەمەندیی ناوچەکانی هەرێمی کوردستان سەرنجی دەوڵەتانی دیکەی کەمەندکێش کرد. لە ساڵی (٢٠٠٨)ەوە بە هۆی پەیڕەویکردنی سیاسەتی ئاساییکردنەوە و نەرمکردنەوەی پەیوەندی لەنێوان لایەنی تورکی و حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراقدا پەیوەندییە ئابوورییەکان چڕبوونەوەی بەخۆوە بینی. بەتایبەتی کاتێک بابەتی وزە وەک پێوەر و نیشانەیەکی نوێ هاتە ناوەندەکەوە و ئەمەش بووە بزوێنەری پەیوەندییەکانی وزە لەنێوان تورکیای هاوردەکار و حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق. پەیوەندیی وزە لەسەر بنەمای هەماهەنگی و دووبارە بونیادنانەوەی پەیوەندییەکان، وەک خاڵی بەرژەوەندی و سوودی هەردوو لایەنەکە هەڵسەنگێنراوە.

**دەروازە**

پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی ڕێژەیی لەنێوان بەکارهێنانی وزە و گەشەی ئابووریی بەردەوامدا هەیە. وڵاتی تورکیا هاوشانی ئەو گەشەکردنە خێرایەی هەیەتی، یەکێکە لەو وڵاتانەی لە دونیادا بە شێوەیەکی خێرا بەکارهێنانی وزە تێیدا بەرز دەبێتەوە. بەڵام تورکیا لە ڕوانگەی سەرچاوەکانی وزەوە لەو وڵاتانە نییە کە پێداویستییەکانی خۆی پڕ بکاتەوە، بە هۆی زیادبوونی خواست لەسەر وزە بە تێپەڕبوونی کات زیاتر وابەستە و شوێنکەوتەی دەرەوە دەبێت. حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق (IKBY)[2] لەم دواییانەدا لەگەڵ دۆزینەوەی یەدەگی نەوت و گازی سروشتی، سەرنجی وڵاتانی هەرێمی و نێودەوڵەتیی بۆ لای خۆی ڕاکێشا. سیاسەتی وزەی سەرەکیی تورکیا: بەئامانجی دەستەبەرکردنی وزە، پەنا دەباتە بەر زیادکردنی ژمارەی ئەو وڵاتانەی وزە دابین دەکەن، ئەمە دەبێتە هۆی دەستکەوتنی سەرچاوەی جێگرەوە (ئەلتەرناتیڤ) بە نرخێکی گونجاو، بە شێوەیەکی بەردەوام و بەبێ بچڕان و لە هەمان کاتدا سەقامگیری و دڵنیایی تێدا دەبێت. ئامانجێکی دیکەی بنەڕەتیی تورکیا ئەوەیە ببێتە ناوەندی وزە. سیاسەتی وزەی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق: دروستکردنی بونیادێکی ئابووریی بەهێز بەرامبەر حکومەتی ناوەندیی عێراق لە پێناو زیادکردنی داهاتەکەیدا، چونکە بەم هۆیەوە دەستی لە ململانێ سیاسییەکانیشدا بەهێز دەکات. پەیوەندیی نێوان تورکیا و حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق لەم چوارچێوەیەدا شکڵی گرتووە.

بونیادنان لە ئێستاوە، باشترین ڕێگەی پێشبینیکردنی ئایندەیە. هەر بۆیە ئامانجی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە لە ڕێگەی شیکردنەوەی

پەیوەندییەکانی وزەی نێوان تورکیا و حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق، چارەسەرێکی خاکەڕایانە بۆ یەکێک لە بنەڕەتیترین بابەتەکانی ڕۆژەڤمان بخاتە ڕوو، ئەمەش سەرەداومان دەربارەی ئێستا و ئایندە پێ دەدات، لە هەمان کاتدا دیدگایەکی ڕەسەن بۆ ئەوانەی کە ئەم بابەتە بەلایانەوە سەرنجراکێشە دەخاتە ڕوو، لەگەڵ سەرbارکردنێکی تیۆریی گرنگ بۆ ئەو توێژینەوانەی لەم بوارەدا ئەنجام دەدرێن.

کێشەکانی توێژینەوەکە ئەمانەن: پرۆفایلی وزەی تورکیا و حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق چییە؟ ئەو فاکتەرانە کامانەن کە پەیوەندیی هاووابەستەیی نێوان تورکیا و خۆبەڕێوەبەریی کوردی عێراق پێک دەهێنن؟ ئایا ئامانجەکانی تورکیا بۆ بوون بە ناوەندێکی وزە و ئامانجەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق بۆ گەیاندنی وزە بە بازاڕە نێودەوڵەتییەکان، بووەتە هۆی دەستەبەرکردنی هەماهەنگی لەنێوان هەردوو لایەنەکەدا؟ ئایا هیچ بەربەستێکی یاسایی لە ناوخۆی عێراق و یاسا نێودەوڵەتییەکاندا لەمەڕ پەیوەندییەکانی وزەی نێوان تورکیا و حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراقدا هەیە؟

لە کاتی لێکۆڵینەوە لە ئەرشیف و توێژینەوەکاندا لە بارەی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق لە ڕووی سیاسی، ئابوری و کۆمەڵایەتییەوە کۆمەڵێک توێژینەوەی ئەنجام دراون. بە هۆی ئەوەی وزە لەسەر ئاستی نەتەوەیی و نێودەوڵەتی یەکێکە لەو بابەتە ڕۆژەڤیانەی گەنگەشەی لەسەرە، ئەم توێژینەوەیە جیاواز لە توێژینەوەکانی دیکە، تەنها لە پەیوەندیدا بە وزەوە کنەی بابەتەکە دەکات و لەمەشدا زانیاری و سەرچاوە ڕەسەنەکانی بەکار بردووە.

وزە بە هۆی پۆتانشیەڵی زیادکردنی هەماهەنگیی هەرێمی، کۆمەڵێک فاکتەر لەخۆ دەگرێت کە دەبێتە هۆی زیادکردنی هاووابەستەیی لەنێوان کارەکتەرەکاندا. بەم هۆیەوە لێرەدا شیکردنەوە بۆ گریمانە سەرەکییەکانی هەماهەنگی و هاووابەستەیی لە ڕوانگە تیۆرییەکەوە کراوە، لە ئەنجامدا پەیوەندییەکانی وزەی نێوان تورکیا و حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق لە چوارچێوەیەکی تیۆریدا لە لایەنی هاووابەستەیی و هەماهەنگیی هەرێمییەوە شی کراوەتەوە.

گریمانە سەرەکییەکانی تیۆری هەماهەنگیی هەرێمی: هێزە هەرێمییەکان لە تەواوی ناوچە جوگرافییە جیاوازەکاندا لە پێناو زیادکردنی خێرایی گەشەکردندا، مۆدێلی جۆراوجۆی هەماهەنگی پەیڕەو دەکەن. جیاوازیی نێوان ڕژێمەکانی بەڕێوەبردنی کارەکتەر و وڵاتەکان نەبووەتە بەربەست لەبەردەم ئەم هەماهەنگییەدا. لایەنە جیاوازەکان لە چوارچێوەی هەماهەنگیدا، ستراتیژی هاوبەش لە بواری ڕێککەوتنی بازرگانی و وزە لە تەواوی کایەکانی دیکەدا پەرە پێ دەدەن (Keohane,

2002: 27-29). ڕێبەرانی سەرەکیی ئەم تیۆرییە کەسانی وەک: (ئێرنست هاس، فلیپ شمێتەر، لیۆن لیۆنبێرگ، جۆسێف س. نای، ڕۆبێرت ئۆ. کیەهن، لۆرێنس شایمێن و ئامێتای ئێتزیۆنی)ن. چەمکی هەماهەنگی لە بنەماکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا بریتییە لە پەیوەندیی نێوان کارەکتەرەکان بە شێوەیەک گونجان لە نێوانیاندا هەیە و لەسەر بڕەودان بە سیاسەتی هاوبەش لە نێوانیاندا کار دەکەن. ئامانجی هەماهەنگی خۆی لە بەرژەوەندی لایەنەکان، بونیادنانی ئاشتییەکی پارێزگاریلێکراو و ئابوورییەکی بەهێزدا دەبینێتەوە. بنەڕەتی هەماهەنگیی هەرێمی ئەمەیە: کاتێک بە هۆی ئەو سوود و قازانجەی کە لایەنەکان لە ئەنجامی هەماهەنگی لە بوارێکدا بەدەستی دەهێنن، دەبێتە پاڵنەرێک و چاوەڕوانیی ئەوەی لێ دەکرێت هەمان ئەزموون لە بوارەکانی دیکەشدا ڕەنگ بداتەوە (Haas, 1964: 30-39). لایەنەکان بە هۆی ئەو سوودەی لە ئەنجامی هەماهەنگیی یەکتردا بەدەستی دەهێنن، کار لەسەر زیاتر ڕەنگدانەوەی ئەو هەماهەنگییە لە بوارەکانی دیکەدا دەکەن. لە کۆتایی پڕۆسەکەدا ئەو دیدگایە خۆی نمایش دەکات لەگەڵ ئەوەی بەرژەوەندییەکان نەتەوەیین، لە هەمان کاتدا بەرژەوەندییەکی هەرێمییە. هەماهەنگیی هەرێمی لەمڕۆدا چالاکیی زیاد بووە، چونکە سیاسەتگەلێک دەرکەوتوون لەسەر بنەمای نۆرمە هاوبەش و لێکچووەکان پەیڕەویی لێ دەکرێت و لە ئەنجامی ئەمەشدا دیاردەی هاوابەستی لەنێوان لایەنەکاندا دروست بووە.

گریمانە سەرەکییەکانی تیۆری هاووابەستەیی "ڕۆبێرت ئۆ. کەیهن و جۆزێف س. نای" لە کتێبەکەیاندا بە ناونیشانی هێز و هاووابەستەیی (Power and Interdependence) لە ساڵی ١٩٧٧دا، هێڵی چوارچێوە تیۆرییەکانی تیۆری هاووابەستەییان کێشاوە، لە ساڵانی نەوەکاندا و لەگەڵ پڕۆسەی بەجیهانگیربووندا تیۆرەکە بەهێزیی زیاتری بەخۆیەوە بینی. تیۆری هاووابەستەیی، بە پێچەوانەی سەپاندنی فکرەی زاڵی یەکێک لە لایەنەکان بەسەر ئەوی دیکەدا و سیاسەتی پەراوێزخستنی ئەوی دی و یەکئاڕاستەیی لە وابەستەیی پەیوەندییەکاندا، لە پێناسەکەیدا جەخت لەسەر کارلێکی بەرامبەری لە پەیوەندییە ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و وزەییەکانی نێوان لایەنەکان دەکاتەوە (Dalar, 2015: 50). لەگەڵ کۆتاییهاتنی جەنگی سارد و دەرکەوتنی بەجیهانگیربووندا، ئەو چالاکییانەی سیاسەتی دەرەوەی هەر دەوڵەتێک دیاری دەکات و پێداویستییەکانیان دەستنیشان دەکات؛ زیادی کردووە. ئەم دۆخە بووە هۆی ئەوەی کارەکتەرەکانی سیستمی نێودەوڵەتی جارێکی دیکە لەگەڵ گۆڕانی ئەم بزاوتەدا سیاسەتی دەرەوەی خۆیان دابڕێژنەوە. لەم پڕۆسەیەشدا هەماهەنگی و هاووابەستەیی

پاڵپشتیی یەکتریان کردووە (Keohane ve Nye, 2001: 20-21). تیۆری هاووابەستەیی سەرەڕای ئەوەی بەزۆری لە ڕوونکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان دەوڵەتاندا بەکار براوە، بەڵام زۆربەی تیۆریستەکان (بە نای و کەیهنەوە) جەخت لەسەر بەشداریی هێزە نادەوڵەتییەکان لە سیستمە نێودەڵەتییەکەدا بە هۆی بەجیهانیبوونەوە دەکەنەوە. بەم هۆیەوە حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق لەم توێژینەوەیەدا وەک کارەکتەرێکی نادەوڵەتی پەسەند کراوە. بە گوێرەی ئەو شیکردنەوانەی لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا لە بارەی بەرەوپێشچوونی هەلومەرجەکانی هاووابەستەیی لە پەیوەندیدا بە بەجیهانیبوونەوە ئەنجام دراوە، بڵاوبوونەوەی زیاتر و بەردەوامی لێ دەخوێنرێتەوە، چونکە ئەو ئاڕاستانەی کە پێشبینی دەکرێ لە ماوەیەکی کورتدا گۆڕان تێیاندا ڕوو نەدات، پاڵپشتیی ئەم پێشبینییە دەکەن.

لەم چوارچێوەیەدا کنەی ڕێژەی بەرهەمهێنان و بەکاربردنی تورکیا و حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق کراوە، هەروەها گرنگیی ئەم بابەتە لە ڕوانگەی جیۆپۆلەتیکی وزە و پەیوەندییەکانی وزە لەسەر سیاسەتی دەرەکی شی کراوەتەوە. بەڵام بەرەوپێشچوونی ئەم هەماهەنگییە لەگەڵ ئەوەی پەیوەندیی بە بڕیارەکانی هەردوو لایەنەکەوە هەیە، لە هەمان کاتدا بەندە لەسەر ئەو بەربەستانەی کە دێنە بەردەم پڕۆسەکە. لەم چوارچێوەیەدا، لە دیارترین ئەو بەربەست و گرفتانەی لەبەردەم ئەم پڕۆسەیەدا خۆی دەبینێتەوە، کێشە یاسایی و سیاسییەکانی نێوان حکومەتی ناوەندیی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراقە، بۆیە لە ڕوانگەی یاسا ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکانیشەوە شیکردنەوە بۆ ئەم بابەتە کراوە.

ئەو ئەنجامانەی کە توێژینەوەکە پێی گەیشتووە، ئەمانەن: حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٥دا بە گوێرەی دەستوور بووە خاوەن ستاتۆیەکی فیدراڵی. دەوڵەمەندیی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق بە سەرچاوە سروشتییەکان، سەرنجی دەوڵەتانی ناوچەکەی بەرەو خۆی کەمەندکێش کرد. بەم هۆیەوە بابەتی وزە بووەتە بزوێنەری سەرەکیی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق. تورکیا سوودی لە هەڵکەوتەی جوگرافیی خۆی وەرگرتووە بۆ گواستنەوەی ئەو نەوت و غازە سروشتییەی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق هەیەتی بۆ بازاڕە جیهانییەکان، چونکە هەرێم دەستی بە گواستنەوەی دەریایی دیکە ڕاناگات. پەیوەندیی وزە لەسەر بنەمای هەماهەنگی و دووبارە بونیادنانەوەی پەیوەندییەکان، وەک خاڵی بەرژەوەندی و سوودی هەردوو لایەنەکە هەڵسەنگێنراوە.

### ١. پرۆفایلی وزەی تورکیا

تورکیا بەو ڕێژە گەشەکردنە خێرایەی لەنێوان ساڵانی (٢٠٠٢-٢٠١٧) بەدەستی هێنا، بووە سیازدەیەمین وڵاتی خاوەن ئابووریی گەورە لەسەر ئاستی دونیا. بە گوێرەی داتای "OECD"[٣]، تورکیا لە ڕوانگەی پێویستی بە وزەوە لە ریزبەندییەکەدا لە پلەی یەکەمدا دێت (Dış İşleri Bakanlığı, 2018: 1). بۆ ئەوەی ئابووری لە گەشەکردن بەردەوام بێت، دەبێت بە شێوەیەکی بەردەوام و بەبێ پچڕان وزەی پێویست بۆ ئەو سێکتەرانە دابین بکرێت کە گەشەکردنی ئابووری دەستەبەر دەکەن. تورکیا بە هۆی ئەو گەشەکردنانەی کە لە ڕووی ئابوورییەوە بەدەستی هێناوە، بەکاربردنی وزەی زیاتر کردووە. بە گوێرەی زانیارییەکان، لە ساڵی ٢٠١٨دا لە تورکیادا (٢٥٪)ی نەوت لە بواری پیشەسازی، (٢٤٪)ی لە بواری بەرهەمهێنانی کارەبا، (٢٠٪) لە گواستنەوە و گەیاندن، (١٥٪)ی لە خانوو و نشینگەکان، (٨٪) لە بواری بازرگانی و سێکتەرەکانی خزمەتگوزاریدا بووە (TPAO, 2020: 30-31).

### ١,١. دۆخی نەوت

یەدەگی نەوتی تورکیا لە ساڵی ٢٠١٨دا بە ٣٦٦ ملیۆن بەرمیل خەمڵێنراوە. ئەم یەدەگە، بە بەراورد بە ڕێژەی بەکارهێنانی ساڵانە، پێشبینی دەکرێت لە ماوەی ١٨ ساڵدا بەکۆتا بێت. کۆنیی کەرەستە و تەکنەلۆژیای بەرهەمهێنانی نەوت لە تورکیادا، کاریگەریی لەسەر خێرایی بەرهەمهێنانی نەوت کردووە. بە هۆی بەتەمەنیی کێڵگە نەوتییەکانەوە لە تورکیا، بە تێپەڕبوونی کات بەرهەمیان ڕووی لە دابەزین دەکات. لە ساڵی ٢٠١٩دا لە تورکیا بەنزیکەیی ٢٢ ملیۆن بەرمیل نەوتی خاو بەر هەمهێنراوە، لە بەرامبەردا نزیکەی ٢٥٠ ملیۆن بەرمیل نەوتی خاو بەکار براوە. لە ساڵی ٢٠١٩دا، بەرهەمهێنان و بەکاربردنی نەوتی خاوی ناوخۆیی ڕێژەی (٨.٨٪)ی پێک هێناوە. بە دەربڕینێکی تر: ڕێژەی هاوردەی نەوت لە ساڵی ٢٠١٩دا بریتی بووە لە (٩١.٢٪). تورکیا لە ساڵی ٢٠١٧دا بەم ڕێژانە هاوردەکاری نەوت بووە لەم وڵاتانەوە: ڕووسیا (٣٥.٤٪)، عێراق (٢١.٣٪)، کازاخستان (٧.١٪)، هیندستان (٦.٩٪)، ئێران (٤.٧٪)، سعودیە (٤.٤٪)، نێجیریا (٤.١٪)، ئیسرائیل (٣.٤٪)، لیبیا (٢.٥٪)، بولگاریا (٢.١٪)، یۆنان (١.٧٪)، تورکمانستان (١.١٪).

### ١.٢. دۆخی غازی سروشتی

بە گوێرەی ئەو دیاریکردنەی بۆ ڕێژەی غازی سروشتی لە ساڵی ٢٠١٨ لە تورکیادا ئەنجام دراوە، ڕێژەی یەدەگی غازەکە ٣.٨ ملیار مەتر سێجایە. کاتێک ئەم ڕێژەیە بەراورد بە بەکارهێنانی ڕێژەی ساڵانەی ناوخۆ دەکرێت، پێشبینی دەکرێ لە ماوەی ٩ ساڵدا بەکۆتا بێت. ساڵی ٢٠١٩ لە تورکیا بڕی ٤٨٣ ملیۆن مەتر سێجا غازی سروشتی بەرهەم هێنراوە. لە بەرامبەردا لە ساڵی ٢٠١٩دا بڕی ٤٥.٧ ملیار مەتر سێجا غازی سروشتی

بەکار براوە. تورکیا لە بابەتی دابینکردنی غازی سروشتیدا بە ڕێژەی (٩٨.٩٪) پشتی بە هاوردەکردن بەستووە. تورکیا لە ساڵی ٢٠١٧دا بەم ڕێژانە هاوردەکاری غازی سروشتی بووە لەم وڵاتانەوە: ڕووسیا (٣٣.٦٪)، ئازەربایجان (٢١.٢٪)، ئێران (١٧.١٪)، جەزائیر (١٢.٦٪)، قەتەر (٥.٤٪)، نێجیریا (٥.٤٪)، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا (٢.٧٪) (TPAO, 2020: 35). تورکیا لە پێشتردا و لە مانگەکانی زستاندا ئەو غازەی کە لە ڕووسیا و ئێرانەوە بۆی دەهات؛ دووچاری پچڕان لە تەوژمی غازەکەدا دەبووەوە، بۆیە ئەمە تورکیای دووچاری قەیران دەکرد. لەبەر ئەوەی تورکیا بۆ دابینکردنی غازی سروشتی پشت بە دەرەوە دەبەستێت و لە هەمان کاتدا گەنجینەی پێویستی بۆ گلدانەوەی غازەکە نەبوو، بۆیە دووچاری کێشەی جددی بووەوە. هەر بەم هۆیەوە پڕۆژەی زیاتری نوێی گەنجینە و زەخیرەکردن خرایە بواری جێبەجێکردنەوە (Enerji Bakanlığı, 2018: 2).

## ٢. پڕۆفایلی وزەی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق

هەرێمی کوردستانی عێراق لە ساڵی (٢٠٠٦)ەوە بە هۆی ئەو گرێبەستانەی لەگەڵ کۆمپانیا نەوتییەکان ئەنجامی دا، بەشێوەیەکی خێرا دەستی بە چالاکییەکانی گەڕان و پشکنین کرد و لە کۆی ١٠ بیرەنەوت، (٨)یان ئەنجامێکی ئەرێنیی هەبوو.

### ١,٢. یەدەگی نەوت

لە ساڵی ٢٠٠٩دا کۆمپانیایەک بە ناوی گۆڵف کیستۆن، لە کێڵگەکانی شێخان لەنزیک سنوورەکانی تورکیا، لە ئەنجامی گەڕانەکانی لە ناوچەکەدا، ناوچەیەکی بەرفراوانی نەوتی دۆزییەوە کە بە گوێرەی پێشبینییەکان بڕی خەمڵێنراو لەنێوان ١٢ بۆ ١٥ ملیار بەرمیل نەوتدایە (Chazan, ٢٠١٢: ١-٢). پێشبینی دەکرێ بڕی ٤٥ ملیار بەرمیل نەوت لە هەرێمی کوردستانی عێراق دۆزرابێتەوە (Ticaret Bakanlığı, 2020: 3). بە گوێرەی ئامارەکانی وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق، لەگەڵ ئەو نەوتەی کە لە ناوچەی شێخان دۆزراوەتەوە، وا پێشبینی دەکرێت بڕی یەدەگی نەوت (٦٠-٦٥) ملیار بەرمیل نەوت ببێت (Balcı, 2014: 12). بەرهەمهێنانی نەوت لە کێڵگەکانی هەرێمی کوردی بەم شێوەیە دابەش بووە: (٣٦٪) لە کێڵگەکانی تەقتەق، (٣١٪) لە کێڵگەکانی خورمەڵەیە، (٢٩٪) لە کێڵەگەکانی تاوکیە، (٤٪) دەکەوێتە کێڵگە نەوتییەکانی خۆرمۆر و چەمچەماڵەوە. حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق لەم ماوانەی کۆتاییدا بەئامانجی دۆزینەوەی کێڵگەی نەوتی زیاتر، لە چەند ناوچەیەکی دیکە دەستی بە گەڕان و پشکنین کردووە (Ayhan, Barzani ve Demir, 2013: 13). لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراقدا لە ناوچە جیاوازەکاندا

ڕۆژانە بڕی ٤٠٠ هەزار بەرمیل نەوت بەرهەم دەهێنرێت، لەبەر ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق لە پلانیدایە ببێتە خاوەن قسە لە بازاڕی وزەدا، ئامانجی ئەوەیە لە داهاتوودا بڕی بەرهەمهێنانی ڕۆژانەی نەوت بۆ دوو ملیۆن بەرمیل بەرز بکاتەوە (Dalar, ٢٠١٥: ٦٠). لەمڕۆدا نرخی ئەو بڕە یەدەگەی نەوت لە دەوروبەری ٣ ترلیۆن دۆلاردایە. ئەم داهاتە کە تاوەکوو ساڵی ٢٠٠٣ بۆ تاکەکەس بڕەکەی لەنێوان (٣٠٠-٤٠٠) دۆلاردا بوو، لە ئێستادا بڕەکە بەرز بووەتەوە بۆ (٥-٦) هەزار دۆلار.

### ٢.٢. یەدەگی غازی سروشتی

هەرێمی کوردستانی عێراق وەک چۆن لە نەوتدا دەوڵەمەندە، ئاوەهاش یەکێکە لەو ناوچانەی کە بە یەدەگی غازی سروشتی دەوڵەمەندە. غازی سروشتی لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا بە بڕی ٥.٦٧ ترلیۆن مەتر سێجا خەملێنراوە. لە کێڵگە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستانی عێراقدا غازی سروشتی دۆزراوەتەوە. لە هەمان کاتدا لە کێڵگە نوێیەکانیشدا گەڕان بۆ یەدەگی غازی سروشتی بەردەوامە (KRG Ministry of Natural Resources, 2021: 1). کۆمپانیای هێریتیج ئۆیلی ئینگلیزی کە لە بواری گەڕانی نەوتدا کار دەکات، لە کێڵگەکانی میرانی خۆرئاوا (٨،٦-١،٩) ترلۆن مەتر چوارگۆشە غازی سروشتیی دۆزیوەتەوە. کۆمپانیاکە ئەوەشی ڕوون کردووەتەوە کە نرخی ئەم سامانە سروشتییە بە نزیکەی ١ ترلیۆن دۆلار دەبێت. ئەو بۆرییە غازەی میرانی خۆرئاوا پلانی بۆ دادەنرێت لە تورکیاوە بەرەو ئەورووپا بگوازرێتەوە، هەروەها کۆمپانیاکە ئاماژەی بەوە داوە ئەم بڕە بەنزیکەیی پێداویستیی غازی سروشتیی ١٩٠ ساڵی تورکیا پڕ دەکاتەوە. بەشێکی گەورەی ئەو غازە سروشتییەی کە لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا هەیە، ساڵانە تێکڕا ١١ ملیار مەتر چوارگۆشەی غازە سروشتییەکەی بە هۆی نەبوونی ژێرخانی پێویستەوە بیرەکانیان بەسەردا دەڕووخێت و پڕ دەبنەوە. بڕی (٪٦٠)ی ئەو غازە سروشتییەی بەرهەم دەهێنرێت، بە هۆی ئەم حاڵەتەوە لەناو دەچێت و زیانی ئابووریی گەورەی دەبێت. بەم هۆیەوە حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق هەوڵی بەگەڕخستنی پڕۆژەی نوێ لەگەڵ تورکیادا دەدات، بەئامانجی بونیادنانی ژێرخان بۆ غازە سروشتییەکەی (Ayhan, Barzani ve Demir, 2013: 14). پسپۆڕانی بوارەکە هەموویان لەوەدا کۆکن بە هۆی ئەوەی لە ساڵانی (١٩٨٠)ەوە بەرهەمهێنان لەم کێڵگانەدا نەبووە، غازی سروشتی و نەوتی خاو زۆر زیاترە لەو بڕە یەدەگەی کە خەملێنراوە، بەم هۆیەوە پێگەی هەرێمی کوردستانی عێراق لە داهاتوودا و بە پێی تێپەڕبوونی کات لە تەواوی دونیادا لە ڕووی وزەوە دەکرێت بەرزبوونەوەیەکی گەورە بەخۆیەوە ببینێت (Ayhan, 2009: 2).

**٣،٢. تێچووی بەرهەمهێنانی نەوت**

تێچووی دەرهێنانی نەوت هێندەی خودی سامانی نەوتەکە لە وڵاتێکدا گرنگە. کاتێک دەڕوانینە سامانی خاکەکانی ئەم ناوچەیە، بە شێوەیەکی چڕ یەدەگی نەوت لە قووڵایی زەویدا نین، ئەمەش دەبێتە هۆی دابەزینی نرخی تێچوونی دەرهێنانی نەوتەکە (İzzeti, 2006: 24). حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق، لەچاو زۆربەی وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوت، بە تێچوویەکی کەمتر نەوت بەرهەم دەهێنێت. یەدەگە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق بەشێکی زۆریان دوورییان لەسەر ڕووی زەوییەوە لە قووڵیی ٥٠٠ مەتردایە. هەر لەبەر ئەم هۆیە، تێچوونی دەرهێنانی یەک بەرمیل نەوت لەنێوان (٢،١-٥) دۆلاردا لە گۆڕاندایە. بڕی ئەم تێچوونە لە زۆربەی شوێنەکانی دونیادا لەنێوان (١٥-٢٠) دۆلاردایە. بۆ نموونە: بەرهەمهێنانی یەک بەرمیل نەوت لە وڵاتی کەنەدا تێچووەکەی لە ٢٥ بۆ ٣٠ دۆلار بەرز دەبێتەوە. وەک چۆن دەکرێ تێچووی دەرهێنانی نەوت کەم بێت، ئاوەهاش دەکرێ تێچووی ناردنەدەرەوەکەشی هەر کەم بێت. وەک ئەوەی لە ڕووسیا هەیە کە پێویستی بە تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو و ئامێری قورس نییە، بە شێوەیەکی زۆر ئاسان نەوتەکە بۆ بەندەرەکان دەگوازێتەوە و لێرەدا تا بڵێی لە ڕێگەیەکی کورتەوە دەیگەیەنێتە بازاڕە جیهانییەکان (International Energy Agency, 2012: 54-55). ئابووریی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق لەسەر هەناردەی نەوت دامەزراوە. بۆ نموونە؛ لەگەڵ بەهاری عەرەبیدا نرخی نەوت دابەزی، ئەمەش کاریگەریی لەسەر بەرتەسکبوونەوەی ئابووریی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق هەبوو. لەگەڵ کەمبوونەوەی مەترسییەکان لە ناوچەکەدا، ئەم فشاری بەرتەسکبوونەوەیە بەرەو کەمبوونەوە چوو.

**٣. پەیوەندییەکانی وزەی تورکیا و حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق**

لە ساڵی ٢٠٠٥ بەدواوە، کۆمەڵێک گۆڕاوی نوێ دەرکەوتن کە کاریگەرییان لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق هەبوو. ئەم گۆڕاوانە لە هەردوو لایەکەوە پەیوەندییەکانی ڕابردووی گۆڕی و دەروازەیەکی نوێی کردەوە. هۆکاری سەرەکیی ئەم گۆڕانکارییانەش گۆڕانی ستاتۆی کوردەکان و پێشکەوتنی پەیوەندییەکانی وزەیە، بەتایبەتی کاتێک بابەتی وزە وەک پێوەر و نیشانەیەکی نوێ هاتە نێوەندەکەوە و ئەمەش بووە ڕەگەزێکی گرنگی ئاڕاستەکردنی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق (Balcı, 2014: 7).

تورکیا و حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق، لە ڕووی ماددەی خاو، ئابووری و سەربازییەوە؛ خاوەنی هێزی جیاواز لە

یەکترن. بە ڕای کەیهن و نای، ئەو لایەنانەی لە نێوانیاندا پەیوەندیی هاووابەستەیی هەیە، مەرج نییە کە خاوەنی هەمان هێزی سەربازی و ئابووریی لێکچوو بن. کاتێک دوو لایەن لە ڕووی توانا و چۆنێتییەوە لە یەکەوە نزیک بن، ئەوا هاووابەستەیی هاوسەنگ لە پەیوەندییەکانیاندا ڕەنگ دەداتەوە، بەڵام کاتێک دوو لایەن لە ڕووی توانا و چۆنێتییەوە جیاواز بن، ئەوا پەیوەندیی نێوان ئەو دوو کارەکتەرە پەیوەندییەکی هاووابەستەیی ئاڵۆز لە پەیوەندییەکانیاندا ڕەنگ دەداتەوە. ئەو کارەکتەرانەی لە ڕووی ئابووری و سەربازییەوە زۆر بەهێزن، ڕێی تێدەچێت لە ڕووی سامان و سەرچاوەکانەوە وابەستەی کارەکتەرە لاوازەکان بن. گەر لەم ڕوانگەیەوە بیری لێ بکرێتەوە، لە دونیادا دەوڵەتێک نییە "خۆی بۆ خۆی بەس بێت"[٤]. ئەمەش جەوهەری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە (Dalar, ٢٠١٥: ٤٨-٦٦). بەم مانایە، ئەم پەیوەندییە لەلای لایەنێکەوە لەسەر هێزی دانوستان و لەلای لایەنەکەی دیکەشەوە بە گوێرەی ئاستی هەستیارییەکەی شکڵ دەگرێت. لەبەر ئەوەی توانای ئابووریی لایەنەکان جیاوازە، ئەوا ڕێی تێدەچێت کە هەستیارییان بەرامبەر گۆڕاوە دەرەکییەکان جیاوازیی هەبێت (Keohane ve Nye, 2001: 10-11). هەندێک جار بە هۆی پەیوەندیی هاووابەستەییەوە لایەنە لاوازەکە دەتوانێت ڕەفتاری سیاسەتی دەرەکیی لایەنە گەورەکە بگۆڕێت. بۆ ئەمەش دەکرێ نموونەی تورکیا و حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق پیشان بدرێت، لەبەر ئەوەی تورکیا پێویستی بە نەوتی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق هەیە.

لە پەیوەندییەکانی وزەی نێوان تورکیا لەگەڵ هەرێمی خۆبەڕێوەبەری عێراقدا، هیوا و چاوەڕوانیی سەرەکیی تورکیا ئەوەیە هاوتەریب لەگەڵ گەشەکردنی ئابوورییەکەیدا پێویستییەکانی بە نەوت زیاد دەبێت، بۆیە دەیەوێت بە نرخێکی گونجاو نەوتی دەست بکەوێت و فرەچەشنیی سەرچاوەکانی زیاد بکات، هەروەها لە ڕێگەی تێپەڕینی هێڵی بۆرییەوە بە خاکەکەیدا ببێتە ناوەندی گوێزەرەوەی نەوت. هیوا و چاوەڕوانییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ تورکیادا ئەوەیە لەبەرامبەر حکومەتی ناوەندیی عێراقدا بەهێز بێت، دەیەوێت بونیادە ئابوورییەکەی لە کاتی قەیرانەکاندا کەمترین زیانی بەر بکەوێت و شکستە نەبێت، دووچاری کەمترین زیان ببێتەوە، بۆیە لەم ڕێگەیەوە هەوڵی زیادکردنی داهاتەکەی دەدات و دەیەوێت لە سایەی ئەمەوە دەستی لە هاوکێشە و ململانێ سیاسییەکاندا بەهێز بێت. خواستی زیادکردنی پەیوەندییەکانی وزەی نێوان تورکیا و حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق لەم چوارچێوەیەدا شێوەی گرتووە (Balcı, 2014: 8). جگە لەوەش،

گەر حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق بتوانێت سەرچاوەکانی وزەی خۆی بگەیەنێتە بازاڕە نێودەوڵەتییەکان، داهاتێکی سەقامگیر و ڕێکوپێکی دەست دەکەوێت، دواتریش دەکرێت ببێتە کارەکتەرێک کە لە ناوچەکە و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتییش نەتوانرێت فەرامۆش بکرێت (Anaid, 2014: 49).

کۆمەڵێک ڕەگەزی زۆر هەن کاریگەرییان لەسەر دڵنیایی وزە هەیە. ئەم ڕەگەزانە لە چوارچێوەی دڵنیایی وزەدا، کاریگەریی لەسەر سیاسەتی دەرەکی دەبێت. لە پەیوەندیدا بەمەوە، کاتێک ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا فشاری لە وڵاتانی کڕیاری نەوتی ئێران کرد بۆ ئەوەی هاوردەی نەوتەکەی نەکەن، تورکیا بۆ ئەوەی لە دابینکردنی وزەدا فشاری لەسەر دروست نەبێت، هەوڵێکی چڕی دا و وزەیەکی زۆری سەرف کرد بۆ ئەوەی پێداویستییەکانی لە هەرێمی کوردستانی عێراقەوە دابین بکات. جگە لەوەش، کاتێک لە ساڵی ٢٠١٥ لەگەڵ خستنەخوارەوەی فڕۆکە ڕووسییەکەدا پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و ڕووسیا پچڕا، دەرکەوت لە حاڵەتی پچڕانی غازە سروشتییەکەی ڕووسیادا بەدیلێکی ئەوتۆی لەبەردەست نەبوو. ڕووسیا بە هۆی ئەوەی کە خاوەنی سامان و سەرچاوە سروشتییەکانە، کاتێک تووشی کێشە دەبێت وەک چەکێکی کاریگەر لە چەندین قەیراندا بەکاری دێنێت. هەر بەم هۆیەوە لە حاڵەتی پچڕان لە سەرچاوەکانی وزەی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراقدا، کاریگەرییەکی گەورە و چارەنووسسازی لەسەر تورکیا دەبێـت (Aydoğan, 2016: 38-41).

## ١,٣. کێشەی گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیا نەوتییەکاندا

خاڵی وەرچەرخان لە پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراقدا لە ڕێکەوتی ١ی حوزەیرانی (٢٠٠٩) ەوە بوو، کاتێک بۆ یەکەم جار بە شێوەیەکی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق لەگەڵ حکومەتی فیدراڵیی عێراقدا ڕێک کەوتن بۆ ناردنەدەرەوەی نەوتەکەی لە ڕێگەی کۆمپانیا سۆمۆی دەوڵەتی عێراقەوە بە ڕێگەی بۆریی کەرکووک-جەیهان، لێرەوە ناردنی نەوتەکەیان بۆ بازاڕە نێودەوڵەتییەکان دەست پێ کرد. حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق بەتایبەتی هەوڵی هاندانی کۆمپانیا نەوتییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و تورکیای دا تاوەکوو گرێبەستی نەوتی لەگەڵدا بکەن. مەسعوود بارزانی لە چاوپێکەوتنەکانی لەگەڵ ئیدارەی ئۆبامادا پێشنیاری دروستکردنی هەماهەنگییەکی تایبەتی کرد و لەم چوارچێوەیەدا داوای پارێزگاریکردنی ستاتۆی هەرێمی کوردستان و پاراستنی لەلایەن ئەمەریکاوە کرد، لە هەمان کاتدا پاڵپشتیی بۆ دروستکردنی هێڵی بۆری لە تورکیا خواست. بەڵام ئیدارەی ئەمەریکی لەم

بابەتەدا پێشنیاری کارکردنی لەگەڵ بەغدادا بۆ کردن و وەڵامێکی نەرێنیی دانەوە. سەرەڕای ئەمەش حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق بەو دیدگایەی کە پێی وایە "کۆمپانیا نەوتییەکانی ئەمەریکییەکان یەکسانە بە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا" کاری کرد، لەم ڕێگەیەوە بە ئەنجامدانی گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیا نەوتییە ئەمەریکییەکان هەوڵی بەدەستهێنانی پاڵپشتیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکای دا. بەم هۆیەوە بەئامانجی بەهێزبوون لەبەرامبەر حکومەتی فیدراڵدا، حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ناوچە جێناکۆکەکان دەستی بە کارکردن لە کێڵگە نەوتییەکاندا کرد و لەمەشدا لەپێشینەیی بە کۆمپانیا ئەمریکییەکان دا (International Crisis Group, 2012: 4).

دۆزینەوەی یەدەگە زەبەلاحەکانی وزە لە هەرێمی کوردستانی عێراق، هاندەر و ئاڕاستەکەری کۆمپانیا گەورەکان بوو بۆ ئەنجامدانی گرێبەست (Balcı, ٢٠١٤: ١١). یەکەمین گرێبەست لە ساڵی ٢٠١١دا کۆمپانیای ئیکسۆن مۆبێلی ئەمەریکی ئەنجامی دا. لەدوای ئیکسۆن مۆبێلەوە، شیڤۆنی ئەمەریکی، تۆتاڵی فەڕەنسی و گازپرۆمی ڕووسی گرێبەستیان ئەنجام دا. لەمڕۆدا چوار کۆمپانیای گەورەی نێودەوڵەتی لە هەرێمی کوردستانی عێراقدان. هەروەها لە ئێستادا کۆمپانیاکانی وەک بریتیش پێترۆڵمی بەریتانی، لۆک ئۆیلی ڕووسی، کۆمپانیاکانی بواری وزەی چینی لە چاوپێکەوتندان بە مەبەستی ئەنجامدانی گرێبەست (Wildenburg, 2012: 51). هاتنی کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی بواری وزە بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق، وەک خاڵی تێکەڵبوون و چوونەناوەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق بۆ نێو سیستمی ئابووریی نێودەوڵەتی لێک درایەوە. مەسعوود بارزانی بەهای ئەنجامدانی ئەو گرێبەستەی لەگەڵ کۆمپانیای ئیکسۆن مۆبێلدا ئەنجامی دابوو، چوواندوویەتی بە ئەنجامدانی گرێبەست لەگەڵ دە بەتالیۆنی سەربازی ئەمەریکی، بۆیە ئەم گرێبەستانەی لە دەرەوەی ڕێککەوتننامە ئابوورییەکەی وەک کردەیەکی سیاسیی گرنگ هەڵسەنگاندووە (Danilovich ve Owtram, 2014: 123). هۆکاری سەرەکیی وەبەرهێنانی کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی بواری وزە لە هەرێمی کوردستانی عێراق ئەوە بوو چالاکیی پشکنین و گەڕان بە ڕێژەیەکی زۆر کەم لە هەرێمەکەدا ئەنجام درابوو، ئەمە لە کاتێکدا زۆربەی شوێنی یەدەگی نەوت و غازی سروشتیی عێراق دیاری کراوە. کۆمپانیاکان سەرەڕای ناڕوونی و نادیاری لە یاساکاندا، وەکوو هێزە سیاسییەکان چارەسەری ساتەوەختییان بەرهەم هێناوە. هەر چی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراقە، پێی وا بوو ئەو دەوڵەتانەی کە کۆمپانیاکانیان لەوێ کار دەکەن، لە پێناو قازانج و بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا پاڵپشتیی

حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق لەبەرامبەری حکومەتی ناوەندیی عێراقدا دەکەن (Ayhan, Barzani ve Demir, 2013: 27).

حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق بە پشتبەستن بە یاساکانی خۆی لە بواری نەوت و غازی سروشتیدا، کۆمپانیای بەبازاڕکردنی نەوتی کوردستان (KOMO)ی دامەزراند، لەگەڵ کۆمپانیا نەوتییەکاندا گرێبەستی ئەنجام دا (Ayhan, Barzani ve Demir, 2013: 18). حکومەتی ناوەندی جەختی لەوە کردەوە ئەم یاسایانە تاک لایەنە دەرکراون و هیچ چاوپێکەوتن و ڕاوێژێک بە ناوەند نەکراوە. لە مادەی ١١٠ی دەستووردا هاتووە: "دەسەڵاتی فیدراڵی ئابووری دەرەکی و سیاسەتی بازرگانی دیاری دەکات، سیاسەتی دارایی و سیستمی گومرگ دیاری دەکات، سیاسەتی بازرگانی لەسەر سنووری هەرێمەکان ڕێک دەخات"، هەروەها لە بڕگەی دووەمی مادەی ١١٢دا هاتووە: "حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێم پێکەوە سیاسەتی وزە دیاری دەکەن"، ئەمەشیان وەک پێشێلی دەستووری ناساندووە (Bell ve Saunders, 2006: 3). لەبەر ئەوەی ئەو گرێبەستانە لەلایەن حکومەتی فیدراڵییەوە پەسەند نەکراون، ئەوا لە ڕووی یاساییەوە بە قبووڵکراو هەژمار ناکرێن، لەم دۆخەدا ئەو کۆمپانیایانەی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراقدا کار دەکەن دووچاری سزایان دەکاتەوە، هەر بە هۆی ئەم ئامانجەوە بوو کە بە نووسراوی فەرمی کۆمپانیاکانیان ئاگادار کردەوە (Khalil, 2009: 7-8).

هەر چی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراقە، داکۆکیی لە یاساکانی نەوت و غازی سروشتیی خۆی کردەوە و پێیان وایە هیچ بەربەستێکی یاسایی لەبەردەم ئەم یاسایانەدا نییە. بەم شێوەیە ئەوەیان خستە ڕوو ئەگەر یاسایەکی پێچەوانە لە ئەنجوومەنی نوێنەرانەوە دەربچێت، ئەوا لە ڕووی یاساییەوە کاریگەریی لەسەر هەرێمی کوردستانی عێراق نابێت (Holland, 2012: 29). حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق بەم لێکدانەوەی خۆی هەوڵی دا ئەو گرێبەستانەی تا ئەو ڕۆژە ئەنجامی دابوون؛ گەرەنتییان بکات و هەروەها ئەو فاکتەرانەی دەبنە جێگەی مەترسیی کار و چالاکیی کۆمپانیاکان لە ناوچەکەدا، لە ڕووی یاساییەوە نەیهێڵێت. پسپۆڕان پێیان وایە مادەی ١١٠ی دەستوور لە پەیوەندیدایە بە جێبەجێکردنی دەستوورەوە. بۆ نموونەی بڕگەی یەکی مادەی ١١٠، بڕیار و حوکمەکانی تایبەتە بە لایەنی ئابووری، سیاسەتی بازرگانی، سیاسەتی دەرەکی و نوێنەرایەتیی دیپلۆماسی لە پەیوەندیدا بە دەوڵەتانی دیکەوە، هەروەها ئەو حوکمانە لەخۆ دەگرێت کە پەیوەندییان بە ئەنجامدانی ڕێککەوتن و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکانەوە هەیە. لەبەر ئەمە ئەو مادەیەی کە باس کرا، ناوەڕۆکی پەیوەندیی

نێودەوڵەتیی دەوڵەتەکە لەگەڵ دەوڵەتانی دیکەدا لەخۆ دەگرێت. لە ناوەرۆکی مادەکەدا کە بە دەسەڵاتی دەرەکی ئاماژەی بۆ کراوە، ئاڕاستەی دەسەڵاتی دەوڵەتان کراوە وەک لەوەی ئاڕاستەی کۆمپانیاکان کرابێت. بەم هۆیەوە داکۆکییان لەوە کردووە ئەم مادەیە لە ناوەرۆکەکەیدا ڕێگە بە ئەنجامدانی گرێبەستە تەکنیکییەکان لەگەڵ کۆمپانیاکاندا دەدات (Zedalis, 2009: 255). جگە لەوە، لە مادەکانی ١١٥ و ١٢١ی دەستووردا هاتووە کە ئیدارەی هەرێم دەسەڵاتی هەیە بۆ پیادەکردن و خستنەبواری جێبەجێکردنی ئەو یاسا و بڕیارە کارگێڕییانەی کە ناچنە نێو سنووری دەسەڵاتی کارگێڕیی ناوەندییەوە. ئەگەر بێتوو جیاوازیی لێکتێگەشتن لەم بابەتانەدا دروست ببێت، ئەوا لەپێشینەیی بەو ڕێکخستنانە دەدرێت کە ئیدارەی هەرێم دەریکردووە. بۆیە دەتوانین بڵێین بە گوێرەی ڕێکخستنە یاسایی و کارگێڕییەکانی پشتئەستوور بە دەستووری فیدراڵیی عێراق، حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق لەلایەن دەستوورەوە دەسەڵاتی بۆ بەڕێوەبردن و کاروبارەکانی پەیوەست بە سەرچاوەکانی نەوت و غازی سروشتییەوە پێ دراوە. هەر بۆیە دەتوانرێت ئەو دەرئەنجامە بخرێتە ڕوو کە حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق گرێبەستەکانی لەگەڵ کۆمپانیاکانی بواری نەوت و غازی سروشتیدا خاوەنی چوارچێوەیەکی یاسایی و دەستوورییە (Zedalis, 2009: 53). حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق بەتایبەت لەگەڵ کۆمپانیاکانی دەوڵەتاکاندا گرێبەستی ئەنجام دا، ئەمەش لە پێناو بەدەستهێنانی پاڵپشتیی ئەو دەوڵەتانە لەبەرامبەر حکومەتی ناوەندیدا، بۆ ئەوەی نەچێتە ژێر باری قبووڵکردنی خواستەکانی ناوەندەوە. لەم چوارچێوەیەدا حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق بە دروستکردنی پەیوەندییەکی باش لەگەڵ تورکیادا، خواستی بەهێزکردنی خۆی هەبوو لەبەرامبەر دەسەڵاتی فیدراڵیی عێراقدا (Dalar, 2015: 62). بڕیاری کۆمپانیا گەورە و ناسراوەکانی دونیا بۆ سەرمایەگوزاری و ئەنجامدانی گرێبەست و بەبازاڕکردنی نەوتی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق، فاکتەرێکی گرنگ و کاریگەر بوو لەسەر تورکیا بۆ گۆڕینی سیاسەتی وزەی وڵاتەکەی (Varol, 2013: 12). دوای ئەم بەرەوپێشچوونانە، کۆمپانیا تورکییە حوکمی و تایبەتییەکانی پەیوەست بە بەرهەمهێنانی نەوت گرێبەستیان لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق ئەنجام دا. کۆمپانیایەکی وەک تپاو[٥] کە لە ناوچەی بەسرە کاری بەرهەمهێنانی دەکرد، کاتێک حکومەتەکەی مالیکی گرێبەستەکەی لەگەڵ هەڵوەشاندەوە، لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق گرێبەستی ئەنجام دا. کۆمپانیای گەنەل ئینێرجی وەک یەکێک لە گرووپی کۆمپانیاکانی

چوکرۆڤا هۆڵدین، لە شەش کێڵگە دەستی بە بەرهەمهێنانی نەوت کرد. خاڵی وەرچەرخان لە پرۆسەی دروستکردنی پەیوەندییەکانی وزەی نێوان تورکیا و حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق، ئیمزاکردنی یاداشتنامەی لێکگەیشتنی نێوان هەردوو لایەنەکە بوو. لە دەرئەنجامی ئەمەشدا، بازرگانە تورکەکان لەپێش هەمووانەوە بەتایبەت ئەوانەی بواری وزە لە زۆر بواردا دەستیان بە سەرمایەگوزاری کرد (Çağaptay ve Evans, 2012: 3-8). مەسعوود بارزانی لە ساڵی ٢٠١١دا جەختی لەوە کردەوە گرێبەستەکانی نێوان تورکیا و حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق گرێبەستێکی تەواوکاریی ئابوورییە. دوای ساڵی ٢٠١١، کاتێک حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق لەبەرامبەر پێکهاتەکانی دیکەی عێراقدا هەستی بە تەنهایی کرد، زیاتر لە تورکیا نزیک بوویەوە. لەدوای ئەمەوە، هەردوو لایەنەکە بەتایبەت لە ڕووی وزەوە دەستیان بە هەماهەنگی کرد. مشتومڕێکی گەرم لەنێوان حکومەتی ناوەند و حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق هاتە ئاراوە کە ئاخۆ دەسەڵاتی ئیمزاکردنی گرێبەستەکان لەلای کێیە، هەروەها حاڵەتەکانی وەک نەدانی بڕی ١.٥ ملیار دۆلاری حەقی کاری کۆمپانیاکان دەرکەوت. لەسەر ئەمە، لە ٢ی نیسانی ٢٠١٢دا حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق ناردنەدەرەوەی نەوتی ڕاگرت.

لەساڵی ٢٠١٢بەدواوە،وزەکۆمەکی هەردوو لایەنەکەی کرد تاوەکوو هەماهەنگیی نێوانیان زیاد بکەن. دەستپێکردنی چاوپێکەوتنەکان لەم بوارانەدا، بووە هۆی ئەوەی کە لە بوارە جیاوازەکانی دیکەشدا هەماهەنگی و کاری پێکەوەیی ئەنجام بدرێت، ئەمەش کۆمەکی زیادبوونی پەیوەندییە ئابووری و سیاسییەکانی نێوان هەردوو لایەنەکەی کرد. لە ٢٠ی مایسی ٢٠١٢، سەرەڕای ڕازینەبوونی حکومەتی ناوەندی، گرێبەستێکی بەرفراوان لە بواری وزە لەنێوان وەزیری وزەی تورکیا و وەزیری سامانە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراقدا ئیمزا کرا. بە هۆی ئەم ڕێککەوتنەوە، گەشتنە بڕیاری ناردنی نەوت و غازی سروشتیی هەرێمی کوردستانی عێراق بۆ بازاڕە جیهانییەکان لە ڕێگەی تورکیاوە (Çandar, 2012: 1). حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق بە هۆی ئەو کێشانەی لەگەڵ حکومەتی ناوەندیدا دووچاری بوویەوە، ناردنی نەوتەکە بە هێڵی بۆریی کەرکووک-جەیهان لە ڕێگەی سۆمۆوە ڕاگرت. لە ٢٦ی تەممووزی ٢٠١٢، سەرەڕای ناڕەزاییەکانی حکومەتی ناوەندی، حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق دەستی بە گواستنەوەی نەوتەکەی لە ڕێگەی تەنکەرەوە کرد. بە گوێرەی بانگەشەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق، دەبووایە حکومەتی ناوەندی (١٧٪)ی نەوتی پاڵفتەکراو بداتە هەرێمی کوردستان، بۆیە

ئه‌مانیش نه‌وتی خاویان به‌ تورکیا فرۆشت و له‌ به‌رامبه‌ردا نه‌وتی پاڵفته‌کراویان وه‌رده‌گرته‌وه‌ (Ayhan, Barzani ve Demir, 2013: 25). له‌ ساڵی (٢٠١٥-٢٠١٦) به‌ هۆی دابه‌زینی نه‌وت بۆ ئاستێکی زۆر نزم و به‌رزبوونه‌وه‌ی تێچووی گواستنه‌وه‌ی نه‌وته‌که‌، کاریگه‌ریی نه‌رێنیی کرده‌ سه‌ر به‌رده‌وامیی گواستنه‌وه‌ی نه‌وته‌که‌ له‌ ڕێگه‌ی وشکانییه‌وه‌. جگه‌ له‌وه‌ش، له‌ مانگی یه‌کی (٢٠١٤)ه‌وه‌ له‌ ڕێگه‌ی هێڵی بۆریی که‌رکووک-جه‌یهانه‌وه‌ فرۆشتنی نه‌وت ده‌ستی پێ کرد، له‌ ساڵی ٢٠١٦دا گواستنه‌وه‌ی نه‌وت له‌ ڕێگه‌ی تورکیاوه‌ به‌کۆتا هات (Zhdannikov, 2016: 2).

حکومه‌تی هه‌رێمی کوردستانی عێراق بۆ ئه‌وه‌ی سامانه‌ سروشتییه‌کانی به‌ شێوه‌یه‌کی ڕێکوپێک و به‌ نرخێکی باش به‌ وڵاتانی کڕیاری نه‌وته‌که‌ی بفرۆشێت و له‌ هه‌مان کاتدا بتوانێت کاری ده‌رهێنان و به‌رهه‌مهێنانی لێ بکات و خۆی پرۆسه‌ی پاڵفته‌کردنی ئه‌نجام بدات، پێویستی به‌ سه‌رمایه‌گوزاری له‌و پێداویستییانه‌دا هه‌یه‌. حکومه‌تی هه‌رێمی کوردستانی عێراق ده‌بێت له‌گه‌ڵ هه‌موو ئه‌مانه‌دا په‌یوه‌ندییه‌کانی له‌گه‌ڵ ئه‌و ده‌وڵه‌تانه‌دا به‌ره‌و پێشه‌وه‌ ببات که‌ هێڵی بۆریی نه‌وته‌که‌ی پێدا تێپه‌ڕ ده‌بێت، چونکه‌ ئه‌مانه‌ تۆڕێکی گرنگی لۆجستیی سه‌رچاوه‌کانی وزه‌ن. به‌ ده‌ربڕینێکی تر: کاتێک باسه‌که‌ دێته‌ سه‌ر سامانی وزه‌، ئیتر په‌یوه‌ندیی هاووابه‌سته‌یی دێته‌ کایه‌وه‌ (Hinnebusch, 2003: 35).

حکومه‌تی هه‌رێمی کوردستانی عێراق پلانی هه‌بوو له‌ ڕێگه‌ی بۆتاش (BOTAŞ)[٦]ه‌وه‌ ئه‌و هێڵه‌ بۆرییه‌ی که‌ له‌ کێڵگه‌کانی تاوکی و ته‌قته‌قه‌وه‌ ده‌ست پێ ده‌کات، ببه‌ستێته‌وه‌ به‌ هێڵی بۆریی که‌رکووک-جه‌یهانه‌وه‌ له‌ فیشخابوور، که‌ ده‌که‌وێته‌ به‌رامبه‌ر ناوچه‌ی سلۆپی له‌ تورکیا. ئه‌و هێڵی بۆرییه‌ به‌ته‌واوی له‌و ناوچانه‌دایه‌ که‌ له‌ژێر قه‌ڵه‌مڕه‌وی حکومه‌تی هه‌رێمی کوردستانی عێراقدان. درێژیی هێڵی بۆرییه‌که‌ (٢٥٠کم)ه‌، ڕۆژانه‌ له‌ توانایدا هه‌یه‌ بڕی ....٤ به‌رمیل نه‌وت بگوازێته‌وه‌. مه‌ودای دووریی نێوان فیشخابور و سلۆپی، ته‌نها ٣٠ کیلۆمه‌تره‌ (İşeri, 2014: 10-13).

له‌به‌ر ئه‌وه‌ی هێڵی بۆریی نه‌وتی که‌رکووک-جه‌یهان به‌ته‌واوی له‌ژێر کۆنترۆڵی عه‌ره‌به‌کاندایه‌، حکومه‌تی هه‌رێمی کوردستانی عێراق چه‌ندین ساڵ پرۆژه‌گه‌لی نوێی خسته‌ ئاراوه‌ بۆ دامه‌زراندنی هێڵی بۆریی نه‌وتی نوێ. له‌ بابه‌تی بونیادنانی هێڵێکی بۆریی نوێ که‌ له‌ ڕێککه‌وتنه‌که‌دا هاتووه‌، ڕێگه‌خۆشکه‌ر بوو بۆ سه‌رهه‌ڵدانی گرژیی زیاتر له‌نێوان حکومه‌تی مه‌رکه‌زیی عێراق و تورکیادا. ویلایه‌ته‌ یه‌کگرتووه‌کانی ئه‌مه‌ریکا له‌ ڕێگه‌ی ڕوونکردنه‌وه‌یه‌که‌وه‌ په‌یامێکی ئاگادارکردنه‌وه‌ی ئاڕاسته‌ی تورکیا کرد، که‌ نابێت

بەبێ ڕەزامەندیی حکومەتی ناوەندیی عێراق لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراقدا ڕێک بکەون. کاتێک کۆمپانیا ئەمەریکییەکانی بواری نەوتیش گرێبەستەکانیان ئەنجام دا، دەرکەوت ئەو ئاگادارکردنەوەیە ئەنجامێکی جددیی نابێت.

زۆربەی تیۆریستەکان (بە نای و کەیهن) پشەوە جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە هاووابەستەیی بەگشتی لەنێوان دەوڵەتەکاندایە، بەڵام پێیان وایە پرۆسەی بەجیهانگیربوون ڕێگەخۆشکەرە بۆ ئەوەی کارەکتەرە نادەوڵەتییەکانیش بێنە ناو سیستمە جیهانییەکەوە. بەم هۆیەوە، کارەکتەرێکی نادەوڵەتیی وەک حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق کە سەر بە دەوڵەتی فیدراڵیی عێراقە، کەوتە ناوانەوە. لەم چوارچێوەیەدا کاتێک لە پەرلەمانی تورکیا لە ڕێکەوتی ١٨ی شوباتی ٢٠١٣دا لەم بارەیەوە پرسیارێک ئاڕاستەی وەزیری وزە کرا، بەم شێوەیە وەڵامی دایەوە: وەک ئەوەی پێشبینی کراوە، حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق خاوەن یەدەگێکی زۆری وزەیە، بۆ کارکردن لەم سەرچاوانەدا کارەکتەرە دیارەکانی بواری وزە دەستیان بە جووڵە کردووە، لە ٢٠ وڵاتی جیاوازەوە چەندین کۆمپانیای گەورە دەستیان بە کارکردن لەم ناوچەیە کردووە و چالاکیی خۆیان ئەنجام دەدەن، لە کاتێکدا کۆمپانیا گەورەکانی دونیا گرنگییەکی زۆر بەم بابەتە دەدەن، چیتر پێویست ناکات تورکیا خۆی لەمە بەدوور بگرێت. بەم هۆیەوە بە گوێرەی یاسا نێودەوڵەتی و ناوخۆییەکانی عێراق و پەیوەندییەکانی وزەش، هیچ بەربەستێکی یاسایی لەبەردەم ئەنجامدانی گرێبەست لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراقدا نییە. هەروەها جەختی لەسەر ئەوەش کردەوە کە ئەم ڕێککەوتنانەی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق و دامەزراوە تایبەتی و گشتییەکان بە سروشتی خۆیان لە چوارچێوەی ڕێککەوتنی بازرگانیدان، ئەم ڕێککەوتننامانە شوێنکەوتەی حوکمەکانی یاسای تایبەتە و لە چوارچێوەی پەیمانبەستن و ڕێککەوتنی هەمیشەییدا پۆلێن ناکرێن. جگە لەوەش حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق لە ڕووی ئیدارییەوە سەر بە عێراقە و بە گوێرەی ئەو سنوور و هێڵانەی کە لە چوارچێوەی دەستووردا کێشراون، خاوەنی کیان و دەسەڵاتێکی فیدراڵییە. هەروەها ئاماژەی بەوە دا ئەم ڕێککەوتنەی وەزارەتەکەی ئەنجامی داوە، وەک تەواوی ئەو پەیوەندییانەیە کە دەوڵەتە باڵادەستەکانی دیکە لە چوارچێوەی یاسا و دەستووری عێراقدا لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراقدا ئەنجامیان داوە (Yıldız, 2013: 1).

لە یاسای نێودەوڵەتیدا ڕێگە دراوە کە پەیماننامە لەنێوان دەوڵەتان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکاندا لەسەر بنەمای ئیرادەی

خۆیان ئەنجام بدەن. ئەو گرێبەستانەی لەنێوان دامەزراوە تایبەتی و گشتییەکانی دەوڵەتێکدا ئەنجام دەدرێت، لە چوارچێوەی پەیماننامەدا پۆلێن ناکرێن. تەنانەت ئەگەر لەنێوان دوو دەوڵەتی خاوەن هەژموون و سەروەریدا ئەنجام بدرێن، دیسانەوە ئەم گرێبەستانە وەک پەیماننامە هەژمار ناکرێن (Dalar, 2015: 65-66).

ڕەوانەکردنی نەوتەکەی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق لە ڕێگەی تەنکەرەوە؛ خاو و تێچوویەکی زۆری هەبوو، لە بەرامبەریشدا پرۆسەی بەرهەمهێنانی نەوتەکە خێرا بوو، ئەمەش لە ئەنجامدا بیرۆکەی هەڵکەندنی هێڵی بۆریی لەنێوان تورکیا و حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراقدا بەهێز کرد. لە ڕێکەوتی ٢٥ی ئاداری ٢٠١٣دا، ڕێککەوتنێکی دیکە لە پەیوەندیدا بە وزەوە لەنێوان تورکیا و حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراقدا ئیمزا کرا (Aydoğan, 2016: 38-41). سەرەڕای دژایەتییەکانی ئەمەریکا و بەغدا، کەچی تورکیا و حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق مکوڕ بوون لەسەر هەڵوێستەکەیان و لە ڕێکەوتی ١٥ی تشرینی دووەمی ٢٠١٣دا ئەو هێڵی بۆریی نەوتەی دروستیان کرد و بڕی تێچوونەکەی ٤٠٠ ملیۆن دۆلار بوو، تەواو کرا. لە پرۆسەی دروستکردنەکەدا سەرەتا هێڵی بۆریی تەقتەق-خورمەڵە و دواتریش لە قۆناغی دووەمدا هێڵی بۆریی خورمەڵە-فیشخاپور تەواو کرا. لە یەکەم ڕۆژی ساڵی ٢٠١٤دا نەوتی هەرێمی کوردستانی عێراق لە ڕێگەی ئەم هێڵەوە ڕەوانەی تورکیا کرا (Genel Energy, 2016: 1). حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق پێکەوە لەگەڵ تورکیادا یەکەمین هێڵی بۆریی نەوتی خۆی بونیاد نا، ئەمەش بۆ ئەوەی کۆتایی بە وابەستەبوونی بە حکومەتی ناوەندییەوە بهێنێت، چونکە پێشتر لە ڕێگەی هێڵی کەرکووک-جەیهانەوە کە لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی عێراقیدایە؛ نەوتەکەی ڕەوانە دەکرد. جگە لەوەش، لە کاتێکدا هەریەک لە حکومەتی ناوەندی و حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق گەشتنە ئامانجەکەیان کە ناردنەدەرەوەی یەک میلیۆن بەرمیل نەوتە بەجیاجیا لە هێڵی بۆریی کەرکووک-جەیهانەوە، ئیتر پێویستیان بە هێڵی بۆریی نوێ بوو، چونکە توانای لەخۆگرتن و گواستنەوەی نەوت لە ئێستادا لەم هێڵەوە ١.٦٥ ملیۆن بەرمیلی ڕۆژانەیە کە ئەمەش بەس نییە.

بڕی نەوتە هاتووەکە گەیشتە ٢.٥ ملیۆن و لە گەنجینەکانی جەیهاندا هەڵگیران، چونکە چاوەڕوانی ئەنجامی یاداشت و دانوستانەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق و حکومەتی ناوەندی دەکرا و لەم ماوەیەدا ناردنەدەرەوەی بۆ بازاڕە جیهانییەکان وەستێنرا. ئەنجامی دانوستانەکان سەرکەوتوو نەبوو و لە مایسی ٢٠١٤دا گەنجینەکانی جەیهان پڕ بوون.

بەڵام سەرەڕای ئەوەی کە هێشتا مشتومڕەکان هەر بەردەوام بوون، دەست کرایەوە بە ناردنی نەوتەکە بۆ بازاڕە جیهانییەکان. بەم شێوەیە بە هۆی ئەو کێشەیەی لە واقیعدا بوونی هەبوو، قەیرانەکە تا دەهات قووڵتر دەبوویەوە. نەوتەکە بۆ وڵاتەکانی دیکە نێردرا، بەڵام تورکیا ئەم نەوتەی نەکڕی بۆ ئەوەی کاریگەری لەسەر پڕۆسەی ئیمزاکردنی گرێبەستەکانی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراقدا بە زیان نەشکێتەوە. نێچیرڤان بارزانی ڕوونی کردەوە کە گرێبەستێکی پەنجا ساڵەیان لەگەڵ تورکیادا ئەنجام داوە و دەکرێ ئەم ماوەیە درێژتریش بکرێتەوە، هەروەها جەختی لەوەش کردەوە کە ئامانجیان وەرگرتنی بەشەبودجەی خۆیانە بە ڕێژەی (١٧٪) کە وەک مافی یاسایی خۆیان دەیبینن، لە هەمان کاتدا پێی وا بوو کە تەواوی پڕۆسەکە زۆر بە ڕوون و ئاشکرایی بەرەوپێشەوە دەچێت، ئەو کێشەیەی کە لەگەڵ حکومەتی ناوەندیدا تووشی بوون بە هۆی نەبوونی کۆنترۆڵی بابەتەکەیە لە دەستی خودی بەغدادا. ئاماژەی بەوە دا لە چوارچێوەی دەستووری عێراقدا لە حوزەیرانی ساڵی (٢٠١٤)ەوە بایی ٩ ملیار دۆلاریان نەوت فرۆشتووە (Dalar, 2015: 62).

دوای ڕێککەوتنی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق لەگەڵ تورکیا لە تشرینی دووەمی ٢٠١٤دا بە مەبەستی بازرگانیی نێودەوڵەتیی نەوت لە ڕێگەی هێڵی بۆریی جەیهانەوە، دیسانەوە چاوپێکەوتنەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق و حکومەتی ناوەندی دەستی پێ کردەوە. ساڵی ٢٠١٤ ساڵێکی گرنگ بوو کە تێیدا لایەنەکان هەنگاوێکی گرنگیان لە پێناو بەرژەوەندی و ئاشتیدا هاویشت. نزیکبوونەوەی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق و حکومەتی ناوەندی و سەرهەڵدانی ڕێکخراوی تیرۆرستیی داعش و گرتنی هەندێک لە ناوچەکانی ژێردەستیان و کردنەوەی بەرەی جەنگ بەرامبەر هەردوو لایەنەکە، کاریگەرییەکی زۆر گرنگی هەبوو. دوای ئەوەی لە ٦ی حوزەیرانی ٢٠١٤ ڕێکخراوی تیرۆرستیی داعش کە پێشتر چالاکییەکانی خۆی لە سووریا ئەنجام دەدا؛ پەلاماری عێراقی دا، موسڵ و بەشێکی دیار و بەرچاوی ناوچە جێناکۆکەکان کەوتنە ژێر دەستیەوە، دیسانەوە دۆخێکی نوێی خوڵقاند. بە هۆی پێشڕەوییەکانی داعشەوە، سوپای عێراق لە زۆربەی شارەکان کشانەوە. کەرکووک لەلایەن سوپای عێراقەوە چۆڵ کرا، لەبریی ئەمان حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق لە ١٢ی حوزەیراندا لە ڕێگەی پێشمەرگە و هێزە سەربازییەکانیانەوە کۆنترۆڵی کەرکووکیان گرتە دەست. حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق بەکۆنترۆڵکردنی کەرکووک و بەشێکی زۆری ناوچە جێناکۆکەکان، کێڵگە نەوتییەکانی ئەو ناوچانەشیان کەوتە ژێر دەست.

لە ڕوانگەی دەسەڵاتی هەرێمییەوە، لەبەر ئەوەی ئەو ناوچانە کەوتبوونە ژێر دەسەڵات و کۆنترۆڵی ئەوانەوە، دەبێت ئەوانیش سوود لە سەرچاوەکانی نەوت و غازی سروشتیی ناوچەکە لە ڕووی ئابوورییەوە وەربگرن، لە کاتێکدا دەسەڵاتی فیدراڵی دەیویست تەواوی سەرچاوەکانی وزە بەناوەندی بکات و بیانخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە و وەک ئامرازێک بەکاری بهێنێت بۆ سەپاندنی تەواوی هێزی خۆی بەسەر تەواوی وڵاتەکەدا (Zedalis, 2009: 262). لەم ماوەیەدا حکومەتی ناوەندی بابەتی بودجەی هەرێمی وەک کارتێکی فشار بەکار دەهێنا، هەر چی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراقیشە بابەتی فرۆشتنی نەوتی بە شێوەی سەربەخۆ وەک کارتی فشار بەکار دەهێنا.

لەبەر ئەم هۆیە ململانێ لەنێوان هەردوو لایەنەکەدا هەیە بۆ سەپاندنی هێز و هەژموونی خۆیان بەسەر سەرچاوە سروشتییەکاندا. لە کاتی دانوستان و چاوپێکەوتنەکانی هەردوو لایەنەکەدا، پتر لەوەی هەوڵی لێکنزیکبوونەوە و ڕێککەوتن بە مەبەستی چارەسەرکردن هەبێت، هەر لایەنێک هەوڵی سەپاندنی ئامانج و دیگاکانی خۆی بەسەر ئەوی دیکەدا داوە. بەم هۆیەوە ڕێگری لەبەردەم بەیاساییبوونی ئەو بابەتانەدا هاتە ئاراوە و جیاوازییەکانیش قووڵتر بوونەوە. لە ماوەی ئەم قۆناغەدا هەندێ کاریگەریی دەرەکی لەسەر بابەتەکە دروست بوون کە فشاری لێکتێکەشتنیان دروست دەکرد، بەڵام ئەم لێکتێگەیشتنانەش کاتی بوو و بۆ ماوەیەکی زۆر بڕی نەدەکرد. تەنانەت لەو بابەتانەشدا کە ڕێککەوتن و لێکتێگەیشتن لە بارەیەوە هەبوو، دیسانەوە لایەنەکان هەوڵی تۆمەتبارکردنی یەکتریان دەدا (Deek ve Burton, 2007: 55).

بە گوێرەی پرۆتۆکۆڵی ئەو یاداشتی لێکتێگەشتنەی لە تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠١٤ لەنێوان حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق و دەسەڵاتی ناوەندیدا لە بواری وزەدا هاتە ئاراوە، حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق بە ناوی دەسەڵاتی ناوەندییەوە ڕۆژانە بڕی ٢٥٠٠٠٠ بەرمیل نەوت لە ڕێگەی هێڵی بۆریی کەرکووک-جەیهانەوە دەنێرێتە دەرەوە، لە هەمان کاتدا لەسەر ئەوەش ڕێک کەوتن هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی تورکیاوە بڕی ٣٠٠٠٠٠ بەرمیل نەوتی دیکە بنێرێتە دەرەوە. تورکیا، لەبریی دەستوەردان لە مشتومڕە یاسایی و سیاسییەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق و دەسەڵاتی فیدراڵی ، چاوەڕێی ئەوە بوو کێشەکە لەنێوان خۆیاندا یەکلایی بکەنەوە. بڕیاری دادگای باڵای دەسەڵاتی ناوەندی لە بەرژەوەندیی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق، هەم دەستی هەرێمی کوردستانی عێراقی لە هاوکێشەکەدا بەهێز کرد، هەم ڕێگەخۆشکەر بوو بۆ ئەوەی تورکیا بە ئاسوودەییەکی زیاترەوە بازرگانیی لەگەڵدا بکات (Dalar,

2015: 66). ڕێککەوتنی ساڵی ٢٠١٤ی نێوان حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق لە بابەتی ناردنەدەرەوەی نەوتدا، لە ڕەواندنەوەی کێشەکانی نێوانیاندا قۆناغێکی گرنگی بڕی. پێویستیی تورکیا بە نەوت و پێویستیی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق بە داهاتی نەوتەکە، چونکە سیستمە ئابوورییەکەی پشتی بە نەوت بەستووە، هۆکاری هاتنەئارای هەماهەنگیی ئابووریی نێوانیان بوو. سەرەڕای ئەمەش، بە شێوەیەکی گشتی پەیوەندیی سیاسیی نێوان لایەنەکان لە دیدگایەکی ئەمنیی نەریتیدا دەبینرا، بۆیە ئاستی پەیوەندییەکانی نێوانیان ڕووی لە دابەزین کرد (Dalar, 2016: 160).

### ٢,٣. گەیاندنی وزە بە بازاڕە نێودەوڵەتییەکان

حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق بەبێ ئەوەی چاوەڕێی چارەسەری ئەو ناکۆکییانەی کە لە سەرەوە باس کرا بکات، لە ساڵی ٢٠١٣ لەگەڵ تورکیادا دەستیان بە ڕاکێشانی هێڵی بۆریی نەوت کرد، لە ساڵی ٢٠١٤ ناردنەدەرەوەی نەوت لەم هێڵەوە و لە ڕێگەی تورکیاوە دەستی پێ کرد. بەم شێوەیە دۆخەکە تا دەهات ئاڵۆزتر دەبوو. حکومەتی ناوەندیی عێراق بردنەدەرەوەی ئەم نەوتەی وەک کارێکی قاچاغچییانە لێک دەدایەوە (Zedalis, 2009: 300-303). حکومەتی ناوەندیی عێراق دەیویست ئەو نەوتەی کە لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا دۆزراوەتەوە، تەنها لە ڕێگەی سۆمۆوە بفرۆشرێت. بەو هۆیەوە گرژی و لێکترازانەکەشتن لەنێوان لایەنەکاندا ڕووی دا. پێشتر مشتومڕێکی وەها لەئارادا بوو کە ئاخۆ ئەنجامدانی گرێبەستی نەوت لە دەسەڵاتی کێدایە، بەڵام لە مایسی (٢٠١٤)ەوە مشتومڕێکی توندی دیکە هاتە ئاراوە کە ئاخۆ دەسەڵاتی ناردنەدەرەوەی نەوت لە توانای کێدایە، بەم شێوەیە گرفتەکە هەنگاوێک زیاتر ئاڵۆزیی بەخۆیەوە بینی. حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق دیوە یاساییەکانی ئەم بابەتەی لەگەڵ پسپۆڕی بواری یاسای نێودەوڵەتی جەیمس ر. کرافۆرد پرۆفیسۆر لە زانکۆی کامبریج کنە کرد و دیدگایەکی یاسایی سەربەخۆی بەدەست هێنا. بە تێڕوانینی کرافۆرد، ئەو گرێبەستانەی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق ئەنجامی داوە؛ هەمووی یاساییە و لەگەڵ دەستووردا یەک دەگرێتەوە (Kurdistan Regional Government, 2014: 1-2).

حکومەتی ناوەند بە هۆی ئەو بەریەککەوتنانەی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراقدا لە بارەی دەسەڵاتەکانەوە بۆی دروست بووبوو، بە پاڵپشتیی مادەی ٩٣ی دەستوور بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە لە دادگای باڵای عێراق بە تۆمەتی پێشێلی یاسا سکاڵای تۆمار کرد. دادگای باڵا لە ٢٣ی حوزەیرانی ٢٠١٤، بە کۆی دەنگ بڕیاری ڕێگریکردن لە

ناردنەدەرەوەی نەوت و سەپاندنی سزای بەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراقدا ڕەت کردەوە. دادگا ئاماژەی بەوە دا مادەی ١١٠ی دەستووری عێراق کە سنووری دەسەڵاتەکان دیاری دەکات و پشت بە یاساکانی پێش ساڵی ٢٠٠٣ دەبەستێت، بەهەڵە لێکدانەوەی بۆ کراوە. لە پەیوەندیدا بە دەستوورەوە، دادگا بڕیاری دا کە حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق دەسەڵاتی ناردنەدەرەوەی نەوتی هەیە و ناردنەدەرەوەی نەوتەکەش پێشێلکاریی دەستووری نییە. بۆیە ئەمە بڕیاری کۆتاییە و لە چوارچێوەی دەستووردایە و دەبێت پەیڕەویی لێ بکرێت. هەموو ئەو گرێکوێرانەی کە بە هۆی ناردنەدەرەوەی سەرچاوەکانی وزە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراقەوە دروست بووبوو، کرانەوە. ئەگەرچی دادگای باڵای عێراق لە ڕووی یاسای ناوخۆییەوە بڕیارەکانی دا و تانەگرتنیشی ڕەت کردەوە، حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق شەرعیەتی بۆ خۆی بەدەست هێنا و مەترسیی سزادان لەسەری هەڵگیرا، بەڵام هێشتا هەر مشتومڕە یاساییەکان کۆتاییان پێ نەهات. بۆیە حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق داوای پابەندبوونی لە حکومەتی ناوەندی عێراقی بەرامبەر ئەم بڕیارە کرد، داوای لێ کرد ئەو کۆمپانیانەی بە هۆی ئەنجامدانی گرێبەستی نەوتی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراقدا خرابوونە لیستی ڕەشەوە؛ دەریهێنێت و لەو بڕیارە پەشیمان ببێتەوە (Kurdistan Regional Government, 2014: 7).

ئەم بڕیارە لە هەمان کاتدا لە ڕوانگەی تورکیاوە دەرئەنجامێکی زۆر گرنگی هەبوو، چونکە نەوتەکە لە ڕێگەی تورکیاوە دەگەیشتە بازاڕە نێودەوڵەتییەکان. ئەم بڕیارە ڕەوایەتیی ڕێگەپێدانی لە خۆیدا هەڵگرتبوو، لە هەمان کاتدا ڕێگەخۆشکەر بوو بۆ ئەوەی لەنێوان تورکیا و حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراقدا لە بوارەکانی دیکەشدا ڕێککەوتن ئەنجام بدرێت. وەزیری ئابووریی عێراق ئەوەی ڕوون کردەوە لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراقدا سەبارەت بەو نەوتەی لە ناوچەکە دەردەهێنرێت، ڕێک کەوتوون تاوەکوو لە ڕێگەی هێڵی بۆریی کەرکووک-جەیهانەوە بنێردرێتە بازاڕە نێودەوڵەتییەکان (Dalar, 2015: 64).

نەوتە دۆزراوەکەی هەرێمی کوردستانی عێراق هەر لە سەرەتای بەرهەمهێنانیەوە تاوەکوو پرۆسەی ناردنەدەرەوەی، هۆکاری سەرهەڵدانی چەندین گرژی و ناکۆکی بوو لەنێوان دەسەڵاتی ناوەند و هەرێمدا. بنەمای یاسایی ئەم ناکۆکییانە پاڵپشتە بە دەستووری عێراقی کە لە ساڵی ٢٠٠٥دا پەسەند کراوە. لەبەر ئەوەی دەستووری عێراق حوکمەکانی ڕوون نەکردووەتەوە، هەردوو لایەنەکە بە ئاراستەی بەرژەوەندییەکانی خۆیان لێکدانەوەیان بۆ مادە دەستوورییەکان دەکرد

و دواتر هەر لەسەر ئەم لێکدانەوانەی خۆشیان پەیڕەویی ڕێوشوێنەکانیان دەکرد، بۆیە لێرەوە وزە و سیاسەت خاڵی دەستپێکی ناکۆکییەکانی نێوان هەردوو لایەنەکە بوون (Moradi ve Saie, 2013: 593). لەم قۆناغەدا و لە چوارچێوە نێودەوڵەتییەکاندا تێڕوانینێکی وەها بەربڵاو بوو کە لە ڕووی یاساییەوە هەق و مافی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراقە کە ئیدارەی سەرچاوەکانی وزەی بدات. هۆکاری سەرەکیی جیاوازییەکانی نێوان ئەم دوو لایەنە، ڕێکنەخستنی دەسەڵاتەکانە بەوردی لە بابەتی بەڕێوەبردنی سەرچاوەکانی وزە لە دەستووری حکومەتی فیدراڵیدا، لە لایەکی دیکەوە نەبوونی هەستی دڵنیایی و متمانەیە بە یەکتر بە هۆی ئەو ململانێیانەی لە پڕۆسە مێژووییەکەدا ڕووی داوە (Ayhan, Barzani ve Demir, 2013: 19).

بابەتێکی دیکە کە هێندەی بەرهەمهێنانی سەرچاوەکانی وەک نەوت و غازی سروشتی گرنگە، کێشەی گواستنەوەی سەرچاوەکانە لە ئاسایش و دڵنیاییدا. هێڵەکانی بۆری ڕۆڵێکی گرنگ لە گواستنەوەی نەوتی خاو و غازی سروشتیدا دەگێڕن. لەبەر ئەوەی هێڵەکانی بۆری بە زیاتر لە وڵاتێکدا تێپەڕ دەبن، نرخی تێچووی دارایی و گواستنەوەی تێپەڕبوونەکە بەرزتر دەکەنەوە. لەبەر ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق بەندەری ئاوی نییە، ئەمەش دەبێتە بابەتێکی گرنگ کە ئاخۆ لە کوێوە نەوتە بەرهەمهێنراوەکەیان بنێرنە سەر دەریا. گەر لە ڕووی جوگرافییەوە هەڵسەنگاندن بۆ ئەم بابەتە بکرێت، ئەوا دەتوانرێت نەوتی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق لە ڕێگەی وڵاتانی عێراق، ئێران، سووریا، ئیسرایل و تورکیاوە بنێردرێتە بازاڕە نێودەوڵەتییەکان.

ئەگەر لە ڕوانگەی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراقەوە هەڵسەنگاندن بۆ ئەم هەڵبژاردنانە بکەین: دەسەڵاتی فیدراڵیی عێراق پێی وایە حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق دەسەڵاتی ئەنجامدانی گرێبەستی لەگەڵ کۆمپانیا نەوتییەکاندا نییە و هەروەها لە سنووری دەسەڵاتەکانیدا نییە نەوت بنێرێتە دەرەوە، لەبەر ئەوەی کە لە بنەڕەتدا ڕەزامەند نییە لەسەر پڕۆسەکە، کەواتە ڕێگە نادات لە ڕێگەی هێڵەکانی بۆریی خۆیەوە، ئێمە (حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق) نەوتەکە بنێرینە دەرەوە. بەم هۆیەوە حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق بەندەری بەسرە بۆ ناردنەدەرەوەی نەوتەکەی هەڵنابژێرێت. ناردنەدەرەوەی نەوتەکە لە ڕێگەی ئێرانەوە، بەتایبەت لە گەرووی هورمزەوە بەدیلێکی سەرنجڕاکێش نییە، چونکە ئێران بە هۆی کێشە ئەتۆمییەکەیەوە ساڵانێکی دوورودرێژە لەژێر گەمارۆی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدایە. حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق، بۆ ئەوەی دووچاری هەمان تەنهایی ئێران

نەبێتەوە، کەواتە ئێران بۆ ناردنەدەرەوەی نەوتەکەی هەڵنابژێرێت.

هێڵی بۆریی نەوتی کەرکووک-بانیاس کە لە سووریاوە تاوەکوو دەریای سپی درێژ دەبێتەوە، ڕۆژانە توانای گواستنەوەی ٧٠٠٠٠٠ بەرمیل نەوتی هەیە. بەڵام لە ساڵی (٢٠٠٣)ەوە بە هۆی پرۆسەی ئازادیی عێراقەوە ئەم هێڵە نەوتییە زیانی بەر کەوت و دووچاری پەککەوتن بوویەوە. بە هۆی سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆی سووریا لە ساڵی ٢٠١١دا هەڵبژاردنی ئەم ڕێگەیە بە هۆی ناسەقامگیرییەوە بووە ئەگەرێکی دوور. بەڵام گەر بێتوو پەیەدە لە باکووری سووریا یاخود لە خاکی نێوان هەرێمی کوردستانی عێراق و سووریادا ناوچەیەکی ئۆتۆنۆمی دابمەزرێنێت، لە هەمان کاتدا گەر ئەمەریکای پاڵپشتیکاری هێزەکانی سووریای دیموکرات و پەیەدە فشار لە حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق بکات، لێرەدا هێڵێکی بۆریی نەوتی نوێ لێدەدرێت ئیتر لە ڕێگەی دەریای سپی یاخود ئیسرائیلەوە بێت دەگەیەنرێتە بازاڕە نێودەوڵەتییەکان. ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق پاڵپشتیی ئەمەریکای لە بابەتی ناوچە جێناکۆکەکان و سەربەخۆیدا لێ بدیبایە، دەکرا ئەو داواکارییەی بەم ئاڕاستەدایە قبووڵ بکرێت.

ئیسرائیل لە ڕێگەی گەیاندنی سامانی وزەی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراقەوە بە تێپەڕین بەناو خاکەکەیدا و ناردنی بۆ بازاڕە نێودەوڵەتییەکان، ئامانجیەتی ببێتە ناوەندەوزە. بەم هۆیەوە ئیسرائیل پرۆژەی چاککردنەوەی هێڵی پەککەوتووی بۆریی نەوتی کەرکووک-هەیفای پێشکەش کردووە، دەیەوێت لە ڕێگەی سووریا یاخود ئەردەنەوە نەوتی کەرکووک بگەیەنرێتە ئیسرائیل و لەوێشەوە بۆ بازاڕە نێودەوڵەتییەکان. حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق بۆ ئەوەی کاردانەوە و سەرنجی دونیای عەرەبی بۆ خۆی ڕانەکێشێت، ئەم هێڵە بۆرییە نەوتییە هەڵنابژێرێت. درێژیی هێڵی ئەم ڕاڕەوە ١١٠٠کیلۆمەترە. ئەم ڕێڕەوە وەک ئەوەی تورکیا شاخاوی نییە، تەختە و بۆ هێڵی بۆری زۆر گونجاوە. لەسەر ڕێڕەوەکە دوو پاڵاوگەی تێ دەکەوێت، یەکێکیان لە ئوردن و ئەو دیکەیان دەکەوێتە هەیفاوە. ئەم تایبەتمەندییانە ئەگەری کارکردن لەسەر هێڵەکە زیاتر دەکات، بەم هۆیەوە هێڵی بۆریی نەوتی کەرکووک-هەیفا لە دۆخێکدا ئاسانتر بەدی دەهێنرێت. گەر ئەمە بهێنرێتە سەر ئەرزی واقع، ئەوا هێڵی بۆریی کەرکووک-جەیهان گرنگییەکەی وەک خۆی نامێنێتەوە. ئەگەر هێڵی کەرکووک-جەیهان لە کارکردنیدا بەردەوام بێت، ئەوا هێڵی کەرکووک-هەیفا وەک جێگرەوەیەک بۆ هەمیشە وەک ئەگەرێکی کراوە دەبینرێت.

هەرچی تورکیایە، لەبەر ئەوەی لە ڕووی جوگرافییەوە خاوەن ئەو تایبەتمەندییەیە کە بتوانێت نەوتی هەرێمی کوردستانی عێراق بگەیەنێتە سەر دەریای سپی، لە هەمان کاتدا

ئەوەش خاڵێکی ئەرێنیی مەزنە بۆ تورکیا کە بازاڕی وزەی دراوسێی ئەورووپایە. تورکیا دەتوانێت ئەو نەوتە بە تێچوویەکی کەم بگەیەنێتە بازاڕە نێودەوڵەتییەکان، ئەمەش بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق مانای بەرزبوونەوەی ڕێژەی قازانجەکەیەتی. توانای تەکنەلۆژیی تورکیا بەراورد بە وڵاتە دراوسێکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق لە ئاستێکی بەرزتردایە، ئەمەش وای کردووە حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق؛ تورکیا بە گونجاوتر ببینێت (Ayhan, Barzani ve Demir, 2013:17). لە ڕووی سیاسییشەوە تورکیا کاندیدە بۆ بوونە ئەندامی یەکێتیی ئەورووپا، ئەندامی ناتۆیە و لە هەمان کاتدا لەگەڵ ئەمەریکادا پەیوەندییەکانی لە ئاستێکی باشدان، هەموو ئەمانەش وای کردووە تورکیا بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق سەرنجڕاکێش بێت. حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق، لە ڕووی مێژوویی، ئایینی و کولتوورییەوە، تورکیا لە خۆی و خەڵکەکەیەوە بە نزیکتر دەبینێت. جگە لەوەش، حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق لە زۆر ڕووەوە ئەو ئامانجەی هەیە کە زیاتر تێکەڵ بە تورکیا و دونیای ڕۆژئاوا ببێت (Dalar, 2015: 62). لە ساڵی ٢٠١٢دا نێچیرڤان بارزانی جەختی لەوە کردەوە کە تورکیا و حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق تەواوکەری باڵایی یەکترن و لە زۆر لایەنەوە پێویستیان بە پاڵپشتیی تورکیا هەیە، چونکە تورکیا نزیکترین شوێنە بۆ سەر دەریا، پەیوەندیی وزەیان لەگەڵ تورکیادا خۆی لە هەماهەنگییەکی بەرامبەریدا دەبینێتەوە (Çandar, 2012: 1). کەموکورتییەکانی تورکیا لە ڕووی وزەوە و سنووردارییی جوگرافیی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق، ئەم نزیکبوونەوەیەی بەرەو هەماهەنگیی بەرامبەری وەرچەرخاند.

### ٣,٣. ئامانجی تورکیا بۆ بوون بە ناوەندی وزە

یەکێکی دیکە لەو بابەتە گرنگانەی کە هێزە هەرێمی و ناهەرێمییەکانیش هەوڵ دەدەن لە بەرژەوەندیی خۆیان بەکاری بهێنن، ئامانجی بوون بە ناوەندی وزەیە. ئەم ئامانجە یەکێکە لە گرنگترین ڕەگەزە بنەڕەتییەکانی دیاریکردنی سیاسەتی وزە. بە هۆکاری دابەشبوونی سامانی وزە بە شێوەیەکی ناهاوسەنگ لە سەرانسەری جیهاندا، هەندێک لە وڵاتان بە گوێرەی هەڵکەوتەی جوگرافیی ناوچەکەیان بوونەتە ڕێڕەوەی ڕاکێشانی هێڵی بۆریی نەوت، ئەم وڵاتانە خاڵی کلیلی و بەستەرەوەی نێوان وڵاتانی بەرهەمهێنەر و بەکارهێنەری تەوژمی سەرچاوەکانی وزەن، ئەمانە وەک پردی پەیوەندین و بە هۆی ئەم تایبەتمەندییەیانەوە وەک وڵاتی گوێزەرەوە (ترانزێت) ناو نراون و لە ڕووی گرنگییەوە لە پلەی یەکەمیدان. تورکیا وەک یەکێک لەم وڵاتانە، ئامانجیەتی وەک یاری دروستکەرێکی گرنگ لە ناوچەکەدا ڕۆڵی هەبێت (Kantörün, 2010: 88).

لە سایەی جێکەوتەی جیۆستراتیژی و هەڵکەوتە جوگرافییەکەیەوە، تورکیا وەک یەکێک لە کارەکتەرە گرنگەکانی ناوچەکە ڕۆڵ دەگێڕێت. لەمڕۆماندا لەو ڕێڕەوانەی کە بیری لێ دەکرێتەوە وەک ڕێڕەوی نەوت بەکار بهێنرێت، ئەم لە سەنتەرەکەیدا شوێنپێی خۆی قایم کردووە. تورکیا پێگەیەکی ستراتیژیی گرنگی هەیە، چونکە لە لایەکەوە لە ڕووی جوگرافییەوە نزیکە لە ناوچەیەکی دەوڵەمەند بە سامانی وزە و لە لایەکی دیکەشەوە کەوتووەتە نێوان ئەم ناوچەیە و وڵاتانی بەکارهێنەری پیشەسازیی خۆرئاوا، لە هەمان کاتدا لەچاو وڵاتەکانی دیکەی ناوچەکەدا لە ڕووی ئاسایش، سەقامگیری و بەردەوامی لە گواستنەوەی سەرچاوەکانی وزە بۆ بازاڕە نێودەوڵەتییەکان وەک ناوەندێکی گرنگی بازرگانی خۆی نمایش دەکات. لەمڕۆدا داتا و زانیارییەکانی ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزە لەلایەن دەوڵەتانەوە وەک سەرچاوەیەکی تۆکمەی خەملاندن و دووربینی پەسەند دەکرێت. بە گوێرەی ڕاپۆرتەکانی ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزە، تورکیا بە هۆی هەڵکەوتە جوگرافییەکەیەوە لە بابەتی فرەچەشنکردنی سەرچاوەکانی وزەدا خاوەن دەرفەتێکی گەورەیە. بۆیە پێویستە وڵاتەکە هەماهەنگی لەسەر ئاستی هەرێمی بەرەوپێش ببات. بەشداریی تورکیا لە ئاسایشی وزەی ئەورووپادا، بابەتێکی گرنگ و ژیانییە (International Energy Agency, 2016: 1-2).

یەکێتیی ئەورووپا لە دونیادا دووەم گەورەترین هاوردەکاری وزەیە. ڕێژەی وابەستەبوونی بە دەرەوە لە بواری وزەدا لە (٥٠٪)یە. وا پێشبینی دەکرێت ئەم ڕێژەیە لە ساڵی ٢٠٣٠دا بۆ ئاستی (٧٠٪) بەرزتر ببێتەوە. لە ڕوانگەی یەکێتیی ئەورووپاوە، ئەو وڵاتانەی کە وزەیان پێدا تێپەڕ دەبێـت هێندەی وڵاتانی دابینکەری وزە گرنگن. بە هۆی قەیرانەکانی (٢٠٠٦-٢٠٠٨)ی ئۆکرانیا، گرنگیی وڵاتانی گوێزەرەوەی وزە بەدەر کەوت. ناردنی وزە لە تورکیاوە، وابەستەیی وڵاتانی یەکێتیی ئەورووپا بە ڕووسیاوە کەم دەکاتەوە و وەهای لێ دەخوێنرێتەوە خاڵێکی یەکلاکەرەوەی گرنگ بێت لە پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و وڵاتانی یەکێتیی ئەورووپادا (Özpek, 2013: 358).

هەر ئەم گرنگییە بایەخی تورکیای لە بواری وزەدا زیاد کردووە و کۆمەکێکی ئەرێنییش بە پەیوەندییەکانی تورکیا و یەکێتیی ئەوروپا دەکات. ئەو بابەتانەی ئەرکە لەسەر تورکیا لە پرۆسەی ئەندامێتیی یەکێتیی ئەورووپادا ئەنجامیان بدات، لەژێر ٣٣ ناونیشاندا کۆ کراونەتەوە (Pamir, 2005: 74-81). لەم ٣٣ ناونیشانەدا یەکێکیان "سەردێڕی وزە"ەیە. لە حاڵەتێکدا گەر تورکیا بتوانێت ببێت بە ئەندامی یەکێتیی ئەورووپا، دەبێت پەیڕەوی لە سیاسەتی وزەی یەکێتیی ئەورووپا و هەموو ئەو یاساورێسایانەی دەچێتە ئەو چوارچێوەیەوە بکات (Ergün, 2007: 1-5). بەم هۆیەوە دەکرێ لە داهاتوودا وزە ببێتە دیاریکەری بنەما سەرەکییەکانی پەیوەندیی نێوان تورکیا و یەکێتیی ئەورووپا.

تورکیا دەیەوێت بڕی وزەی هێنراو بۆ بەندەری جیهان دوو هێندە بەرز بکاتەوە و لێرەدا دامەزراوەیەکی گەورەی وزە و پاڵاوگە لەگەڵ تێرمیناڵێکی گەورەی ناردنەدەرەوەی وزە دروست بکات و بۆرسەی وزەش بکاتەوە (Yıldız, 2013: 65). ئەو سەرچاوە و سامانە سروشتییەی لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا هەیە و لە ڕێگەی تورکیاوە دەنێردرێتە بازاڕە نێودەوڵەتییەکانی دونیا، تورکیا لە ئامانجەکەی بۆ بوونە ناوەندێکی وزە نزیک دەکاتەوە. بە ئاڕاستەی بەدیهێنانی ئەم ئامانجانەدا، هێڵێکی بۆری کە نەوتی هەرێمی کوردستانی عێراق بەرەو تورکیا دەگوازێتەوە؛ ڕاکێشرا، ئەو نەوتەش کە لەم هێڵی بۆرییەوە دێت، دەگەیەنرێتە بازاڕە نێودەوڵەتییەکانی دونیا. هەرێمی خۆبەڕێوەبەریی کوردی عێراق لە پلانیدایە لە داهاتوودا ڕێژەی هەناردەی نەوتی خاو بۆ ٢ ملیۆن بەرمیل بەرز بکاتەوە. گەیاندنی ئەم نەوتەش لە ڕێگەی تورکیاوە بە بازاڕە نێودەوڵەتییەکان، کۆمەکبەخش و هاوکار دەبێت لە هێشتنەوەی هەژموون و باڵایی جیۆستراتیژیی تورکیا لە بواری وزەدا. تێکڕا نرخی گواستنەوە و ترانزێتی یەک بەرمیل نەوت بە دۆلارێک دیاری دەکرێت، ئەمەش مانای وایە تورکیا تەنها بە هۆی ئەم گواستنەوەیەوە ڕۆژانە بڕی یەک ملیۆن دۆلاری دەست دەکەوێت، ئەمە لە حاڵەتێکدا گەر حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق وەک ئەو ئامانجەی کە دیاریی کردووە ساڵانە بڕی یەک میلۆن بەرمیل نەوتی خاو بنێرێتە دەرەوە (Yıldız, 2013: 65).

سیاسەتی تورکیا بۆ بوونە ناوەندێکی وزە لە ناوچەکەدا، تورکیا ئاڕاستە دەکات تاوەکوو هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراقدا بکات. بازرگانیی نەوت تەنها بریتی نییە لە فرۆشتنی نەوتی خاو، بەشێکی گەورەی بازرگانییەکە لەسەر گواستنەوە، پاڵاوتن و گەیاندنی بە بازاڕە نێودەوڵەتییەکان وەستاوە. داهاتی گەورەتر لە پرۆسەی بەرهەمهێنانەکە لەم قۆناغانەدا بەدەست دەهێنرێت. هەر بەم هۆیەوەیە بەشێکی زۆری پارەی نەوت کە لە بازاڕدایە، بە هۆی خزمەتگوزارییەکانەوە زیاتر کەوتووەتە ژێر کۆنترۆڵی کۆمپانیاکانەوە (Ayhan, 2009: 2). ماوەی نێوان ئەو کێڵگەیەی کە نەوتەکەی لێ بەرهەم دەهێنرێت و ئەو بەندەرانەی کە بە کەشتی نەوتەکەی لێ بار دەکرێت، تێچوونەکە بە هەمان ڕێژە زیاتر دەکات. گەر تورکیا بتوانێت هەڵسەنگاندێکی تەندروست بۆ لایەنە ئەرێنییەکانی جێکەوتە جوگرافییەکەی و پەیوەندییەکانی لە ناوچەکەدا بکات و برەویان پێ بدات، ئەوا دەبێتە وڵاتێکی خاوەن ئاڕاستەکەری گەمە سیاسییەکان لە ناوچەکەدا.

**ئەنجام و هەڵسەنگاندن**

ئەو وڵاتانەی دەتوانن سەرچاوەکانی وزە بە تێچوویەکی کەمتر و فرەچەشنی لە

دابینکردنی سەرچاوەکاندا بەدی بهێنن، لەچاو وڵاتانی دیکەدا لە حاڵەتی قازانجدان. ئەو وڵاتانەی لە ڕووی وزەوە وابەستەی دەرەوەن، وەک چۆن لە بواری سیاسەتی دەرەوەدا چالاک نین، بە هەمان شێوە لە کاتی قەیرانە ناوخۆیی و جیهانییەکانی وزەدا زۆر بەخراپی کاریگەریی قەیرانەکە لەسەریان دەردەکەوێت. بۆیە وزە وەک چۆن لە پەیوەندییە ئابوورییەکاندا ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت، بە هەمان شێوە یەکێکە لە دیاردە کاریگەرەکان کە ئاڕاستەی پەیوەندییە سیاسی و دیپلۆماسییەکان دەکات. لە ساڵی ٢٠٠٥ بەدواوە، هەندێ گۆڕاوی نوێ دەرکەوتن کاریگەرییان لەسەر چۆنێتیی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق هەبوو. ئەم گۆڕاوانە لە هەردوو لاوە گۆڕانکاریی بەسەر پەیوەندییەکاندا هێنا و ئاسۆیەکی نوێی لە بەردەمیاندا واڵا کرد. هۆکاری سەرەکیی ئەم گۆڕانکارییەش، گۆڕانی ستاتۆی کوردان و برەوسەندنی پەیوەندییەکانی وزە بوو، بەتایبەتی کاتێک بابەتی وزە وەک پێوەر و نیشانەیەکی نوێ هاتە ناوەندەکەوە و ئەمەش بووە بزوێنەری پەیوەندیی وزە لەنێوان تورکیای هاوردەکاری وزە و حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق. لەبەر ئەوەی وزە پۆتانشیەڵی زیادکردنی هەماهەنگیی هەیە، هەڵگری کۆمەڵێک فاکتەرە کە لە توانایدایە لایەنەکان ڕازی بە هەماهەنگیی یەکتر بکات. بە هۆی ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق خاوەنی نەوت و غازی سروشتییە، تورکیاش خاوەنی توانایەکی تەکنەلۆژییە، بۆیە پەیوەندییەکانیان لەسەر بنەمای هەماهەنگی، هاووابەستەیی و "براوە و براوە" بەڕێ دەکرێت.

لە پەیوەندییەکانی وزەی نێوان تورکیا لەگەڵ هەرێمی کوردستانی عێراقدا، هیوا و چاوەڕوانیی سەرەکیی تورکیا ئەوەیە هاوتەریب لەگەڵ گەشەکردنی ئابوورییەکەیدا؛ پێویستییەکانی بە نەوت زیاد دەبێت، بۆیە دەیەوێت بە نرخێکی گونجاو نەوتی دەست بکەوێت و فرەچەشنی لە سەرچاوەکانی زیاد بکات، هەروەها لە ڕێگەی تێپەڕینی هێڵی بۆرییەوە بە خاکەکەیدا ببێتە ناوەندی گوێزەرەوەی نەوت. هیوا و چاوەڕوانییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ تورکیادا ئەوەیە لەبەرامبەر حکومەتی ناوەندی عێراقدا بەهێز ببێت، دەیەوێت بونیادە ئابوورییەکەی لە کاتی قەیرانەکاندا کەمترین زیانی بەر بکەوێت و شکستە نەبێت و دووچاری کەمترین زیان ببێتەوە، بۆیە لەم ڕێگەیەوە هەوڵی زیادکردنی داهاتەکەی دەدات و دەیەوێت لە سایەی ئەمەوە دەستی لە هاوکێشە و ململانێ سیاسییەکاندا بەهێز بێت. خواستی زیادکردنی پەیوەندییەکانی وزەی نێوان تورکیا و حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق لەم چوارچێوەیەدا شێوەی گرتووە (Balcı, 2014: 8). جگە لەوەش،

ئه‌گه‌ر حکومه‌تی هه‌رێمی کوردستانی عێراق بتوانێت سه‌رچاوه‌کانی وزه‌ی خۆی بگه‌یه‌نێته بازاڕه نێوده‌وڵه‌تییه‌کان؛ داهاتێکی سه‌قامگیر و ڕێکوپێکی ده‌ست ده‌که‌وێت، دواتریش ده‌کرێت ببێته کاره‌کته‌رێک که له ناوچه‌که و له‌سه‌ر ئاستی نێوده‌وڵه‌تییش نه‌توانرێت فه‌رامۆش بکرێت (Anaid, 2014: 49).

چالاکیی هێڵی بۆریی نه‌وت له گواستنه‌وه‌ی وزه‌دا بۆ بازاڕه جیهانییه‌کان، لێهاتوویی و کارامه‌یی لۆجستی، نزیک له بازاڕ و گواستنه‌وه له چوارچێوه‌ی تایبه‌تمه‌ندییه‌کانی بازاڕدا، سه‌قامگیری و ئاسایشی ناردنه‌ده‌ره‌وه‌ی نه‌وت؛ له گرنگترین ئه‌و تایبه‌تمه‌ندییانه بوون که هانی حکومه‌تی هه‌رێمی کوردستانی عێراقی دا به‌راورد به وڵاتانی دیکه‌ی دراوسێ ڕوو له تورکیا بکات. له ڕووی سیاسییشه‌وه تورکیا کاندیده بۆ بوونه ئه‌ندامی یه‌کێتیی ئه‌وروپا، ئه‌ندامی ناتۆیه و له هه‌مان کاتدا له‌گه‌ڵ ئه‌مه‌ریکادا په‌یوه‌ندییه‌کانی له ئاستێکی باشدان، هه‌موو ئه‌مانه‌ش وای کردووه تورکیا بۆ حکومه‌تی هه‌رێمی کوردستانی عێراق سه‌رنجڕاکێش بێت. حکومه‌تی هه‌رێمی کوردستانی عێراق له ڕووی مێژوویی، ئایینی و کولتوورییه‌وه؛ تورکیا له خۆی و خه‌ڵکه‌که‌یه‌وه به نزیکتر ده‌بینێت، جگه له‌وه‌ش حکومه‌تی هه‌رێمی کوردستانی عێراق له زۆر ڕووه‌وه ئه‌و ئامانجه‌ی هه‌یه زیاتر تێکه‌ڵ به تورکیا و دونیای ڕۆژئاوا ببێت.

تورکیا، له‌بریی ده‌ستوه‌ردان له مشتومڕه یاسایی و سیاسییه‌کانی نێوان حکومه‌تی هه‌رێمی کوردستانی عێراق و ده‌سه‌ڵاتی فیدراڵی، چاوه‌ڕێی ئه‌وه بوو کێشه‌که له‌نێوان خۆیاندا یه‌کلایی بکه‌نه‌وه. بڕیاری دادگای باڵای ده‌سه‌ڵاتی ناوه‌ندی له به‌رژه‌وه‌ندیی حکومه‌تی هه‌رێمی کوردستانی عێراق، هه‌م ده‌ستی هه‌رێمی کوردستانی عێراقی له هاوکێشه‌که‌دا به‌هێز کرد، هه‌میش ڕێگه‌خۆشکه‌ر بوو بۆ ئه‌وه‌ی تورکیا به ئاسووده‌یه‌کی زیاتره‌وه بازرگانیی له‌گه‌ڵدا بکات. جگه له‌وه‌ش گه‌ر حکومه‌تی هه‌رێمی کوردستانی عێراق بتوانێت سه‌رچاوه‌کانی وزه‌ی خۆی بگه‌یه‌نێته بازاڕه نێوده‌وڵه‌تییه‌کان، داهاتێکی سه‌قامگیر و ڕێکوپێکی ده‌ست ده‌که‌وێت، دواتریش ده‌کرێت ببێته کاره‌کته‌رێک که له ناوچه‌که و له‌سه‌ر ئاستی نێوده‌وڵه‌تییش نه‌توانرێت فه‌رامۆش بکرێت. وزه‌ی هێڵه‌کانی بۆریی نه‌وت دیارده‌ی هه‌ماهه‌نگی و هاوابه‌سته‌یی له‌نێوان لایه‌نه‌کاندا هێنایه کایه‌وه.

هه‌ڵوێستی تورکیا به‌رامبه‌ر حکومه‌تی هه‌رێمی کوردستانی عێراق له ساڵی ٢٠٠٨ به‌دواوه گۆڕانی به‌سه‌ردا هات، په‌یوه‌ندییه‌کان له‌سه‌ر بنه‌مای ئه‌منی وازی لێ هێنرا و چوونه قۆناغێکه‌وه ئیتر بایه‌خ به پێشخستنی هه‌ماهه‌نگی ده‌درا. هه‌ماهه‌نگیی نێوان تورکیا و حکومه‌تی هه‌رێمی کوردستانی عێراق له بواری وزه‌دا، کۆمه‌کی زیادبوونی

پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو لایەنەکەی کرد. کۆبوونەوەی تورکیا و حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق لەم چوارچێوەیەدا جۆرێک لە پەیوەندیی لەنێوان خۆیاندا برەو پێ دا کە هەردوو لایەنەکە تێیدا براوە بن. وەها دەردەکەوت لایەنەکان لە بابەتی پارچەکردنی مەترسییەکاندا مکوڕ بن، ئەمەش لە پێناو تێپەڕاندنی ئەو ئاڵنگارییانەی لە بەردەمیاندا بوو، چونکە سەرەڕای فشارەکان؛ لەم پەیوەندییە پەشیمان نەبوونەوە و بەرەوپێشتریشیان برد. سەردانکردنی یەکتری هەردوو لا لەسەر ئاستی باڵا زیاتریش بەهێزی دەکات.

بەشێکی گەورەی داهاتی بازرگانیی نەوت لە ڕێگەی گواستنەوەی نەوتە خاوەکە، پاڵاوتنی و ناردنی بۆ بازاڕە نێودەوڵەتییەکان بەدەست دەهێنرێت. بەشێکی زۆری ئەم داهاتە بە هۆی پێشکەشکردنی ئەم خزمەتگوزارییانە لەلایەن کۆمپانیاکانەوە، کەوتووەتە ژێر کۆنترۆڵی ئەوانەوە. تورکیا هەماهەنگییەکی فرەلایەن لەگەڵ کارەکتەرەکاندا دەکات، بۆیە وزە وەک ئامرازێکی ململانێ بەکار ناهێنێت، بەڵکوو وەکوو ئامرازێک بۆ ئاشتی و نموونەیەکی ئایدیاڵیی داهاتوویەکی خۆشگوزەران بۆ مرۆڤی ناوچەکە بەکاری دەهێنێت. حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق دەیەوێت لە داهاتوودا لەبەرامبەر ئەو ڕێژە لە سامانی وزە کە دەینێرێتە بازاڕە نێودەوڵەتییەکان؛ داهاتێکی جێگیر و ڕێکوپێکی دەست بکەوێت، ئەمەش وای لێ دەکات بە هۆی پەیوەندییەکانی وزەوە لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی وەک کارەکتەرێکی ئاماژەبۆکراو هەژمار بکرێت. هێڵەکانی وزەی تێپەڕیو بە تورکیادا دەبێت وەک ئامرازێک بۆ ئاشتی و سەقامگیری ببینرێت. تا چەندە هێڵەکانی بۆری بە تورکیادا تێپەڕ بن، ئەوەندەش پردی بەهێزی ئاشتی بونیاد دەنرێت.

## پەراوێزەکان:

١- توێژەر لە تەواوی نووسینەکەیدا وەک لە پەراوێزی دووەمدا ڕوونی کردووەتەوە، بەرامبەر حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق، دەستەواژەی هەرێمی خۆبەڕێوەبەریی کوردیی عێراقی بەکار هێناوە، لە هەمان کاتدا بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق، هەرێمی کوردیی عێراقی بەکار بردووە. لەبەر ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق و هەرێمی کوردستانی عێراق لە یاسای نێودەوڵەتی و لە دەستووری عێراقدا وەک هەرێمێکی فیدراڵی ناوی هاتووە، لەم وەرگێڕانەدا ئەوەی دووەمیان هەڵبژێردراوە. (وەرگێڕ).

لەژێر ڕۆشنایی یاسای نێودەوڵەتی، کێشەی ناسنامە لەلایەن دەسەڵاتی عێراقی و نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دیاری کراوە. ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ٣٠ی حوزەیرانی ٢٠٠٣دا، عێراقی وەک دەوڵەتێکی خاوەن سەروەری ناساند. لە ڕێکەوتی ١٥ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٥دا، لە مادەی (١١٧) ەمیندا هەرێمەکە وەک "هەرێمی کوردستان" ناسێنرا. لە وێبسایتی فەرمیی وەزارەتی دەرەوەی تورکیادا (http://www.mfa.gov.tr/en.mfa.٢٠١٩-٠٦-١٠-sayin-bakanimizin-erbil-i-ziyareti) ناوی هەرێمەکە بە "هەرێمی کوردیی عێراق" (IKB) و ئیدارەکەشی بە هەرێمی بەڕێوەبەریی کوردیی عێراق (IKBY) هێنراوە، لەم توێژینەوەیەدا ناوهێنانەکەی وەزارەتی دەرەوەی تورکیا بۆ ناوچەکە هەڵبژێردراوە.

٣- Organization for Economic Co-operation and Development (ڕێکخراوی هاریکاری بۆ ئابوری و گەشەپێدان).

٤- واتە لە دونیادا وڵاتێک نییە لە ڕووی دابینکردنی تەواوی سەرچاوە سروشتی و تەکنەلۆژییەکانەوە بەتەنها پشت بە خۆی ببەستێت، بۆیە پێویستی بە دروستکردنی پەیوەندییە لەگەڵ

وڵاتانی دیکەدا.

٥- (TPAO, Türkiye Petrolleri Anonim Ortaklığı) کۆمپانیای هاوبەشی نەوتی تورکی.

٦- (Boru Hatları ile Petrol Taşıma Anonim Şirketi)، کۆمپانیای گواستنەوەی نەوت و هێڵی بۆری

## سەرچاوەکان

1. Anaid, A. (2014). Turkish Economic Expansion and its Regional Implications. The Review Kurdistan Region of Iraq Kurdistan, 1(5), 41-53.

2. Arı, T. (2013). Uluslararası İlişkiler Teorileri Çatışma, Hegemonya, İş Birliği. İstanbul: MKM Yayıncılık.

3. Aydoğan, B. (2016). Türkiye-IKBY İlişkilerinde Yeni Dönem mi? Ortadoğu Analiz, 8(72), 38-41.

4. Ayhan, V. (2009). Ortadoğu ve Petrol: İmparatorluk Yolu. Bursa: Dora Yayıncılık.

5. Ayhan, V., Barzani, A. ve Demir, H. (2013). Enerji Siyaseti, Türkiye Irak Kürdistan Bölgesel Yönetimi, Boru Hatları, Petrol Satışı ve Bağdat'ın Pozisyonu. IMPR, Kasım 2013, 1-31.

6. Balcı, A. (2014). Enerji'sine Kavuşan Komşuluk Türkiye-Kürdistan Bölgesel Yönetimi İlişkileri. SETA Analiz, 97(1), 7-26.

7. Bell, J. C. & Saunders, C. (2006, July 7). Iraq Oil Policy-Constitutional Issues Regarding Federal Government and Regional Authority. http://www.iraqoilforum.com/wp-content/uploads/2011/11/Joseph-Bell-Oil-Policy-Issues-Constitution.pdf (Erişim Tarihi: 15.06.2020).

8. Chazan, G. (2012, December 10). An Ocean of Reserves Waiting to be Tapped. Financial Times. https://www.ft.com/content/d93421e8-3ef7-11e2-9214-00144feabdc0 (Erişim Tarihi: 22.08.2020).

9. Çağaptay, S. & Evans, T. (2012, January 24). Turkey's Changing Relations with Iraq: Kurdistan Up, Baghdad Down, https://www.washingtoninstitute.org/policy-analysis/turkeys-changing-relations-iraq-kurdistan-baghdad-down (Erişim Tarihi: 18.06.2020).

10. Çandar, C. (2012, 26 Mayıs). İşin İçine Kürdistan Petrolü Girerse. Hürriyet. https://www.hurriyet.com.tr/isin-icine-kurdistan-petrolu-girerse-20630287 (Erişim Tarihi: 17.04.2020).

11. Dalar, M. (2015). Türkiye-Irak Kürdistan Bölgesel Yönetimi İlişkileri: Karşılıklı Bağımlılık Teorisi Bağlamında Petrol İlişkisine Dayalı Bir Analiz. Uludağ Üniversitesi İktisadi ve İdari Bilimler Fakültesi Dergisi, 34(1), 47-70.

12. Dalar, M. (2016). Tarihsel, Siyasal ve Hukuksal Perspektifiyle Irak Kürdistan Bölgesel Yönetimi. Bursa: Aktüel Yayınları.

13. Danilovich, A. & Owtram, F. (2014). The Federalization of Natural Resources. In A. Danilovich (Ed.), Iraqi Federalism and the Kurds (pp. 113-141). New York, ABD: Ashgate Publishing Ltd.

14. Deek, A. & Burton, M. D. (2007). Iraq's Constitution: A Drafting History. Cornell International Law Journal, 40(1), 2-84.

15. Dış İşleri Bakanlığı (2018, 10 Aralık). Petrol Fiyatlarının Ekonomilere Etkisi. http://www.mfa.gov.tr/petrol-fiyatlarinin-ekonomilere-etkisi.tr.mfa (Erişim Tarihi: 13.08.2020).

16. Enerji Bakanlığı (2018). Türkiye'de Doğalgaz Depoları. https://www.enerji.gov.tr/tr-TR/Sayfalar/Dogal-Gaz (Erişim Tarihi: 19.04.2020).

17. Ergün, Ç. E. (2007). Avrupa Birliği Enerji Hukuku. Ankara: Çakmak Yayınevi.

18. Genel Energy (2016, September 20). Kri Oil Production. Retrieved from: http://www.genelenergy.com/operations/kri-oil-production (Erişim Tarihi: 25.08.2020).

19. Haas, Ernst B. (1964). Beyond The Nation-state: Functionalism And International Organization. 1st edition. California: Stanford Universitiy Press.

20. Hinnebusch, R. A. (2003). The Interna-

en/pressreleases/379-krg-statement-on-oil-exports (Erişim Tarihi: 14.09.2020).

32. Moradi, J. & Saie, A. A. (2013). Energy Strategy of A Study of Obstacles on the Way of Federalism in Iraq. Journal of American Science, 8(9), 589-597.

33. Özpek, B. B. (2013). Securing Energy or Energising Security: The Impact of Russia's Energy Policy on Turkey's Accession to the European Union. Journal of International Relations and Development, 16(1), 358-379.

34. Pamir, N. (2005). Avrupa Birliği'nin Enerji Sorunsalı ve Türkiye. Stratejik Analiz, 5(11), 74-81.

35. Pazarcı, H. (2007). Uluslararası Hukuk. Ankara: Turhan Kitabevi.

36. Ticaret Bakanlığı (2021). Irak Ülke Profili. https://ticaret.gov.tr/data/5efddfdd13b876a83c6f2fba/Irak%20%C3%9Clke%20Profili.pdf (Erişim Tarihi: 18.01.2021).

37. Türkiye Petrolleri Anonim Ortaklığı (2019, 15 Kasım). 2019 Yılı Ham Petrol ve Doğal Gaz Sektör Raporu. http://www.tpao.gov.tr/file/2005/2019-tpao-sektor-raporu-3185ed3b4af5442c.pdf (Erişim Tarihi: 23.08.2020).

38. Varol, T. S. (2013). Ankara'nın Kuzey Irak Politikasında Genel Enerji ve Siyah Kalem. 21. Yüzyıl Dergisi, 55(1), 5-13.

39. Wildenburg, W. (2012). Breaking From Baghdad: Kurdish Autonomy vs. Maliki's Manipulation. World Affairs, 175(4), 47-53.

40. Yıldız, T. (2013). Enerji ve Tabii Kaynaklar Bakanlığı TBMM Genel Kurul Konuşması. Ankara: TBMM Yayınları.

41. Zedalis, R. J. (2009). The Legal Dimensions of Oil and Gas in Iraq. Cambridge, UK: Cambridge University Press.

42. Zhdannikov, D. (2016, November 18). Exclusive: Glencore seeks $550 million to raise stakes in Kurdish oil Game. https://www.reuters.com/article/us-glencore-oil-kurdistan-exclusive-idUSKBN13D1O7 (Erişim Tarihi: 21.09.2020).

tional Politics of The Middle East. New York, ABD: Manchester University Press.

21. International Crisis Group (2012, April 19). Iraq and the Kurds: The High-Stakes Hydrocarbons Gambit, Crisis Group, Middle East Report No120. https://www.crisisgroup.org/middle-east-north-africa/gulf-and-arabian-peninsula/iraq/iraq-and-kurds-high-stakes-hydrocarbons-gambit (Erişim Tarihi: 23.06.2020).

22. International Energy Agency (2016, September 30). Energy Policies of IEA Countries: Turkey 2016 Review. https://www.iea.org/reports/turkey-2012 (Erişim Tarihi: 22.07.2020).

23. International Energy Agency (2012, October 20). Iraq Energy Outlook, Paris. https://www.iea.org/reports/iraq-energy-outlook-2012 (Erişim Tarihi: 18.07.2020).

24. İşeri, E. (2014). Barış Boru Hattı Vizyonu. Ortadoğu Analiz Dergisi, 6(61), 10-13.

25. İzzeti, İ. (2006). Soğuk Savaş Döneminde Irak, (Çev. H. Uygur). İstanbul: Küre Yayınları.

26. Kantörün, U. (2010). Bölgesel Enerji Politikaları ve Türkiye. Bilge Strateji, 2(3), 87-114.

27. Keohane, R. O. & Nye, J. S. (2001). Power and Interdependence. New York, ABD: Addison Wesley Longman.

28. Keohane, Robert O. (2002). Power and Governance in A Partially Globalized World. New York: Routledge.

29. Khalil, L. (2009, June 20). Stability in Iraqi Kurdistan: Reality or Mirage? https://www.brookings.edu/wp-content/uploads/2016/06/06_kurdistan_khalil.pdf (Erişim Tarihi: 25.01.2021).

30. KRG Ministry of Natural Resources (2021, January 27). Vision, Erbil. http://mnr.krg.org/index.php/en/gas/vision-gas (Erişim Tarihi: 28.01.2021).


31. Kurdistan Regional Government (2014, June 20). KRG statement on oil exports. http://mnr.krg.org/index.php/en/index.%20Php/

# ڕێبازی پوتن
## هێرشکردنە سەر ئۆکرانیا هەمیشە بەشێك بووە لە پلانەکە

ئەنگێلا ستێنت
پسپۆڕی سیاسەتی دەرەکی تایبەت بە پەیوەندییەکانی ئەوروپا و ئەمریکا لەگەڵ ڕوسیادا و بەڕێوەبەری سەنتەری توێژینەوە لە بواری ئۆراسیا، ئەوروپاو ڕوسیا لە زانکۆی جۆرج تاون.

وەرگێڕان: پەرۆش محەمەد

سەرچاوە: Foreign affairs/ گۆڤارێکی ئەمریکییە سەبارەت بە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و سیاسەتی دەرەکی ئەمریکا کە لە لایەن ئەنجومەنی پەیوەندییەکانی دەرەوە دەردەکرێت.



ئەم قەیرانەی ئێستا نێوان ڕووسیا و ئۆکرانیا، پرۆسەیەکە ٣٠ ساڵە لە دروستبووندایە. ئەمە تەنها دەربارەی ئۆکرانیا و بەئەندامبوونی نییە لە ناتۆدا، بەڵکوو دەربارەی داهاتووی ئەو ڕێکخستنەوەیەی ئەورووپایە کە دوای ڕووخانی یەکێتیی سۆڤیەت دروست بووە. لە ماوەی ساڵانی (١٩٩٠)ەکاندا، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی پێکهاتەیەکی ئەمنییان لە ئەورووپا و زەریای ئەتڵەسی دامەزراند کە تێیدا ڕووسیا ئەرک و ڕۆڵێکی دیاریکراوی نەبوو. لەو کاتەوەی پوتن هاتووەتە سەر دەسەڵات، ڕووسیا تەحەدای ئەو سیستمە دەکات. پوتن بەبەردەوامی گلەیی ئەوەی کردووە کە ڕێکخستنی ئێستای جیهان نیگەرانییە ئەمنییەکانی ڕووسیای پشتگوێ خستووە و داوای ئەوەی کردووە کە ڕۆژئاوا دان بە مافی ڕووسیادا بنێت لەوەی کە بەرژەوەندیی تایبەتی هەبێت لە جیهانی دوای سۆڤیەتدا. پوتن داگیرکاریی بۆ وڵاتە دراوسێکانی وەکوو جۆرجیا ئەنجام داوە کە لەژێر کاریگەریی ڕووسیا دەرچوون، بۆ ئەوەی ڕێگرییان لێ بکات بەتەواوی ئاڕاستە بگۆڕن.

پوتن ئێستا بەم ڕێگایەدا هەنگاوێ زیاتر دەنێت. ئەو لە ئێستادا هەڕەشەی داگیرکارییەکی گشتگیرتری ئۆکرانیا دەکات لەوەی لە داگیرکردنی کریمیا و دەستتێوەردانەکەی دونباس لە ٢٠١٤دا کردی، داگیرکارییەک کە ڕێکخستنی ئێستای جیهان لاواز دەکات و مەزنیی ڕووسیا دووپات دەکاتەوە لەوەی کە پوتن دەڵێت شوێنی "ڕەوا"ی ڕووسیایە لە کیشوەری ئەورووپا و پرسەکانی جیهاندا. ئەو ئێستا بە کاتێکی باش دەزانێت بۆ ئەوەی هەنگاو بنێت. لە ڕوانینی ئەودا، وڵاتە یەگرتووەکانی ئەمەریکا لاواز، دابەش و کەمتوانەیە لەوەی بتوانێ سیاسەتێکی هاوئاهەنگیی دەرەکی بگرێتە بەر. چەندین دەیە لە دەسەڵاتدا وای لە پوتن کردووە گومان لە مانەوەی دەسەڵاتی ئەمەریکا بکات. پوتن لە ئێستادا مامەڵە لەگەڵ پێنجەم سەرۆکی ئەمەریکادا دەکات و بەو دەرئەنجامە گەیشتووە واشنتن لە گفتوگۆدا باوەڕپێکراو نییە. حکومەتە نوێیەکەی ئەڵمانیا تازە خەریکە خۆی بگرێت و ئەورووپاش بەگشتی سەرقاڵی ئاڵنگارییە ناوخۆییەکانی خۆیەتی و بازاڕە دروستەکەی وزەش دەسەڵاتی زیاتر دەدات بە ڕووسیا بەسەر تەواوی کیشوەری ئەورووپادا. کرێملینیش پێی وایە دەتوانێ پشت بە پشتیوانیی چین ببەستێ وەکوو ئەوەی لە داگیرکردنی کریمیادا چین پشتیوانیی ڕووسیای کرد لە ٢٠١٤دا.

پوتن ڕەنگە بڕیاریش نەدات ئۆکرانیا داگیر بکات، بەڵام ئایا دەیکات یان نا، ڕەفتارەکانی سەرۆکەکەی ڕووسیا کۆمەڵێ پرەنسیپی بەیەکداچووی سیاسەتی دەرەکی ئاڕاستەی دەکات کە ئاماژە بەوە دەکات مۆسکۆ لە ساڵانی داهاتوودا لاسار دەبێت. با ناوی ئەم سیاسەتەی

ڕووسیا بنێین "ڕێبازی پوتن". ڕەگەزی سەرەکیی ئەم ڕێبازە ئەوەیە ڕۆژئاوا وەها لێ بکات بە جۆرێ مامەڵە لەگەڵ ڕووسیادا بکات وەکوو ئەوەی یەکێتیی سۆڤیەت بێت، هێزێک کە دەبێت ڕێزی بگریت و لێی بترسیت، بە کۆمەڵێ مافی تایبەتییەوە لە دراوسێکانیدا و دەنگیشی هەبێت لە پرسە نێودەوڵەتییە جددییەکاندا. ئەم ڕێبازە پێی وایە تەنها چەند وڵاتێکی کەم دەبێ ئەم دەسەڵاتەیان هەبێت لەگەڵ سەروەریی تەواودا، هەروەها پێویستە ئەوانی تر مل بدەن بۆ خواستی ئەم چەند وڵاتە. ئەوەش سەر بۆ ئەوە دەکێشێت ڕژێمە دەسەڵاتگەرەکانی داهاتوو پشتگیری بکرێن و دیموکراسییەکانیش لاواز بکرێن. ڕێبازەکەش بەستراوە بە ئامانجە گرنگەکەی پوتنەوە: هەڵگەڕاندنەوەی دەرئەنجامەکانی ڕووخانی سۆڤیەت، پارچەکردنی هاوپەیمانیی ئەتلانتیک (ناتۆ) و دووبارە دانوستانکردنەوە لەسەر ئەو ڕێککەوتنە جوگرافیاییانەی جەنگی ساردی کۆتایی پێ هێنا.

**دەنگێک لە ڕابردووەوە**

به بۆچوونی پوتن، ڕووسیا مافێکی ڕەهای هەیە کە شوێنی خۆی هەبێت لە هەموو بڕیارە نیودەوڵەتییەکاندا. ڕۆژئاوا دەبێ دان بەوەدا بنێ کە ڕووسیا یەکێکە لەوانەی کە جیهان بەڕێوە دەبەن. دوای ئەو ڕیسوابوونەی (١٩٩٠)ەکان، وەکوو پوتن ناوی لێ دەنێت، کاتێک ڕووسیایەکی زۆر لاواز ناچار کرا مل بۆ ئەجێندای ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی بدات، ئەو بە ڕێژەیەکی زۆر ئەم ئامانجەی بەدەست هێناوە. هەر چەندە دوای داگیرکردنی کریمیا لە ٢٠١٤، ڕووسیا لە "G٨" دەرکراوە بەڵام ڤیتۆکەی لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی و ڕۆڵی وەکوو زلهێزێکی جوگرافی، وزە و چەکی ناوکی؛ دەستەبەری ئەوە دەکات کە وڵاتانی تری جیهان بۆچوونەکانی ڕووسیا بەهەند وەربگرن. ڕووسیا بەسەرکەوتوویی هێزی سەربازیی خۆی بنیاد نایەوە دوای شەڕی جۆرجیای ٢٠٠٨ و لە ئێستاشدا هێزی هەرە دیاری سەربازیی ناوچەکەیە و دەتوانێ لە جیهاندا دەسەڵاتەکانی پیادە بکات. توانای مۆسکۆ بۆ هەڕەشەکردن لە دراوسێکانی، ڕۆژئاوا ناچار دەکات کە بێنە سەر مێزی دانوستان لەگەڵیدا وەکوو ئەوەی لە چەند هەفتەی ڕابردوودا بەڕوونی دەرکەوتووە.

ئەوەندەی پەیوەندیی بە پوتنەوە هەیە، بەکارهێنانی هێز شتێکی زۆر گونجاوە ئەگەر ڕووسیا پێی وا بێ کە ئاسایشی لە مەترسیدایە: بەرژەوەندییەکانی ڕووسیا هەمان ئەندازەی ئەوانەی ڕۆژئاوا ڕەوان و وەکوو پوتنیش دەڵێت ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی گوێیان بەمە نەداوە. زۆربەی کاتەکان ئەمەریکا و ئەورووپا نیگەرانییەکانی ڕووسیایان ڕەت کردووەتەوە کە بەزۆری لەدەوری هەڵوەشانەوەی یەکێتیی سۆڤیەت و جیابوونەوەی ئۆکرانیا دەخولێتەوە. کاتێک پوتن ڕووخانی یەکێتیی سۆڤیەتی

وەکوو "گەورەترین کارەساتی جیۆپۆلەتیکیی سەدەی بیستەم" ناو برد، ئەو خەمی ئەوەی بوو ٢٥ ملیۆن ڕووسی لە دەرەوەی سنوورەکانی ڕووسیادا خۆیان بینییەوە. زۆر بەتایبەتییش ڕەخنەی لەوە دەگرت کە ١٢ ملیۆنیان لە وڵاتی ئۆکرانیای نوێدا خۆیان بینییەوە. وەکوو ئەوەی لە وتارێکی ٥٠٠٠ وشەییدا بە ناونیشانی "لە بارەی یەکێتیی مێژوویی ڕووسییەکان و ئۆکرانییەکان"ەوە، هاوینی ڕابردوو دەڵێت: "لە ١٩٩١ خەڵکی لە چاوترووکانێکدا خۆیان لە دەرەوەی وڵات بینییەوە، ئەم جارەیان لە خاکی مێژوویی دایکی خۆیان دابڕێنران". ئەم وتارەی بەم دواییە بەناو سەربازانی ڕووسیادا دابەش کراوە.

ئەم حیکایەتی دۆڕانە بەرامبەر ڕۆژئاوا، گرێ دراوە بە هۆگرییەکی تایبەتی پوتنەوە: ئەو باوەڕەی کە ناتۆ هەر بەوە ڕازی نییە وڵاتانی دوای سۆڤیەت وەربگرێت و هاریکارییان بکات، بەڵکوو ڕەنگە هەڕەشە لە ڕووسیا خۆشی بکات. کرێملن پێداگری دەکات لەوەی کە ئەم باوەڕە لە نیگەرانیی ڕاستەقینەوە سەرچاوەی گرتووە. دواجار ڕووسیا بەردەوام لەلایەن ڕۆژئاواوە داگیر کراوە. لە سەدەی بیستەمدا لەلایەن هێزە هاوپەیمانە دژەبەلشەفییەکانەوە داگیر کراوە، کە لە نێویاندا هەندێک هێزی ئەمەریکا هەبوو لە ماوەی ساڵانی شەڕی ناوخۆی ڕووسیادا لە ١٩١٧ بۆ ١٩٢٢. ئەڵمانیا دوو جار ڕووسیای داگیر کردووە کە بووە بە هۆی لەناوچوونی ٢٦ ملیۆن ڕووسی لە جەنگی جیهانیی دووەمدا، پوتن بەئاشکرا ئەم مێژووەی هەم بە نیگەرانییەکانی ئێستای ڕووسیاوە لە بارەی چوارچێوەی ناتۆوە لەنزیک سنوورەکانی ڕووسیا بەستووەتەوە، هەم ئەم مێژووەشی بە داواکارییەکانی ڕووسیاوە لە بارەی گەرەنتیی ئاسایشییەوە گرێ داوە.

هەر چەندە لەمڕۆدا ڕووسیا زلهێزێکە کە مووشەکی نوێی خێراتر لە دەنگی هەیە. هیچ وڵاتێک نیازی داگیرکردنی ڕووسیای نییە، ئەوە دراوسێ بچووکە لاوازەکانی بە هیچ شێوەیەک. لە ڕاستیدا وڵاتانی دراوسێی لای ڕۆژئاوای ڕووسیا حیکایەتێ دیکەیان هەیە و پێداگری لەسەر لاوازیی خۆیان دەکەن لە سەدەکانی ڕابردوودا لەهەمبەر داگیرکارییەکانی ڕووسیا. وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەرگیز هێرش ناکاتە سەر ڕووسیا، هەر چەندە پوتن تاوانباری دەکات بەوەی کە دەیەوێ "پارچەیەک لە کێکە خۆشەکەمان" ببڕێت. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم ڕوانینە مێژووییە بۆ خودێکی لاوازی ڕووسیا لای دانیشتووانی ڕووسیاش دروست کراوە. میدیای کۆنترۆڵکراوی حکومەت پڕە لەو بانگەشانەی کە ئۆکرانیا دەکرێت ببێت بە سەکۆیەکی مووشەکی بۆ دەستدرێژییەکانی ناتۆ. لە ڕاستیدا لە وتارەکەی ساڵی پاریدا، پوتن نووسیبووی کە ئۆکرانیا خەریکە بکرێت بە "سەکۆیەک دژی ڕووسیا".

پوتن هەروەها باوەڕی وەهایە کە ڕووسیا مافێکی ڕەهای هەیە کە لە شوێنەکانی دوای یەکێتیی سۆڤیەت، ناوچەی بەرژەوەندیی تایبەتی خۆی هەبێت. ئەمە بەو مانایە دێت کە ئەو وڵاتانەی دراوسێی پێشووی بوون لە سۆڤیەتدا، نابێ پەیوەندی بە هیچ هاوپەیمانییەکەوە بکەن کە دژی مۆسکۆن، بەتایبەتی ناتۆ و یەکێتیی ئەورووپا. پوتن ئەمەی بەڕوونی ڕاگەیاندووە لەو دوو وتارەدا کە کرێملن لە ١٧-١٢ی ساڵی پێشوو پێشکەشی کردوون، کە تێیدا داوای کردووە ئۆکرانیا و وڵاتانی دیکەی پاش سۆڤیەت -سوید و فینلەنداشی تێدایە- هەمیشە بێلایەن بن و واز بهێنن لە بوون بە ئەندام لە ناتۆدا. ناتۆش دەبێ بگەڕێتەوە بۆ پێگەی پێش ١٩٩٧، بۆ پێش کاتی یەکەم فراوانبوونی خۆی، ئەویش لە ڕێگای کشاندنەوەی هەموو ئەو سەرباز و چەکانەوە لە ناوەڕاست و ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا دایناون (ئەمەش ناتۆ بچووک دەکاتەوە بۆ قەبارەی ئەو کاتەی یەکێتیی سۆڤیەت تازە هەڵوەشابوویەوە)، هەروەها ڕووسیاش مافی ڤیتۆی هەبێ بەسەر سیاسەتی دەرەکیی وڵاتە دراوسێکانیەوە کە ئەندامی ناتۆ نین. ئەمەش دەستەبەری ئەوە دەکات کە ئەو وڵاتانەی سنووریان بە ڕووسیاوەیە، حکومەتەکەیان دۆستی ڕووسیا بێت، لە ناویشیاندا ئۆکرانیا لە هەمووی گرنگترە.

**پەرت کە و داگیری بکە**

تاوەکوو ئێستا هیچ وڵاتێکی ڕۆژئاوایی ئامادە نەبووە ئەم داوا نائاساییانەی ڕووسیا قبووڵ بکات. وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و ئەورووپا بەگشتی ئەوەیان قبووڵ کردووە کە وڵاتەکان ئازادن لە دەستنیشانکردنی سیستمی ناوخۆیی و پەیوەندییەکانیان لە سیاسەتی دەرەکیدا. لەنێوان ساڵانی ١٩٤٥ بۆ ١٩٨٩، یەکێتیی سۆڤیەت ڕێگریی دەکرد لە مافی چارەنووسی وڵاتانی ڕۆژهەڵات و ناوەڕاستی ئەورووپا و کۆنترۆڵی سیاسەتی دەرەکی و ناوخۆیی وڵاتانی پەیمانی وارشۆی کردبوو لە ڕێگای حیزبە کۆمۆنیستییە ناوخۆییەکان، پۆلیسی نهێنی و سوپای سوورەوە. کاتێک وڵاتێک لە مۆدێلە سۆڤیەتییەکە زۆر دوور دەکەوتەوە، وەکوو ئەوەی هەنگاریا لە ١٩٥٦ و چیکوسلۆڤاکیا لە ١٩٦٨، سەرۆکەکانیان بەزۆر لە دەسەڵات دوور دەخرانەوە. پەیمانی وارشۆ هاوپەیمانییەک بوو کە تۆمارێکی سەیری هەبوو: ئەم هاوپەیمانییە تەنها ئەندامانی خۆی داگیر دەکرد.

لێکدانەوەی ئەمڕۆی کرێملن بۆ سەروەری، لەگەڵ ئەوەی یەکێتیی سۆڤیەت زۆر لەیەک دەچن. ئەگەر قسەیەکی جۆرج ئۆروێڵ دەستکاری بکەین، دەتوانین بڵێین ئەم لێکدانەوەیە پێی وایە هەندێ وڵات لەوانی تر سەروەرترن. پوتن ئەمەی گوتووە کە تەنها چەند هێزێکی گەورە، وەکوو ڕووسیا، چین،

ئەمەریکا و هیندستان، دەتوانن سەروەریی تەواویان هەبێ و ئازاد بن هەر هاوپەیمانییەک هەڵبژێرن پەیوەندیی پێوە بکەن یان ڕەتی بکەنەوە. وڵاتانی بچووکی وەکوو ئۆکرانیا و جۆرجیا بەتەواوی سەروەر نین و پێویستە ڕێز لە داواکاریی ڕووسیا بگرن هەروەکوو وڵاتانی ناوەڕاست و باشووری ئەمەریکا دەبێت گوێڕایەڵی دراوسێ مەزنەکەیان بن لە باکوورەوە. ڕووسیا هاوپەیمانیی ناوێت بە مانا ڕۆژئاواییەکەی وشەکە، بەڵکوو لە جێی ئەوە بۆ هاوکاری و هاوبەشییەک دەگەڕێت لەگەڵ وڵاتانی نموونەی چین کە تێیدا هەردوو لا سوودی لێ ببینن و سنوور بۆ ئازادیی ڕووسیا دانەنێت لە ناوخۆی خۆیدا چی بکات و حوکم لەسەر چی بدات.

ئەم هاوبەشییە دەسەڵاتگەرییە ڕەگەزێکی ڕێبازەکەی پوتنە. سەرۆک پوتن ڕووسیا وەکوو پشتیوانی دۆخی ئێستا و پارێزەری بەها سوننەتییەکان نیشان دەدات و بە یاریکەرێکی نێودەوڵەتیی دەزانێ کە ڕێز لە سەرۆکە جێگیرەکان دەگرێت بەتایبەتی دیکتاتۆرەکان. هەروەکوو ڕووداوەکانی ئەم دواییەی بیلاڕووسیا و کازاخستان نیشانی دەدات ڕووسیا هێزێکە ئامادەیە بڕوات بۆ پشتگیریکردنی ئەو دەسەڵاتدارە دیکتاتۆرانەی تووشی شەڕ هاتوون. ڕووسیا بەرگریی لە دیکتاتۆرەکان کردووە لە دراوسێکانی خۆی و لە وڵاتانی دووریش وەکوو کوبا، لیبیا، سووریا و ڤەنزوێلا. بە پێی کرێملن، ڕۆژئاوا بەپێچەوانەوە پشتگیریی ئاژاوە و گۆڕینی ڕژێمەکان دەکات وەکوو ئەوەی لە شەڕی عێراق لە ٢٠٠٣ و بەهاری عەرەبی لە ٢٠١١ ڕووی دا.

بەڵام لە "مەودای بەرژەوەندی"یەکانی خۆیدا، ڕووسیا دەکرێ وەکوو گۆڕانویستێ هەڵسوکەوت بکات کاتێک پێی وایە بەرژەوەندییەکانی کەوتوونەتە مەترسییەوە، یان کاتێک دەیەوێ ئەو بەرژەوەندییانە پەرە پێ بدات هەروەکوو داگیرکردنی کریمیا، جۆرجیا و ئۆکرانیا نیشانی دا. پاڵنەری ڕووسیا بۆ ئەوەی وەکوو ڕابەرێک و پشتیوانێکی ڕژێمی کەسە بەهێزەکان دانی پێدا بنرێت لەم ساڵانەی دواییدا سەرکەوتوو بووە، چونکە ئەو گرووپە شەڕکەرانەی کرێملن پشتیوانییان دەکات، لە زۆر بەشی جیهان لە جێی ڕووسیا شەڕیان کردووە، لە ناویاندا نموونەی ئۆکرانیا.

دەستتێوەردانە گۆڕانویستەکانی ڕووسیا تەنها بەو ناوچانەوە ناوەستێ کە وەکوو پێگەی دەسەڵاتی خۆی دەیانبینێ. پوتن پێی وایە بەرژەوەندییەکانی ڕووسیا ئەو کاتە باش بەدی دێن کە هاوپەیمانیی ئەتلانتیکی (ناتۆ) دابەش بکات. بەو بۆنەیەوە پوتن پشتیوانیی گرووپە دژەئەمەریکایی و دژەئەورووپاییەکانی کردووە، هەروەها پشتیوانیی گرووپە شمولییە چەپ و ڕاستەکانی لە هەردوو لای ئۆقیانووسی ئەتڵەسیدا

کردووە، دەستتێوەردانی لە هەڵبژاردنەکاندا کردووە و بەگشتی کاری کردووە ئاژاوە و لێکترازان لەناو کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکاندا دروست بکات. یەکێ لە ئامانجە گەورەکانی ئەوەیە وەها بکات ئەمەریکا لە ئەورووپا بکشێتەوە. ترەمپی سەرۆکی ئەمەریکا ڕقی لە هاوپەیمانیی ناتۆ بوو لەگەڵ چەند هاوپەیمانێکی گرنگی ئەمەریکا لە ئەورووپادا پەیوەندیی باش نەبوو، دیارترینیان ئەنگێلا مێرکڵی ڕاوێژکاری ئەڵمانیا، هەروەها بەئاشکرا قسەی لە بارەی کشانەوەی ئەمەریکا لە ناتۆ دەکرد. ئیدارەی جۆ بایدن بەوردی سەرقاڵی چاککردنەوەی هاوپەیمانێتییەکەیە و لە ڕاستییشدا قەیرانە دروستکراوەکەی پوتنیش لە بارەی ئۆکرانیاوە یەکێتیی هاوپەیمانێتییەکەی توندتر کردووەتەوە، بەڵام بە ئەندازەی پێویست گومان هەیە لە بارەی پابەندبوونی ئەمەریکاوە لەدوای هەڵبژاردنەکانی (٢٠٢٤)ەوە کە ڕووسیا سەرکەوتووانە توانیویەتی بەکاری بێنێت بۆ دروستکردنی گومان، بەتایبەتی لە ڕێگای سۆشیالمیدیاوە.

لاوازکردنی هاوپەیمانیی ناتۆ ڕێگا خۆش دەکات بۆ پوتن بۆ گەیشتن بە ئامانجی کۆتایی: فڕێدانی ئەو ڕێکخستنە نێودەوڵەتییە لیبراڵ و پشتئەستوور بە یاسایەی کە دوای جەنگی سارد دروست بووە و ئەورووپا، ئەمەریکا و ژاپۆن پشتگیریی دەکەن و دانانی ڕێکخستنێک گوێڕایەڵی ڕووسیا بێت. بۆ ڕووسیا ئەم سیستمە نوێیە لەو ڕێکخستنەی سەدەی نۆزدەی هێزەکان دەچێت. دەکرێ ئەمە سەر بکێشێ بۆ بەرجەستەبوونی سیستمێکی نوێی یەڵتا کە تێیدا ڕووسیا، چین و ئەمەریکا جیهان دابەش بکەن بۆ سێ ناوچەی جێگای کاریگەری. زیادبوونی نزیکبوونەوەی مۆسکۆ لە چین، لە ڕاستیدا بانگی ڕووسیای بۆ دروستکردنی ڕێکخستنێکی بەهێزتر کردووە لەدوای ڕێکخستنی ئێستای جیهان کە هیی ڕۆژئاوایە. هەردوو ڕووسیا و چین داوای سیستمێکی نوێ دەکەن کە تێیدا هەردوو لا کاریگەریی زیاتریان دەبێت لە جیهانێکی فرەجەمسەردا.

سیستمەکانی سەدەی نۆزدە و بیست هەندێ یاسای یارییەکەیان دەزانی. لە کۆتاییدا لە ماوەی جەنگی ساردا هەردوو ئەمەریکا و یەکێتیی سۆڤیەت بەزۆری ڕێزیان لە پێگەی نفووزی یەکتری دەگرت. دوو ڕووداوی زۆر ترسناکی ئەو سەردەمە، داواکەی خرۆشۆف لە بارەی بەرلینەوە لە ١٩٥٨ و قەیرانی مووشەکی کوبای ١٩٦٢، بەر لەوەی بگەن بە پێکدادانی جەنگی هێورکرانەوە. بەڵام ئەگەر دۆخی ئێستا ئاماژەیەکی تێدا بێت ئەوەیە کە وەها دیارە "ڕێکخستن"ی پاش ڕۆژئاوای پوتن جیهانێکی ئاژاوەی هۆبزیانەیە بە کەمێک یاسای یارییەوە. بۆ گەیشتن بەو سیستمە نوێیە، پوتن شێوازی کارکردنەکەی ئەوەیە ڕۆژئاوا تووشی شڵەژان بکات کە خەملاندن بۆ نیازی ڕاستەقینەی ئەو

بکەن و دواتر تووشی سەرسوڕمانیان بکات کە شتێک ئەنجام دەدات.

**دانانەوە ڕووسییەکە**

بە پێی ئامانجە کۆتاییەکەی پوتن و ئەو باوەڕەی کە ئێستا کاتیەتی بۆ ناچارکردنی ڕۆژئاوا بە وەڵامدانەوەی داواکارییەکانی، ئایا ڕووسیا دەکرێت بوەستێنرێت لەوەی هێرشێ تر بکاتە سەر ئۆکرانیا؟ کەس نازانێ لە کۆتاییدا پوتن چ بڕیارێک دەدات. بەڵام ئەو باوەڕەی کە ڕۆژئاوا بۆ ماوەی سێ دەیەیە بەرژەوەندییە ڕەواکانی ڕووسیای پشتگوێ خستووە، بەردەوام پاڵنەری کارەکانی پوتنە. ئەو سوورە لەسەر ئەوەی کە مافی ڕووسیا بسەپێنێ لە سنووردارکردنی بژاردە سەروەرەکانی وڵاتانی دراوسێ و ئەو وڵاتانەی پێشتر ئەندامی پەیمانی وارشۆ بوون، ئیدی ئایا شتەکە بە دیپلۆماسیەت بێت یان بە هێزی سەربازی.

ئەمەش بەو مانایە نایەت کە ڕۆژئاوا بێهێزە. ئەمەریکا دەبێت بەردەوام بێت لە دیپلۆماسیەت لەگەڵ ڕووسیا و بەدوای ڕێککەوتنێکدا بگەڕێن کە بۆ هەردوو لا قبووڵکراو بێت بەبێ کەمکردنەوەی سەروەریی هاوپەیمان و هاوبەشەکانی. لە هەمان کاتدا، ئەمەریکا دەبێ بەردەوام بێت لە هەماهەنگی لەگەڵ ئەورووپییەکان بۆ وەڵامدانەوە و سزادانی ڕووسیا. بەڵام شتەکە ڕوونە هەتا ئەگەر ئەورووپا لە شەڕیش دوور بێت، چیدی گەڕانەوە نییە بۆ دۆخی پێش ئەو کاتەی ڕووسیا هێزەکانی کۆ کردەوە لە ئازاری ٢٠٢١. ئەنجامی کۆتایی ئەم قەیرانە، سێیەم ڕێکخستنەوەی ئاسایشی ئەتڵەسی-ئەورووپییە لە (١٩٤٠)ەوە. یەکەم جار ئەو کاتە بوو کە سیستمی یەڵتا بوو بە دوو بلۆکی دژبەر لە ئەورووپا لەدوای جەنگی جیهانیی دووەم. دووەم جار لە (١٩٨٩)ەوە بۆ ١٩٩١ سەری هەڵدا، لەگەڵ ڕووخانی بلۆکی کۆمۆنیستی و دواتریش یەکێتیی سۆڤیەت. دوای ئەوەش ویستی دروستکردنی ئەورووپایەکی "تەواو و ئازاد"ی بەدوادا هات. پوتن ئێستا تەحەدای ئەو ڕێکخستنە دەکات بە جووڵەکانی دژی ئۆکرانیا.

لە کاتێکدا وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی چاوەڕوانی جووڵەی داهاتووی ڕووسیان و هەوڵی ڕێگریکردن لە داگیرکردن دەدەن بە دیپلۆماسیەت و هەڕەشەی سزای قورس، پێویستە لە ویستەکانی پوتن تێبگەن و بزانن چ ئاماژەیەکیان پێیە. قەیرانەکەی ئێستا لە کۆتاییدا دەربارەی هەوڵەکانی ڕووسیایە بۆ دووبارە داڕشتنەوەی نەخشەی دوای جەنگی سارد و سەپاندنی نفووزی خۆی بەسەر نیوەی ئەورووپادا لەسەر ئەو بانگەشەیەی کە گەرەنتیی ئاسایشی خۆی دەکات. ڕەنگە بکرێت ئەم جارە ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی ڕوو نەدات، بەڵام هەتا ئەو کاتەی پوتن لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە، ڕێبازەکەشی هەر دەمێنێتەوە.

# هێزی جیۆئیکۆنۆمیی ڕێگای ئاوریشمی نوێ: وەبەرهێنان لە پشتێنە و ڕێگا سوڕانەوەی لە هاوکێشەی هێزە جیهانییەکان(١)

**د. ئارەش ڕەئیسی نەژاد**
بەشی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی زانکۆی تاران

**وەرگێڕان: موجاهید وەهاب**
سەرچاوە: وەرزنامەی سیاسەتی دەرەکی،
ساڵی ٣٥، ژمارەی ١، بەهاری ١٤٠٠




(١) بە هۆی درێژی و ناپێویستیی بەشێك لە ناوەرۆك، چەند تەوەرێکی توێژینەوەکە وەرگێڕانی بۆ نەکراوە. بۆ خوێندنەوەی تەواوی توێژینەوەکە و هەروەها لیستی سەرچاوەکان، دەتوانن سەردانەی ماڵپەڕی "سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی" بکەن.

**پوختە**

گەورەپڕۆژەی ڕێگای ئاوریشمی نوێ، ئەو ڕێگایەی بە "پشتێنەیەک، ڕێگایەک" و "نوێگەریی پشتێنە و ڕێگا" ناو دەبرێت، بە ڕواڵەت بەشێکی فراوان لە پرۆژەکانی وزە و گواستنەوە و پەیوەندییەکان لەگەڵ ڕێگاکانی ترانزێت، بۆرییەکانی نەوت و غاز، بەندەرەکان، فڕۆکەخانەکان، ڕێگای شەشمەندەفەر بە سەرمایەی چینی بە بەهای یەک ترلیۆن دۆلار لەخۆ دەگرێت. هەر چەند گرنگیی ئەم گەورەپڕۆژەیە ڕۆژبەڕۆژ زیاتر دەبێت، بەڵام جگە لە چەند توێژینەوەیەکی کەم بە زمانی فارسی (یان هیچ توێژینەوەیەک بە زمانی کوردی) لە بارەی چۆنیەتی، فراوانی و وەبەرهێنان بە درێژایی پشتێنە و ڕێگا نابینرێت. بۆیە ئەم توێژینەوەیە لەسەر شێوەکانی وەبەرهێنان لەم گەورەپڕۆژەیە دەوەستێت. "وەبەرهێنان بە درێژایی پشتێنە و ڕێگا، چۆن و بە چ شێوازێک دەبێتە هۆی زیادبوونی هێزی جیۆئیکۆنۆمیی چین؟" ئەمە پرسیاری بنەڕەتیی توێژینەوەی بەردەستە کە خوێندنەوەیەکی لێکۆڵینەوەیی لە میکانیزمی وەبەرهێنان لە گەورەپڕۆژەی ڕێگای ئاوریشمی نوێ و سەپاندنی هێزی جیۆئیکۆنۆمیی ئەم وڵاتە ڕوون دەکاتەوە. لەگەڵ هەبوونی کێبەرکێی جیۆپۆلەتیکیی چین لەگەڵ ئەمەریکا، ئەم نووسینە چاوپۆشیی لە ئەم فاکتەرە کردووە و لە بەرانبەردا بە هێنانی وردەکارییەکانی ئەم وەبەرهێنانە؛ لایەنەکانی جیۆئیکۆنۆمیی ئەم گەورەپڕۆژەیە باس دەکات. هەروەها کێشە ناوخۆییەکانی بەردەمی وەکوو دیپلۆماسیی تەڵەی قەرز (Debt-trap diplomacy) گفتوگۆیان لەسەر دەکرێت. توێژینەوەکە نیشان دەدات کە چۆنێتیی وەبەرهێنان لەم گەورەستراتیژە چۆن کاریگەری لەسەر هاوسەنگیی جیهان دەکات. لە کۆتاییشدا توێژینەوەکە پێمان دەڵێت کە چۆن هێزی جیۆئیکۆنۆمیی ڕێگای ئاوریشمی نوێ توانای وەرگێڕانی بۆ هێزی جیۆپۆلەتیک هەبووە و ڕەهەندی جیۆستراتیجیەکەی ئاشکرا دەکات.

**پێشەکی**

لە سێپتەمبەری ٢٠١٣، شی جین پینگ؛ سەرۆککۆماری چین، بۆ یەکەمین جار لە سەردانێکی بۆ کازاخستان، لە زانکۆی نەزەربایێڤ باسی لە گەورەپڕۆژەی ڕێگای ئاوریشمی نوێ لەژێر ناوی "پشتێنەی ئابووریی ڕێگای ئاوریشم[١]" کرد[٢]. شی لە وتەکانیدا وتی: "لە ناوچەی ڕێگای ئاوریشمی نوێ، بازاڕی خۆماڵیی ناوچەکە دانیشتووانەکەی سێ ملیار کەس دەبێت و لە ڕووی پانتایی و پتانسیلەوە وێنەی نەبووە[٣]." دواتر لە ٣ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٣، لە سەردانەکەی بۆ ئیندۆنیسیا پرۆژەی "ڕێگای ئاوریشمی دەریایی سەدەی بیست و یەک[٤]" وەکوو تەواوکاریی ڕێگای وشکانی پێشنیار

کرا. لە ساڵی ٢٠١٤، هەردوو ڕێگای باسکراو لە ڕێگاکانی وشکانی و ئاوی لێک دران و لە کۆدا بە ستراتیژی پشتێنەیەک-جادەیەک ناو نرا. شی جین پینک بە جەختکردنەوە لە دروستکردنی تۆڕێکی پەیوەندیی نزیک لەگەڵ دراوسێکان لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی دوولایەنە و چەندلایەنە بە مەبەستی گەیشتنی هەمووان بە پێشکەوتن، وتی: "ئێمە هیوادارین وڵاتانی دراوسێ مەیلیان بۆ پەیوەندیی زیاتر لەگەڵ چین هەبێت و هەروەها هیوادارین چین بتوانێت پەیوەندیی بەهێز لەگەڵ دراوسێکانی ببەستێت[٥]." دوو ساڵ دواتر، لە ٢٠١٥ بەڵگەی نەتەوەیی بە ناونیشانی "بەرچاوڕوونی و هەنگاوەکان بۆ دروستکردنی پشتێنەی ئابووریی ڕێگای ئاوریشم و ڕێگای ئاوریشمی دەریایی سەدەی بیست و یەک" لەلایەن ئەنجوومەنی حکومیی چین بڵاو کرایەوە. لە ١٦ی مەیی ٢٠١٧، لە مەراسیمێک کە سەرۆکی نزیکەی سی وڵات لە چین بەشدار بوون، ڕێگای ئاوریشمی نوێ کرایەوە تا ڕێگا بۆ دەسەڵاتخوازی(پاوانخوازی) ی ئابووریی زیاتری ئەم هێزە ئاسایییە زیاتر خۆش بکات. بە وتەی حکومەتی چین، ئەم پڕۆژەیە بە ئامانجی زیادبوونی هاوکاری و بەشداریی هەموو ئەندامەکان لە بواری ئابووری و بازرگانیی ئازاددا، بۆ بەرەوپێشبردنی خێراتری ئابووریی هەموو ئەندامەکان لەسەر بنەمای مۆدیلی هاوکاری "بردەوە-بردنەوە"یە[٦]. لە ڕێکەوتی ٢٧ و ٢٨ی ئەپریلی ٢٠١٩، حکومەتی چین میوانداریی دووەمین کۆبوونەوەی سەرۆکەکان لە پەکین لەژێر ناونیشانی "کۆبوونەوەی هاوبەشی سەرۆکەکان" کرد. بەڵام کۆبوونەوەی دووەم لەلایەن زۆربەی ڕاگەیاندنە ڕۆژئاواییەکانەوە گرنگیی پێ نەدرا و ئەمەریکا و هیندستان لە ناردنی نوێنەری باڵا پارێزیان کرد.

ڕێگای ئاوریشمی نوێ کە بە زمانی چینی دەبێتە "ئی دای ئی لو[٧]"، بەخێرایی بووە دەستەواژەیەکی ستراتیژی تا جێگایەک کە بووەتە پڕ بەکارهێنەرترین دەستەواژە (بووەتە دەستەواژەیەک کە زۆرترین جار بەکار هاتووە) لە ڕۆژنامەی فەرمیی حکومیی "ڕۆژانەی خەڵک"[٨]. دووبارە هەستانەوەی ئەم ڕێگایە، ٦٥٪ی دانیشتووانی جیهان، ٤٠٪ بەرهەمی جیهانی و ٧١ وڵات دادەپۆشێت[٩]. لەوە گرنگتر ئەم گەورەپڕۆژەیە دەتوانێت هەژموونی ئەم وڵاتە لە هاوسەنگیی جیهانی داهاتوو بسەپێنێت و بە کۆنترۆڵکردنی ڕێگا بازرگانییە وشکانی و ئاوییەکانی ئۆراسیا، پەکین بکاتە هێزی جیهانیی نوێ لە ئابووریی جیهانی داهاتوو، لەگەڵ پێشهاتی گرنگ لە بوارەکانی سیاسی، سەربازی، ئاسایش و هەروەها کولتووری-ئایدۆلۆژیا. بەکورتی: ڕێگای ئاوریشمی نوێ گرنگترین هۆکار دەبێت بۆ سەپاندنی هێزی چین لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆی بۆ ساڵان

و دەیەکانی داهاتوو. پشتیوان و ئامرازی سەرەکیی ئەم سەپاندنی هێزەش، هێزی ئابووری و توانای وەبەرهێنان لە ژێرخانی وڵاتانی پێشکەوتووخواز یان داکەوتووە. لەم ڕووەشەوە توێژینەوەی بەردەست تیشک دەخاتە سەر ئەو ئامرازە لە دروستکردنی گەورەپڕۆژەی ڕێگای ئاوریشمی نوێ. لەگەڵ هەبوونی گرنگیی زۆری لایەنی جیۆستراتیژی و جیۆپۆلەتیکیی ڕێگای ئاوریشمی نوێ، ئەم توێژینەوەیە تەنیا جەخت لەسەر لایەنی جیۆئیکۆنۆمیی پڕۆژەکە و لایەنەکانی تر لە توێژینەوەکانی داهاتوودا بەردەوامیی پێ دەدەین.

## جیۆئیکۆنۆمی

بەکۆتاهاتنی جەنگی سارد، خوێندنەوەی نوێ لە جیۆپۆلەتیک، ڕکابەری جیهانی و ئاسایشی نێودەوڵەتی لە ئەدەبیاتی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان هاتە کایەوە. بە پێچەوانەی ئەوانەی کە جەختیان لەسەر بەردەوامیی ماهیەتی سیاسەت و کێبەرکێی نێودەوڵەتی دەکردەوە، گرووپێکی تر جەختیان لەسەر گۆڕانی ئەم ماهیەتە بوو. لەم نێوەندەدا دەستەواژەی جیۆئیکۆنۆمی لەو دەستەواژە کاریگەرانە بوو کە ئاماژەی بۆ گۆڕانکاری لە ماهیەتی سیاسەت و کێبەرکێی نێودەوڵەتی لە سەردەمی پاش جەنگی سارد دەکرد. بێگومان ئیدوارد لوتواک یەکێک لە یەکەمین و گرنگترینی ئەو کەسانە بوو کە ئەم دەستەواژەی ڕوون کردەوە[١٠]. لوتوارک لە نووسینەکەی لە ساڵی ١٩٩٠، "لە جیۆپۆلەتیک تا جیۆئیکۆنۆمی"، دەستەواژەی "جیۆئیکۆنۆمی"ی هێنایە کایەوە و ئاشکرای کرد کە "جیۆئیکۆنۆمی باشترین دەستەواژەیە کە دەتوانم بیری لێ بکەمەوە تا تێکەڵەی لۆژیکی کێبەرکێی سیاسی لەگەڵ شێوازەکانی بازرگانی وەسف بکات، یان هەر بەو شێوەیەی کلاوزویتس نووسیبووی، لۆژیکی جەنگ بە ڕێزمانی بازرگانی[١١]". لوتواک بەڵگە دەهێنێتەوە کە هەمان ئەو لۆژیکەی زەمینەی پێکدادانی سەربازی دروست دەکات، بە بازرگانیی نێودەوڵەتییشەوە پەیوەستە و لەم ڕووەوە لەسەر ئەوەی کە داهاتووی جیۆپۆلەتیک لە بواری ئابووری فراوان دەبێت؛ جەخت دەکاتەوە. ئەو ئاماژە دەکات کە ١. وڵاتان سەودای کۆکردنەوەی داراییان تا ئەو ئاستەیە کە کۆدە داراییەکان دیارییان کردووە و مۆڵەت نادەن کە وڵاتانی تر لە چالاکییە بازرگانییەکان لە سنووری ئەودا باج وەربگرن. ٢. وڵاتان بەگشتی چالاکییە ئابورییەکانیان بە جۆرێک دەخەن کە ئەنجامەکان لەناو سنوورەکانی خۆیان بۆ بەرزترین ڕێژە بەرز بکەنەوە، هەر چەند ئەم ئەنجامە لای وڵاتانی تر پەسەند نەبێت، تا ئەوەی کە مەیلیان بۆ ئامانجێکی سەرونەتەوەیی بێت. کەواتە لۆژیکی ڕێکخستنی دەوڵەت تا ئاستێک لەگەڵ لۆژیکی بەریەککەوتن هاوشانیی هەیە. ٣.

وڵاتان و بلۆک یان کۆمەڵەی وڵاتان هەوڵ دەدەن تا پێدان و خزمەتگوزارییەکانیان بۆ دانیشتووانیان سنووردار بکەن. بەدەر لەوەش، وڵاتان پرۆژە ژێرخانەکانیان، جیا لە چۆنیەتیی کاریگەرییان لەسەر وڵاتانی تر، بۆ باشترکردنی پەسەندیی ناوخۆیی دادەڕێژن. ٤. وڵاتان یان بلۆکی وڵاتان داهێنانی تەکنەلۆژی یان بۆ زیادکردنی سوودمەندی لە سنووری خۆیان و نەک لەبەر خودی داهێنانەکە، گرنگی پێ دەدەن[١٢]. بە وتەی لوتواک، ڕۆڵی چەکی هێرشی لە جیۆئیکۆنۆمی لە جەنگ گرنگیی زیاتری هەیە و لێکۆڵینەوە و پێشکەوتن بە پشتیوانیی حکومەت گرنگترینی ئەم چەکانەیە. "هەروەك چۆن لە شەڕدا، ئەوە تۆپخانەیە کە قەڵەمڕەوێك بە ئاگر دەگرێت (فتح)، کە هێزی پیادە دواتر دەتوانێت داگیری بکات، لێرەدا ئامانج ئەوەیە کە پیشەسازیی داهاتوو بە دەستکەوتنی باشترین تەکنەلۆجیا بەدەست بهێنرێت"[١٣]. جیا لە لوتواک، ئەوە هێنری فارل، ئابراهام ئێل نیومان بوون کە بە جەختکردنەوە لە دەستەواژەی "پابەندبوونی چەکداری بەرانبەر" ئاماژەیان بۆ تێکەڵبوونی هێز و تۆڕەکانی ئابوریی نێودەوڵەتی دەکرد[١٤]. فارل و نیۆمان ڕاستەوخۆ ناچنە سەر جیۆئیکۆنۆمی، لەگەڵ ئەوەشدا نووسینەکەیان لەسەر هۆکارە سەرەکییەکانی سەپاندنی هێز لە چوارچێوەی جیۆئیکۆنۆمی دەڕوات. بە شێوەیەکی تایبەت ئێمە نیشانی دەدەین کە چۆن تۆپۆگرافیای تۆڕە ئابوورییەکانی پابەندی بەرانبەر لەگەڵ دامەزراوە و باوە ناوخۆییەکان یەک دەگرن تا شکۆی سەپێنراو بەدی بهێنن. لەم نێوەندەدا تۆڕەکانی وەکوو پەیوەندییە داراییەکان، زنجیرەی دابینکردن و ئینتەرنێت کە لەلایەن لێکۆڵەرەوەانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان تا ئاستێکی زۆر وەلا خراوە، لە دڵی تێگەیشتنێکی نوێی قەناعەتپێکەر لە عەولەمە و هێزی باوەڕپێکراو، دادەنێت[١٥].

لە لایەکی ترەوە کاریگەریی سیاسەتە داراییەکان وەکوو ئامرازێک بۆ ئابووریی جیهان، تا ئاستێکی زۆر پەیوەستە بە ڕۆڵی دراوی وڵاتێک لە سیستمی دراوی نێودەوڵەتی.

لەگەڵ ئەوەشدا نابێت جیۆئیکۆنۆمی لە خاڵی بەرانبەر جیۆپۆلەتیک ببینرێت، بەڵکوو ئەم دوو دەستەواژەیە ئاوێتەی یەک بوون. ڕیچارد نیکسۆن سەرۆککۆماری پێشووی ئەمەریکا بە شێوەیەکی دروست لە واتای ئەم دەستەواژەیە تێگەیشتبوو و دەیوت هەندێک کەس پێیان وایە کە بە کۆتاهاتنی جەنگی سارد، گرنگیی هێزی ئابووری و جیۆئیکۆنۆمی کەوتووەتە پێش هێزی سەربازی و جیۆپۆلەتیکیی کلاسیک. ئەوان ئەڵێن ئەمەریکا دەبێت شمشێرەکانی خۆی نەک بە گاسن، بەڵکوو بە مایکرۆچیپەکان لەناو ببات[١٦]. لەم ڕوانگەوە جیۆئیکۆنۆمی ئاماژە بۆ "بەکارهێنانی ئامرازە ئابوورییەکان بۆ بەرەوپێشبردنی ئامانجە جیۆپۆلەتیکەکان"

دەکات [١٧]. هەروەها ڕۆبێرت دی بلاکویڵ و جەنیفەر هەریس جیۆئیکۆنۆمی یان بە بەکارهێنانی ئامرازە ئابوورییەکان بۆ بەرەوپێشچوون و پاراستنی بەرژەوندییە نەتەوەییەکان و بەدیهێنانی ئەنجامی سوودبەخشی جیۆپۆلەتیک و کاریگەریی هەنگاوە ئابوورییەکانی وڵاتانی تر بەسەر ئامانجەکانی جیۆپۆلەتیکی وڵاتێکی تر پێناسە کردووە[١٨]. لە ڕاستیدا هێزی ئابووری و ئامرازەکانی جیۆئیکۆنۆمی بە بەشداری لە ئابوورییەکی بەهێز، دارشتنی سیاسەتی ئابووریی نێودەوڵەتیی کاریگەر و بەکارهێنانی ئامرازە ئابوورییەکان لە گەیشتن بە ئامانجە جیۆپۆلەتیکییەکان، ئاسایشی نەتەوەیی وڵات بەهێز دەکات. بەکورتی: جیۆئیکۆنۆمی لێکدانەوەی چۆنیەتیی هاوکاری و تێکگیرانی جیۆپۆلەتیک و ئابووری لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە.

لەم ڕووەوە سەرنجڕاکێشیی وەبەرهێنان و مەجالی سەپاندنی هێزی نەرم کە چین لە پرۆژەی پشتێنە و ڕێگا ئەنجامی داوە، وەکوو هۆکاری دیاریکردنی هێزی جیۆئیکۆنۆمی لەبەرچاو دەگیرێت. لە ڕاستیدا ڕێگای ئاوریشمی نوێ گرنگترین نموونە و سیمبولی هێزی جیۆئیکۆنۆمی لە جیهانی ئایندەیە. هەر چەند ئامانج و ئاقارەکانی بەرێخستنی ڕێگای ئاوریشمی نوێ ڕەگی جیۆپۆلەتیکی هەیە، بەڵام ڕێکار و کارەکانی ئەم گەورەپرۆژەیە لە سنووری جیۆئیکۆنۆمی دەبێت. بەم شێوەیە ڕکابەریی چین و ئەمەریکا لە ئاستی ڕکابەریی جیۆئیکۆنۆمی دەبێت، هەر چەند لە ناخدا ڕکابەرییەکی جیۆپۆلەتیک دەبێت.

**میتۆدی توێژینەوە**

توێژینەوەی بەردەست لەسەر شێوازی وەسفی-شیکاری لە ناساندنی ڕێگای ئاوریشمی نوێیە. ئەم توێژینەوەیە بۆ نیشاندانی دەرچەکانی ڕێگای ئاوریشمی نوێ و کاریگەرییان لەسەر ئاسیای ناوەڕاست، لە سەرچاوە و داتاکانی کتێبخانە و بەڵگەنامەکان سوود وەردەگرێت. سەرچاوەی سەرەکی لەم ڕێڕەوەدا سەرچاوە نووسراوەکان، بەڵگە و ڕاپۆرتە ڕێکارییەکانە. لەم ڕووەوە توێژینەوەی بەردەست بە سوودوەرگرتن لە خوێندنە کتێبخانەییەکان و کۆکردنەوەی زانیارییە بڵاوبووە ئینتەرنێتییەکان هەوڵ بۆ ڕۆشنکردنەوە و شیکردنەوەی بابەتەکە دەدات.

**بەڵگەنامەی (سند)**

**"دەرچە و هەنگاوەکان": پشتێنە و ڕێگا**

بۆ گەیشتنە ئەنجامی بیرۆکەیەکی وەها گەورە، ڕێبەرانی پەکین بەخێرایی "گرووپی ڕێبەری بەرەوپێشبردنی جێبەجێکردنی داهێنانی پشتێنە و ڕێگا[٣٢]"یان لەژێر چاودێریی کۆمیسۆنی پێشکەوتن و چاکسازییە نەتەوەییەکان لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٤ دامەزراند[٣٣]. ئەم گرووپە ڕاپۆرتەکانی

خۆیان بە شێوازێکی ڕاستەوخۆ دەدەن بە ئەنجوومەنی دەوڵەتی کۆماری چین کە گرنگیی ئەم گرووپە لە سیاسەتی دەرەوە و تەنانەت سیاسەتی ناوخۆی پەکین نیشان دەدات. ئەرکی ئەم گرووپە ڕێبەریکردن و هاوکاری بۆ دامەزراندنی داهێنانی پشتێنە و ڕێگایە. هان جینگ یاریدەدەری جێبەجێکاری سەرۆکوەزیران؛ سەرۆکی ئەم گرووپە و هووچون هوا یاریدەدەری سەرۆکوەزیران؛ یاریدەدەری سەرۆکی ئەم گرووپەیە. جانگ گاولی یاریدەدەری تری سەرۆکوەزیران و ئەندامی کۆمیتەی پولیتبورو لەگەڵ وانگ هانینگ و وانگ یانگ و یانگ جین و یانگ جەی چی، هەموو ئەندامانی ئەم گرووپە گرنگەن[٣٤].

دامەزراوەیەکی تر کە لە جێبەجێکردنی ئەم گەورەپڕۆژەیە بەشدارە، بریتییە لە ئاژانسی حکومیی هاوکاریی پێشکەوتنی نێودەوڵەتیی چین(٣٥). ئەم ئاژانسە لە ١٨ی ئەپریلی ٢٠١٨ دامەزرا و بەرپرسی ڕێکار و سیاسەتە ستراتیجییەکان لە بارەی هاوکارییە دەرەکییەکانە. ئاژانسی هاوکاریی پێشکەوتنی نێودەوڵەتی، لەژێر چاودێری ئەنجوومەنی حکومی دەبێت و هاوکاری "ستراتیجی جیهانی وڵات و باشتر بەرێوە بردنی کارەکانی پرۆژەی پشتێنە و ڕێگا دەکات[٣٦]. ئاژانسە حکومییە جیاوازەکانی چین لە داڕشتن و جێبەجێکردنی کاری پشتێنە و ڕێگا، ڕۆڵیان دەبێت بۆ نمونە کۆمیسیۆنی پێشکەوتنی نەتەوەیی و چاکسازی، وەزارەتی بازرگانی، وەزارەتی کاروباری دەرەوە و وەزارەتی رۆشنبیری. هەروەها بۆ تەواوکاری و دەستپێکردنی ڕێگای ئاوریشمی نوێ، تەقریبەن هەموو پارێزگاکانی چین وەکوو هیبی و هینان بەرنامەکانی جێبەجێکردنی کاری پشتێنە و ڕێگای تایبەت بە خۆیان داڕشتووە. لە ڕاستیدا هەستانی ڕێگای ئاوریشمی نوێ بۆ پەیوەستکردنی ئاسیا، ئەورووپا و ئەفەریقا پێویستی بە هەماهەنگیی سیاسەتی وڵاتانی سەر ڕێگاکە لە سێ بواری سیاسی، ئابووری و فەرهەنگییە. ئەم هەماهەنگییانە دەبێت لە کاتی جێبەجێکردندا ببێتە هۆی فراوانکردنی هاوکارییەکان. ئەم هەماهەنگی و هاوکارییانە گەرەنتیی هەستان و بەردەوامیی ئەم گەورەپڕۆژەیە دەبن. لەبەر ئەم هۆکارە، زۆربەی بەڵگە و دانیشتنەکان لەسەر ڕێگای ئاوریشم، لەسەر بنەمای دروستکردنی ڕێکارەکان بۆ هەماهەنگی و هاوفیکریی نێوان وڵاتان و بەرجەستەکردنی بەرژەوەندیی هاوبەش و پتەوکردنی متمانەی نێوان وڵاتەکانە.

لە گرنگترینی ئەو بەڵگانەی باس کران، بەڵگەیەکە کە لەلایەن ئەنجوومەنی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی چین بە ڕابەرایەتیی شی پەسەند کراوە. لە ڕاستیدا کرۆکی ئەم گەورەپڕۆژەیە دەبێت لە بەڵگەی "بەرچاوڕوونی

و هەنگاوەکان بۆ بە هاوبەشی دروستکردنی پشتێنەی ئابووریی ڕێگای ئاوریشم و ڕێگای ئاوریشمی دەریایی سەدەی بیست و یەک[٣٧]" ببینرێت کە لەلایەن کۆمسیۆنی پێشکەوتن و چاکسازیی نەتەوەیی[٣٨]، وەزارەتی کاروباری دەرەوە[٣٩]، وەزارەتی بازرگانیی چین[٤٠]، بە چاودێریی ئەنجوومەنی حکومیی چین[٤١] لە ١ی فێبریوەریی ٢٠١٥ بڵاو کرایەوە(٤٢). بەم شێوەیە ئامانجی سەرەکیی ئەم گەورەپڕۆژەیە، "پێشکەوتنی پەیوەندیی کیشوەرەکانی ئاسیا، ئەورووپا و ئەفەریقا و دەریاکانی دەوروبەریان، دروستکردن و بەهێزکردنی بەشداریی وڵاتانی سەر ڕێی پڕۆژەکە، بەگەڕخستنی تۆڕەکانی پەیوەندیی فرەڕەهەندی، چەند روو و تێکەڵ و گەیشتن بە جۆرە جیاوازەکانی پێشکەوتنی سەربەخۆ، هاوسەنگ و بەردەوام لەم وڵاتانە"یە(٣٨). لەسەر بنەمای وتەکانی شی، بنەما سەرەکییەکانی ئەم بەڵگەیە لە پێنج پێشنیاری بنەڕەتی بۆ جێبەجێکردنی هاوبەش لەلایەن وڵاتانی سەر ڕێگای ئەم پشتێنە دابین کرا. ئەم پێنج پێشنیارە ئەم بابەتانە لەخۆ دەگرێت[٣٩]:

١. هەماهەنگیی سیاسەتەکان[٤٠]: بەرزکردنەوەی ئاستی هەماهەنگیی نێودەوڵەتی، سیاسەتەکانی ئاڵوگۆڕی فراوانی چەند ئاستی نێودەوڵەتی و ڕێکارەکانی پەیوەندی.

٢. لێکدانی ئامرازەکان[٤١]: باشترکردنی لێکدانی بەرنامەکانی دروستکردنی ژێرخان و سیستمە ستاندەرە هونەرییەکان.

٣. بازرگانیی بێبەربەست[٤٢]: کەمکردنەوەی بەربەستەکانی وەبەرهێنان و بازرگانی، بەرزکردنەوەی لێکدانی ئابووریی ناوچەیی.

٤. لێکدانی دارایی[٤٣]: هەماهەنگی و هاوکاری لە سیاسەتە دراوییەکان، دروستکردنی دامەزراوە داراییەکان.

٥. پەیوەستکردنی خەڵک بە خەڵکەوە[٤٤]: ئاڵوگۆڕ و گفتوگۆی کولتووری و زانکۆیی، هاوکاریی ڕاگەیاندن.

بەم شێوەیە بەڵگەی باسکراو جەخت لەسەر بەهێزکردنی پەیوەندییەکان و دانوستانی نێوان وڵاتانی سەر ڕێگا لە بواری داڕشتنی سیاسەتەکان لە پێناو هاوکاریی هاوبەشی ئابووری، بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی ئاڵوگۆڕ بۆ بنیاتنانی ڕێڕەوێکی گەورە لە زەریای ئارام تا دەریای بالتیک و لە ئاسیای ناوەڕاست تا زەریای هیندی و بنیاتنانی تۆڕێکی ترانزێت لەنێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و باشووری ئاسیا، ئاسانکاریی بازرگانی لەنێوان وڵاتانی سەرەڕێ بە سەرنجدان لەسەر لابردنی بەربەستە بازرگانییەکان و کەمکردنەوەی تێچوونەکانی بازرگانی و وەبەرهێنان، بەهێزکردنی هاوکارییە داراییەکان بە تیشک خستنە سەر نەگۆڕیی دراو بۆ کەمکردنەوەی تێچوونی ئاڵوگۆڕ و کەمکردنەوەی ریسکی

دارایی و زیادکردنی کێبەرکێی ئابووری و لە کۆتاییشدا بەهێزکردنی پەیوەندیی خەڵک لەگەڵ خەڵک لە وڵاتانی سەر ڕێی پشتێنە دەکاتەوە[٤٥].

ئەم بەڵگەیە بە پشتبەستن بە ڕۆڵی مێژوویی ڕێگای ئاوریشم لە دروستکردنی پەیوەندی لەنێوان کولتووره دێرینەکان و هەروەها زیادکردنی مامەڵە لەنێوان شارستانیەتەکان دەست پێ دەکات و جەخت لەسەر پێویستیی دروستکردنەوەی دەکات. هەروەها بەڵگەکە لەسەر گرنگیی پەیوەندیی سێ کیشوەری ئاسیا، ئەورووپا و ئەفریقا (دوورگەی جیهانی لە دیدی هالفۆرد مەکیندەر)[٤٦] دەوەستێت و بە نیشاندانی کاریگەرییەکانی لەسەر ئابووری جیهانی، پێویستیی دەستپێکردنی ئەم گەورەپرۆژەیە نیشان دەدات. لێرەدا بە ئاماژە بە ناهاوسەنگیی پێشکەوتنی جیهانی و سستبوونی زیندووکردنەوەی ئابووریی جیهانی کراوە. بەڵگەکە هەروەها چوارچێوە و ڕێکارەکانی هاوکاری و گرنگتر لەوەش، ڕۆڵی ناوچە جوگرافییەکانی چین لە بەگەڕخستن و بەرەوپێشبردنی ئەم گەورەپرۆژەیە نیشان دەدات. لە چەند شوێنێکی بەڵگەنامەکەدا پێنج بنەمای پێکەوەژیانی ئاشتیانە، "ڕێزگرتنی بەرانبەر بە دەسەڵات و یەکپارچەیی نیشتمانی یەکتر"، "ڕێگری لە دەستدرێژی بەرانبەر یەکتر"، "ڕێگری لە دەستتێوەردان لە کاروباری ناوخۆیی یەکتر"، "یەکسانی"، "بەرژەوەندیی بەرانبەر و پێکەوەژیانی ئاشتییانە" باس دەکرێت.

لەسەر بنەمای بەڵگەنامەی بەرچاوڕوونی و هەنگاوەکان، ڕێگای ئاوریشمی نوێ دوو ڕێڕەوی بازرگانی پشتێنەی ئابووریی ڕێگای ئاوریشم[٤٧] و ڕێگای ئاوریشمی دەریایی[٤٨] لەخۆ دەگرێت. ڕێڕەوی زەمینی یا هەمان پشتێنەی ڕێگای ئاوریشمی نوێ، هەوڵ بۆ پەیوەستکردنی ئەورووپای پێشکەوتوو لەگەڵ ئاسیای پێشکەوتووخواز دەدات. پشتێنەی ڕێگای ئاوریشمی نوێ چەندین ڕێڕەو لەخۆ دەگرێت کە تاکوو ئێستا شەش دانەیان لە قۆناغی نەخشەسازی یان بنیاتنانن: ١. ڕێڕەوی ئابووریی چین-مەغۆلستان-ڕووسیا[٤٩]، ٢. ڕێڕەوی ئابووریی پردی زەمینیی ئۆراسیای نوێ[٥٠]، ٣. ڕێڕەوی ئابووری چین-ئاسیای ناوەڕاست-ئاسیای ڕۆژئاوا[٥١]، ٤. ڕێڕەوی ئابووریی چین-پاکستان[٥٢]، ٥. ڕێڕەوی ئابووریی نیوەدوورگەی هیند و چین[٥٣]، ٦. ڕێڕەوی ئابووریی بەنگلادیش-چین-هیند-میانمار[٥٤]. ڕێگای دەریایی ئەم پشتێنەش کەناراوەکانی چین لە ڕێی دەریای چینی باشوور و زەریای هیندی لەگەڵ باکووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، ئەندەنوسیا، هیند، نیوەدوورگەی سعودیە، سۆماڵ، میسر و ئەورووپا پەیوەست دەکات. ئەم ڕێگا دەریاییە هەوڵێکە بۆ نوێگەری، بەرزکردنەوەی ئاستی ژێرخان و ئامرازەکانی بەندەرەکان و ڕێگا

لۆجیستیکییەکان لە چینەوە بۆ باکووری ڕۆژهەڵات و باکووری ئاسیا، ڕۆژهەڵاتی نێوین و ڕۆژهەڵاتی ئەفەریقا.

ڕێگای ئاوریشمی دەریایی بەشێکی قەرەباڵغ و زۆر بەکاربەری جیهان دەبێت، ناوچەیەک کە شوێنی ژیانی ٤٢٪ی دانیشتووانی جیهان و ٢٥٪-ی تێکڕای بەرهەمی ناوخۆییە (Gross Domestic Product GDP)، جگە لە چین(٥٥).

**پرۆژەکان و کەناڵەکانی وەبەرهێنان**

پرۆژەی "پشتێنە-ڕێگا"، پرۆژەیەکی سنووربڕە و هەموو وڵاتان توانای بەشدارییان تێدا هەیە و تا ساڵی ٢٠٢٠، ١٣٨ وڵات لە ئاستی نێودەوڵەتی بوونەتە ئەندامی ئەم پرۆژەیە کە ٦٩ وڵاتیان بەدیاریکراوی لەسەر ڕێی ڕێڕەوە زەمینی و دەریاییەکانن کە بۆ ئەم پرۆژەیە دانراون. لەسەر بنەمای ڕاگەیاندنی وەزارەتی دەرەوەی چین، ئەم وڵاتە ١٩٨ ڕێککەوتننامەی هاوکاریی لەگەڵ ١٦٧ وڵات و ڕێکخراوی نێودەوڵەتی لە سنووری پرۆژەی "پشتێنە-ڕێگا" واژۆ کردووە(٥٦). لە ماوەی شەش ساڵی ڕابردوو، ڕێگای ئاوریشمی نوێ بە پێکهاتەی تۆڕێکی ئاڵۆز و جیهانی لە ڕێڕەوە زەریایی و زەمینییەکان لەگەڵ چین وەکوو سەنتەر گەشەی کردووە. بە پێی کۆتا ئامار، هەموو قەبارەی بازرگانی لەنێوان چین و وڵاتانی سەر ڕێی ئاوریشمی نوێ لە سەردەمی (٢٠١٨-٢٠١٣) زیاتر لە شەش ترلیۆن دۆلار بووە کە لەم ماوەیەدا زیاتر لە ٢٤٤ هەزار هەلی کار بۆ ئەم ناوچە فراوانە دروست بووە. هاوردە و هەناردەی چین لە وڵاتانی ڕێگای ئاوریشمی نوێ، لە سێ مانگی یەکەمی ساڵی ٢٠١٩ زیاتر لە سێ سەد ملیار دۆلار بووە کە ٧.٨٪ زیاتر بە بەراورد لەگەڵ ساڵی ڕابردوو و ٢٨.٦٪ لە کۆی بازرگانیی دەرەکیی ئەم وڵاتە لەم ماوەیەدا بووە(٥٧).

ناکرێت بڕیاردانی ڕێک و دروست لە بارەی پانتایی گشتیی ئەم پرۆژەیە بدرێت، چونکە وڵاتی چین هیچ کات پێڕستێکی تەواوی لە هەموو پرۆژە جێبەجێکراو یان پلانبۆدانراوەکان بڵاو نەکردووەتەوە. بەڵام خەمڵاندنەکانی تایبەت بە گەورەیی ئەم پرۆژەیە، باس لە پانتاییەکی فراوان لە یەک تا هەشت ترلیۆن دۆلار دەکەن(٥٨). تۆڕی ڕێگای ئاوریشمی نوێ تۆڕەکانی وەبەرهێنان لەخۆ دەگرێت. گفتوگۆ جیاوازەکان جەخت لەسەر بەرێخستن و هاندان بۆ مۆدێلە پێشکەوتووەکانی کەسابەت و خێرایی بەخشین بە ڕێکاری ئاسانکاریی وەبەرهێنان و فراوانکردنی وەبەرهێنانی هاوبەش و لابردنی بەربەستەکانی بەردەم وەبەرهێنان دەکەنەوە. لەنێوان ساڵەکانی ٢٠١٣ تا ٢٠١٩، نزیکەی سێ هەزار پرۆژەی ڕێگای ئاوریشمی نوێ لە بوارەکانی دروستکردنی ڕێگا، وزە، پەیوەندییەکان و ژێرخانەکان بە بەهای نزیکەی چوار ترلیۆن دۆلار دەستی پێ کردووە.

لە ڕاستیدا چین لەم پرۆژەیەدا زیاتر لە حەوت هێندەی خەرجیی ئەمەریکا بۆ بنیاتنانەوەی ئەورووپا لەسەر پرۆژەی مارشاڵ خەرج دەکات. لەگەڵ ئەوەشدا بەشی ئەم بوارانە یەکسان نییە. پرۆژەکانی گواستنەوە هەم زۆرترین و هەم بەبەهاترین بەشی پرۆژەکانی ڕێگای ئاوریشمی نوێ لەخۆ دەگرێت. ئەم ناهاوسانییە گرنگیی پەیوەندییە زەمینییەکان و ڕێڕەوە ترانزێتەکان بۆ وڵاتی چین و وڵاتانی سەر ڕێی ئاوریشمی نوێ دەردەخات.

بابەتە ئابوورییەکان لە سەنتەری هەستانەوەی ئەم ڕێکخستنەوە جیهانییە نوێیەن. ئەم بابەتانە عەولەمەی ئابووری، پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای زانیاری، پشتیوانی لە بازرگانیی ئازاد لە جیهان و هاوکاری ناوچەیی، ڕێڕەوی ئازادی گۆڕینەوە ئابوورییەکان، یەکپارچەیی بازاڕەکان، هەماهەنگیی سیاسەتە ئابوورییەکان، قووڵبوونەوەی هاوکارییە ناوچەییەکان و داڕشتنی چوارچێوەیەکی ئابووریی ناوچەیی نوێ دەگرێتەوە(٥٩). لە ساڵی ٢٠١٣، واتە کاتی دەستپێکی گەورەپرۆژەی ڕێگای ئاوریشمی نوێ، ١٢٦ وڵات و ٥٦ ڕێکخراوی نێودەوڵەتی لە سەرانسەری ئاسیا، ڕۆژهەڵاتی ناوین، ئەورووپا، ئەفەریقا و ئەمەریکای باکوور ڕێکەوتننامەی هاوکارییان لەگەڵ چین بۆ بەشداری لەم بوارەدا واژۆ کردووە. ڕاپۆرتێکی گشتگیر لە ئەنجوومەنی جیهانیی حەقدەست(٦٠)، دەیخەملێنێت کە ئاسیا (بەبێ چین) پێویستی بە نۆ سەد ملیار دۆلاری ساڵانە بۆ ژێرخانەکانی لە دەیەی داهاتوو دەبێت(٦١). قەبارەی بازرگانیی نێوان چین و وڵاتە بەشداربووەکان زیاتر لە شەش ترلیۆن دۆلار دەبێت و بۆ بەردەوامیی گەشەی ئابووری، تا ساڵی ٢٠٣٠ پێویستی بە وەبەرهێنانی ٢٦ ترلیۆن دۆلاری زیادەیە. لەم ڕووەوە بوونی بودجەیەکی شایستە بۆ گەرەنتیی سەرکەوتنی بەردەوامی ئەم پرۆژەیە زۆر گرنگە.

کۆمپانیای ڕاوێژکاری بەیکەر مەکینزی(٦٢) بەراوردی کردووە کە لە ماوەی پێنج ساڵی داهاتوو، قەبارەی پرۆژەکانی ڕێگای ئاوریشمی نوێی پەیوەست بە چین، زیاتر لە ٣٥٠ ملیار دۆلار دەبێت(٦٣). گرنگتر لەوەش، تا ساڵی ٢٠١٩ زیاتر لە دوو هەزار پرۆژە لە کۆی پرۆژەکانی گەورەپرۆژەی ڕێگای ئاوریشمی نوێ، بەردەوام دەبن لە جێبەجێکردن و تەنیا ٦٦٦ پرۆژە لە ماوەی ساڵەکانی ٢٠١٣ تا ٢٠١٩ تەواو بوون.

حکومەتی چین بۆ سەرکەوتنی جێبەجێکاری ئەم پرۆژە گەورەیە، سەرچاوە داراییەکان پرۆژەی جیاواز و ڕێکاری جێبەجێکاریی جیاوازی گرتووەتە بەر. لە نموونەی ئەو سەرچاوە داراییانەی کە حکومەتی چین بۆ ئەم پرۆژەیە گەرەنتیی کردووە، بریتین لە چل ملیار دۆلار بۆ پشتێنەی ئابووریی ڕێگای ئاوریشم، ٢٥ ملیار بۆ ڕێگای

ئاوریشمی دەریایی، پەنجا ملیۆن دۆلار بۆ بانکی پێشکەوتن و ژێرخانی ئاسیایی و چل ملیۆن دۆلار بۆ سندووقی ڕێگای ئاوریشم[٦٤].

چین بۆ بەرزکردنەوەی پێشکەوتنی جیهان و سەرنجڕاکێشیی شێوازی پێشکەوتنی چینی، جەخت لەسەر تایبەتمەندییەکانی هەماهەنگیی زانستی، بەردەوامی و... دەکاتەوە کە شێوازی پێشکەوتنی چینی لەژێر ناوی "کۆبوونەوەی پەکین" لەبەرانبەر شێوازی کۆبوونەوەی واشنتۆن ناو دەبەن. هەروەها پەکین سوورە لەسەر "دیپلۆماسیی ئابووری"[٦٥] کە ڕێکارە سەرەکییەکەی ئاسانکاریی پەیوەندییە ئەرێنییەکان و کەمکردنەوەی بەریەککەوتنی نێوان چین و وڵاتانی پێشکەوتووخواز لە ناوچە دووردەستەکانە. ڕێکارێکی تری، کەمکردنەوەی دژایەتی بەرانبەر بوونی ئابووریی ڕووەوزیادی چین لەگەڵ وڵاتانی پێشکەوتووە.

ئەم وڵاتە بە مەبەستی دابینکردنی دارایی ئەم پڕۆژەیە، کەناڵی دارایی جیاوازی هێناوەتە کایەوە. ئەم کەناڵانە توانای جۆراوجۆرکردنی گەنجینەی دراوی دەرەکی دەبەخشێتە چین[٦٦]. بەشێک لە سەرچاوە داراییەکانی پڕۆژەکانی پشتێنە-ڕێگا لە ڕێی کۆمپانیا چینییەکانەوە دابین دەکرێت. بە پێی لێدوانەکانی دەسەڵاتداران و بەرپرسانی چینی، پەنجا کۆمپانیای حکومیی[٦٧] چینی لە سێ ساڵی ڕابردوو لە ١٧٠٠ پڕۆژە لە وڵاتانی دەوروبەری پشتێنە و جادە وەبەرهێنان یان بەشدارییان کردووە.

ئەکتەرە سەرەکییەکان بریتین لە[٦٨] بنیاتنانی پەیوەندییەکانی چین[٦٩]، ئەندازیاریی بنیاتنانی حکومیی چین[٧٠]، وزەی چین[٧١]، کۆمپانیای بنیاتنانی ڕێگای شەمەندەفەری چاینا ساینوماچ[٧٢]، گرووپی ڕێگای شەمەندەفەری چین[٧٣]، کۆمپانیای نەتەوەیی نەوتی چین[٧٤] و تۆڕی حکومی[٧٥]. ئەم هەمووە نیشاندەری ئەوەیە کە ڕێبەرانی پەکین بۆ بەڕێخستن و بەرەوپێشبردنی ئەم پڕۆژە گەورە، وەبەرهێنانی فراوانیان کردووە. لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا نزیکەی نیوەی سەرچاوە داراییەکانی ئەم پڕۆژانە لەلایەن وەبەرهێنەرانی کەرتی تایبەت، وڵاتانی تری ئەندام و هەروەها بانکە نێودەوڵەتییەکان دابین کراوە.

بە شێوەیەکی گشتی بودجەی پڕۆژەکانی پشتێنە-ڕێگا لەلایەن چوار کەناڵی جیاوازەوە دابین دەکرێت: بانکە سیاسییەکان[٧٦]، بانکە حکومییەکان، سندووقی سامانی نەتەوەیی[٧٧] کە جۆرێکە لە سندووقی وەبەرهێنانی حکومی و دامەزراوە داراییە نێودەوڵەتییەکان کە هەر کام لەم کەناڵانە دامەزراوەی جیاواز لەخۆ دەگرن[٧٨]. دامەزراوەکانی ژێر کۆمەڵەی بانکە سیاسییەکان بە ئامانجی جێبەجێکردنی سیاسەتە ئابوورییەکانی حکومەت دامەزراون و بە دامەزراوە حکومییەکان، پێشینە دەدەن.

بە درێژایی بەڕێوەچوونی یەکەم کۆڕبەندی پشتێنە-ڕێگا لە ساڵی ٢٠١٧، حکومەتی چین بەڵێنی پێدانی ٥٥ ملیار دۆلار پێشینەی لەلایەن دوو بانکی حکومیی خۆیەوە بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکانی پشتێنە-ڕێگا دا. لەم نێوەندەدا دەتوانین ئاماژە بە هەردوو "بانکی پێشکەوتنی چین"[٧٩] و "بانکی هەناردە و هاوردەی چین"[٨٠] بدەین. بانکی پێشکەوتنی چین بە شێوەیەکی تایبەتمەند سەرچاوەی دارایی پرۆژە ژێرخانەکان، وزە و گواستنەوە دابین دەکات و زیاتر وەکوو بزێنەری جووڵاندنی سیاسەتەکانی پێشکەوتنی چین ناسراوە، هەر بەم هۆکارە بەشی ئەم بانکە لە دابینکردنی دارایی پرۆژەکانی پشتێنە-ڕێگا وەکوو کۆتا داهێنانی ئەم وڵاتە لە پێشکەوتنی ئابووری؛ بەرەو زیادبوون دەڕوات و هەروەها ئەم بانکە زیاتر لە یەک لە سەر چواری بەڵگەنامەی یوان ی ئەم وڵاتەی بە خۆیەوە تایبەت کردووە. ئەم بانکە تا ساڵی  ٢٠١٨، بودجەیەک بە بەهای ١١٠ ملیار دۆلاری بۆ وەبەرهێنان لە پرۆژەکانی پشتێنە-ڕێگا دیاری کردووە.

بانکی هەناردە و هاوردەی چین: ئەم بانکە کە بە "ئیگزیم" ناسراوە، لە جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی حکومەتی چین لە بواری پیشەسازی، بازرگانیی دەرەکی، دبلۆماسی و وەبەرهێنان و هاوکاریی ئابوورییە نێودەوڵەتییەکان تایبەتمەند کراوە، لەبەر ئەوە بانکی ناوبراو وەکوو بانکی پێشکەوتنی چین ڕۆڵێکی گرنگ لە دابینکردنی بودجەی پرۆژەکانی پشتێنە-ڕێگا دەگێڕێت[٨١].

چین چەندین بانکی حکومیی هەیە، بەڵام چوار بانکیان وەکوو دابینکەری سەرەکیی سەرچاوە داراییەکانی داهێنانی پشتێنە-ڕێگان، لەبەر ئەوەی کۆمپانیا حکومییەکانی چین بەشێکی گەورە لە بودجەی ئەم پڕۆژانە دابین دەکەن. ئەم چوار بانکە بریتین لە: بانکی پیشەسازی و بازرگانیی چین[٨٢]، بانکی ئاوەدانکردنەوەی چین[٨٣]، بانکی کشتوکاڵیی چین[٨٤] و بانکی ناوەندیی چین[٨٥]. لەسەر بنەمای زانیارییە بڵاوبووەکان، بانکی ناوەندیی چین نزیکەی ١٥٩ ملیار دۆلاری بۆ تەواوکردنی پرۆژەکانی پشتێنە-ڕێگا پێشبینی کردووە کە بە قەبارەی ٦٧.٤ ملیار دۆلار لەم بودجەیەی تا ساڵی ٢٠١٧، لە ٢٠١٢ پرۆژەی داهێنانی پشتێنە-ڕێگا وەبەرهێنانی کردووە. بانکی ئاوەدانکردنەوەی چین وەکوو شەشەمین بانکی گەورەی جیهان تا ساڵی ٢٠١٧ بە قەبارەی نزیکەی ١٠ ملیار دۆلاری لە پرۆژەکانی پشتێنە-ڕێگا وەبەرهێنان کردووە. بانکی کشتوکاڵیی چین بە سێیەمین بانکی حکومیی دابینکەری سەرچاوە داراییەکانی پشتێنە-ڕێگا دادەنرێت کە ٣.٢ ملیار دۆلاری تا ساڵی ٢٠١٦ لەو پرۆژەیەدا وەبەرهێنان کردووە، بەڵام لە ساڵی ٢٠١٨، ئەم بانکە قەبارەی پێشینەکانی تا ٦٣ ملیار دۆلار زیاد

کردووە. هەروەها بانکی ناوەندیی چین یەکێکی تر لە دابینکەرانی سەرچاوە دارایی پرۆژەکانی پشتێنە-ڕێگایە و ١٠٠ ملیار دۆلار پێشینەی تا ساڵی ٢٠١٧ بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکانی ئەم داهێنانە تەرخان کردووە[٨٦].

سندووقی سەرمایەی نەتەوەیی کە وەکوو سندووقی وەبەرهێنانی حکومییش ناسراوە، سندووقەکانی وەبەرهێنانی تایبەت بە حکومەتن، بەڵام بە پێچەوانەی بانکە حکومییەکان زیاتر لە سەرمایە داراییەکانی وەکوو بەڵگەنامە، کانزا گرانبەهاکان، موڵک و ماڵ و هەروەها پشکەکان وەبەرهێنان دەکات. یەکەمین سندووق؛ "کۆمپانیای پشکی وەبەرهێنانی چین[٨٧]"ە کە بەشێکی گەورە لە گەنجینەی دراوی چین بەڕێوە دەبات و نزیکەی یەک لەسەر سێی بودجەی ٨١٤ ملیار دۆلاری ئەم کۆمپانیایە، تایبەتە بە وەبەرهێنان لە بوارەکانی کەرتی تایبەت. هەروەها ئەولەویەتی ئەم کۆمپانیایە، وەبەرهێنان لە وڵاتە پێشکەوتووخوازەکانە و لە ساڵی (٢٠١٣)ەوە بەشێک لە بودجەی وەبەرهێنان لە پرۆژەکانی پشتێنە-ڕێگا لە وڵاتە پێشکەوتووخوازەکان دابین دەکات. سندووقێکی تر، "کۆمپانیای بیمەی ژیانی چین[٨٨]"ە. حکومەتی چین لەم ساڵانەی دواییدا مۆڵەتی بەم کۆمپانیایە داوە تا لە بواری موڵک و ماڵی دەرەکی وەبەرهێنان بکات. بەم شێوەیە نزیکەی ١٥٪ لە سەرمایەی ١١.٦ ملیار دۆلاری ئەم کۆمپانیایە بۆ وەبەرهێنان لە پرۆژەکانی تایبەت بە عەقاراتی پرۆژەی پشتێنە-ڕێگا تەرخان کراوە. سێیەمین سندووق، "سندووقی ئاسایشی کۆمەڵایەتیی نەتەوەیی چین[٨٩]"ە. تا ساڵی ٢٠١٨، نزیکەی ٥.٩٤٪ لە سەرچاوە داراییەکانی ئەم سندووقە لە بەشی دەرەکی وەبەرهێنانی پێ کراوە و پرۆژەکانی پشتێنە-ڕێگاش وەکوو بەشێک لە ستراتیژی ئەم سندووقە لە بەشی دەرەکی، داراییان دابین کراوە. کۆتا سندووق؛ "سندووقی ڕێگای ئاوریشم"ە کە بە سەرمایەی ٤٠ ملیار دۆلار بە شێوەی دیاریکراو و بۆ دابینکردنی دارایی پرۆژەکانی ڕێی وشکانیی پشتێنە-ڕێگا لە ساڵی ٢٠١٤ دامەزراوە و لەلایەن بۆرسەی ئاڵتوونی شەنگەهای بەڕێوە دەچێت. حکومەتی چین و بانکە چینییەکان خاوەن پشکی سەرەکیی ئەم سندووقەن[٩٠]. ئەم سندووقە بە ئامانجی دابەشکردنی قازانج لەنێوان هەموو وڵاتانی ئەندام لەم پرۆژەیە و بەرزکردنەوەی گەنجینەی ئاڵتوون لە وڵاتانی کەمتر پێشکەوتووی ئەندامی ئەم پرۆژەیە، لە بەشەکانی کانەکان، دەرهێنانی کانزا گرانبەهاکان و هەروەها پێشکەوتنی ژێرخانەکانی دەرهێنان؛ وەبەرهێنان دەکەن[٩١].

زۆرێک لە دامەزراوە وەبەرهێنە نێودەوڵەتییەکان، تا ئێستا بودجەی پرۆژەکانی پشتێنە-ڕێگایان دابین کردووە کە

زۆربەی ئەم دامەزراوانە بەتەنیا تەرکیزیان لەسەر دابینکردنی دارایی ڕێگای ئاوریشم نەبووە و پشتیوانی لە پرۆژە نێودەوڵەتییە جیاوازەکان دەکەن. یەکەمین دامەزراوە، "گرووپی بانکی نێودەوڵەتی"یە. بانکی جیهانی بە ئەندامێتیی ١٨٩ وڵات وەکوو دامەزراوەیەکی دارایی نێودەوڵەتی ناسراوە، تا ساڵی ٢٠١٨ هاوکاریی زۆری لە دابینکردنی دارایی پرۆژەکانی پشتێنە-ڕێگا وەکوو پرۆژەیەکی نێودەوڵەتی کردووە. بە پێی ئامارەکان، ئەم بانکە تا ساڵی ٢٠١٨ زیاتر لە ٨٠ ملیار دۆلار لە بواری پرۆژە ژێرخانەکانی پشتێنە-ڕێگا وەبەرهێنانی کردووە. ئەم بانکە هەروەها لەگەڵ بانکی "وەبەرهێنانی ژێرخانی ئاسیایی" لە پرۆژەی پشتێنە-ڕێگا هاوکاریی کردووە. "بانکی پێشکەوتنی ژێرخانی ئاسیا[٩٢]" وەکوو پشتیوانێکی تری پرۆژەکانی ڕێگای ئاوریشمی نوێ دادەنرێت کە لە ساڵی ٢٠١٥ بە سەرمایەیەکی زیاتر لە ١٠٠ ملیار دۆلار دامەزراوە. ئەم بانکە بە ٥٧ ئەندام دەستی بە کارەکانی کرد و تا ساڵی ٢٠١٩ زیاتر لە ١٠٠ وڵات بوون بە ئەندامی ئەم بانکە. بیرۆکەی دامەزراندنی ئەم بانکە لە ساڵی ٢٠١٣ لەلایەن وڵاتی چین داڕێژرا و لە ساڵی ٢٠١٤ لە یەکەم هەنگاو ئەم دامەزراوەیە لەگەڵ ناوەندی نێودەوڵەتیی بۆرسەی پشک ڕێککەوتننامەیەکی واژۆ کرد و دوای ئەوە بەشێک لە وڵاتانی ئەورووپی، ئەفەریقی و ئاسیا ڕێککەوتننامەیەکیان لەگەڵ ئەم بانکە واژۆ کرد. بە پێی ڕاپۆرتی بانکی وەبەرهێنانی ژێرخانی ئاسیا، ئاسیا پێویستی بە ٢٦ ترلیۆن دۆلار وەبەرهێنانە لە ژێرخانیدا[٩٣]. ئەم بانکە بە ئەندامێتیی ٦٧ خاوەن پشکی نەتەوەیی و بە پێشڕەویی حکومەتی چین، جەخت لەسەر وەبەرهێنان لە وڵاتانی پێشکەوتووخواز دەکاتەوە و بەم هۆکارەوە لە دابینکردنی دارایی پرۆژەکانی پشتێنە-ڕێگا لە وڵاتانی ئاسیا بەشداریی کردووە. سەرەکیترین خاوەن پشکەکانی ئەم بانکە، چین، هیند و ڕووسیان. ئێرانیش یەکێکە لە ئەندامانی ئەم بانکە. بانکی ناوبراو تا ساڵی ٢٠١٩ لە ١٨ وڵاتی ئەندام، ٤٥ پرۆژەی بە بەهای ٨.٥ ملیار دۆلار پەسەند کردووە. ئەم پرۆژانە بریتین لە: ٢١٠ ملیۆن دۆلار وزەی خۆر لە میسر، پرۆژەی ٣٢٩ ملیۆن دۆلاری دروستکردنی ڕێگا لە هیند، پرۆژەی ١٦٥ ملیۆن دۆلاری بنکەی بەرهەمهێنانی وزە لە هەوا لە بەنگلادیش و... هتد[٩٤]. بانکی پێشکەوتنی نوێ[٩٥] کە پێشتر بە ناوی بانکی بریکس دەناسرا، لەلایەن وڵاتانی بەڕازیل، چین، هیند، ڕووسیا و ئەفەریقای باشوور بە ئامانجی وەبەرهێنان لە وڵاتانی ئەندام لە ساڵی ٢٠١٤ دامەزرا. لە ساڵانی ڕابردوودا ئەم بانکە هەندێ وەبەرهێنانی لە پرۆژەکانی پشتێنە-ڕێگا جێبەجێ کردووە، هەر چەندە بڕی دیاریکراوی ئەم وەبەرهێنانە نادیارە[٩٦].

لەنێوان ئەم هەموو کەناڵە داراییە، دوو دامەزرازوەی بانکی وەبەرهێنانی ژێرخانی ئاسیایی[٩٧] و سندووقی ڕێگای ئاوریشم[٩٨] وەکوو گرنگترین ئامرازەکانی دابینکەری دارایی پڕۆژەکانی پشتێنە-ڕێگا ناسراون.

**بارودۆخی پڕۆژەکانی**

**ڕێگای ئاوریشمی نوێ**

لە مەودای نێوان ساڵەکانی ٢٠١٣ تا ٢٠١٩، نزیکەی سێ هەزار پڕۆژە لە چوارچێوەی داهێنانی پشتێنە-ڕێگا لە بوارە جیاوازەکانی دروستکردنی ڕێگا، وزە، پەیوەندییەکان و ژێرخانەکان بە بەهای نزیکەی چوار ترلیۆن دۆلار دەستی پێ کردووە، بەڵام بەشی هەموو بوارەکان یەکسان نییە. بەتەنیشت گواستنەوەوە، ڕێگای ئاوریشمی نوێ؛ تۆڕی بەرفراوانی وزە کە بریتین لە بۆرییەکانی نەوت و غاز لەخۆ دەگرێت. لە لایەکی ترەوە گەرەنتیی پاراستنی ئەم تۆڕانە پێویستی بە هەماهەنگی و هاوکاریی نێوان هێزی سیاسی و سەربازیی پاراستنی وڵاتانی ڕێی ئاوریشمی نوێ دەبێت. بەم هۆکارە، زۆرترین وەبەرهێنان لەم بوارەدا دەبێت[٩٩].

بە پێی ڕاگەیاندنی وەزارەتی بازرگانیی چین لە ساڵی ٢٠١٨، کۆی گشتیی بازرگانیی ئەم وڵاتە لەگەڵ ئەندامانی پشتێنە-ڕێگا لە ماوەی پێنج ساڵی ڕابردوو لە پێنج ترلیۆن دۆلار تێپەڕی کردووە و گەشەی ساڵانەی ئابووریی ئەندامانی ئەم پڕۆژەیە ١.١٪ بووە.

لەم ماوەیەدا وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی چین لە وڵاتانی ئەندامی ئەم پڕۆژەیە، ساڵانە ٧.٢٪ گەشەی بەخۆوە بینیوە. هەروەها تا ساڵی ٢٠١٨، هەشت ناوچەی هاوکاریی ئابووری و بازرگانی لە دەرەوەی چین بە قەبارەی وەبەرهێنانی نزیکەی ٢٨.٩ ملیار دۆلار لە وڵاتانی ئەندامی پشتێنە-ڕێگا دروست کراوە[١٠٠]. هەروەها بە پێی ئامارەکان زیاتر لە دوو هەزار پڕۆژە لە کۆی پڕۆژەکانی ئەم گەورەپڕۆژەیە تا ساڵی ٢٠١٩ لە بوارە جیاوازەکانی پشتێنە-ڕێگا بەردەوامن و تەنیا ٦٦٦ پڕۆژە لەنێوان ساڵانی ٢٠١٣ تا ٢٠١٩ تەواو بوون. ٢٩ پڕۆژە لەنێوان ٢٩٦٥، لە کاتی خۆیان دوا کەوتوون. ٤٣ پڕۆژە وەستێنراون و تەنیا شەش پڕۆژە بە شێوەی تەواو هەڵوەشێنراونەتەوە. بە شێوەی گشتی لەنێوان ساڵەکانی ٢٠١٣ تا ٢٠١٩، پشتێنە-ڕێگا وەکوو گرنگترین پڕۆژە لە ئابووریی سیاسیی جیهانی ناسراوە. هەشتا ناوچەی تایبەتی ئابووری و پارکە پیشەسازییە پێشکەوتووەکان، لە چوارچێوەی ئەم پڕۆژەیە یان دروست کراون یان لە دروستبووندان و هەزاران هەلی کار لە وڵاتانی میوان دروست بووە. هەروەها ئەم پڕۆژەیە بە هۆی جەختکردنەوە لەسەر پێشکەوتنی ژێرخانی ڕێڕەوەکانی گواستنەوەی جیهانیی ئێستا و خستنەڕووی ڕێڕەوە جێگر و نوێیەکان، کاریگەری لەسەر گەشەی ئابووریی جیهانیش دەبێت. لە کاریگەرییەکانی تری

ئەم پڕۆژەیە، دەتوانین ئاماژە بۆ دروستکردنی ١٢٠٠ ڕێڕەوی ئاسمانیی نێودەوڵەتیی نوێ و واژۆکردنی ١٨ ڕێککەوتنی لە بوارەکانی ئاسانکاری لە بواری گواستنەوەی ئابووریی وڵاتانی ئەندام بکەین.

**ڕێکارەکانی وەبەرهێنان**
**لە پڕۆژەی پشتێنە-ڕێگا**

بازرگانیی چین لەگەڵ وڵاتانی بەشدار لە پڕۆژەی پشتێنە-ڕێگا، گەشەیەکی چەند ملیاریی هەبووە و کۆی گشتیی لە ساڵی ٢٠١٩ گەیشتووەتە ١.٣٤ ترلیۆن دۆلار و قەبارەی گشتیی بازرگانیی ئەم وڵاتە لە ساڵی ٢٠١٩ نزیکەی ٤.٦ ترلیۆن دۆلار بووە[١٠١]. زۆرترین قەبارەی وەبەرهێنانی چین لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆی، لە ساڵەکانی ٢٠١٦ بۆ ٢٠١٧ گەیشتووەتە بەرزترین ئاست. بەڵام ئەم ڕێژەی وەبەرهێنانە لە ساڵی ٢٠١٨ بە دروستکردنی هەندێک شک و گومان لە بارەی سوودەکانی وەبەرهێنانی دەرەکیی چین، نزمبوونەوەی بەخۆوە بینی و بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆناش لە ساڵی ٢٠٢٠ بەردەوامیی بەم نزمبوونەوەیە بەخشی[١٠٢]. ئەم وڵاتە لە چوارچێوەی پڕۆژەی پشتێنە-ڕێگا، لە ساڵی ٢٠١٤ تا ٢٠١٩ نزیکەی ٤٢٥ ملیار دۆلار خەرجیی بنیاتنانی لە درەوەی سنوورەکانی هەبووە کە لەم بڕە، ٦٧ ملیار دۆلاری تەنیا لە ساڵی ٢٠١٩ بووە. قەبارەی وەبەرهێنانی ئەم وڵاتە لە دەرەوەی سنووری خۆی، لە نیوەی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٠ کەمتر لە شەش ملیار دۆلار بووە.

وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی دەرەکیی چین و ڕێککەوتنەکانی تایبەت بە بواری بنیاتنان، دوو شێوەی سەرەکیی وەبەرهێنانی چین لە وڵاتانی ئەندامی پشتێنە-ڕێگایە. بەهای گشتیی وەبەرهێنان و ڕێککەوتنەکانی تایبەت بە بنیاتنانی چین لە وڵاتانی پشتێنە-ڕێگا، لە مەودای ساڵەکانی ٢٠١٤ تا ٢٠١٨ دەگاتە ٥٧٣ ملیار دۆلار. وەبەرهێنانەکانی تایبەت بە بەشی وزە؛ ٣٧.٦٪ و وەبەرهێنانەکانی تایبەت بە بەشی گواستنەوە؛ نزیکەی ٣٠٪ لە کۆی قەبارەی وەبەرهێنانەکانیان گرتووە[١٠٣]. هەروەها ٥٩٪ی پڕۆژەکانی ئەم گەورەپڕۆژەیە لە سێپتەمبەری ٢٠٢٠ەوە تایبەت بە دامەزراوە حکومییەکانە. کەرتی تایبەتیش ٢٦٪ی بەخۆوە تەرخان کردووە. ماوەی پڕۆژەکانی تریش وەکوو پیشەی گشتی و تایبەت پێناسە دەکرێن[١٠٤].

پەکین ساڵی ڕابردوو ڕایگەیاند کە نزیکەی ٢٠٪ لە پڕۆژەکانی پشتێنە-ڕێگا، کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی کۆڤید ١٩. چین هەروەها هەندێک لە بەرنامەکانی دوای هەوڵەکانی چەند وڵات بۆ وردبینی، ڕەفز یان کەمکردنەوەی پابەندییەکان، بە ئاماژەدان بە نیگەرانییەکان لە بارەی خەرجییەکان، داڕمانی حکومی و گەندەڵی، کەم کردووەتەوە[١٠٥]. بە بەراورد بە ساڵی ڕابردوو، زۆربەی بەشەکان

لە نیوەی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٠ کەمبوونەوەی وەبەرهێنانیان بەخۆوە بینیوە. زۆرترین کەمبوونەوەش تایبەت بووە بە بەشی وزە کە لە ١٩.٧ ملیار دۆلار لە نیوەی یەکەمی ٢٠١٩ بۆ ٨.٨ ملیار دۆلار لە نیوەی یەکەمی ٢٠٢٠ دابەزیوە. لە ئەنجامدا ئەوە ئابووریی چینە کە دیاریی دەکات پرۆژەکانی ڕێگای ئاوریشمی نوێ، تا چ کات و بە چ شێوەیەک بەردەوام دەبن. گەنجینە دەرەکییەکانی چین لە زەمەنی بەڕێخستی پشتێنە-ڕێگا بە شێوەیەکی بەرچاو کەمی کردووە و ڕووبەڕووی زۆربوونی خەرجییەکان و کەمبوونەوەی داهات لە ناوخۆ بووەتەوە. تەنانەت پێش بڵاو بوونەوەی کۆرۆنا، هەندێک ئاماژەی تایبەت بەم بارودۆخە دەبینرا.

### نەبوونی شەفافیەت و تەڵەی قەرز

بێگومان گەورەپرۆژەی ڕێگای ئاوریشمی نوێ پێشهاتی گەورە و قووڵی بۆ ئابووریی جیهان و بەرزکردنەوەی مامەڵەی نێودەوڵەتی هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم گەورەپرۆژەیە لایەنی نەرێنیی جێ مشتومڕی هەیە لە بوارەکانی ئابووری، بە هۆکاری دابینکردنی بودجەی دامەزراوە پیسکەرەکان (کارگەکانی تایبەت بە کانەخەڵووزەکان) و کەمکردنەوە ناشەفافەکان کە لە سوودی کۆمپانیا چینییەکانە و گواستنەوەی ناچاری دانیشتووان بۆ دروستکردنی ژێرخانە نوێیەکان. نەبوونی شەفافیەت لە ناوەرۆکی ڕێککەوتننامەکان، هەندێک ڕاپۆرتی گەندەڵی لە بەشی دارایی و لیستی پرۆژەکان بەگشتی، ناڕوونی و گومانەکان لەسەر بەرەوپێشبردنی ئەم پرۆژەیە چەندقات دەکەنەوە. لە ڕاستیدا بنیاتنانی پرۆژە گەورە ژێرخانییەکان هاوتەریبە لەگەڵ ناشەفافی و بەرپرسیارێتیی کەم. جیا لەوەش، بانکی پێشکەوتنی چین و بانکی هەناردە و هاوردەی چین زیاد لە دوو هێندەی دارایی بانکە گەورەکانی پێشکەوتنی چەند لایەنەی کە پشتیوانیی ڕۆژئاوایان هەیە، گەشەیان کردووە و زیاتر پێشینە بە وڵاتە پێشکەوتووخوازەکان دەدەن[١٠٦]. زۆرترینی ئەو پرۆژانەی پێشینەیان وەرگرتووە، دوای هەڵبژاردنی بەڵێندەرەکان بڵاو دەکرێنەوە و مەرجەکانی پێدانی پێشینە زۆر بەکەمی بڵاو دەکرێتەوە. بە پێچەوانەی ڕۆژئاواییەکان کە مەرجی قورسیان (وەکوو سەروەریی یاسا، دادگای بێلایەن و شەفافیەت) بۆ داواکارانی پێشینە بڵاو دەکەنەوە، پەکین بێ سەپاندنی قورسایی لەگەڵ هاوبەشەکانی بەو شێوەیە کە هەن کار دەکەن. لە ئەنجامدا پەکین بە بەراورد لەگەڵ ڕۆژئاواییەکان، بە ئازادییەکی زیاتر لە هەر لایەک کە بیەوێت؛ وەبەرهێنان دەکات. بە شێوازێکی تر، هەلی زیاتر و بەربەستی کەمتر، لەگەڵ باڵادەستبوون هاوتەریبە، بەتایبەت لە ناوچەکانی وەک ئاسیای ناوەڕاست کە ڕکابەرییەکان لەسەر ساغکردنەوەی کاڵا چینییەکان توندتر بوون. بەڵام پەکین دەیەوێت دڵنیا بێتەوە کە

کۆمپانیا و کرێکارە چینییەکان لە سوودەکانی ئەم وەبەرهێنانە بەشدار بن.

دواتر، کۆمپانیا چینییەکان لە وێستگەکانی سیاسەتدانان ڕۆڵێکی کاریگەرتریان هەیە بە بەراورد لەگەڵ زۆربەی بەرپرسانی حکومەتی چین. هەر چەند کە حکومەتی چین و خودی شی جین پینگ بوون کە پڕۆژەی ڕێگای ئاوریشمی نوێیان داڕشت، بەڵام ئەوە کۆمپانیا چینییەکانن کە ئەم مێگاپڕۆژەیە بەڕێوە دەبەن.

ئەوان خاوەنی پەیوەندیی لۆکاڵیی قووڵتر، پسپۆڕی تەکنیکیی زیاتر و ستافی زیاترن لە وڵاتانی وەرگردا. ئەوان تەنانەت لەو کاتانەدا کە باڵوێزخانەی چین فەرمانیان پێ دەکات کە کارێک نەکەن، پێشنیاری خۆیان دەدەن و خواستەکانی خۆیان جێبەجێ دەکەن[١٠٧]. لە ڕاستیدا ئەوان بەزیرەکییەوە لە درزەکانی نێوان وەزارەتخانەکانی چین وەبەرهێنان دەکەن. وەزارەتی بازرگانی، وەزارەتی کاروباری دەرەوە و وەزارەتی دارایی چین، هەر کامەیان بەرپرسیارێتییەکی لە جێبەجێکردنی ئەم پڕۆژانە لە ئەستۆدایە. هەروەها بۆ باشترکردنی هەماهەنگیی نێوان وەزارەتخانەکان و ئەنجوومەنەکانی پارێزگاکانی چین و کۆمپانیاکان، چەند گرووپێک دامەزراوە[١٠٨]. هەروەها ئاژانسی هاوکاریی نێودەوڵەتیی پێشکەوتنی چین(CIDCA) لە ساڵی ٢٠١٨ دامەزراوە. لەگەڵ ئەوەدا هێشتا نەبوونی هەماهەنگی بەدی دەکرێت.

بەڵام گرنگتر لەمانە، نەبوونی شەفافیەتە لە میکانیزمی چۆنیەتیی گێڕانەوەی قەرزە قورسەکانی وڵاتانی سەر ڕێگای هاوریشی نوێیە بۆ چین و ئەم بابەتەش بووەتە پێشەکییەک بۆ دروستبوونی دپلۆماسیی "تەڵەی قەرز"[١٠٩]. لە ڕاستیدا قورسترین تۆمەت ئەوەیە کە وڵاتانی سەر ڕێگای ئاوریشمی نوێی تووشی قەرز کردووە و بەم شێوەیە ئەوان گرێ دەدات بە خاوەن قەرزە چینییەکانەوە. لەگەڵ نەبوونی شەفافیەت لە ناوەرۆکی ڕێککەوتننامەکان، هەندێک ڕاپۆرت لەسەر گەندەڵی لە بەشەکانی دارایی، لیستی پڕۆژەکان، شێوازی گەڕاندنەوەی قەرزەکان و گرنگتر لە هەمووان قەرزە قورسەکانی وڵاتانی ئەندامی ئەم پڕۆژەیە لە چین کە بە دپلۆماسیی تەڵەی قەرز ناسراوە، دەکرێت نموونەی ئەو ڕەخنانە بن کە لەم پڕۆژەیە و لە ئامانجە شاراوەکانی چین دەگیرێن. ئەم دپلۆماسییە ئاماژە بۆ بارودۆخێک دەکات کە تیایدا وڵاتە پێشکەوتووخوازەکان و پێشینە وەرگرەکان لە وڵاتێکی دەوڵەمەندی وەکوو چین، توانای گەڕاندنەوەی قەرزە درێژمەوداکانیان نییە و لە بەرانبەردا ناچارن بەشێک لە وڵاتەکەیان بەکرێ بدەن بە خاوەن قەرز، ئەنجامەکەشی نەمان یان لانی کەم عەیبدارکردنی سەربەخۆیی و دەسەڵاتی ئەو وڵاتانەیە. بۆ نموونە وڵاتانی وەکوو ماڵدیف،

پاکستان و مالیزیا دوای کێشەکانی حکومەتی سریلانکا کە توانای پێدانەوەی ئەو قەرزانەی نەبوو کە بەرهەمی ئەو پێشینانە بوو کە وڵاتی چین لە چوارچێوەی پرۆژەی پشتێنە-ڕێگا پێی دابوو، لە ئەنجامدا بە پێدانی یەکێک لە بەندەرەکانی خۆی بە وڵاتی چین، چالاکییەکانی خۆی لەم پرۆژەیەدا سنووردار کرد. نموونەی ئەم دپلۆماسییە، دەتوانین ئاماژە بە سریلانکا، بەندەری هانبانتوتا[١١٠] بکەین کە بەرپرسانی کۆلۆمبۆ ناچار کران ئەم بەندەرە تەسلیمی کۆمپانیای حکومیی چینی چاینامێرچانتس[١١١] بە پێی گرێبەستێکی کرێی ٩٩ ساڵە بکەن[١١٢].

دپلۆماسیی قەرز دەکرێت بە گرنگترین ڕەخنەی سەر گەورەپرۆژەی ڕێگای ئاوریشمی نوێ ئەژمار بکرێت. لە بەرانبەردا وڵاتی چین بە درێژایی دووەمین کۆڕبەندی پرۆژەی پشتێنە-ڕێگا کە لە ساڵی ٢٠١٩ بەڕێوە چوو، ئاماژەی بە پلانی جیاواز لە بارەی گەڕاندنەوەی قەرزەکان کرد کە هاوشێوەی بەرنامەکانی سندووقی نێودەوڵەتیی دراو و بانکی جیهانییە، بە ئامانجی زیادکردنی شەفافیەت و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و جێبەجێکردنی پرۆژەی ژێرخانی سەوز لە پێناو پاراستنی ژینگە و هەروەها بەرەنگاربوونەوەی تیرۆرە[١١٣]. دیارە کە ڕێژەی سەرکەوتنی چین لە بەڕێوەبردنی قەیران و بەجێگەیاندنی بەڵێنەکان، بە تێپەڕبوونی کات دیاری دەکرێت.

**ئەنجام**

لە لایەکەوە وا دیارە کە ڕێگای ئاوریشمی نوێ تەنیا چەند پرۆژەیەکی گواستنەوە، وزە و پەیوەندییەکانە کە خەونی پەکین بۆ خستنەسەرپێی سیستمی نوێی ئابووری بەدی دەهێنێت. پەکین بەشوێن پاراستنی ئاسایشی وزەیە لە ڕێی باڵادەستبوونی بەسەر بەشێک لە ڕێڕەوەکانی گواستنەوەی وزە و دۆزینەوەی ڕێڕەوی نوێی گواستنەوەی وزە و بەشداریکردنی لە ناوچە نەوتییەکانە. لەم دەرچەیەوە ڕێڕەوی ڕێگای ئاوریشمیی نوێ هەوڵێکی ڕێبەرانەی چینە بۆ ڕێگریکردن لە داخستنی ڕێرەوەکانی گواستنەوە لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکان و هاوپەیمانەکانیەتی لە ئەگەری ڕوودانی گرژی و ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی. لە لایەکی ترەوە بە وەبەرهێنان لە ژێرخانی وڵاتانی ڕێگای ئاوریشمی نوێ، چین هەوڵی قووڵکردنەوەی بازرگانی دەدات لەگەڵیان، بە ئامانجی پاراستنی گەشەی ئابووریی خۆی. بە شێوازێکی تر: ئەگەر یەکەمین ئامانج دابینکردنی خواستی وزەی چین کە ڕۆژبەڕۆژ گەشە دەکات، لەنێوان نائارامییەکان بێت لە ڕۆژهەڵاتی ناوین، دووەمیان بۆ دۆزینەوەی شوێنی هەناردەی زیادە بۆ کاڵا چینییەکان دەگەڕێتەوە بە شێوەیەک کە پەکین بە بەکارهێنانی سەرمایەی وەستاو، سەودای دۆزینەوەی بازاڕی نوێی لە سەردایە. کۆمپانیا

چینییەکان، بەتایبەت ئەوانەیان بەشداری پڕۆژە ژێرخانییەکانن، گرفتی بەرهەمهێنانی زیاد لە پێویستیان هەیە. لەم ڕووەوە ڕێگای ئاوریشمی نوێ مەجالێکە بۆ ساغکردنەوەی زیادەی بەرهەم و چارەسەری کێشەی گونجانی زۆریی پیشەسازیی کۆنکرێت و ئاسن و بیناسازییە لە ڕێگەی فراوانکردنی پڕۆژەکانی بنیاتنان لەسەر ڕێگای ئاوریشمی نوێ. هەروەها چین ئەم پڕۆژەیەی بە ئامانجی نوێکردنەوەی ناوچە کەمتر گەشەسەندووەکانی ڕۆژئاوای خۆی بەتایبەت سین کیانگ و دابینکردنی گەشەی یەکسان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گرووپە جوداخواز و ئاژاوەگێڕەکانی ئەو ناوچەیە.

پێشکەوتنی یەکسانی هەموو ناوچەکانی وڵات و چارەسەری پێشنەکەوتن، دەبێتە هۆی ئارامی و ئاسایش لە ناوچە سنوورییەکانی ڕۆژئاوا و هەروەها سەرکەوتن لە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و ئاژاوەگێڕی. ئەنجامەکەی ئەوەیە کە ئەم فراوانبوونی بازرگانی و گواستنەوە لە ڕێی ڕێگای ئاوریشمی نوێ، ئامرازێکی سادە دەبێت بۆ کەمکردنەوەی پاڵەپەستۆی بەرهەمهێنانی زیاد لە پێویست لە ناوەوەی چین. بێگومان بە ڕێگای ئاوریشمی نوێ، سیستمی ئابووریی جیهان سەرلەنوێ دادەڕێژێتەوە و وڵاتان و کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان دەخاتە سەر هێڵی ئابووریی خۆیەوە. بە شێوازێکی تر: پەکین سەودای قووڵبوونەوەی پێشکەوتنی پڕۆژەی عەولەمەی بە شێوازی چینی لە سەردایە، چونکە ڕێبەرانی چین باش دەزانن کە یەکێک لە گرنگترین ئامرازەکان بۆ گەیشتن بەم ئامانجە، دووبارە داڕشتنەوەی ئابووریی جیهانی و قبووڵکردنی پەکین وەکوو سەنتەری نوێی سەرمایەداری و عەولەمە لە ڕێی جیۆئیکۆنۆمییە. ڕێگای ئاوریشمی نوێ مێگا پڕۆژەیەکە زۆر گەورەتر لە چەند وەبەرهێنانێکی ژێرخانی و لە بەرانبەردا ئامرازێکی جیۆئیکۆنۆمی بۆ دروستکردنی سیستمی نوێی جیهانی لەسەر مۆدێلی حکومی و دامەزراوە داراییە چینییەکانە. وا دێتە پێش چاو کە بە بەڕێخستنی ئەم گەورەپڕۆژەیە، هەموو ڕێگا ئابوورییەکان بۆ پەکین دەگەڕێنەوە.

بەم حاڵەوە، ئەم تێڕوانینە هەڵە دەبێت کە پڕۆژەی پشتێنە-ڕێگا تەنیا پڕۆژەیەکی ئابوورییە (بەو شێوەیەی کە بەرپرسانی چین جەختی لەسەر دەکەنەوە)، لە بەرانبەردا ڕێگای ئاوریشم پڕۆژەیەکی جیۆپۆلەتیک و جیۆستراتیژە بۆ خستنی هێزی ئەمەریکا و جێگرتنەوەی لەلایەن چین. ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە کە هێزی جیۆئیکۆنۆمی توانای وەرگێڕانی هەیە بۆ هێزی جیۆپۆلەتیک. لە لایەکەوە چالاکییە ئابوورییەکانی چین بە مەبەستی دابەزاندنی هەژموونی دۆلاری ئەمەریکا و جێگرتنەوەی

لەلایەن یوانی چین وەکوو باشترین دراوی جیهانییە. ئەم گۆڕانکارییە گەورەیە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی دەستڕۆیشتوویی ئەمەریکا و دژایەتیکردنی جیهانی یەک جەمسەری و دروستکردنی سیستمێکی نوێ جیهانی بە ڕێبەرایەتیی چین. بە دیوێکی تر: هەوڵدان بۆ سەنتەربوونی جیهانی ئابووری، پێشهاتی قووڵی جیۆپۆلەتیکیی بەدوادا دێت. لەم دەرچەیەوە ڕێگای ئاوریشمی نوێ تەنیا پێرستێک لە پڕۆژەکانی ژێرخانی ئابووری-بازرگانی نییە، بەڵکوو مێگا پڕۆژەی پەکین بۆ زاڵبوون بەسەر ئۆراسیا و زەریای هیندییە. لەم نێوەندەدا پەکین تا ئاستێکی زۆر خۆی گرتووە، لەبەر ئەوەی لە ئێستادا نە سەرچاوە و نە ئیرادەیەکی سیاسی بۆ زاڵبوون بەسەر ئۆراسیا و زەریا هیندیدا نییە. لەم ڕووەوە بەرپرسانی چینی چەندین جار دووپاتیان کردووەتەوە کە ڕێکاری "بەرەو ڕۆژئاوا" و گەورەپڕۆژەی ڕێگای ئاوریشمی نوێ ئەگەری پێکەوەیی بردنەوە-بردنەوە لەگەڵ یەکێتیی ئابووریی ئۆراسیایی ڕووسیا و "پڕۆژەی ڕێگای ئاوریشمی نوێ"ی ئەمەریکا فەراهەم دەکات. لەگەڵ ئەوەشدا چین سەرەنجام لەژێر فشاری هەمەلایەنە و کێبەرکێی نێودەوڵەتی لەگەڵ ئەمەریکا کە ڕۆژبەڕۆژ لە گەشەدایە، ناچار دەبێت سەیرێکی جیهان و ئەمەریکا بکات، هەر بەو شێوەیەی کە ئەمەریکا سەیری چین دەکات، لە دەرچەی جیۆپۆلەتیکەوە. بەم شێوەیە ڕێگای ئاوریشمی نوێ نمایشی هێزی چین لە دەرەوەی سنوور و خواستەکانی ئەم وڵاتە بۆ بوون بە زلهێزە لە ڕێگەی گەیشتن بە هەژموونی مێژوویی چین لە ئۆراسیا و زەریای هیندی. پێشهاتەکانی زاڵبوون بەسەر ئۆراسیا، زاڵبوون بەسەر دوورگەی جیهانی و زەریاکانی دەوروبەر لە ئەنجامی بەڕێخستنی گەورەپڕۆژەی ڕێگای ئاوریشمی نوێ و هەستانەوەی سیستمی جیهانیی نوێ بە ڕێبەرایەتیی پەکین دەبێت. بەکورتی: هەوڵەکانی پەکین بۆ بەڕێخستن و بەرەوپێشبردنی ڕێگای ئاوریشمی نوێ لە ڕواڵەتدا بە کێبەرکێی پەکین-واشنتۆن لە بواری ئابووری ئەژمار دەکرێت. بەڵام ئەگەر قووڵتر بڕوانین، ڕێگای ئاوریشمی نوێ شەڕی جیۆپۆلەتیکیی نێوان چین و ئەمەریکا بۆ زاڵبوون بەسەر جیهانی سەدەی بیست و یەکە. بە شێوەیەکی تر: پڕۆژەی پشتێنە-ڕێگا هەوڵێکە لەلایەن پەکینەوە بۆ پێکەوەژیانی ئاسیا و ئەورووپا لە سیستمی جیهانیی نوێی دڵخوازی چین کە تیایدا چین لە سەرەوەی ئەو سیستمە بێت. لە ئەنجامدا چین بە هەوڵێکی نۆرمانەی بۆ گۆڕینی باشتری جیهان، بە ئەگەر و خواست و نۆرمە خودییەکانی خۆی دەبینێت. خاڵی کۆتایی ئەم هەنگاوە، هەستانەوەی کۆمەڵگا بە چارەنووسێکی هاوبەش دەبێت.

ئایندەناسی

# ڕاپۆرتی ئاینده‌یی

# نەوتی هەرێم لە بەرداشی دادگاکاندا

ئامادەکردن: عەدنان ئەحمەد



**بەرایی**

دوای ئەوەی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی بۆرییەوە نەوتی هەناردەی بازاڕەکانی جیهان کرد و سەربەخۆ نەوتەکەی فرۆشت لە ناوخۆ و دەرەوەی عێراق، چەند جارێک سکاڵا تۆمار کرا. عێراق لە چەند ساڵی ڕابردوودا لە ڕێگای دادگا و چەند ڕێگایەکی دیکەوە هەوڵی داوە دۆسێی نەوت لەژێر دەستی هەرێمی کوردستان دەربهێنێت، هەرێمیش بەردەوام بەرگریی لە سیاسەتی نەوتی خۆی کردووە و بە مافی خۆی زانیوە خۆی نەوتەکەی بەڕێوە ببات.

ناوەڕاستی مانگی شوبات، دادگای باڵای فیدراڵیی عێراق بڕیارێکی دەرکرد و ڕایگەیاند یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان نادەستوورییە، ئەمەش گەورەترین و بەهێزترین هەوڵی عێراقە لە چەند ساڵی ڕابردوو دژ بە یاسای نەوت و غازی هەرێمی کوردستان، چونکە بڕیارەکەی دادگا تانەی لێ نادرێت.

دوای کاردانەوە توندەکانی سەرۆکایەتییەکانی هەرێمی کوردستان، دادگاکە ڕوونکردنەوەیەکی بڵاو کردەوە

و ڕایگەیاند دادگاکەیان سووره لەسەر بڕیارکەی لە بارەی نادەستووریبوونی یاسای نەوت و غازی هەرێمی کوردستان و پێشتریش لە دادگایەکی ئەمەریکا لەسەر سکاڵایەکی وەزارەتی نەوتی عێراق، بڕیارێکی هاوشێوە بەرامبەر هەرێم دراوە.

دادگای فیدراڵیی عێراق دەڵێت سکاڵای تۆمارکراو بە ژمارە (٥٩/فیدراڵی/٢٠١٢) و یەکلاییکردنەوەی لە (٢٠٢٢/٢/١٥) کە تایبەت بووە بە نادەستووریبوونی یاسای نەوت و غازی کوردستان، لەسەر بنەمای مادەکانی (١١٠، ١١١، ١١٠، ١١٥، ١٢١ و ١٣٠)ی دەستووری عێراق بووە.

لە ڕوونکردنەوەکەی دادگای فیدراڵیدا هاتبوو، ئەو کاتەی دادگا ئەمەریکییەکە بڕیارەکەی دەرکرد، حکومەتی هەرێم تانەی لە بڕیارەکەی دادگاکەی ئەمەریکا داوە و دادگای ئەو وڵاتەش لە ٢١ی کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠١٥ تێهەڵچوونەوەی بۆ دۆسێکە کردووە، بە هەمان ناوەڕۆکی پێشتر بڕیاری لە بەرژەوەندیی وەزارەتی نەوتی عێراق دەرکرد.

سەرۆکایەتییەکانی هەرێمی کوردستان بڕیارەکەی دادگای فیدراڵیی عێراقیان ڕەت کردەوە و بە پێشێلکردنی دەستوور و داژایەتیکردنی مافەکانی هەرێمی کوردستان ناویان برد.

**بژاردەکانی عێراق**

لە ئێستادا باس لە چەند بژاردەیەک دەکرێت کە عێراق پەنای بۆ ببات بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکەی دادگا و تەنانەت هەندێک شیکردنەوە دوورتر دەڕۆن و باس لە ئەگەری کۆنترۆڵکردنی ئەو بیرەنەوتانە دەکەن کە لەنزیک هێزە عێراقییەکانەوەن. لە هەرێمی کوردستان دوو بۆچوونی سەرەکی لە بارەی بڕیارەکەی دادگاوە هەیە، بۆچوونێکیان ئەوەیە کە بڕیارەکە یاسایی و دەستوورییە و بۆچوونەکەی دیکەش بڕیارەکە بە سیاسی و دژایەتیکردنی قەوارەی هەرێمی کوردستان ناو دەبات. زۆرینەی هەڵگرانی هەردوو بۆچوونەکەش بەنزیکەیی کۆکن لەسەر ئەوەی کە پێویستە هەرێم لەگەڵ حکومەتی عێراق گفتوگۆ بکات لە پێناو ڕێککەوتنێکی سوودمەند بۆ هەردوو لا.

پەیمان عیزەدین لە بارەی بڕیارەکەی دادگای فیدراڵییەوە دەڵێت، لە ڕووی یاساییەوە بە بڕیارەکانی دادگای فیدراڵییەوە پابەندن و دەبێت لە سەرتاسەری عیراقدا جێبەجێ بکرێن، حکومەتی عیراقیش لایەنی جێبەجێکارە.

ئەو بژاردانەی لەبەردەم حکومەتدایە بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکە؛ زۆرن و دەوەستنە سەر ئاستی بەدەنگەوەچوونی هەرێمی کوردستان.

بژاردەی یەکەم حکومەتی کازمی دەستی پێ کرد، ئەویش ڕاسپاردنی وەزارەتی نەوتی

عێراق بوو بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ هەرێمی کوردستان. لە کاتی سەرکێشیکردنی هەرێم، ئاستی بژاردەکان بەرز دەبنەوە بۆ بڕینی ئەو ٢٠٠ ملیارەی کە عێراق مانگانە دەینێرێت بۆ هەرێم. حکومەتی هەرێمیش سەرباری فرۆشتنی سەربەخۆی نەوت، هێشتا بێ ئەو بڕە پارەیە توانای خەرجکردنی مووچەی فەرمانبەرانی نییە. ئەمە جگە لەوەی ئەگەری بڕینی بەشەبودجەی هەرێم هەیە لە کاتی گفتوگۆی بودجەی ٢٠٢٢. ئەم بژاردانەش جێبەجێکردنیان ئاسانترە لەوەی حکومەتی هەرێم پێشبینیی بۆ دەکات.

دانا جەزا عەلی کاتب بژاردەکان بە لاستیکی ناو دەبات و دەڵێت: ڕاستە بڕیارەکەی دادگای باڵای فیدراڵیی عێراق مولزەمە، بەڵام بڕیاری کۆتایی نییە، دەتوانرێت گفتوگۆی لەسەر بکرێتەوە و دەکرێت خودی دادگا تەفسیرەکەی بگۆڕێت. بە بۆچوونی ئەو، ئەمەش لە ڕێگەی حکومەتەی عێراقەوە دەکرێت کە پەیوەندی بە حکومەتی هەرێمەوە بکات و پێکەوە ڕێگاچارەیەک بدۆزنەوە و ڕێک بکەون لە بارەی چۆنێتیی دەرهێنانی نەوت و بابەتە پەیوەستەکانی دیکە، بەڵام بەڕێوەبردنی کێڵگە نەوتییەکان هەر لە دەستی هەرێمدا دەمێنێتەوە و ڕەنگە ڕێککەوتنەکەش لەسەر ئەم بنەمایە بکرێت.

محەمەد حسێن چەند بژاردەیەک ڕوون دەکاتەوە و ئاماژە بەوە دەکات بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی، هەردوو حکومەتی عێراق و هەرێمیش پابەند دەکات بە جێبەجێکردنی. بەگشتی حکومەتی عێراق ئەم بژاردانەی هەیە بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکە. بژاردەی سیاسی، ئەمە بریتییە لە ڕێککەوتن لەگەڵ هەرێمدا لەسەر میکانیزم و چۆنێتیی جێبەجێکردنی بڕیارەکە بە جۆرێک کە هەردوو لایان ڕازی بکات. ئەمە ئاسان نییە، بەڵام مەحاڵیش نییە. تا بازاڕی نەوت بەم جۆرەی ئێستای لەژێر فشاری خواستی زیادبووی ئابوورییە پیشەسازییەکان بێت و نەوت گران بێت، ئەم بژاردەیە لایەنگری زۆرە. کەس نایەوێت ئەو ٤١٥ هەزار بەرمیلە نەوتەی هەرێم ڕۆژانە دەیخاتە بازاڕەوە؛ کەم بکات و ئەمەش جارێکی تر نرخی نەوت بەرز بکاتەوە. هاوکات بژاردەی دیپلۆماسی و یاسای بازرگانیی نێودەوڵەتییشی هەیە کە دەتوانێت ئەم بڕیارە بەکار بهێنێت لە دژی تورکیا لەو کەیسەی کە لە دادگای ناوبژیوانی ژووری بازرگانیی پاریس هەیە، بەمەش هەوڵ دەدات وا لە تورکیا بکات ئیتر نەتوانێت بۆریی نەوتی عێراق-تورکیا بۆ هەناردەکردنی نەوتی کوردستان بەکار بهێنێت. کە لەمەدا لایەنی عێراقی سەرکەوتوو بوو، دەتوانێت بۆریی نەوتی کوردستان دابخات. ئیتر هەرێم دەرگای بازاڕە جیهانییەکانی لێ دادەخرێت و تەنها بە تەنکەر و لە ڕێگەی

ئێرانەوە (ئەگەر ئێرانیش ڕێگەی پێ بدات) دەتوانێت نەوتەکەی بفرۆشێت. وا چاوەڕێ دەکرێت دادگاکەی پاریس مانگی ٧ی ئەمساڵ بڕیار لەسەر ئەم کەیسە بدات. بژاردەیەکی تری بەغدا، فشاری سەر کۆمپانیا و وەبەرهێنەرەکانی نەوتی کوردستانە. حکومەتی عێراق دەتوانێت بڕیارەکەی دادگا بەکار بهێنێت لە دژی کۆمپانیا و بازرگانە نەوتییەکانی هەرێم و هەراسانیان بکات، یان بیانخاتە لیستی ڕەشی وەزارەتی نەوتەوە وەک ئەوەی لە ساڵانی ٢٠١٤ و ٢٠١٥ دواتریش کردی. ڕاستە سێکتەری نەوتی کوردستان هەر لە سەرەتاوە یاخی بووە لە حکومەت و دەزگا فیدراڵییەکانی عێراق، ئەو کۆمپانیانەش کە هاتوون بۆ کوردستان ئامادە بوون مامەڵە لەگەڵ ئەم ڕیسکانە بکەن، بەڵام ئەم بڕیارە هێندەی تر مەترسییەکانی ژینگەی کار و بەرهەمهێنان لە کەرتی نەوتی کوردستاندا زیاد دەکات. دەرەنجامی ئەم مەترسییە زیادبووانەش ئەوەیە کە تێچووی وەبەرهێنان زیاتر دەکات، بەمەش کۆتا داهاتی نەوت بۆ حکومەتی هەرێم هێندەی تر کەم دەبێتەوە. بژاردەیەکی تر فشاری سەربازی و ئەمنیی لایەنی عێراقییە. بۆ نموونە؛ حکومەتی بەغدا دەتوانێت بەئاسانی ئاسایشی کێڵگە گازییەکانی کۆرۆمۆر (کە نزیکەی ٤٠کم دوورە لە سوپای عێراقەوە) تێک بدات. ئەمە تەنها کێڵگەی غازی بەرهەمهێنەرە لە کوردستاندا. هاوکات نزیکەی نیوەی نەوتی کوردستان لە کێڵگەکانی خورمەڵە و سەرقەڵا بەرهەم دەهێنرێت، کە هەر وا ٤٠ تا ٥٠کم دوورن لە سنوورەکانی سوپای عێراقەوە. بەگشتی پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا و دینامیکیەتەکانی حکومەت و سیاسەتکردن لە هەردوو پایتەخت ئەوە دەستنیشان دەکات کە چ بژاردەیەک بەکار دەهێنرێت. ڕەنگە جێبەجێنەکردنی بڕیارەکەش بۆ خۆی بژاردەیەک بێت، چونکە بڕیاری دادگا ئەگەر حکومەتێکی بەهێز و توانایەکی پۆلیسیی باش نەبێت، هەمیشە جێبەجێنەکردن ئەگەرێکە.

**کازمی لەنێوان دادگا و هەرێمدا**

مستەفا کازمی کە بە پشتیوانیی کورد پۆستی سەرۆکوەزیرانی وەرگرت، کەوتووەتە ژێر تاقیکردنەوەیەکی قورسەوە، لە لایەک بڕیاری ڕەتنەکراوەی باڵاترین دادگای عێراقی خراوەتەوە بەردەست، لە لایەکیشەوە چاوی لەوەیە بە پشتیوانیی کورد جارێکی دیکە پۆستی سەرۆکوەزیران وەربگرێتەوە. هەر بۆیە خێرا داوای لە وەزارتی نەوت کرد لەگەڵ وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی هەرێم دەست بە گفتوگۆ بکەن. کازمی هەوڵ دەدات دۆخەکە بەم جۆرە درێژ بکاتەوە، تا ئەو کاتەی حکومەتی نوێی عێراق پێک دێت و پۆستەکەی بەدەست دەهێنێتەوە.

محەمەد حسێن بە دووری دەزانێت حکومەتەکەی کازمی ئەم بڕیارەی دادگا جێبەجێ بکات و دەڵێت ئەوە ڕوونە کە حکومەتی کاربەڕێکەری مستەفا کازمی نە دەتوانێت و نە دەشیەوێت ئەم بڕیارەی دادگا جێبەجێ بکات لە ئێستادا. ماوەتەوە بزانین حکومەتی ئایندە هیی کێ دەبێت و چی دەکات. ئاستی هاوبەشیی کورد لە حکومەتی فیدراڵ و هاوکێشە سیاسی و سەربازییە هەرێمایەتییەکان ڕۆڵیان دەبێت لەوەی کە چ حکومەتێک، کەی و چۆن و کام لەم بژاردانە بەکار دەهێنێت بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکە.

بە بۆچوونی دانا جەزا عەلی کاتب، ئەم حکومەتەی ئێستا عێراق زەحمەتە بڕیارەکە جێبەجێ بکات و ئەرکەکە دەکەوێتە ئەستۆی حکومەتی داهاتوو، ڕێککەوتنەکەش لەگەڵ ئەو حکومەتە بە ئاڕاستەی ئەوە دەبێت کە حکومەتی ناوەند بەشدار بێت لە ژمارە و بەبازاڕکردن، بەڕێوەبردن، دەرهێنان و گواستنەوەش لە دەستی حکومەتی هەرێمدا بمێنێتەوە، بەڵام بە ئاگاداری و چاودێریی حکومەتی عێراق.

پەیمان عیزەدین دۆخی سیاسیی ئێستا و هەوڵی کازمی بە دوو لەمپەری بەردەم جێبەجێکردنی بڕیارەکە لەلایەن حکومەتی ئێستا بە دوور دەزانێت، باس لەوە دەکات حکومەتی ئێستای عێراق نییەتی جێبەجێکردنی پیشان داوە، بەڵام بە حوکمی بارودۆخی ئێستای عێراق و هەوڵدانی کازمی بۆ دووبارە وەرگرتنەوەی پۆستی سەرۆکی حکومەت، ئەگەری نەرمینواندن لە جێبەجێکردنی بڕیارەکە هەیە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەک پێش دەرچوونی بڕیارەکە دەستکراوە بێت بۆ فرۆشتنی نەوت و غاز.

### کاردانەوەی هەرێم

سەرۆکایەتییەکانی هەرێمی کوردستان بە زمانێکی توند و ڕەق وەڵامی بڕیارەکەی دادگای فیدراڵیی عێراقیان دایەوە و بە پێچەوانەی دەستوور و بڕێکی سیاسی و دژ بە مافەکانی هەرێم ناویان برد. بەشێک لە چاودێران کاردانەوەکانی هەرێم بە پێویست دەزانن و بەشێکیشیان بە مەترسیداری دادەنێن بۆ ئێستا و ئایندەی هەرێمی کوردستان.

جەزا عەلی کاتب کاردانەوەی حکومەتی هەرێم بە چاوەڕوانکراو دادەنێت، چونکە پێی وایە بڕیارەکەی دادگا ناکۆکە لەگەڵ تەفسیری دەستوور و دەڵێت لە ڕاستیدا کاردانەوەکان چاوەڕوانکراو بوون، چونکە بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی لەگەڵ تەفسیری دەستوور یەک ناگرێتەوە و ناکۆکن، چونکە مادەی یەکی دەستوور دەڵێت عێراق دەوڵەتێکی فیدراڵییە، فیدراڵیەتیش واتە شۆڕکردنەوەی دەسەڵاتەکان بۆ هەرێمەکان نەک کۆکردنەوەیان لە دەستی حکومەتی

ناوەند. مادەی ١١٢؛ مادەیەکی تایبەتە بە بابەتی دەرهێنان، بەڕێوەبردن، وەبەرهێنان و گەشەپێدانی سامانە سروشتییەکان. وەک دەزانین دەستوور ئەم دەسەڵاتانەی لە مادەی ١١٠ دانەناوە کە تایبەتە بە دەسەڵاتە حەسرییەکانی حکومەتی ناوەندی، ئەمەش واتای ئەوەیە ئەم بابەتە بەشێک نییە لە دەسەڵاتە حەسرییەکانی حکومەتی ناوەندی، بەڵکوو لە مادەی تایبەت بە دەسەڵاتە هاوبەشەکانی هەرێمەکان و ناوەند دانراوە، کەچی دادگا بە پێچەوانەی دەستوور؛ دەسەڵاتەکانی گەڕاندووەتەوە بۆ حکومەتی ناوەندی، کە ئەمەش پێشێلکردنی دەستوور و ڕۆحی فیدراڵیەتە. مادەیەکی دیکەش هەیە دەڵێت هەر بابەتێک لە دەسەڵاتەکانی حکومەتی ئیتیحادی نەنووسرابێت کە لە مادەی (١١٥)دا هەن، واتای ئەوەیە دەبێت بە دەسەڵاتی هەرێمەکان، هەر ناکۆکییەکی یاساییش هەبێت ئەولەویەت بۆ هەرێمەکانە. ئەمانە مادەی ڕوون و ئاشکران، بۆیە کاردانەوەکانی حکومەتی هەرێم چاوەڕوانکراو بوون.

پەیمان عیزەدین دەڵێت کاردانەوەکانی سەرۆکایەتییەکانی هەرێم وەک هەمیشە چاوەڕوانکراو بوو لە ڕووی یاساییبوون و نالۆژیکیبوونیەوە، بۆ نموونە کە دەڵێن ئەم بڕیارە نادەستوورییە، لە کاتێکدا ئەو لایەنەی کە بڕیار لەسەر دەستووریبوون و نادەستووریبوون دەدات؛ دادگای فیدراڵییە کە هەرێمی کوردستان پشتیوانیی لێ کردووە و یەکێتی و پارتی دادوەریان هەیە تیایدا.

دەسەڵات لە هەرێمی کوردستاندا لە ڕێی ئەو کاردانەوە نەرێنییانەیەوە وێنەیەکی خراپی هەرێم دەخاتە ڕوو کە ئەم جۆرە سەرکێشییانە هەموو هەرێمەکە دەخاتە بەردەم مەترسیی گەورە. تەنیا هۆکاریش پاراستنی بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی هەردوو حیزبی دەسەڵاتە، ئەگەرنا ئێمە بینیمان هەمان دەسەڵات چۆن ملیان دا ئەو کاتەی نادەستووریبوونی ڕیفراندۆم بڕیاری لەسەر درا، ئەو بڕیارەی کە پەیوەندیی بە خەونی چەند ساڵەی گەلێکەوە هەبوو، بینیمان چۆن بەخێرایی ڕیفراندۆم بوو بە تاقیکردنەوەی مەزاجی خەڵکی کورستان و بە یەک وشەش پارتی دیموکرات دژی ئەو بڕیارە نەوەستایەوە و پەرلەمانی کوردستان نەیانوت بڕیارێکی نادەستوورییە.

محەمەد حسێنیش پێی وایە ئەم کاردانەوانە چاوەڕوانکراو بوون، چونکە ئەم بڕیارە یاسای نەوت و غازی کوردستانی بە نادەستووری ناساند، ئەمەش کۆتایی بەو بنەما یاساییە هێنا کە هەموو سێکتەری نەوت و غازی کوردستانی لەسەر بونیاد نرابوو. تەواوی کەرتی نەوت و غازی کوردستان لەلایەن وەبەرهێنەر و کۆمپانیای بیانییەوە دروست کراوە (بە هەڵاوێردی کار



**پەیمان عیزەدین عەبدولڕەحمان**

ساڵی ١٩٧٠ لەدایک بووە.
هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە یاسا.

گرووپ). بۆ ئەم وەبەرهێنەرە بیانییانە گرنگە یاسایەک هەبێت کە ماف و سەرمایەکەیان بپارێزێت. بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی ئەم بنەما یاساییەی بەجارێک هەڵتەکاند. هەر بۆیە کاردانەوەکانی بەرپرسانی هەرێم چاوەڕوانکراو بوو لەوەی بڕیارەکەیان بە نادەستووری و نادادپەروەر ناساندووە، بەڵام ئەوەیان باشە کە لە دواجاردا جەخت لە هاریکاریی نێوان هەردوو حکومەت دەکەنەوە بۆ چارەسەری پرسەکە.

**بژاردەکانی هەرێم**

شیکەرەوە و چاودێران باس لە چەند بژاردەیەک دەکەن کە لەبەردەست هەرێمی کوردستاندایە، ئەو بژاردەشی کۆدەنگیی لەسەرە گفتوگۆکردن و ڕێککەوتنە لەگەڵ حکومەتی عێراق. پەیمان عیزەدین ڕێککەوتن و جێبەجێکردنی بڕیارەکە بە بژاردەی هەرێم ناو دەبات: "لە ڕاستیدا تەنیا بژاردەیەک لەبەردەم حکومەتی هەرێمدا هەیە، ئەویش ڕێککەوتنە لەگەڵ حکومەتی عێراق و جێبەجێکردنی بڕیارەکە، هەر بژاردەیەکی تر لە دەرەوەی ئەمە یاریکردنە بە چارەنووسی خەڵک و ئایندەی هەرێمی کوردستان. کاتی ئەوە هاتووە پارتی و یەکێتی خاڵی کۆتایی بۆ هەڕاجکردنی نەوت و غازی هەرێم دابنێن و یاسای نەوت و غاز بە جۆرێک هەموار بکەنەوە لەگەڵ دەستووری عێراق بگونجێت".

محەمەد حسێن باس لە دوو بژاردەی سەرەکی دەکات و دەڵێت حکومەتی هەرێم دوو بژاردەی سەرەکیی هەیە: یەکەم، پابەند بێت بە بڕیارەکە و هەوڵ بدات لە ڕێگای هاریکاری و گفتوگۆکردن لەگەڵ بەغدا زیانەکانی بڕیارەکە کەم بکاتەوە و کۆنترۆڵی بکات. بەڵام ئەمەش هەر وا ئاسان نییە و

بەشێکی گەورەی پشت بەوە دەبەستێت کێ حکومەتی بەغدای بەدەستەوەیە. بژاردەی دووەم، ئەوەیە کە پابەند نەبێت و درێژە بە سیاسەتی ئەمری واقع بدات تا ئەو شوێنەی بڕ دەکات. ئەمەش مەترسیی زۆرە و هەر وا ئاسان نییە. وەک چۆن لە کوردستان توێژە دەسەڵاتدارەکە و هەندێک خەڵکی تریش هەیە ناشادن بە بڕیارەکە و ڕەنگە نەیانەوێت پێیەوە پابەند بن، لە بەرامبەردا شەقامی عێراقی و چینە دەسەڵاتدارەکەیان هاوڕان لەسەر ئەوەی کە ئەم بڕیارە دەستکەوتێکی گەورەی نیشتمانییە و سەروەری و هەیبەتی دەوڵەتی عێراق دەگەڕێنێتەوە و بەهەدەردران لە نەوت و سەرچاوە سروشتییەکاندا سنووردار دەکات. هەر بۆیە لەوە ناچێت بژاردەی دووەم، سەرپێچیکردنی بڕیارەکەی دادگا، بۆ هەرێم ڕێگایەکی دروست و سەلامەت بێت. بە باوەڕی من، باشترین بژاردەی هەرێم ئەوەیە کە بڕیارەکەی دادگا بکاتە دەرفەتێک بۆ ئەوەی ناکۆکییە نەوتییەکانی لەگەڵ بەغدا کۆتایی پێ بهێنێت. ئاشکرایە ئەمە دەستکەوتی بازرگانی و دارایی ڕاستەوخۆی تێدایە. لانی کەم هەرێم پێویستی بەوە نامێنێت نەوتەکەی ١١ دۆلار کەمتر لە بازاڕ بفرۆشێت، ئەگەر سۆمۆ (کۆمپانیای بەبازاڕیکردنی نەوتی عێراق) بۆی بفرۆشێت. بەڵام ئەم پرۆسەیە هێندە ئاسانیش نییە. هێشتا دیار نییە وەزارەتی نەوت چۆن مامەڵە لەگەڵ گرێبەستەکانی هەرێم دەکات و تا چەند دەتوانێت کۆمپانیا نەوتییەکان ڕازی بکەن. ئەم وردەکارییانە، ئەگەر ویستێکی بەهێز نەبێت بۆ چارەسەر و ڕێککەوتن، دەرگای زۆر کێشە و ناکۆکیی تر دەکاتەوە. بەگشتی لە بەرژەوەندیی هەرێمدایە کە کەرتی نەوت و غاز لەم ئاڵۆزییە سیاسییانە دوور بخاتەوە هێندەی پێی دەکرێت و چاوی لەوە بێت کە چۆن بیکاتە بنەمایەک بۆ گەشەی ئابووریی کوردستان، ئەمەش بەوە دەکرێ لەگەڵ وەزارەتی نەوتی عێراق هاریکاریی هەبێت و سنوورێک دابنێت بۆ ئەم ناکۆکییە سیاسی و یاساییانە.

دانا جەزا عەلی کاتب ڕێککەوتن بە تاکە بژاردەی بەردەم هەرێم دادەنێت و باس لەوە دەکات بژاردەی حکومەتی هەرێم ئەوەیە لەگەڵ حکومەتی ناوەند ڕێک بکەوێت و بتوانن لەسەر بابەتەکانی دەرهێنان، وەبەرهێنان، گەشەپێدان، بەڕێوەبردن و فرۆشتنی نەوت بگەنە ڕێککەوتن، چونکە ئەمە بابەتێکی قووڵە و باسکردنە لە کێڵگەکانی ئێستا، کێڵگەکانی پێش و پاش ٢٠٠٣، فرۆشتنی نەوت لە ناوخۆ و دەرەوە، گواستنەوە، نرخەکەی، قەرزی کۆمپانیاکان و چەندین بابەتی دیکەش، بۆیە پێویستە هەردوو لا بە جۆرێک ڕێک بکەون زیانی بۆ هیچ لایەکیان نەبێت و نەگاتە بنبەست.

**"ئابووریی سەربەخۆ" بەرەو کوێ؟**

لەدوای هەناردەکردن و فرشتن نەوتی هەرێم، بەشێک لە بەرپرسانی هەرێم باسیان لە ئابووریی سەربەخۆ کرد و بە بناغەی ئایندەیەکی "گەش" ناویان برد و بەشێک لە توێژەرانیش ڕەخنە لە لەو سیاسەتە دەگرن و دەشڵێن حکومەتی هەرێم خاوەن ئابووریی سەربەخۆ نییە. محەمەد حسێن پێی وایە شتێک نییە ناوی ئابووریی سەربەخۆ بێت و دەڵێت لە ڕاستیدا هەرێمی کوردستان هەرگیز ئابووریی سەربەخۆی نەبووە. ئەوەی بە ئابووریی سەربەخۆ ناو دەبرا، تەنها نەوت فرۆشتنی سەربەخۆ بووە. ئەم نەوت فرۆشتنەش هەرگیز نەبووە هۆی سەربەخۆیی دارایی کوردستان. تۆ باش دەزانیت هەر مانگێک بەشەبودجەکەی هەرێم (یان ٢٠٠ ملیار دینارە سلفەکە) نەیەت، چۆن لێرە دۆخی دارایی حکومەتی هەرێم کاریگەر دەبێت. یان ئەوەی کە هەموو نەوت فرۆشتنەکە لەژێر ڕەحمەتی حکومەتی تورکیا و بۆرییەکی نەوتی کێشەلەسەرە (مەبەستم بۆریی نەوتی عێراق-تورکیایە کە لە فیشخاپورەوە تا بەندەری جەیهان نەوتەکە دەگەیەنێت)، قورسە بەمە بوترێت سەربەخۆیی دارایی. زۆر بەسادەیی، بۆ ئەوەی ئابوورییەکی سەربەخۆی هەبێت، هەرێمی کوردستان لانی کەم دەبووایە بانکی ناوەندیی خۆی، دراوی خۆی، نرخی سووی جیاوازی خۆی هەبێت، ئینجا سەرچاوەی دارایی سەربەخۆ. هەموو ئەمانە پێکەوە وڵاتێک دەکاتە خاوەن ئابوورییەکی سەربەخۆ. بەهەرحاڵ، ئەمەیان پرسێکی ترە و جیاوازە لەم کێشەیەی کە بڕیارەکەی دادگای باڵای فیدراڵی دروستی کردووە. ئەم بڕیارەی دادگا (ئەگەر هەرێم پێیەوە پابەند بێت) زۆر بەڕوونی کۆتاییەک دادەنێت بۆ ئەو سەربەخۆ نەوت فرۆشتنەی لە (٢٠١٤)ەوە هەرێمی کوردستان دەستی پێ کردووە.

پەیمان عیزەدین ڕەتی دەکاتەوە ئابووریی سەربەخۆ پایەی لەسەرپێوەستانی هەرێم بووبێت و دەڵێت نەخێر، ئابووریی سەربەخۆ بە هیچ جۆرێک پایەی لەسەرپێوەستانی هەرێم نەبووە، کام لەسەر پێوەستانە؟ لەسەرپێوەستان بونیادنانی ژێرخانێکی ئابووریی بەهێزە، بەرزکردنەوەی یەدەگ و نەختینەی بانکییە، بەکارهێنانی ئابووریی سەربەخۆیە بۆ بونیادنانی هێزێکی پێشمەرگەی تۆکمەی یەکگرتوو، پاراستنی سەقامگیری و ئاشتیی کۆمەڵایەتییە.

**لە نەوتەوە بۆ غاز**

دوای ئەوەی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان؛ سەرۆککۆماری تورکیا خواستی وڵاتەکەی بۆ وەبەرهێنان و کڕینی غازی سروشتی لە عێراق و هەرێمی کوردستان، چاوەکان کەوتنەوە سەر هەرێمی کوردستان، تەنانەت بەشێک لە چاودێرانیش بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی بە



## د. کاروان حەمەساڵح

ساڵی ١٩٨٢ لە سلێمانی لەدایک بووە.
پسپۆڕی گشتی لە کارگێڕی و ئابووری، پسپۆڕی تایبەت لە بواری سەرکردایەتیکردن و بەڕێوەبردنی نێودەوڵەتیدا.
ئەندامی دامەزراوەی نێودەوڵەتیی سەرکردایەتیکردنە کە بارەگای سەرەکیی لە نیویۆرکی ئەمەریکایە.

مەترسیی عێراق لە ئایندەی غازی سروشتیی هەرێم دەزانن.

لە بارەی پەیوەندی و کاریگەریی نێوان بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی و ئەگەری فرۆشتنی غازی سروشتیی هەرێم بە تورکیا، پەیمان عیزەدین دەڵێت ئەم بڕیارە ئەگەر کاریگەرییەکانی لەسەر گرێبەست و ڕێککەوتنەکانی هەرێم و تورکیا خێرا نەبن، ئەوا بەدڵنیاییەوە کاریگەریی خێرای هەیە لەسەر فرۆشتنی غازی هەرێم، چونکە ئەگەر هەرێمیش ئامادەیی ئەو سەرکێشییەی هەبێت، ئەوا زەحمەتە هیچ دەوڵەت و کۆمپانیایەک خۆی تووشی کێشە بکات، بەتایبەتییش تورکیا کە تا ئێستا سکاڵای پێشووتری عێراقی لەسەر لا نەچووە تا خۆی گیرۆدەی سکاڵایەکی نوێ بکات.

بەدڵنیاییەوە بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی پەیوەندیی بەو لێدوانە و کۆی هەوڵدانی هەرێمەوە هەبوو بۆ فرۆشتنی غازی سروشتی، دەسەڵاتی سیاسیی هەرێم و بەتایبەتی پارتی پێی وایە ئەو سەرداریییەی لە هەرێمدا هەیەتی، بەسەر کۆی پارتەکانی تر و دامەزراوە و دەسەڵاتەکانی هەرێمدا بۆ عێراقیش ڕاستە، بەڵام دەرکەوت کە سەرەتاکانی گێڕانەوەی پارتی بۆ سەر سکەی پابەندێتی بە دەستوور و یاساوە دەستی پێ کردووە.

بەپێچەوانەوە دانا جەزا عەلی کاتب پێی وا نییە هیچ پەیوەندییەک لەنێوان غاز فرۆشتن و بڕیارەکەی دادگادا هەبێت:



**دانا جەزا عەلی کاتب**

بەکالۆریۆس لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان.
ئەندامی پێشووی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی.
ئەندامی پێشووی پەرلەمانی عێراق.

"بۆچوونم وا نییە بابەتی غازی سروشتی لەگەڵ تورکیا کاریگەریی لەسەر بڕیارەکەی دادگا هەبێت یان بەپێچەوانەوە، چونکە هیچ لێکتێگەیشتن و ڕێککەوتنێک لەم بارەیەوە لەنێوان تورکیا و هەرێمدا نییە و تا ئێستا هیچ بنەمایەکی یاساییشی نییە. هەر چەندە غازی سروشتییش بەشێکە لە سامانە سروشتییەکان، بەڵام پێم وا نییە ئەم بابەتە و بڕیارەکەی دادگا پەیوەندییان بە یەکترەوە هەبێت."

محەمەد حسێن لە بارەی کاریگەریی بڕیارەکەی دادگا لەسەر دۆسێی غازی سروشتی و پەیوەندیی بە هەوڵەکانی تورکیا بۆ کڕینی غازی هەرێم، پێی وایە هێشتا ڕوون نییە تورکەکان چ هەڵوێستێکیان دەبێت. ئەوانیش هەر لەسەر هەمان پرس تووشی سکاڵایەکی حکومەتی عێراق بوون، کە داوای ٢٥ ملیار دۆلار قەرەبوویان لێ دەکات لەسەر ئەوەی گرێبەستی نێوان هەردوو وڵاتی پێشێل کردووە و ڕێگەی بە خۆی داوە بۆریی نەوتی عێراق-تورکیا بۆ هەناردەکردنی نەوتی کوردستان بەکار بهێنرێت. تورکەکان ئەگەر نەتوانن یارمەتیی هەولێر و بەغدا بدەن، بە ئاشتی ناکۆکییە نەوتییەکانیان چارەسەر بکەن، دەکەونە دووڕیانی ئەوەی کە پشتگیریی یەکێکیان بکەن لە دژی ئەوەی تر. ئەمەش بڕیارێکی هێندە ئاسان نییە. عێراقی عەرەبی بازاڕێکی ٣٤ ملیۆن کەسییە بۆ کاڵا و خزمەتگوزارییە تورکییەکان، بەڵام هەرێمی کوردستان دەروازەی ئەم بازاڕەیە. ئەمە جگە لەوەی حکومەتی تورکیا و کۆمپانیا تورکییەکانیش بەرژەوەندیی زۆر گەورەیان هەیە لە سێکتەری نەوت و غازی کوردستاندا. بۆ تورکیا ئاسان نییە دەستبەرداری هیچ کام لە هەرێم و عێراقی عەرەبی ببێت. لە بەرامبەردا هەرێمی کوردستان و عێراقیش پێویستیان بە

تورکیایە و هەڵوێستێکی لاوازی سیاسی و سەربازییان هەیە بەرامبەری. لێرەدا پرسی ئاوی ڕووبارەکان، دەستتێوەردانی سەربازی و ستراتیژی و ئەمنیی هاوبەشیش هەیە کە هەرسێ لایان کۆ دەکاتەوە، بەڵام زۆر جار ڕووی داوە کە بەرژەوەندییە ئابووری و بازرگانییەکان کراونەتە قوربانیی ناکۆکییە سیاسییەکان و هەندێک حساباتی سیاسی و ئەمنی.

کە بڕیارەکەی دادگای باڵای فیدراڵی دەرچوو، زۆر چاودێری سیاسی پێیان وا بوو ئەم لێدوانەی ئەردۆغان وای کرد عێراق و ئێرانیش بکەونە جووڵە و هەر چییان پێ دەکرێت بیکەن بۆ ڕێگری لە هەناردەکردنی غازی سروشتیی کوردستان بۆ تورکیا. هەیشبوو کاتی دەرچوونی بڕیارەکەیان گرێ دەدا بە ڕۆڵی لایەنە کوردییەکان لە ناکۆکییەکانی ناو ماڵی شیعە و پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتی فیدراڵیی عێراق. ئەمانە ڕەنگە هەمووی، یەکێکیان، یان هیچیان ڕاست نەبن، بەڵام ئەمە هیچ لەو ڕاستییە مێژووییانە ناگۆڕێت کە ناکۆکییە نەوتییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا لانی کەم لە (٢٠٠٧)ەوە دەستی پێ کردووە. خودی سکاڵاکە لە ٢٠١٢دا تۆمار کراوە. ئینجا، لێدوانەکەی ئەردۆغان، بۆ ئەو کەسانەی لە پیشەسازیی غازی سروشتیدا کار دەکەن، دیار بوو کە هێندەی پڕوپاگەندەیەکی سیاسی بوو، مژدەیەکی ڕاستەقینە نەبوو. کەرتی غازی کوردستان لانی کەم تا ٣ ساڵی تر هیچی نابێت بۆ هەناردەکردن. ئەگەر هەموو پلانەکانی دانا غاز و هاوبەشەکانیشی بەباشی جێبەجێ بکرێن، وە هیچ ئاستەنگییەکی دارایی، یاسایی، ئابووری و ئەمنییان نەیەتە ڕێگا، تا کۆتایی ٢٠٢٥ هەرێمی کوردستان هێندە غازی نابێت پێداویستیی ناوخۆی تێر بکات و بۆ تورکیا هەناردەی بکات. لە قۆناغی داهاتووی فراوانکردنی کێڵگە غازییەکانی کۆرۆمۆر و پەرەپێدانی کێڵگەکانی چەمچەماڵدا، دانا گاز و هاوبەشەکانی بەهیوان بەرهەمی ڕۆژانەیان بگاتە سەرووی ٧٠٠ ملیۆن پێ سێجا، ئەمەش لە کۆتایی ساڵی ٢٠٢٣دا. تا ئێرەش غازەکە هەر بەشی پێداویستیی ناوخۆی کوردستان و بەرهەمهێنانی کارەبای پێویست بۆ خەڵکی کوردستان دەکات. لە هەرێمی کوردستاندا توانای بەرهەمهێنانی ٧٠٠٠ مێگا کارەبا هەیە، بەڵام کەمتر لە ٤٠٠٠ مێگا بەرهەم دەهێنرێت، لەبەر ئەوەی حکومەت پارەی نییە سووتەمەنی بۆ وێستگەکان دابین بکات. بۆ نموونە: لە دهۆک وێستگەیەکی بەرهەمهێنانی کارەبا (١٠٠٠ مێگا توانای بەرهەمهێنانیەتی) هەر بەتەواوی کوژاوەتەوە، لەبەر نەبوونی سووتەمەنی و غاز. تۆ تا بڕی پێویست بۆ کارەباکەی خۆت دابین نەکەیت، چی دەفرۆشیت؟ بۆیە لە ڕاستیدا لێدوانەکەی



**محەمەد حسێن**

ماستەر لە ئابووریی سیاسەتە گشتییەکان، قوتابخانەی بەرشەلۆنە بۆ زانستە ئابوورییەکان (Barcelona School of Economics).

لە (٢٠١٣)ەوە لە سێکتەری نەوتی هەرێمدا کار دەکات بۆ دەزگای ئیراک ئۆیڵ ڕیپۆرت.

پێشتر کاری کردووە بۆ گرووپی قەیرانە نێودەوڵەتییەکان، گۆڤاری فۆرین پۆڵەسی، دەزگای ئەڵمانی بۆ هەڵسەنگاندنی گەشەپێدان و کۆمپانیای ئاوێنە.

ئەردۆغان هیی ئەوە نەبوو کەسی پێ بترسێنرێت. ڕەنگە بۆ هەندێک مەبەست و حساباتی سیاسیی ناوخۆی تورکیا بووبێت، زیاتر لەوەی کە واقعێکی بازرگانی و ئابووری نوێ نیشان بدات لە شەراکەتی وزەی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا.

**بڕیارێکی یاسایی یان سیاسی؟**

دەرچوونی بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی لە کاتێکدا عێراق بە دۆخێکی هەستیاردا تێدەپەڕێت، پرۆسەی پێکهێنانی حکومەت بە هۆی ڕێکنەکەوتنی لایەنەکان دوا کەوتووە و لایەنە کوردییەکانیش بەسەر چەند ئاڕاستەیەکدا دابەش بوون، ئەمەش ئەو گومانەی لای بەشێک لە هێزە کوردییەکان دروست کردووە کە بڕیارەکە زیاتر لەوەی یاسایی و دەستووری بێت؛ سیاسییە. محەمەد حسێن دەڵێت هەموو شتێک لە بارەی کەرتی نەوت و غازی کوردستان یاسایی بێت یان بازرگانی، ڕاستەوخۆ ڕەهەندێکی سیاسییشی هەیە. یەکەم، لەبەر ئەوەی نەوتی خاو تەنها کاڵایەکە عێراق و کوردستانیش هەیانبێت بۆ فرۆشتن. دووەم، نەوت فرۆشتن سەرچاوەیەکی سەرەکیی داهاتە گشتییەکانی حکومەتەکانی هەولێر و بەغدادە. سێیەم، کەرتی نەوتی کوردستان هەر لە سەرەتاوە لەگەڵ کێشە و ناکۆکییە سیاسییەکاندا لەدایک بووە. حکومەتی هەرێمی کوردستان باجێکی زۆر زۆر گەورەی ئەم بەسیاسیکردنەی کەرتی نەوت و غازی داوە. ئەوەی کە زیاتر لە نیوەی داهاتە نەوتییەکانی دەڕوات بۆ

تێچووی بەرهەمهێنان، هەناردەکردن و فرۆشتن بەزۆری لەبەر ئەم ناکۆکییە سیاسییانەیە، ئەگینا نەوتی کوردستان ڕێک هەمان کوالێتیی نەوتی کەرکووکی هەیە کە هەر بەرمیلێکی بە ٩ دۆلار زیاتر لە نەوتی هەرێم دەفرۆشرێت.

دەکرێت فاکتەرە سیاسییەکان ڕۆڵیان هەبووبێت لە دیاریکردنی کاتی بڕیارەکەی دادگا. لە هەموو سەردەمێکدا هەرێمی کوردستان دۆست و دوژمنی سیاسیی دەبێت و ڕەنگە دادگای دیکە و کەیسی دیکەی لە دژ بجووڵێنن. بۆ نموونە: کەیسێکی دیکە هەیە هەر وەزارەتی نەوتی عێراق لە دادگای باڵای فیدراڵی سکاڵای تۆمار کردووە لە دژی هەرێم لەسەر کێڵگەی کۆرمۆر. ئەوان دەڵێن ئەم کێڵگەیە پێشتر و لەلایەن کۆمپانیای نەوتی باکوورەوە دۆزراوەتەوە و ناحیەی قادرکەرەمیش بەشێکە لە ناوچە جێناکۆکەکان، نەک سنووری پێش ٢٠٠٣ی هەرێمی کوردستان. دوور نییە هەر وا لە کاتێکی هەستیاردا ئەم کەیسەش بجووڵێنرێت لە دژی هەرێم. کەواتە باشترین ڕێگا، دۆزینەوەی دەروازەیەکە بۆ چارەسەری تەواوی ناکۆکییە نەوتییەکان و دەستپێکردنی هاریکاری و شەراکەتێکی پڕ بەرهەم. پێویستە بە عەقڵیەتێکی بازرگانی و پیشەسازیی ڕووت نەوت و غازی کوردستان ئیدارە بکرێت، نەک بەسیاسی بکرێت.

پەیمان عیزەدین لەگەڵ ئەوەی پێی وایە زۆربەی بابەتەکان لە عێراقدا ڕەهەندی سیاسییان هەیە، چونکە عێراق خۆی لە هەوڵی گەڕانەوەی سەروەریی خۆیدایە و تا ئێستا ئەمەریکا و ئێران کاریگەریی گەورەیان هەیە لەسەر کۆی بڕیارەکان، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە ئەم بڕیارەی دادگای فیدراڵی یاسایی نییە، چونکە ڕاست و دروستە کە هەرێم سەربەخۆ ناتوانێت پرۆسەی گەڕان، دەرهێنان و فرۆشتنی نەوت و غاز بەڕێوە ببات، ئەوەی تا ئێستا بێدەنگیی لێ کراوە و لە ساڵی (٢٠١٢) وە یەکلاییکردنەوەی سکاڵا لەسەر ئەم بابەتە دوا خراوە، ئەوەیان زۆرتر ڕەهەندە سیاسییەکە بووە.

دانا جەزا عەلی کاتب پێی وایە بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی ڕەهەندی سیاسیی هەیە و بۆنی ئەوەی لێ دێت کە بڕیارێکی سیاسی بێت. پێشتریش هەندێک لە بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی بە تێگەیشتنی سیاسییەوە دەرکراون، ناڵێم دادگا سیاسییە، بەڵام خوێندنەوەی بۆ دۆخی سیاسی کردووە. ئەوەش ڕوونە کە هەندێک لایەن و دەوڵەتی دراوسێ بوونی هەرێمی کوردستانیان پێخۆش نییە، ئەگەریش هەیە ئەمانە هەموویان بەریەک بکەون و یەک بگرن و لە ئەنجامدا ئەم بڕیارانە و شتی دیکەی لێ دەربچێت.

**غازی هەرێم، لەنێوان هەل و مەترسیدا**

دوای دۆزینەوەی غازی سروشتی لە ناوچەکانی هەرێمی کوردستان و خەملاندنی بڕە زۆرەکەی، کۆمپانیاکان چاویان تێ بڕی. وڵاتە خاوەن غازەکان وەک ڕکابەرێکی نوێ و تەنانەت مەترسیداریش تەماشای دەکەن کە دوور نییە پێگە و قورسایی ئەوان بخاتە مەترسییەوە و لە ماوەیەکی دووریشدا ئاڕاستەی وڵاتان بەرەو هەرێم بگۆڕێت. هەندێک لە شیکردنەوەکان بڕیارەکەی دادگای فیدراڵیی عێراقیش دەبەستنەوە بە ترسی عێراق لە ئایندەی هەرێم و بەشێک لە فشارەکانی وڵاتە خاوەن غازەکانی دۆستی ئێران و ڕووسیا.

د. کاروان حەمەساڵح؛ پسپۆڕی گشتی لە کارگێڕی و ئابووری، بڕیارەکەی دادگا دەبەستێتەوە بە فشاری هێڵی خاوەن غاز و هاوپەیمانیی ئێران-چین-ڕووسیا و دەڵێت ئەم بڕیارە هێندەی بڕیارێکە لەسەر هێڵی ئێران-چین-ڕووسیا دەرکراوە، هێندە بڕیارێکی عێراقی نییە، چونکە ئێستا سەدەی شەڕی وزەی غازی سروشییە، لە ئێستاشدا نەوتەکەی هەرێم بەرەو کەمبوونەوە دەچێت و ئەوەی ئیستا زۆرتر چاوی لەسەرە غازە سروشتییەکەیەتی، غازیش ئەو چەکە بەهێزەیە کە لەدەستی هێڵی ئێران، ڕووسیا و چینەوەیە، هەرێمی کوردستانیش دوای قەتەر دووەم ناوچەی دەوڵەمەند بە غازە، ئەمەش یان دەبێت بە سەرئێشە بۆ هەرێمی کوردستان، یان دەبێتە دەوازەی خێر، دەرئەنجامی ئەمەش دەکەوێتە سەر توانای سیاسی، دیپلۆماسی و عەقڵی نشتمانیی حوکمڕانانی هەرێم، بۆ ئەوەی پرسی غازیش وەک پرسی نەوتی لێ نەکرێت. ئەم بڕیارەشی لە دادگای باڵای فیدراڵییەوە دەرچووە، بەرگرتنە لە هەر جۆرە جموجووڵێکی هەرێم لەسەر هێڵی قەتەر و وڵاتانی ڕۆژئاوا لەسەر بابەتی وزە لەلایەن هێڵی ئێران، ڕووسیا و چین. لەم هاوکێشەیەدا هەرێم بکەر نییە و کارلەسەرکراوە کە چاوی لەسەرە، یاریکەرە سەرەکییەکە دوو هێڵەکەیە کە دانوستان و کێبڕکێ دەکەن. زۆر گرنگە بۆ هەرێمی کوردستان ببێتە پردێکی پەیوەندی نەک گۆڕەپانی ململانێی غاز، چونکە دواجار غازەکە دەبرێت و ئەوەی دەمێنێتەوە کاریگەری و لایەنە خراپەکانیەتی کە گرنگترینیان گەندەڵی و دوورکەوتنەوەی زیاترە لە بەغداد.

د. کاروان حەمەساڵح سەرکەوتنی پرسی غازی سروشتی دەبەستێت بە دوو مەرجی سەرەکییەوە و دەڵێت لە دوای بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی و دوای هەناردەکردنی هەر بەرمیلێک نەوت و پێشخستنی کەرتی غاز، هاوڵاتییانی هەرێمی کوردستان قەرزار دەبن، چونکە وەک چۆن قەرەبووی جەنگی کوێت لەسەر گیرفانی هاوڵاتییانی ئێستای

عێراق بوو، له‌ داهاتووشدا ده‌توانرێت له‌ ڕووی یاساییه‌وه‌ ئه‌م قه‌رزانه‌ له‌ بودجه‌ی وڵات و هاوڵاتییان ببڕدرێت. بۆیه‌ زۆر گرنگه‌ به‌ دوو ئاڕاسته‌ کار بکرێت: یه‌که‌م، هه‌رێمی کوردستان له‌گه‌ڵ به‌غداد گفتوگۆ بکات له‌ پێناو دۆزینه‌وه‌ی چاره‌سه‌رێکی ناوه‌ند، به‌ مه‌رجێک پرۆسه‌ی غازیش وه‌ک پرۆسه‌ی نه‌وتی لێ نه‌کرێت و بخرێته‌ خزمه‌تی هاوڵاتییانه‌وه‌. ئاڕاسته‌ی دووه‌م ئه‌وه‌یه‌ هاوڵاتییان، ڕۆشنبیران و چالاکانی مه‌ده‌نی فشار بخه‌نه‌ سه‌ر ده‌سه‌ڵاتدارانی هه‌رێم که‌ جددی بن له‌ پرسی نه‌وت و غاز و کۆتایی به‌ گه‌نده‌ڵی بهێنن له‌م دۆسێیه‌دا، تاکوو نه‌وه‌کانی داهاتوو ناچار نه‌بن قه‌رزی ئێستا بده‌نه‌وه‌.

**چاوه‌کان له‌سه‌ر هه‌رێمن**

ده‌بێت بزانین بۆچی چاوه‌کان له‌سه‌ر غازی سروشتیی هه‌رێمه‌؟ ساڵی ٢٠٢٦ گرێبه‌ستی غازی نێوان ئێران و تورکیا کۆتایی پێ دێت، ئه‌مه‌ش یه‌کێک له‌ بابه‌ته‌ هه‌ستیاره‌کان سه‌باره‌ت به‌ ئێران، به‌تایبه‌ت ئه‌گه‌ر که‌رتی غازی سروشتیی هه‌رێم پێش بخرێت و وه‌به‌رهێنانی تێدا بکرێت ساڵی ٢٠٢٥ ده‌توانرێت ده‌ست به‌ هه‌نارده‌کردنی بکرێت. به‌ پێی خه‌مڵاندنه‌کان ساڵی ٢٠٣٥، به‌رهه‌مهێنانی غازی سروشتیی هه‌رێم ده‌گاته‌ ٤٠ ملیار مه‌تر سێجا، له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ی ئه‌م بڕه‌ ناتوانێت ببێته‌ شوێنگره‌وه‌ی غازی سروشتیی ڕووسیا، به‌ڵام ده‌کرێت کێشه‌ بۆ پێگه‌ی وزه‌ی ئێرانی هاوبه‌شی ڕووسیا دروست بکات و به‌شێک له‌ پێداویستیی غازی سروشتیی ئه‌وروپا دابین بکات، ئه‌گه‌ر به‌ بڕێکی که‌میش بێت، بۆیه‌ ڕووسیا له‌ به‌غداده‌وه‌ هه‌رێمی ئاگادار کردووه‌ته‌وه‌ له‌م هه‌نگاوه‌، واته‌ هێڵی به‌رامبه‌ر نایانه‌وێت ئه‌م پێشکه‌وتنه‌ ڕوو بدات.

له‌ ئێستادا غازی ڕووسیا نه‌ک هه‌ر کارتێکی ئابوورییه‌، به‌ڵکوو کارتێکی سیاسیی به‌هێزیشه‌ و ده‌کرێت بوترێت تاکه‌ کارتی به‌هێزه‌ که‌ توانیویه‌تی مامه‌ڵه‌یه‌کی سیاسی و سه‌ربازیی پێوه‌ بکات و ژێرخانه‌ ئابووری و سه‌ربازییه‌که‌ی به‌هێز بکات. وه‌ک ده‌رکه‌وت توانرا هێڵی گواستنه‌وه‌ی غازی سروشتی له‌ قه‌ته‌ر و سووریاوه‌ بۆ وڵاتانی دیکه‌ په‌ک بخرێت و ته‌نها پشت به‌ غازی سروشتیی ڕووسیا ببه‌سترێت. بینیشمان هاوبه‌رژه‌وه‌ندییه‌کانی ڕووسیا وه‌ک ئێران و چین سه‌رکه‌وتوو بوون له‌وه‌ی ڕێگه‌ نه‌ده‌ن ئه‌سه‌د بکه‌وێت، که‌ سووریاش جگه‌ له‌ پرسه‌ مه‌زهه‌بی و سیاسییه‌که‌ پرسی غازیش بوو. لێره‌وه‌ گرنگه‌ هه‌رێمی کوردستان نه‌بێته‌ قوربانی، به‌ڵکوو ببێته‌ پردێکی په‌یوه‌ندی، چونکه‌ ئێستا چاوه‌کان له‌سه‌ر هه‌رێمی کوردستانه‌ که‌ چۆن ده‌کرێت ببێت به‌ خاڵێکی به‌هێز، به‌ هه‌مان شێوه‌ش ئه‌گه‌ر هه‌یه‌ ببێته‌ خاڵی لاواز و ته‌نانه‌ت له‌ناوچوونی هه‌رێمی کوردستان.

ئایندەناسی


# کتێبی ئایندەناسی

کتێبە ئاییندەییەکان

خوێندنەوەی کتێبی:

# کتێبی: ٢١ وانە بۆ سەدەی ٢١

ئامادەکردن: گۆڤاری ئایندەناسی



یوڤال نوح هەراری (Yuval Noah Harari)؛ مێژوونووس و بیرمەندی ئیسرائیلی، ساڵی ١٩٧٦ لەدایك بووە و خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرای مێژووە لە زانکۆی ئۆکسفۆرد و لە ئێستادا بە پلەی پڕۆفیسفۆر مامۆستایە لە زانکۆی هێبریو لە ئورشەلیم (Hebrew University of Jerusalem). دوو کتێبی پێشووتری یوڤال بە ناوەکانی: "مرۆڤی هۆشمەند: پوختەی مێژووی مرۆڤایەتی" (Sapiens: A Brief History of Humankind)لە ساڵی ٢٠١٤ و "هۆمۆ دیۆس: کورتەیەکی مێژووی ئایندە" (Homo Deus: A Brief History of Tomorrow لە ساڵی ٢٠١٦، زیاتر لە ١٢ ملیۆن دانەیان لێ فرۆشراوە و بە ٤٥ زمانی زیندووی جیهان وەرگێڕدراون. حەراری دوو جار بووەتە براوەی خەڵاتی پولانسکی (بۆ داهێنان و ڕەسەنایەتی) لە ساڵەکانی ٢٠٠٩ و ٢٠١٢ و هەروەها لە ساڵی ٢٠١١دا خەڵاتی ئەنجوومەنی مێژووی سەربازیی مانکادۆی بۆ نووسینەکانی لە بواری مێژووی سەربازی بەدەست هێنا.

کتێبی "٢١ وانە بۆ سەدەی ٢١" (٢١ ٢١st Century Lessons for the) وەك سێیەمین کتێبی هەراری لە درێژەی بابەتەکانی پەیوەست بە ڕابردوو، ئێستا و داهاتووی مرۆڤ، لە ساڵی ٢٠١٨-دا بڵاو بووەتەوە، درێژەدەری بابەتی کتێبەکانی پێشووتر یان بە واتایەکی تر سیانەی (Trilogy) نووسەرن: لە کتێبی یەکەمدا نووسەر باسی لە ڕابردوو و لە کتێبی دووەمدا باسی لە ئایندەی مرۆڤ کردووە و لەم کتێبەدا وەك پێکەوەبەستنی بابەتەکانی دوو کتێبی پێشووتر، گرنگیی بە

> **ئەم کتێبە ٢١ وانە لەخۆ دەگرێت سەبارەت بە ئاڵەنگارییەکانی ئێستا و ئایندەی مرۆڤ و هەوڵی وەڵامدانەوەی کۆمەڵە پرسیارێکە کە خاڵی هاوبەشی سەرجەمیان وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەیە کە بەڕاستی لە جیهانی ئەمڕۆماندا چی ڕوو دەدات و گرنگتر لەم پرسیارەش ئەوەیە کە واتا و مانای ئەم ڕووداوانە چین؟**

بابەت و پرسەکانی ئێستا و داهاتووی مرۆڤ داوە.


هەراری سەبارەت بەوەی کە لەم کتێبەدا باسی کام بابەتانە دەکات، لە پێشەکیدا چەند پرسیارێکی گرنگ دەورووژێنێت:

لە ئێستادا چ شتێك ڕوو دەدات؟ گەورەترین ئاڵەنگاری و گرنگترین هەڵبژاردنەکان لە ئەمڕۆدا چین؟ پێویستە سەرنج بە چ شتێك بدەین؟ پێویستە چ شتێك فێری منداڵەکانمان بکەین؟

هەروەك لە ناونیشانی کتێبەکەدا دیارە، ئەم کتێبە ٢١ وانە لەخۆ دەگرێت سەبارەت بە ئاڵەنگارییەکانی ئێستا و ئایندەی مرۆڤ و هەوڵی وەڵامدانەوەی کۆمەڵە پرسیارێکە کە خاڵی هاوبەشی سەرجەمیان وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەیە کە بەڕاستی لە جیهانی ئەمڕۆماندا چی ڕوو دەدات و گرنگتر لەم پرسیارەش ئەوەیە کە واتا و مانای ئەم ڕووداوانە چین؟

ئەم ٢١ وانەیە بۆ پێنج بەش دابەش کراون:






**بەشی یەکەم تایبەت کراوە بە ئاڵەنگاریی تەکنەلۆژی و بابەتەکانی وەک کار و ئازادی و یەکسانی، بەشی دووەم باس لە ئاڵەنگاریی سیاسی دەکات و تەوەرەکانی وەک کۆمەڵگە، ئایین، ناسیۆنالیزم و کۆچ دەکات. بەشی سێیەم بە ناونیشانی بێهیوایی و نائومێدی، تەوەرەکانی وەک تیرۆریزم، جەنگ، خۆنەگری، خوا و سیکۆلاریزم لەخۆ دەگرێت و دەشێت ئەم بەشە وەک ئاڵەنگارترین بەشی ئەم کتێبە دابنێین کە تێیدا نووسەر سەرەڕای ئەوە ئاگاداری ناکۆکی و ڕکابەرییە توندەکانی جیهانە**

به‌شی یه‌كه‌م تایبه‌ت كراوه‌ به‌ ئاڵه‌نگاریی ته‌كنه‌لۆژی و بابه‌ته‌كانی وه‌ك كار و ئازادی و یه‌كسانی، به‌شی دووه‌م باس له‌ ئاڵه‌نگاریی سیاسی ده‌كات و ته‌وه‌ره‌كانی وه‌ك كۆمه‌ڵگه‌، ئایین، ناسیۆنالیزم و كۆچ ده‌كات. به‌شی سێیه‌م به‌ ناونیشانی بێهیوایی و نائومێدی، ته‌وه‌ره‌كانی وه‌ك تیرۆریزم، جه‌نگ، خۆنه‌گری، خوا و سیكۆلاریزم له‌خۆ ده‌گرێت و ده‌شێت ئه‌م به‌شه‌ وه‌ك ئاڵه‌نگارترین به‌شی ئه‌م كتێبه‌ دابنێین كه‌ تێیدا نووسه‌ر سه‌ره‌ڕای ئه‌وه‌ ئاگاداری ناكۆكی و ڕكابه‌رییه‌ توندەكانی جیهانه‌، به‌ڵام پێی وایه‌ ئه‌گه‌ر بتوانین ترسه‌كانمان كۆنترۆڵ بكه‌ین و كه‌مێك له‌ بیروباوه‌ڕه‌كانمان خۆش بین، له‌وانه‌یه‌ مرۆڤ بتوانێت به‌سه‌ر كێشه‌گه‌لی وه‌ك تیرۆریزم و جه‌نگ سه‌ر بكه‌وێت.

به‌شی چواره‌می كتێبه‌كه‌ به‌ ناونیشانی حه‌قیقه‌ت، باس له‌ كۆمه‌ڵێك وانه‌ی وه‌ك جه‌هل، عه‌داله‌ت، پاشحه‌قیقه‌ت و ئه‌فسانه‌ی زانست ده‌كات. نووسه‌ر له‌م به‌شه‌دا پرسیاری ئه‌وه‌ ده‌كات كه‌ تا چ ڕاده‌یه‌ك ده‌توانین درك به‌ پێشكه‌وتنه‌كانی جیهان بكه‌ین و تاوانكاری له‌ عه‌داله‌ت جیا بكه‌ینه‌وه‌؟ نووسه‌ر ئه‌وه‌مان نیشان ده‌دات كه‌ چۆن جیهانی ئه‌مڕۆ ئاڵۆز بووه‌ و چۆن ده‌توانین له‌م جیهان ئاڵۆزه‌دا بگه‌ینه‌ حه‌قیقه‌ت و هه‌روه‌ها چی بكرێت بۆ ئه‌وه‌ی نه‌بینه‌ قوربانیی بانگه‌شه‌ و هه‌واڵه‌ ناڕاسته‌كان. ئه‌م به‌شه‌ له‌ كتێب، ده‌كرێت گرنگترینیان بێت.

به‌شی كۆتایی كتێبه‌كه‌ ناوی لێ نراوه‌ "سازگاری" و سێ وانه‌ی په‌روه‌رده‌ و فێركردن، واتا و چاودێریكردن (ئاگالێبوون) ده‌گرێته‌ خۆ. نووسه‌ر له‌م به‌شه‌دا دیدێكی فراوانتری بۆ هه‌ڕه‌شه‌ جیاوازه‌كانی جیهانی ئه‌مڕۆ خستووه‌ته‌ ڕوو. لێره‌دا پرسیاری ئه‌وه‌ ده‌كات كات كه‌ له‌ ڕۆژگارێكدا كه‌ چیرۆكه‌ كۆنه‌كان كۆتاییان پێ هاتووه‌ و تاوه‌كوو ئێستا چیرۆكی نوێ بۆ شوێنگره‌وه‌یان نییه‌، به‌ڕاستی ئێمه‌ كێین؟ چ شتێك له‌م ژیانه‌دا ئه‌نجام بده‌ین؟ پێویستمان به‌ كام له‌ توانا و به‌هره‌كان هه‌یه‌؟

هه‌روه‌ك ده‌بینین كتێبی ٢١ وانه‌، سه‌رجه‌میان له‌ هه‌وڵی وه‌ڵامدانه‌وه‌ی پرسیاره‌كانی تایبه‌ت به‌ هه‌نووكه‌ و ئاینده‌یه‌: ئایا لیبراڵدیموكراسی تووشی قه‌یران بووه‌؟ ئایا خوا بۆ ژیانی ئێمه‌ گه‌ڕاوه‌ته‌وه‌؟ ئایا جه‌نگی نوێ له‌ ئاینده‌دا ڕوو ده‌دات؟ كام شارستانیه‌ت ده‌ست به‌سه‌ر جیهاندا ده‌گرێت؟ شارستانییه‌تی ڕۆژئاوا، چین یان ئیسلام؟ ئایا ئه‌ورووپا ده‌رگاكانی به‌ ڕووی كۆچبه‌راندا واڵا ده‌كات؟ بۆ ڕووبه‌ڕووبوونه‌وه‌ی تیرۆریزم، ده‌بێت چی بكه‌ین؟

**ئایا لیبراڵدیموكراسی تووشی قه‌یران بووه‌؟ ئایا خوا بۆ ژیانی ئێمه‌ گه‌ڕاوه‌ته‌وه‌؟ ئایا جه‌نگی نوێ له‌ ئاینده‌دا ڕوو ده‌دات؟ كام شارستانیه‌ت ده‌ست به‌سه‌ر جیهاندا ده‌گرێت؟ شارستانییه‌تی ڕۆژئاوا، چین یان ئیسلام؟ ئایا ئه‌ورووپا ده‌رگاكانی به‌ ڕووی كۆچبه‌راندا واڵا ده‌كات؟ بۆ ڕووبه‌ڕووبوونه‌وه‌ی تیرۆریزم، ده‌بێت چی بكه‌ین؟**

# ئایندەناسی

# فەرهەنگی ئایندەناسی

چەمکناسی ئایندەیی

# چەمکی حوکمڕانیی باش



هەر چەند بەکارهێنانی چەمکی (حوکمڕانیی باش – Good Governance – الحكم الصالح او الحكم الرشيد) دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی ناوەڕاستی سەدەی پێشوو، کاتێك لە چوارچێوەی ئەدەبیاتی تیۆری (گەشەپێدانی سیاسی - Political Development)دا پەرەی پێ درا، بەڵام ئەم چەمکە لەدوای کۆتاییهاتنی جەنگی ساردەوە زیاتر بایەخی پێ درا، بەتایبەتی لە ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردووەوە. وێڕای ئەوەی کە ئەم چەمکە پێناسەی زۆری بۆ کراوە، لە خوارەوە تەنها هەندێکیان دەخەینە ڕوو:

- بە پێی (بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گەشەپێدان – UNDP)، حوکمڕانیی باش: "بریتییە لە پیادەکردنی دەسەڵاتی ئابووری و سیاسی و کارگێڕی بە شێوەیەک کاروباری کۆمەڵ ڕایی بکات لە سەرجەم ئاستەکاندا".

- لەلای (بانکی نێودەوڵەتی – Word Bank)، حو کمڕ ا نیی با ش : "بریتییە لەو نەریت و دامەزراوانەی کە لە ڕێگایەنەوە دەسەڵات لە پێناو بەرژەوەندیی گشتیدا پیادە دەکرێت".

- بە ڕای (پەیمانگای نێودەوڵەتی بۆ دیموکراسی و هاوکاریی هەڵبژاردن – International IDEA)، حوکمڕانیی باش بریتییە لە: "پرۆسەی بونیادنانی ئەو دامەزراوە دیموکراسییانەی کە دەتوانن چارەسەری گرفتە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان بکەن و بەشداریی سیاسیی فراوان بکەن".

- لە تێڕوانینی (سەنتەری لێکۆڵینەوەی گەشەپێدانی نێودەوڵەتی – IDRC)دا حوکمڕانیی باش: "بریتییە لە بەڕێوەبردنێکی شەفافی سەرچاوە مرۆیی و ماددییەکان کە قابیلی لێپرسینەوە بێت و بۆ مەبەستی گەشەپێدانی دادپەروەرانەی بەردەوام بێت، لە چوارچێوەی ژینگەیەکی سیاسیی دامەزراوەیی کە ڕێز لە مافەکانی مرۆڤ و بنەماکانی دیموکراسی و سەروەریی یاسا بگرێت".

لە ڕوانگەی ئەم پێناسانەوە دەتوانین گرنگترین بنەما و ڕەگەزەکانی حوکمڕانیی باش دیاری بکەین، کە ئەم ڕەگەزانە پێشیان دەوترێت ئاماژەکانی حوکمڕانیی باش (مؤشرات الحكم الرشيد) و بەگشتی بریتین لە:

١.



بەشداری و نوێنەرایەتیی سیاسی (المشاركة والتمثیل السیاسی - Participation): زامنكردنی بەشداریی سەرجەم هاوڵاتییان لە دروستكردنی بڕیارەكاندا، بە شێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لەلایەن نوێنەری هەڵبژێردراوەوە، ئەمە وێڕای زامنكردنی ئازادیی ڕادەربڕین و دروستكردنی ڕێكخراو.

٢. سەروەریی یاسا (سیادة حكم القانون - Rule of law): جێبەجێكردن و سەپاندنی یاساكان بەسەر هەموو كەس و لایەنێكدا بێ جیاوازی، ئەمەش پەیوەستە بە بوونی دامەزراوەی دادوەریی سەربەخۆ و هێزی ئاسایشی ناوخۆی بێلایەن و دەزگای پۆلیسی دوور لە گەندەڵی.

٣. شەفافیەت (الشفافیة - Transparency): ئازادیی ڕاگەیشتن و دەستكەوتنی زانیاری لەسەر سەرجەم كار و دەزگا و پرۆژەكانی حكومەت، لەگەڵ خستنەڕووی زانیاریی دروست و ڕوون و بێگرێ لەسەریان، بە شێوەیەک كە یارمەتیدەر بێت لە تێگەیشتن و چاودێریكردنی ئەو كار و دەزگا و پرۆژانە.

٤. بەدەنگەوەچوون (الاستجابە - Responsiveness): بەتوانایی دەزگاكانی حكومەت لە پێشكەشكردنی خزمەتگوزاری بە سەرجەم هاوڵاتییان و بەدەنگەوەچوونی داواكانیان لە كاتێكی گونجاودا.

٥. كارایی و لێهاتوویی (الفعالیة والكفاءة - Effectiveness and efficiency): ئەنجامی كار و پرۆژەی دەزگاكانی حكومەت ببێتە هۆی دابینكردنی پێداویستییەكانی كۆمەڵ، لەگەڵ بەكارهێنانی تواناكانی بەردەستیان بە باشترین شێوە.

٦. دادپەروەری و گشتگیری (العدالة والشمول - Equity and inclusiveness): خۆشگوزەرانیی كۆمەڵ بەندە بەوەوە كە هەموو لایەک وا هەست بكەن بەرژەوەندییان تیایدایە و كەس خۆی بە پەراوێزخراو نەبینێت، ئەمەش وا دەخوازێت كە سەرجەم توێژەكان، بەتایبەت زۆر لاوازەكانیان، هەلی باشكردنی ژیان و هێنانەدیی خۆشگوزەرانییان بۆ بڕەخسێنرێت.

٧. ئارەزووی سازان (تنحی تجاه الاجماع - Consensus oriented): ڕەتنەكردنەوەی ئەو ئامرازانەی هاوكارن بۆ لێكنزیكبوونەوەی بەرژەوەندییە جیاوازەكان و دۆزینەوەی ڕێچارەی دروست كە بەرژەوەندیی گشتیی كۆمەڵ و چۆنێتیی بەدیهێنانی فەراهەم بكات.

٨. وشیاریی ستراتیژی (الرؤیة الإستراتیجیة -Strategic Vision ): جەماوەر و سەركردەی

"

**چەمكی حوكمڕانیی باش چەند ڕەگەزێک لەخۆ دەگرێت، كە هەندێكیان بنەما و دامەزراوەی دیموكراسین (وەک: بەشداریی سیاسیی فراوان و بەرپرسیاریی میللی و بەرژەوەندیی گشتی)، هەندێكی تریان بنەما و بەهای مرۆیی و جیهانین (وەک: دادپەروەری و شەفافیەت و سەروەریی یاسا و مافەكانی مرۆڤ)**

ڕێکخراو و لایەنەکان خاوەنی ڕوانینی دوورمەودا بن لەسەر ڕەگەزەکانی حوکمڕانیی باش و پرۆسەی گەشەپێدانی بەردەوامی کۆمەڵ، بەئاگا بن لە پێداویستییەکانی پرۆسەکە و وشیاریش بن بە ئاڵۆزییە مێژوویی و کولتووری و کۆمەڵایەتییەکانی ئەو پرۆسەیە.

٩. لێپرسینەوە (المسائلة - Accountability): ملکەچبوونی سەرجەم کاربەدەستان لە دەزگاکانی حکومەت و کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و پارتە سیاسییەکان بۆ لێپرسینەوەی جەماوەر و سەرجەم خاوەن بەرژەوەندییەکان. دیارە شێوازی لێپرسینەوەش بە پێی جۆری دەزگا و لایەنەکان دەگۆڕێت، بەڵام بێ شەفافیەت و سەروەریی یاسا لێپرسینەوە مەحاڵە.

وێڕای ئەم ڕەگەزانە، هەندێک لە توێژەران ئاماژەیان بۆ بوونی چەند مەرج و پێداویستییەک کردووە کە دەکرێت یارمەتیی دروست جێبەجێکردنی ڕەگەزەکانی حوکمڕانیی باش بدەن، وەک: (جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و سەربەخۆیی دادگاکان، خاوێنیی هەڵبژاردنەکان و پابەندبوون بە وادەکانی ئەنجامدانیان، زامنکردنی پلەیەکی گونجاو لە ئارامیی سیاسی و ئاسایشی ناوخۆیی و دەرەکی و مرۆیی).

کەواتە، بە پێی پێناسەکانی چەمکی حوکمڕانیی باش کە پێشتر باسمان کردن، هەروەها بە پێی ئەو بنەما و ڕەگەز و ئاماژانەش کە لە سەرەوە بۆ ئەم چەمکە خرانە ڕوو، دەتوانین دیارترین خەسڵەتەکانی چەمکی حوکمڕانیی باش لەم سێ خاڵەی خوارەوەدا بخەینە ڕوو:

یەکەم: چەمکی حوکمڕانیی باش چەند ڕەگەزێک لەخۆ دەگرێت، کە هەندێکیان بنەما و دامەزراوەی دیموکراسین (وەک: بەشداریی سیاسیی فراوان و بەرپرسیاریی میللی و بەرژەوەندیی گشتی)، هەندێکی تریان بنەما و بەهای مرۆیی و جیهانین (وەک: دادپەروەری و شەفافیەت و سەروەریی یاسا و مافەکانی مرۆڤ).

دووەم: چەمکی حوکمڕانیی باش دەکرێت لە سەرجەم ئاستەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ناوخۆ پیادە بکرێت، هەر لە "ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە جیهانییەکان"ەوە تا "دەوڵەت و یەکە کارگێڕییە ناوچەییەکان و ڕێکخراوە میللییە ناوخۆییەکان".

سێیەم: چەمکی حوکمڕانیی باش تەنها بۆ چارەسەری گرفتە سیاسییەکان نییە، بەڵکوو دەکرێت بۆ چارەسەری قەیران و گرفتە و ئابووری و دارایی و کارگێڕی و کۆمەڵایەتییەکانیش پەیڕەو بکرێت.

### سەرچاوەکان

- Ivan Nikolic, Participants Manual On Good Governance, (CORAD), Global Justice Academy, Sierra Leone, January ٢٠٠٨.

- Mercy Corps, Guide to Good Governance Programming, mercycorps.org, Colombia, ٢٠١٠.

- UCLG ASPAC, Good Governance: Definition and Characteristics, November ٢٠٢١.

- United Nations, Office of the HIGH Commissioner, About Good Governance, at:

https://www.ohchr.org/EN/Issues/Development/GoodGovernance/Pages/AboutGoodGovernance.aspx

# هەندێک لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
















وەرزنامەی
ئێرانناسی
ژمارە (١) تشرینی یەکەمی ٢٠٢١، ساڵی یەکەم
سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی وەرزانە دەردێکات
کابینەی ئیبراهیم ڕەئیسی،
گەڕانەوە بۆ حکومەتی یەکدەست
هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات و کابینەی نوێی حکومەتەکەی ئیبراهیم ڕەئیسی
عێراقی ئایندە لە دیدی ئێرانەوە، چاوپێکەوتن لەتەك "د. ڕەزا واعیزی"
شۆڕشی ١٩٧٩ی ئێران و پرۆسەی دەوڵەت-نەتەوە لە ڕوانگەی داریووش ئاشوورییەوە
لیبراڵیزمی سیاسی و لێکدانەوەی لیبراڵیستی لە نایین، ڕووناکبیرانی ئایینی لە ئێران
مەرجەعیەتی شیعە و کاریگەرییان لەسەر کایەی سیاسی
نزیکبوونەوەی ئێرانییەکان لە تاڵیبان: تێگەیشتن و بەردەوامیی گۆڕانکارییەکان


وەرزنامەی
ئێرانناسی
ژمارە (٢) کانوونی دووەمی ٢٠٢٢، ساڵی یەکەم
سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی وەرزانە دەردێکات
مافی نەتەوەیی کورد
لە سیستەمی سیاسیی ئێراندا
دەقاندنی حاکمییەتی ئیتنیکی-مەزهەبی مێژوو، ئیتنیسیتە و ناسیۆنالیزم
ڕاکەیاندن لەئێراندا، پێشینە، وابەستەیی و سانسۆر
بزاڤی چەپ لە ئێران، لە کەشەسەندنێکی خێراوە بۆ پووکانەوەی بەردەوام
ئێران و ئەتۆم، دبلۆماسییەتی ئەتۆمیی ئێران


الدراسات السياسية و الأمنية
مجلة معتمدة يصدرها مركز الدراسات المستقبلية
ISSN: 2617-0949 (Online) ISSN: 2617-0930 (Print)
DOI: https://doi.org/10.31271/jopss
Issue DOI: 10.31271/020419
دور النخبة السياسية في تأزيم السلم الأهلي في العراق بعد عام ٢٠٠٣ ١١
المقومات الاقتصادية الادارية والسياسية لبناء الدولة: العراق حالة دراسية (٢٠١٣-٢٠١٧) ٧٧
ڕۆڵی نەوتی کەرکوك لە دابەشکردنەوەی خاکی کوردستان لە مێژووی هاوچەرخدا ١٧٩
Actors, Conflict, and Competition in Iraq's Disputed Territories After the Islamic State: The Cases of Northern Diyala and Eastern Salahaddin 205


English
کوردی
العربية


سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
مركز الدراسات المستقبلية
Center For Future Studies
ڕاپۆرتی ئایندەیی ژمارە (٤)
حکومەتی نوێی عێراق و قەیرانی ئابووریی هەرێمی کوردستان
لەمپەر و سیناریۆکان


سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
مركز الدراسات المستقبلية
Center For Future Studies
قراءات مستقبلية رقم (٥)
مستقبل الحوارات والاتفاقات
ثلاثية أربيل - بغداد - واشنطن
الفرص و المعوقات
نيسان 2020


سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
مركز الدراسات المستقبلية
Center For Future Studies
ڕاپۆرتی ئایندەیی ژمارە (٣)
ململانێی ئەستەمەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان
شیعە و پێکهێنانەوەی حکومەت، ئالاوەدنێی، چارەنووسی دیلەکانی داعش



THE FUTURE OF
KIRKUK
between
Erbil and Baghdad
2017-2018



ملململانێ ئەستەمەكان لە عێراق و هەرێمی كوردستان
نیسان 2020
www.centerfs.org


سەرهەڵدانەوەی
گرووپە تیرۆریستییەكان
لەناوچە جێناكۆكەكان
2019


ئایندەی کەرکوك
لەنێوان هەولێرو بەغدا


ئایندەی عێراق و هەرێم
لە گێژاوی پرسە هەنووكەییەكاندا


The Reemergence of the
Terrorist Groups
in the Disputed Territories
2019


الدراسات السياسية و الأمنية
مجلة معتمدة يصدرها مركز الدراسات المستقبلية


پرسە دژوارەكانی هەرێمی كوردستان و ئایندەی چاكسازییان
www.centerfs.org


انتعاش الجماعات الارهابية
في المناطق المتنازع عليها
2019




ئایندەناسی


ئایندەناسی
ناوچەکانی ماددەی ١٤٠


ئایندەناسی
لە قەیرانی داراییەوە بەرەو ئابوورییەکی تۆکمە


ئایندەناسی
پۆست کۆرۆنا


ئایندەناسی


ئایندەناسی
کورد و هاوسێکانی لە سەردەمی پایدندا


ئایندەناسی
پەیوەندییە داراییەکانی هەرێم و بەغدا


ئایندەناسی
لە پۆلەکانەوە تا پشت لاپتۆپەکان


ئایندەناسی


ئایندەناسی


ئایندەناسی
کوردستان لە تەنیشت شۆڕشی پیشەسازیی چوارەمەوە


ئایندەناسی
ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە ئاستانەی گۆڕانکارییە نێودەوڵەتییەکاندا




گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ئایندەیی و ستراتیژیی دەدات
سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات

ژمارە (١٢) ئازاری ٢٠٢٢، ساڵی دووەم